


**ناوی پەرتووک: گفتوگۆ لەگەڵ سیاسەتمەدار، نووسەر، ئابووریناس و هەڵگرانی خەڵاتی بۆبڵ.**
**وەرگێڕانی لە ئەلمانی و عەرەبی: سەڵام عەبدوڵا**
**چاپی ئەلکترۆنی: ٢٠١١**

## بە کورتی:

ئەم کتێبە بریتییە لە کۆمەڵێ گفتوگۆکردن لەگەل خاوەن بیروبۆچونی بەناوبانگی جیاجیای بواری وێژە، هونەر، ئابووری و سیاسەت. هەر یەکێکیان بەشێوەیەک لەبارەی بوارەکەی دەدوێ و داکۆکی لێ دەکات.
هیوادارم ئەم رەنجە ببێت بە سەرەتایەک بۆ بەرپەرچدانی سیاسەتی بازاڕی ئازادی حکومەت و سیاسەتی لیبراڵ-ئەسلامی ئۆپۆزیتسیون و دامەزراندنی بەرەی چەپ!
با پێکەوە بە چاوێکی رەخنەگرانەوە بەم بیروبۆچوونانە ئاشنابین، و لە مارشی ژێردەستەکان بەرەو جیهانێکی ئینسانی و ئەقلانیتر بەشداری بکەین!

# پرۆفیسۆر یان تسیگلە: برسیکردنی منداڵێک، واتە کوشتنی!

یان تسیگلەر(کۆمەڵناسی سویسری لە زانکۆی بازڵ و ڤییەنا، راوێژکاری نەتەوە یەکگرتووەکانە و خاوەنی چەندین کتێبە).
پرسیار: ئێوە لە کتێبەکەتان(ئیمپریۆمی رسوایی)دا باسی بەدەرەبەگایەتیکردنی جیهان دەکەن. مەبەستتان لەو بۆچوونە چییە؟
وەلام: لە دەیان ساڵی رابردوودا لە جیهان خاوەن سامانی سەرسوڕهێنەر درووستبوون و بازرگانی جیهانی لە 12ساڵی رابردوو سێ بار بووەتەوەو داهاتی نیشتیمانی لە جیهان دووبەرابەر. بۆ یەکەم جارە لە مێژووی مرۆڤایەتی سەرکەوتن بەسەر کەموکوڕییە بابەتییەکان تۆمارکراوەو دەکرێ یۆتۆبیای خۆشگوزەرانی هاوبەش لەسەر ئاستی ماددیدا بڕەخسێت، کەچی ئێستا بە فوئوداڵکردنێکی خوێناوی و چڕوپڕ، پەیڕەودەکرێ. خاوەن کۆلۆنییە تازەکان و کۆمپانیا بانناسیونالەکان-من ناوی کۆسمۆکراتم لێیان ناوە- سەروەت و سامانی جیهان بۆ خۆیان دەبەن. ئەم خاوەن دەسەڵاتە فوئۆداڵانە1000جار خوێنڕێژترن لە ئەرستۆکراتەکانی سەردەمی شۆڕشی فەرەنسی.

پرسیار: ئەو دەسەڵاتە دەرەبەگایەتییانە چۆن دەچەرخێن؟
وەلام: شەرعییەتدانی تیۆری بە کۆمپانیا بانناسیونالەکان ئەنجامگیری سیاسەتی واشینتونەو بە گوێرەی ئەو تیۆرییە دەبێ لیبرالیزم بەتەواوەتی لە هەموو کون و قوژبنێکی جیهان، جێبەجێ بکرێ: دەبێ هەموو بەروبوومەکان وەک سەرمایە و کەرتی خزمەتگوزاری لە هەموو بوارەکان بکرێن بە موڵکایەتی تایبەت. بەگوێرەی ئەم ئەنجامگیرییە، هەبوونی بوارێکی گشتی وەک ئاو، لەناودەبرێ. تەنانەت دەست بەسەر جیناتی مرۆڤ، ئاژەڵ و رووەکیش دەگرن. هەر هەموویان دەخرێنە خزمەتی پرەنسیپی ئەوپەڕی قازانج. بۆ ئەم مەبەستە کۆمپانیا بانناسیونالەکان دوو چەکی کۆمەڵکوژ بەکاردەهێنن، واتە برسیکردن و قەرزارکردن و ئەم سەرئەنجامەیش زۆر ترسناکە. ژمارەی برسییەکان تا دێت روو لە هەڵکشانە. گەرچی گشتوکاڵی جیهان هەر ئیمڕۆ بەبێ تەکنیکی جینات و کێشە، دەتوانێ خۆراکی 12ملیارد مرۆڤ دابین بکات. برسیکردنی منداڵێک، واتە کوشتنی.

پرسیار: دەبێ چی بکرێ بۆ راگرتنی ئەم گەشەسەندنە بکوژە.
وەلام: دەبێ تیۆری شەعییەتپێدان بەم سیستێمە کە لە واشینتونەوە سەرچاوەی گرتووە، وێران بکرێ، واتە لەناوبردنی بیرۆکەی شێتانەی بێلایەنکردنی ئابووری. پاشان دەبێ راپەڕینی ویژدانەکان بۆ راپەڕینی کۆمەڵایەتی ئەنجام بدرێ لەدژی کەمایەتی کۆسمۆکراتەکان کە دەسەڵاتدارێتی جیهان دەکەن. لەبەر ئەوەی ئیمڕۆ ئەم سیستێمە جیهانییە مرۆڤخۆرە، کۆتایی هەموو بەها و دەزگاکانی رۆشنگەرییە کە تا ئێستا لەسایەیدا ژیاوین، بە کۆتایی هاتنی بەها سەرەتاییەکانی مافی مرۆڤیشەوە. پرسیاری بوونمان ئەمەیە: یان ئەوەیە زەبروزەنگی رێکخراوەی کۆمپانیا بانناسیونالەکان لەناوببرێن یان دیموکراسی ماڵئاوا و یاسای دارستان بەرقەرار دەبێ.

پرسیار: واتە ئێوە بانگەواز بۆ راپەڕینێکی جیهانی دەکەن لە دژی کۆمپانیا بانناسیونالەکان. ئایا ئامادەیی بۆ ئەم راپەڕینە دەبینن؟
وەلام: ئێمڕۆ سێ هێزی مێژوویی هەیە کە دەتوانین ئامادەیان بکەین: ئۆتۆبیا، شەرم و رسوایی. ئۆتۆبیا ئەوەیە کە دەکرێ خۆشگوزەرانی هاوبەش دابمەزرێنین. مەبەستیشم لە شەرم، شەرمی دایکێکە لە باکۆری رۆژهەڵاتی بەرازیل کاتێ بەردی لێدەنێ تا منداڵەکەی لەکاتی دەنگە دەنگی مەنجەڵەکە، خەوی لێبکەوێت، گەرچی لە پاشانیشدا هیچی نییە بۆ خۆراکی منداڵەکەی. رسوایی، واتە ئەو رسواییە کە هەستی پێدەکەین، کاتێ ئێمە ناچار دەبین بەبەرچاومانەوە ببینین چۆن مرۆڤێک ئەشکەنجە یان برسی دەکرێ.

پرسیار: ئیمڕۆ رێکخراوی بازرگانی جیهانی و سەندووقی دراوی جیهانی چ رۆڵێک دەبینن لە رێکخستنی جیهانی؟
وەلام: بەداخەوە ئەوانە دوو رێکخراوی جیاوازن بۆ پەیوەندییەکانی باکورو باشوور و نەتەوە یەکگرتووەکان هیچ دەسەڵاتێکیان بەسەریانەوە نییە. هەردووکیان بەری دۆگمای نیولیبرالیزمی واشینتۆن، جێبەجێ دەکەن. هەردووکیان یاریدەری خۆبەخشی کۆسمۆکراتەکانن و دەبێ بسڕێنەوە.

**پرسیار: ئایا پێتانوانییە کە دەکرێ ئەو دوو رێکخراوە، ریفۆرم بکرێن؟**
**وەڵام: نەخێر، ئەوانە دوو رێکخراوی مرۆڤ وێرانکەرن و مرۆڤەکان بەهۆی سیاسەتی ئەو دووانەوە گیانیان لەدەست دەدەن. بۆ نموونە لەنیجیریا بارودۆخی 6،3ملیون مرۆڤ هیلاکن و سەندوقی دراوی جیهانی رێگری کرد لە پێکهێنانی یەدەکی خۆراک و خەریکی پریڤاتکردنی گەورەترین کۆمپانیای گواستنەوە و ڤێترینی وەڵاتەکەیان بوو. ئێستا دەرمانی دژ بە نەخۆشی ئاژەڵەکان دەستناکەوێت ودابەشکردنی بەخۆڕایی دانەوێڵەی(هیرز)یان قەدەغەکرد، تەنانەت فەرمانی قەدەغەکە نەتەوە یەکگرتووەکان و رێکخراوە ناحکومییەکانیشی گرتەوە، چونکە پێیانوابوو دابەشکدنی بە خۆڕایی(هیرز)، زیان بە بازاڕ دەگەیەنێ. ئەمە سیاسەتی ئەوپەڕی تاونکارانەیە....**

**ئەمە کورتەی ئەو گفتوگۆیەیە کە لەلایەن رالف ڤیلینگ بۆ رۆژنامەی(جێرمەنواچ) سازیدراوە.**

## گفتوگۆ لەگەل تۆنی مۆریس.
## (هەڵگری خەڵاتی نۆبلی لیتراتۆر لە1993).

### تۆنی: هەواڵی خراپ: جەنگی راستەقینە لە نێوان پیاوان و ژنان پێش دێت...بەڵام هەواڵی باش ئەوەیە: هیچ لایەکیان نایدۆڕێنێ

**پرسیار: لە سەرەتای رۆمانە نوییەکەتان(پەرادیس-بەهەشت-)، یارییەک بە ووشە هەیە لەگەل زاراوەی"جەنگ". بۆچی؟**
**ولام: لە سەرەتادا، نیازم هەبوو، رۆمانەکەم بەناوی"جەنگ"، بڵاوبکەمەوە. لە راستیدا من حەز لەو جۆرە یاریکردنە، وشەدرووستکردن و(پالیمپسیستە)نییەو هەروەها وەک نووسەرێک، ئەوانە هەرگیز پێکهێنەری هێزی من نین.**

**پرسیار: ئایا ئەوە لەگەل تێروانینی ئێوە لەبارەی خوێنەری نموونەیی رۆمانەکانەکانت پەیوەندی نییە؟**

**ولام: من بۆ هاوشێوەی خۆم لە تەمەنی جیاواز دەنوسم و بەو شێوەیە دەخوێننەوە، وەک خۆم لە تەمەنی بیست و سی و چل ساڵیدا، دەمخوێندەوە.**

**پرسیار: پلانی سەرەتاییتان بۆ ناولێنانی رۆمانەکەتان "جەنگ" رەشکردەوە، بۆیە بریارتاندا ناوێکی گەشبین"پەرادیس" لێ بنێن؟**

**ولام: بەڵێ، لەگەل ئەوەشدا پەیوەندی هەیە. من لە وەڵاتێکدا دەژیم، لەو مەیانەدا، جەنگ بە گفتوگۆیەکی دیرۆک دەزانێ، بە شێوەیەکی تایبەت لە نواندن یان گریمانە. راگەیاندنەکانی ئەمریکا خۆیان بەوە سەرخۆشکردووە کە دەتوانن جەنگ وەک"جەنگی ئەستێرەکان"یان وەک پەرتوکێکی کۆمێدی بە بێ زیان، واتە بەبێ کوژراو و وێرانکاری پیشانبدرێت. لەبەر ئەم هۆیە، بووین بە ناتسیونێک، حەزی لە جەنگە، بەڵام داد وبێداد ئەگەر سەربازێکمان کەمترین زیانی لێ بکەویت، ئەو کات دەستبەجێ ورەیان دادەبەزێ و مرۆڤەکان تورە دەبن. من بایەخم بە هۆکارەکانی دا و دوابەدوای ئەو پرسیارە کەوتم، بۆچی مرۆڤە رەوشت بەرزەکان بە بارودۆخێکدا دەگەن، تێیدا دەرەکییەکان**

تەنها وەک دوژمنێک تەماشادەکەن و بە شایەنی کوشتنیان دەزانن. ئەمە ناوەڕۆکی جەنگەو هەروا بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر، ئەو ئامادەبوونە، بوو بە هۆی کوشتارێکی زۆر کە لەگەل بیرۆکەی بارودۆخێکی بەهەشتی، پەیوەندی هەیە.

پرسیار: تا چ رادەیەک؟

وڵام: هەموو تێڕوانییەکان لە بارەی بەهەشت پەیوەندییەک درووست دەکەن کە ئەو جۆرە شوێنانە داخراوەن و تەنها کەسانی هەڵبژاردە، مافی چوونە ژوورەوەیان هەیە. هەموو ئەو_انیتر ئەو مافەیانە نییە و دەقاودەق، فڕێدەدرێن، بە شێوەیەک کە بەرەو جەنگی پیرۆز دەچێ لە نێوان فریادڕەس و نەفرەلێکراوەکان.

پرسیار: بەڵام جەنگ پێش هەموو شتێک، هۆی سیاسی و ئابووری هەیە.

وڵام: لەو بارەیەوە، مێژووناسەکان خۆیان سەرقاڵ دەکەن. بۆ من وەک نووسەرێک، بایەخ بە رەهەندە مرۆییەکەی دەدەم: بۆچی لایەنگیرانی ئاینە جیاجیاکان رقیان دەبێتەوە لە یەکتر؟ بۆچی هەمیشە پێکدادانی شەڕئامێزانە لە نێوان کلتوور، تەمەن جیاوازەکان و رەگەزەکان روودەدن؟ بۆچی منداڵێک رقی لە دایکوباوکی دەبێتەوە؟ بۆچی پیاوێک رقی لە ژنێک دەبێتەوە کە رۆژێکیان خۆشی دەویست؟

پرسیار: جەنگ وەکو ململانی جەستەکان؟

وڵام: جەنگی راستەقینە لە نێوان ژن و پیاو لە دوارۆژدا دەکرێ. ئێمە تازە دەستمان کردووە بە چڕنوک گرتن لە توێکڵی ئەم کێشەیە و پێشکەوتن لە بارەی یەکسانی پیاو و ژن تا ئێستا زۆربەی تەنها لەسەر کاغەز نوسراوە. هەواڵی خۆش ئەوەیە، لە جەنگی جەستەکاندا، دۆڕاو نییە: پیاوەکانیش وەک براوەیەک لێی دەردەچن. لەم ساتەوەختەدا، هێشتا مەسەلەکە وا دەردەکەوێ، خودی ئەو ژنانە کە گوایە بەهێزن، زۆر جار، لاسایی شێوەی پەیوەندییەکانی پیاوان دەکەنەوە لە گەل دەسەڵات.

پرسیار: لە ئەمریکا کێ لە گۆڕانی ساڵی2000/1999، دەسەڵات بەدەستەوە دەگرێ؟

وڵام: شەرکەتە دەوڵەمەندەکان. ئەوانە کارتێکردنێکی زلهێزیان هەیە و بڕیار لەسەر هەموو شتێک دەدەن. دەسەڵاتی راستەقینە بە دەستی ئەوانەیە. بارودۆخەکە بەو شێوەیە ناڕوات بە رێوەوە.

پرسیار: قسەکانتان وا بەرگوێ دەکەون، وەک بڵێی ئێوە لایەنگیری لە شۆڕش دەکەن؟

وڵام: با وا بڵێین: شەرکەتەکان ترسم لێ دەروێننەوە. ئەوانە چیتر رێز لە سنووره نەتەوەییەکان نانێن و گشت جۆرە فۆرمێکی کۆنترۆڵکردن بۆ خۆیان بەدەستەوە دەگرن. شەرکەتەکان بە ئاسانی، سیاسەتمەدارانێک کە جێگای رەزامەندییانە بۆ خۆیان دەکڕن- خۆتان تەنها بڕوانن، چۆن سیاسەتمەدارەکانمان پێشی هەڵبژاردن لە پێناو پووڵدەستکەوتن، خۆیان مارەدەکەن.

پرسیار: ئایا ئێوە وەک رۆشنبیرێک، خۆتان بە ئۆپۆزیتسیون دەزانن لە بەرامبەر پەیوەندییەکانی دەسەڵاتداران لە ئەمریکا؟

وڵام: بەڵێ. من بە چاوێکی رەخنەگرانەوە رادەوەستم لە هەمبەر زۆر شت کە لەم وڵاتەدا روودەدەن. هیچ کەس بایەخ بە هەژارەکان نادا، سیستێمی تەندەرووستیمان، کەوتووەتە بەردەم سەگەکان و هەموو قوتابخانەکانیشمان خرابتر دەبن. لەلایەکیترەوە، لەم وەڵاتەدا، شتگەلێکی زۆر جوان هەن کە دەتوانن تەنها لێرە رووبدەن. لەم بارەیەوە نامەوێ چاوی خۆم دابخەم. دەبێ کۆمەڵگاکەمان لە تیئۆریدا، کۆمەڵگایەکی ناچینایەتی بێ و لە راستیشدا لەم وڵاتە، مرۆڤ هێشتاکەیش دەتوانێ لە هیچەوە دەستپێبکاتەوەو شتێک بۆ خۆی بکات.

مرۆڤ دەتوانێ هەموو کاتێک خۆی بدۆزێتەوە، لە تەمەنی40ساڵیدا، ژن یان پیاو، ژیانی خۆی هەڵسەنگێنێ و ئەگەر لەوەی پێگەیشتووە، رازی نەبێ، بەراستی دەتوانێ سەرلەنوێ دەستپێبکاتەوەو لەلانی کەمەوە، شانسێکی دەبێ بۆ سەرکەوتن. ئەمە زۆر پەیوەندی بە گەورەیی پانتایی ئەم وڵاتەوە هەیە، بەڵام ئەو نرخە کە دەبێ بۆ ئەم سودمەندییە بەدەین، لەبیرچونەوەیەکی سامناکە. لێرەدا، مێژوو ئەنجامیگری نییە.

پرسیار: هۆی ئەوە چییە؟

وڵام: لە دوا پەنجا ساڵی رابردوودا، چەندین شت سەرکەوتنیان بەدەستنەهێنا. شانبەشانی ئەوانەشەوە، هۆیەکی تریش هەبوو کە مرۆڤ لە پێشکەوتن، تەنها زیادبوونی شتە مەتریالییەکان، تێدەگەیشت. بەهەشت- ولە ئەمریکا بە بۆچوونی خۆیان ئۆتۆبیایە، واتە کۆمەڵگا لە نموونەی بەهەشتدا، رێکخراوە- بەڵام لەراستیدا، دەقاودەق بە پێچەوانەوە، مەتریالیزمێکی گەورەیە. ئێمە مرۆڤ بۆ ئەوە پەروەردە ناکەین، ببێ بە بەهاوڵاتی، بەڵکو بۆ کەسانی بەکاربەر(مستهلک). تێڕوانینمان بۆ بەهەشت، ئاگاداری بەسەرهاتی- کڕینە؛ سوپەرمارکێتێکی24سەعات کراوەیە بە کاسەی پڕەوە. ئەوە ئاستنزمییە و رۆح دەکوژێ.

پرسیار: ئەگەر بتوانن رۆڵی خودا ببینن، مرۆڤ بە یەک رەنگ درووستدەگەن؟

وڵام: نەخێر. فرەڕەنگی رەگەزەکانی نێو مرۆڤایەتی، بە هەمان شێوە گرنگن وەک لە نێو ئاژەڵ و درەختەکاندا هەیە. سەرئەنجامی راسیزم چەندە لە رابردوو و ئێستا سامناکە، سەرکەوتن بەسەریشدا، بەشێکە لەو ئەرکە کە لەبەردەم ئێمەدا وەک مرۆڤ، دانراوە. ئێمە وەک مرۆڤ لەدایک نابین و دەبێ بکرێین بە مرۆڤ-هەر یەکێک لە ئێمە وایە. هەروا من بڕوام وایەکە سەرەڕای هەموو نسکۆکان، ئیمرۆ مرۆڤێکی زۆرتر لەجاران، ئەو ئەرکە ئەنجامدەدەن.

پرسیار: کەواتە ئێوە بڕواتان بە رۆشنگەری هەیە؟

وڵام: بێ گومان. پڕۆژەی رۆشنگەری رووبەڕووی بەدحاڵیبوون بووەو بە سەرنەکەوتوو دادەنرێ، چونکە مرۆڤ دەبوو تێبگات کە کەسە تێگەیشتووەکانیش دەتوانن تاوانی ترسناک ئەنجام بدەن. بەڵام لەبەر ئەم هۆیە، یەکسەر بە ئاهەنگێڕانەوە ماڵئاوایی لە رۆشنگەری بکەین، مانای ئەوەیە، تەڕی کۆرپەکە وشکبکەینەوە. لە خێرایی شێتانەماندا، کاتی ژیانی تاکەکانمان لەگەل ئەو رەهەندانە دەگۆڕینەوە کە تێیاندا مێژوو ئەنجامدەدرێ. بە ئاسانی، دە یان بیست نەوەش بۆ هەوڵدانێکی زەبەلاح وەک رۆشنگەری، بەس ناکات. بەڵام نابێ ئەم مەعریفەیە رامانبگرێت و دەبێ هەموو شتێک بکەین تا لە دواییدا لە خۆماندا، مرۆڤ درووست بکەین. هەندێ لە خوێنەرەکانم ئەو سکاڵایە دەکەن کە کتێبەکانم خەمناکن، بەڵام ئەگەر کەسێک لە کۆتایی چیرۆکێک، زانیاری زیاتری ببێ لە سەرەتاکەی؛ کاتێ مەعریفەتی دەستدەکەوێ، ئەوا بە تێڕوانینی من، کۆتاییەکی دڵخۆشکەرەوەیە.

پرسیار: رۆمانەکەتان ئەو پرسیارەش دەکات، داخۆ بەگشتی شتێک بە ناوی جەنگی دادپەروەرانە هەیە؟

وڵام: هەندێ مرۆڤ لەم وڵاتە، جەنگی ناوخۆی ئەمریکی بە جەنگێکی دادپەروەرانە دادەنێن. من گومانم لەو هەیە. بەڵام جەنگی وا هەیە کە لەبەر هۆی باش بەرپادەکرێت، جەنگێک کە هەموو چارەسەرەکانیتر لەبەردەمدا نامینی. من لەو باوەڕەم، جەنگی جیهانی دووهەم لەو جۆرە جەنگانە بوو، بەڵام نەک جەنگی جیهانی یەکەم، کە بە هیچ جۆرێک، بە ناچاری ئەنجامنەدراوە، وەک هەندێ کەس هەوڵددەن بەو مانایە قەناعەتمان پێبکەن. پێدەچێ لە کۆتایی سەدەی بیستەهەمیش هێشتا وا دەکرێ، کاتێ ئەقڵ و دیپلۆماسی پەکیاندەکەوێت و ئابلۆقەی ئابووری کارتێکردن نابێ، کوشت و کوشتار دەبێت بە دوا ئامراز.

ئەم گفتوگۆیە لەلایەن رۆژنامەی(Deutsche Allgemeine Sonntagsblatt)وە لە گەل(تۆنی مۆریسۆن)دا، سازداوە.

ناوی چەند ڕۆمانێکی مۆریسۆن:
The Bluest Eye 2- Sula 3- Song of Solomon 4- Beloved 5- Jazz- 6-Paradise-1

## گفتوگۆ لەگەل سارا ڤاگنکنێشت.

(ئەندامی پەرلەمانی ئۆروپاو لە سەرکردایەتی حزبی چەپ لە ئەڵمانیاو دامەزرێنەری پلاتفۆرمی کۆمونیستی)

پرسیار: خانم ڤاگنکنێشت، تەمەنتان چەند بوو کاتێک بۆ یەکەمجار کتێبی "سەرمایە"تان خوێندەوە؟

وەڵام: تەمەنم 18ساڵ بوو. ئەو کاتە بەبۆنەی ڕۆژی لەدایکبوونم هیوامخواست هەر 42جلدەکەی (مارکس/ئەنگلس)م پێشکەش بکرێ.

پرسیار: بەڕاستی پێمان بڵێ: بەڕاستی چەند جلدتان لێ خوێندەوە؟

وەڵام: زۆربەیان و هەندێ لاپەڕەش دووبارە دەیانخوێنمەوە.

پرسیار: چ تێزەیەکی مارکس زیاتر لەوانی تر کاریگەری لەسەرتان هەیە؟

وەڵام: دەبێ ئەڵتەرناتیڤ بۆ کۆمەڵگەی سەرمایەداری هەبێ. ئەوە لەم قەیرانە دارایییە خۆی بەروونی پیشان دەدا.

پرسیار: تا چ رادەیەک ئابووری بازاڕ شکستی هێناوە؟

وەڵام: ئەو تەسەورە کە بازاڕە ئازادەکان بۆ خوشگوزەرانی هەمووان کاریگەرە، لەبەردەم واقیع بەتەواوەتی ڕسوا بووە. کاتێ سەرۆکی بانقی ئەڵمانی(یوسف ئەکەمان)هاوار بۆ دەوڵەت دەهێنێ، دیارە بۆ ئەوە نییە تا ئابووری بەهێزتر خزمەت بە خۆشگوزەرانی گشتی بکات، بەڵکو بۆ ئەوەیە، (ڕەیع)ی کوێرکەرەی ڕێکبخات، چونکە بازاڕی ئازاد ئێستا ڕەیع و سەرووەت لەناودەبات. دەوڵەت دەبێ ئەوە پینەپەڕۆ بکات.

پرسیار: بەو شێوەیە ڕێگری دەکەن لەوەی زیانێکی زیاتر بە بەرژەوەندی گشتی بگات.

وەڵام: بەو شێوەیە فریای ئەوانە دەکەون کە چەندین ساڵە لە ئاهەنگی بازاڕی ئازاد قازانجیان کرد و ئێستا دەبێ باجدەران زیانەکەیان لەئەستۆ بگرن. ئەمە بێشەرمییە.

پرسیار: ئایا ئەمە ئەو لایەنە ڕوون دەکاتەوە کە بۆچی تەنها لەهەر دوو ئەڵمان یەکێکیان لەو بڕوایەیە کە دەبێ پیشتوانی لە ئابوری بازاڕی کۆمەلایەتی بکات؟ پێش8ساڵ 70%بوون.

وەڵام: ئێمە چیتر لە ئەڵمانیا ئابووری بازاڕی کۆمەلایەتیمان نییە، بەڵکو سەرمایەداریمان هەیە. سیستێمی بیمە کۆمەلایەتییەکان کە بەدەستمانهێنا وێرانیان کرد. ئێستا زۆر مرۆڤ کە ڕۆژی 8کاتژمێر کاردەکەن ناتوانن لە حالەتی هەژاری(هارتس 4)دەربچن و ئەمە سەرئەنجامی سیاسەتی کردنەوەی دەرگایە بەڕووی کەمکردنی کرێی کارو لیبرالیزەکردنی(کاری بەقەرزە- کویلەکاری). ئەم جۆرە کرێکارانە یەکەم کەسن کە لەم قەیرانە کارەکانیان لەکیس دەچێت. ئێمە بە ئاراستەی سەرمایەداری مانشیستەر دەبزوێین.

**پرسیار: چۆن دەتوانرێت ئابووری بازاڕ لەم قەیرانە رزگاری ببێت؟**

**وەڵام: هیوادارم لەم قەیرانە هەموو ئیدۆلۆژی نیولیبراڵ بخرێتە ژێر پرسیارەوە. ئێمە زیاتر پێویستیمان بە کارتێکردنی گشتی هەیە لەسەر ئابوروی و موڵکایەتی گشتی و پێش هەمووشیانەوە لە کەرتی دارایی و پیشەسازییە گەورەکان. هەروا بە دووبارە دابەشکردنی داهات لە سەرەوە بۆ خوارەوە. هەر هەنگاوێک لەمانە بەدەر بێ، تەنها ئۆپیراتسیونی ئارایشکردنە.**

**پرسیار: لە چ خاڵێکی قەیرانە داراییەکە راوەستاوین؟**

**وەڵام: ئێمە هێشتا نەگەیشتوینەتە پلە باڵاکەی و لە ساڵی ئایندەدا، ئابووری جیهانی دەکەوێتە قەیرانێکی قووڵەوەو لەم ماوەیەدا قەرزەکانی خاوەن کارەکان بۆگەن دەبن و ئەمە هەموو وەڵاتەکان دەگرێتەوە. هەندێ وەڵات دەگەن بەوپەڕی قەرزی نوێ کە لە ئێستاشەوە دەستیان پێکردووەو ناتوانن خۆیان رابگرن و دەوڵەتەکەیان دەگاتە لێواری ئیفلاسی.**

**پرسیار: بۆیە وەڵاتگەلێک وەک هەنگاریا، ئیسلەند و پاکستان داوای یارمەتی لە سەندوقی دراوی جیهانیان کردووە. پێتانوایە رۆڵی ئەو دەزگایە لەداهاتوودا بەهێزتر بکرێت؟**

**وەڵام: ئەمە مانای وایە بەران بکەی بە باخەوان! سەندوقی دارایی جیهانی هەمیشە قەیرانە داراییەکانی بەکارهێناوە تا ئەو دەوڵەتانە کە گیرۆدەی بوون، ناچاربکەن بۆ خۆکردنەوەو بازاڕی سەرمایەکەیان بگونجێنن(لەگەڵ نیولیبراڵیزم). لەکاتی قەیرانی باشووری رۆژهەڵاتی ئاسیا ئەم کارەیانە کرد. ئەو وەڵاتانە لەهەموویان زیاتر ئازاریان پێگەیشتووە، چونکە پێشتر بازاڕەکانی سەرمایەکەیان زۆر ئاوەڵاکردبوو. سەندووقی دراو ئەوپەڕی بەرپرسیارییەتی لەئەستۆیە لەبارەی ئەم پەیوەندییە کە ئێستا تێکەوتووین. هیواخواستن بەوەی کە سەندووقی دراو رێسایەکی ژیرانە بگرێتە بەر، بە دووربینی نازانم.**

**پرسیار: ئەدی لەبریدا، پێشنیاری چی بۆ ئەو وەڵاتانە دەکەن تا باریان لێژ نەبێ؟**

**وەڵام: نابێ ئەو دەوڵەتانە قەرزی نوێ وەربگرن، بەڵکو باج لەو دە هەزار کەس و خاوەن سەرەوەتە زلهێزەکان وەربگرن کە لە ساڵانی رابردوودا کەڵەکەیان کردووە. ئەمریکا ئێستا شێوەیەکی مۆدێرن(فشاری فریاکەوتن) بەکاردەهێنن و هەر ئیمڕۆ 10بلیون دۆلار قەرزارە و ئەگەر چین و وەڵاتە پێگەیشتووەکان لە هەر کاتێک وازبهێنن لە کرینی قەرزی دەوڵەتی ئەمریکا، هەموو ستروکتوری سیستێمی دارایی هەرەس دەهێنێ.**

**پرسیار: لە چ روویەکەوە چاودێری دارایی جیهانی شکستیخوارد؟**

**وەڵام: نزیکە بڵێم لە هەموو روویەکەوە. سەرلەنوێ رێکخستنی بازاڕەکانی دارایی لە 20ساڵی رابردوو، هەڵە بوو و سیاسەت خۆیی بە جانبازە داراییەکان گرێدا.**

**پرسیار: چۆن دەتوانین لە دوارۆژ خۆمان لەو هەڵەیە لابدەین.**

**وەڵام: دەبێ بزاوتیی جیهانی دراو کۆنترۆڵ بکەین و باجێکی بەرز لە جامبازەکان وەربگیرێ لە بواری بازرگانی بە پارەو قازانجی بۆرصە.**

**پرسیار: کێ لە ماوەی ئەم قەیرانە بەشێوەیەکی پۆزەتیڤ ئێوەی حەپەساند؟**

وەڵام: قەت چاوەڕوانی ئەوە نەبووم، ئەمریکا و بەریتانیا بەشە جەوهەرییەکانی سیستێمی بانقەکانیان خۆمالی بکەن و داواکارییەکەی سارکۆزی لەوانەش پڕپایەختر بوو، واتە کەرتی پیشەسازییە سەرەکییەکان بکرێن بە موڵکایەتی گشتی. بەلام لە هەردوو حاڵەتدا دەسەڵاتی دەوڵەتەکەیان بەکارناهێنن تا بەشێوەیەکی واقیعی مۆدێلی کۆمەڵگایەکی تر دابمەزرێنن. لە ئەڵمانیا حکومەت بەشێوە سواڵ دەکەن لە بانقەکان، تا پارەی باجدەرەکان وەربگرن. شانۆگەرییەکی پڕ سەیروسەمەرمان پێشکەشدەکەن کە پێدەچێ دەرهێنەرەکەی لە سیستێمە ئابوورییەکەی خۆی هیچ تێنەگەیشتووە.

پرسیار: خۆتان بەشتان هەیە لە بۆرصە؟

وەڵام: نەخێر. وەک پرەنسیپ نەخێرو ئێستا بەوە خۆشحاڵم کە نیمە.

پرسیار: هەندێ لە پسپۆڕەکان پێیانوایە ئێستا کاتێکی باشە بۆ کڕینی(ئەکسن)؟

وەڵام: من هەرگیز نامەوێ لەو جۆرە جامیازییە بەشداری بکەم، جونکە هەر خاوەن(ئەکسن)ێک قازانج دەکات، کاتێ خاوەن کارەکەکان کارمەندەکانیان بێکار دەکەن و کرێی کار کەم دەکەنەوە. هەرا وای بە باش دەزانم کە سیاسەتمەداران نابێ ببن بەخاوەن (بەشیان)، چونکە بەو ڕێگەیەوە خۆیان پێوەوە گرێ دەدەن.

پرسیار: چەندە چینی کرێکار لەناو تۆدا هەیە؟

وەڵام: وەک بنەماڵە؟ من لەلای داپیرەو باپیرە گەورە بووم. باپیرەم لە کۆمپانیای کارل تسایز لە شاری یانا ئۆستا بوو و داپیرەم فرۆشیار بوو.

پرسیار: ئەی ئیمڕۆ؟

وەڵام: هەڵسوکەوتکردنی پەرلەمێنتارەکان لەگەڵ سیاسەتمەداری تر یان لۆبییەکانی ئابووری، ئەو مەترسییە گەورە دەکەن کە متمانە لەدەیت دەدەن. زۆربەی ناسیاوەکانم لەو مرۆڤانە پێکدێن کە کاری سیاسی ناکەن. ئەوەی بەلامەوە گرنگ بێت سمینارەکانە لەلای سەندیکاییەکان.

پرسیار: هەژاری بۆ ئێوە لەکوێوەوە دەست پێدەکات؟

وەڵام: هەژاری هەمیشە ڕێژەییە. هەژار بۆ من ئەو کەسەیە کە لە ژیانی کۆمەڵایەتی سنووردار دەکرێ، چونکە شتگەلێک کە بۆ زۆربە ئاساییە، ئەو ناتوانێ دەستیبخات. لەوانە ئیمرۆ بۆ نموونە هەندێ جار ژەمێک لە چێشتخانە بخۆیت یان سەفەر بکەی. ئیمرۆ زۆر کەس لە ئەڵمانیا تەنانەت ئەوەندە هەژارن ناتوانن پێداویستی خواردنی باش یان دەفتەر بۆ منداڵەکانیان بکڕن.

پرسیار: ناسیاوی هەژارتان هەیە؟

وەڵام: ئەگەر مەبەستان ئەو مرۆڤانەیە کە لەسەر یاسای(هارتس4) دەژین، بەڵێ.

پرسیار: ئەی ناسیاوی خاوەن سەروەتیشتان هەیە؟

وەلام: بۆ من ئەو کەسانە دەوڵەمەندن کە سەروەتی پارەیان زیاتر لە یەک ملیون ئۆرۆیە. ئەم جۆرە دەوڵەمەندانە لە ئەڵمانیا نزیکەی 800 000هەزار کەسن. ئەم جۆرە کەسانە ناسیاوو برادەری من نین.

پرسیار: چۆن دەکرێ ئەو سەروەتە یەکلایەنییە بەشێوەیەکی دادوەرانە دابەش بکرێ؟

وەلام: ئەڵمانیا پێویستی بە باجوەرگرتن هەیە لە ملیونەرەکان. ئەوەی لە ملیون ئۆیرۆو زیاتر پارەی هەبێت، دەبێ 10%ی باجی لەسەر بدا. تەنها بەم کارە دەوڵەت دەبێتە خاوەن داهاتی زیاتر لە 200ملیارد ئۆیرۆ و دەتوانێ ئەم برە پارەیە بەشێوەیەکی جوان لە بواری فێرکردن، تەندرووستی و کۆمەکی کۆمەڵایەتی خەرج بکات. بۆ ماوەیەکی درێژ ئامانجێکی گرنگ هەیە: نابێ دابینی ئەوە بکەین کە هیچ کەس لە ژیانی کۆمەڵایەتی دوور بخرێتەوە. خوارترین داهاتی مانگە دەبێ1500ئۆیرۆ بێت و هەر مرۆڤێک دەبێ لەلانی کەمەوە مانگانە ئەوەندە وەربگرێ.

پرسیار: چۆن دەتانەوێ بەشێوەیەکی دادوەرانە بەری کار، بدەن؟

وەلام: بەڕێگای کرێی کاری شیاو. ئەوە چ بەرە کاری کۆمەڵایەتییەکە کاتێ پارە بۆ خاوەنەکانی کەڵەکەدەکاو بەشێوەیەکی ناعادیلانە زیاتریان دەستدەکەوێت لەوانەی کە بەڕاستی کاردەکەن.

پرسیار: بەخۆتان لە چ لوکسۆسێک ناتوانن دەستهەڵبگرن؟

وەلام: لە چیاکانی ئەلب بە پێ گەشت بکەم و تێدا چاوم بە هەڵهاتنی رۆژ بکەوێ یان لەسەر کناری دەریایەک سەرەنجی شەپۆلەکان بدەم. ئەمانە بۆ من لۆکسۆسن.

ئەم گفتوگۆیە لەلایەن فرانس سۆلمس- لاوباخ بۆ رۆژنامەی دیر ڤێلت سازدراوەو لە 2008/12/4بڵاوکراوەتەوە.

## رۆڵی نوێی ژنان لە گۆڕینی مێژوو!
## گفتوگۆ لەگەل ژنەخەباتگێڕ(نێکانە ئیراوسکین، 41ساڵ)
## سکرتێری حیزبی کۆمونیستی هەرێمی باسک.

پرسیار: ئێوە چۆن دەنگهێنانی12،5% بۆ حیزبەکەتان لە هەڵبژاردنەکەی رۆژی یەکشەمە هەڵدەسەنگێنن؟

وەلام: بۆ ئێمە زۆر پۆزەتیفە کە9نوێنەرمان گەیاندە پەرلەمان. لەم هەڵبژارنەدا حیزبەکەمان پشتگیرییەکی زۆر گەورەی کرا-نزیکەی 150 000 بەشداربووان لەم هەڵبژاردنە، دەنگیان بە ئێمە دا.

پرسیار: ئێوە چۆن سەرکەوتنی حیزبی شیوعی هەڵدەسەنگێنن کە هێشتا تەنها 2ساڵ بەسەر دامەزراندنی تێپەڕیوە و پێشتریش لە هەڵبژاردن بەشداری نەکردووە؟

وەڵام: خەڵک ئێمەیان لەبەرچاوە کە بە بەردەوام یاساغکردنی حیزبەکانمان کرد بە بابەت و هەروەها بەرزترین ئامانجی ئێمە بریتییە لە هەنگاونان لە پێناوی دیموکراسی و ئاشتیدا. ئەم ئامانجە لە سەرووی هەموو پرسیارەکانی تره وەک بێکاری و بێ نشتەجێیی ...هتد، بۆیە خەڵکیش بە چڕی پشتیوانیمانیان کرد.

پرسیار: پشتیوانی کردنی حیزبی پەتوسانا-یەکگرتن-کە لە هەڵبژاردنەکە قەدەغەکرا، چ بایەخێکی هەیە؟

وەڵام: ئەوە پاڵێکی زۆر بەهێزی بە ئێمەوە نا، پێش هەموو شتێک و لەبەر ئەوەی(پەتوسانا) بە ئاشکرا پێشنیارێکی گشتی بۆ چارەسەرێکی ئاشتیانەی کێشەکە کرد.

پرسیار: ئایا ئەوە هێمایەکی سیاسییە کە حکومەتی سۆسیالیستەکان لە مەدرید کە تەنانەت داوای یاساغکردنی حیزبەکەی ئێوەشیان نەکرد، گەرچی(پەتوسنا) بە ئاشکرا رایگەیاند کە دەنگ بە ئێوە دەدەن؟.

وەڵام: لەگەڵ ئەو هۆهێنانەوە پڕ سەیروسەمەرە وەک ئەوەی پێش ماوەیەک لیستی(هەموو ئیختیارەکان)، یاساغکرا، دەیانتوانی حیزبەکەی ئێمەش یاساغ بکەن. ئێستا حیزبی گەل کە حیزبێکی راستڕەوە توندڕەوەکانە(پی. پی)، سۆسیالیستەکان بەوە تاوانبار دەکەن کە ئەوان بەرپرسیارن لەوەی کە(ئیتا)سەرلەنوێ لە ناو پەرلەمانن. ئێمە حیزبێکی شەرعین و هیچ هۆیەک نییە بۆ یاساغکردنمان....لە راستیدا هیچ هۆیەک نییە بۆ ئەوەی حیزبێک یاساغ بکرێت. لە دیموکراسییەکی راستەقینەدا، ئیختیارە سیاسییەکان قەدەغە ناکرێن.

پرسیار: خاڵە سەرەکییەکانی کارەکانتان لە چوار ساڵی داهاتوودا لە چی پێکهاتوون؟

وەڵام: ئامانجی باڵامان بریتییە لەوەی سیناریۆیەکی دیموکراسی بخوڵقێنین. بەداخەوە ئێمە دەبێ بە بەردەوام ئەمە دووبارە بکەینەوە، چونکە ئێستاش پەرلەمانێک درووست دەکرێت کە بە شێوەیەکی نادیموکراسی پێکدەهێنرێت. لەمەشدا، بەشداری حیزبەکەمانی هیچ لەم مەسەلەیە ناگۆڕێ. ئێمە بۆ ئەوە کار دەکەین، نوێنەرایەتی دیموکراسیەتێکی راستەقینە درووست ببێت. لەم بارەیەوە دەبێ لە گەڵ هەموو پێکهاتە سیاسییەکان رێککەوین و لە پاڵ ئەمەشدا بەرنامەیەکی چەپ و پێشکەوتنخوازمان هەیە. لێرەدا تەنانەت زۆر کەس هەن ناتوانن بە شێوەیەکی شەرعییانە کار بکەن، خۆیان رێکبخەن و نوێنەرایەتی هەڵوێستی خۆیان بکەن.

پرسیار: ئەوەی لە حزبەکەتاندا بەرچاوبکەوێت، ژنانێکی زۆر خۆیان هەڵبژاردووەو هەروا هەموو لیستەکانی هەر سێ ناوچەکە لەلایەن ژنانەوە رابەرایەتی دەکرێت. ئایا پرسی رەگەز مانایەکی تایبەتی هەیە؟

وەڵام: هەڵبەت. ئێمە نامانەوێ تەنها سیستێمی باڵادەست بگۆڕین، بەڵکو مۆدێلی کۆمەڵگایەکی نوێش، درووست بکەین. سیستێمی باڵادەستی ئێستا، بەدەست پیاوانەوەیە و ژنان بە توندی بێ بەشکراون، بۆیە ژنان لە ناو حیزبەکەمان لەسەروی سەرەوەن و ئێمە خەبات دەکەین لە پێناو گەیشتن بە کۆمەڵگایەک، ژنان و پیاوان تێیدا یەکسان بن....

رالف شترێک بۆ رۆژنامەی یونگە ڤێلت سازی داوە.

دوارۆژ بۆ شارستاییەتی ئیکۆلۆژییە

نووسەر: بان یویە(جێگری وەزیری پاراستنی ژینگە لە چین)

مرۆڤایەتی لە 3قۆناغی شارستانی تێپەڕیوە؛ یەکەم شارستانییەتی سەرەتایی کە نزیکەی یەک ملیون ساڵی خایەندووە و چاخی بەردین دیارترین روخسارییەتی کەتێدا مرۆڤ بە کۆمەڵ ژیاوەو پشتی بە کارکردنی ساکار وەک راوە ماسی و راوە ئاژەڵ بەستووە. قۆناغی دووهەم، قۆناغی شارستانییەتی کشتوکاڵییەو نزیکەی دەیان هەزار ساڵی خایاندووەو لەم سەردەمەدا مرۆڤ ئامێرە ئاسنینەکانی دۆزیوەتەوەو توانای لە گۆ‍ِینی سروشت، بازدانێکی چۆنایەتی بەخۆیەوە بینیوە. قۆناغی سێهەم بریتییە لە شارستانییەتی پیشەسازی و لەسەدەی هەژدەهەم لە بەریتانیا دەستپێیکردو لەگەلیدا مرۆڤ دەستی کرد بە ژیانێکی سەردەمیانەی نوێ.

بەڵام شارستانییەتی پیشەسازی کە ماوەی 300ساڵە درێژەی هەیە، شارستانییەتەکە لەسەر ژێرخستنی سروشت و بەکاربردنی سەرچاوەکانی بنیاتنراوەو ئەمە بووە بە هۆی زنجیرەیەک لە قەیرانی ئیکۆلۆگی و زەمین چیتر ناتوانێ گەشەسەندنی لەوە زیاتر هەڵبگرێ. ئەگەر شارستانییەتی کشتوکاڵی نازناوی"شارستانییەتی زەرد"ی پێدراوە، کەچی شارستانییەتی پیشەسازی نازناوی" شارستانییەتی رەشی"هەیە، بەڵام شارستانییەتی ئیکۆلۆژی شایەنی ئەوەیە نازناوی"شارستانییەتی سەوز"ی پێبدرێت.

چین لە گەشەپێدانی شارستانییەتی پیشەسازی دواکەوت، بەڵام ناتوانێ خۆشگوزەرانی شارستانییەتی ئیکۆلۆجی لەدەست بدا. کاکڵەی شارستانییەتی چین لە ئاستی سیاسی، کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و فەلسەفی و هونەری لە بنەڕەتدا جووتە لەگەڵ پێداویستییەکانی شارستانییەتی ئیکۆلۆژی. لە کتێبی مێژووی(یی تشو شو)لەبارەی ئەو سەردەمە کە ئەیالاتەکان لەگەڵ یەکتر لە جەنگدا بوون(221-

475پێش زایەن)، هاتووە: لە بەهار نابەجێیە بۆ داربڕین بۆ ناو دارستان بڕۆی. هەروا لە نووسینەکانی ئەو سەردەمە هاتووە: لە پایز دەتوانی پاش کەلاڕێزان دار ببڕیت و، دەبێ دەستی ئەوانە ببڕدرێت کە زبڵ فڕێدەدەنە سەر شەقامەکان. ڕەنگە هەندێ کەس وای ببینن کە ئەو سزایە قورس بووە، بەڵام بایەخپێدانی چینییە کۆنەکانمان پیشاندەدا بۆ پاراستنی ژینگە.
شارستانییەتی ئیکۆلۆژی پێکهاتێکی ڕۆشنبیری و ڕەوەشتانەیەو ئامانجی ئەوەیە لە پێناو گەشەسەندی هەمەلایەنەی درێژخایەن بۆ هەموو مرۆڤایەتی، هارمۆنی لە نێوان مرۆڤ و سروشت و لەنێوان مرۆڤ و کۆمەڵگا جێبەجێ بکات. لێرەدا دەبێ ئەوەشمان لەبەرچاو بێت کە قوتابخانەی فکری چینی جیاجیا هەیە کە بانگەواز بۆ ئەو هارمۆنییە دەکەن و بانگەوازەکەی کۆنفۆشییەکان و تاوییەکان بریتییە لە"مرۆڤ و سرووشت تەواوکەری یەکتر بن"، بەڵام بوزییەکان باوەڕیان وایە کە"هەموو ئاژەڵەکان یەکسانن و هەمان مافی ژیانیان هەیە". لە 1988، لە پاریس 75هەڵگری خەڵاتی نۆبڵ، کۆبوونەوەو ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی کە ئەگەر مرۆڤ بیەوێ لەسەدەی بیست و یەک درێژە بە ژیان بدا، ئەوا دەبێ پابەندی بۆچوونەکانی کۆنفۆشیوەکان بێت کە پێش 2500ڕایانگەیاندووە.
لە پێناو ئەفراندنی شارستانییەتی ئیکۆلۆژی دەبێ هەندێ گۆڕانکاری ئەنجام بدەین و، یەکەم: گۆڕینی چەمک و بەها ئەخلاقییەکان. فەلسەفەی ڕۆژئاوای کلاسیکی وای دەبینێ کە مرۆڤ سروشت و گیانلەبەرەکانی تر بەڕێوەدەبات. لەسایەی ئەم بۆچوونە کە بەنەمای فەلسەفەی شارستانییەتی پیشەسازی پێکدەهێنێ، هیچ ڕێزێک بۆ گیانلەبەران و سرووشت ناگیرێ. بەڵام شارستانییەتی ئیکۆلۆژی بە یەکسانی مامەڵە لەگەل مرۆڤ و گیانلەبەرکانی ترو سروشت دەکات، واتە داوا لە مرۆڤ دەکرێ بەڕێزەوە لەگەل گیانلەبەرانیترو ئەو سرووشتەی پشتی پێدەبەستێ، ڕەفتار بکات.
دووهەم: دەبێ شێوازی بەرهەمهێنان راستبکەینەوە. شێوەی بەرهەمهێنان لە قۆناغی شارستانییەتی پیشەسازی بە کەرەستە خاوەکان دەستی پێدەکات و بە پاشماوەکان کۆتایی پێدێت و هەڵپەهەڵپ بەدوای ژیانی ماددی و بەکاربردنی زۆر، بووە بە مۆرگی سەردەم و سەرئەنجامیش ئەوەیە کە گەشەسەندنی ئابووری پشت بە هەرچی زیاتر بەکاربردن دەبەستێ کە بێ وێنەیە لە مێژووی مرۆڤایەتی. شارستانییەتی ئیکۆلۆژی هەوڵدەدا بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگایەک، توانای بەرگەگرتنی ژینگەیی هەبێ و لەسەر سیستێمی سرووشتی دادەمەزرێ و لە پێناو جێبەجێکردنی بەرژەوەندی ئابووری و کۆمەلایەتی و ژینگەیی هاوبەشدا، پابەندە بە گەشەسەندنی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری بەردەوام و کلیلی جێبەجێکردنی ئەم ئامانجە لەناو مرۆڤدایە. لەم پێناوەدا دەبێ مرۆڤ شێوازی ژیانی بەشێوەیەک بگۆڕێ کە پێداویستییە سەرەتاییەکانی و بەکاربردنی هاوسەنگ دابین بکات و هەوڵ بۆ چێژوەرگرتنی روحی و ڕۆشنبیری بدا.

گفتوگۆ لەگەل گۆردن براون(سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا)
پرسیار: کاتێ ئێوەو تۆنی بلێر دەسەڵاتتان بەدەستەوە گرت، وا دەردەکەوت وەک بڵێ پارتی کرێکاران لە ئیدیالی سۆسیالیزم ماڵئاوایی کرد، بەڵام ئێستا ئەو تێڕوانینە هەیە وەک بڵێی لەو ئاراستەیە، پاشگەزبوونەتەوە.

وەڵام: وانییە. ئێمە هەمان ئەو کارە دەکەین کە نەتەوەکانی تر دەیکەن. ئێمە بەشەکانی بانقەکانی خۆمان دەکڕینەوە سەرمایەی نوێ دەستبکەوێت و هەوڵدەدەین بە زووترین کات لەو بەشانە دووبارە قوتار ببین.

پرسیار: کەواتە ئێوە لە بانقەکان سەرمایەگوزاری دەکەن...
وەڵام: ئەمە تەنها تدبیرێکی کاتییەو هەروا ئاشکرایە کە ئێمە دەتوانین سەرمایە بە بانقەکان بدەین و بەم ڕێگایە بارودۆخیان سەقامگیر بکەین. پاشان دەمانەوێ بەشەکان دووبارە بفرۆشینەوە.

پرسیار: ئایا نەخشەکەتان بۆ پێشەوە دەڕوات؟

وەڵام: تا ئەو رادەیە کاری خۆی دەکات کە مامەڵەکانی بانقەکان دووبارە سەقامگیر دەبنەوەو لەو هیوایە نزیکمان دەکاتەوە کە سووڕانی بازنەیی دراو دووبارە دەستبەکار دەبێ. بانقە ئەمریکی و ئۆروپییەکان قەرزیان بەیەکتری داوە. بەڵام هەموو ئەمانە پێویستی بە کات هەیە.

**پرسیار: چەندە کاتی دەوێ؟**

**وەڵام: ڕێک ئەمە پرسیارەکەیە. من ئێموایە هێدی هێدی فاکتۆرەکانیش کارتێکردن پیشان دەدەن کە هیچ پەیوەندییەکیان لەگەڵ کەرتی دارایی نییە. لەساڵانی رابردوودا ئاستی ژیانی مرۆڤەکان لە ئەمریکا و بەریتانیا پێش هەموو شتێک بۆیە خراپ بوو، چونکە نرخی نەوت و خۆراک بەرزبوونەوە. ئێستا نرخی نەوت دووبارە دادەبەزێ و لەوانەیە نرخی خۆراکیش هەرزان ببێت و لەوانەیشە بتوانێ کارتێکردنی قەیرانەکە لەسەر ئاستی ژیان، نەختێ پینە بکات.**

**پرسیار: ئایا بەخۆتان قەیرانێکی هاوشێوەی قەیرانی ئێستاتان بینیوە؟**

**وەڵام: ئێمە ئێستا ڕووبەڕووی یەکەم قەیرانی دارایی سەردەمی جیهانگیری بوینەتەوەو تا ئێستاش، پێش هەموو شتێک لە جیهانگیری قازانجمان کردووە. لە 10 ساڵی رابردوودا، سو تا ڕادەیە نزمبوو؛ ئامرازە ئەلکترۆنییەکان، جلوبەرگ و هەموو ئەو شتانە کە لە ئاساياوە بۆمان دەهاتن لەبەراوردکردندا، هەرزان بوون. ئێستا ڕووبەڕووی زیانەکانی بوینەتەوە: دەبێ بازاڕی کار سەرلەنوێ بنیات بنرێتەوە، نرخی وزە بەرزبووەتەوە.....لەم ماوەیە پەیوەندیمان بە سیستێمی جیهانی دارایی هەیە کە تێدا بزاوتی دراو بەشێوەیەکی زۆر گەورە ڕوودەدا و دەبێ کۆنترۆڵ بکرێت. بەڵێ، ئەو کۆنترۆڵکردنە تەنها لەسەر ئاستی نیشتمانی ئەنجام دەدرێ. ئەمە یەکێکە لەو هۆیانە کە بۆچی دەبێ سیتێمی دارایی ریفۆرم بکرێ.**

**پرسیار: بە بڕوای ئێوە، ئێمە پێویستیمان بە کامە ستروکتورو سیستێمی نوێ هەیە؟**

**وەڵام: ئێمە پێویستیمان بە شێوە کۆنفرانسێکی بریتۆن-وودس بۆ سەردەمی ئێستا هەیە. پێویستیمان بە سیستێمی ئاگادارکردنی پێشوەخت هەیە بۆ ئابووری جیهان: یان فۆغومێک بۆ جێگیری ئابووری یان دەبێ سەندووقی دراوی جیهانی، گەشەسەندن و پەیوەندییەکانی هێزەکان کە لە جیهاندا ڕوودەدەن، بەتوندی چاودێری بکات. ئێمە پێویستیمان بە یاساوریسای ڕوون هەیە بۆ ئەم جۆرە کۆنترۆڵە هەیەو دەبێ لە وەڵاتە جیاجیاکاندا بەهەمان شێوە دەربکەون. کەواتە ئێمە پێویستیمان بە یاساوڕسایەکی ستاندارد بۆ ژمێرياری هەیە؛ یاساوڕسایەکی یەکگرتوو و چۆن لە نووسینیاندا بەیەک شێوە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەکەین؛ یاساو ڕێسایەکی یەکگرتوو و ئاشکرا بۆ بەشداربووان و بازرگانی گواستن-گواستنی کاڵاکان-.**

**پرسیار: پێتان وانییە کە ئەمە لەوانەیە سەخت بێت؟**

**وەڵام: لەو بڕوایەدام کە ئێمە دەتوانین ئەم جۆرە سیستێمە نوێیە بەکاربهێنین- لە چلەکاندا توانرا لە بریتون وودس ئەم کارە بکەن. ئێمە پێویستیمان بە هەمان دووربینی و هەمان ئیدیالیستی ئەوان هەیە.**

**پرسیار: ئێستا دەبێ یەکەم جار چی بکەین؟**

**وەڵام: ئێمە دەبێ یەکەمجار بایەخ بەوە بدەین کە سووڕانی بازنەیی دراو دووبارە دەست بە سووڕانەوەکەی خۆی بکاتەوە. دەبێ بازرگانی جیهانی پیشتوانی بکرێت تا نەبێتە ئابووری خۆ پاراستن. ئێمە دەبێ ئەو تاقیکردنەوەیە بکەین کە چۆن دەتوانین سیستێمی دارایی جیهانی ریفۆرم بکەین، بۆ نموونە لە پرسیاری ئاشکراکردنی بەشداربووان و بازرگانی گواستنەوە. ئێمە دەبێ ئەو بازرگانییە نەبینراوانە کە مەترسییان بۆ خەرجی مەبەستە کۆمەڵایەتییەکان هەیە، رابگرین و هەموو ئەوەی تا ئێستا وەک سیستێمی بانقی سێبەر ناودەبرێن، ڕووبەڕوویان ببینەوە.**

**پرسیار: ئایا هەڵویستی ئەیالاتە یەکگرتووەکان و بەریتانیا چەندە لەیەکتری دوورن؟**

وەڵام: زۆر بەروونی، پێشقەچوونی ئەمریکییەکان جیاوازەو ئەوەی ئەوەی پەیوەندیان بە چۆنێتی رەفتارکردن لە گەڵ وەرەقە دراوییە ژەهراوییەکان یان سەرمایەپێدان بە بانقەکان هەیە، لەگەڵ رەفتاری وەڵاتە ئۆروپییەکان، جەوهەری نین.

پرسیار: ئایا دەتوانین ئەوەی ئێستا لە ئەمریکا روودەدا لەگەڵ ئەو سەردەمە بەراورد بکەین، کاتێ بەریتانیا کارتێکردنی لەدەستدا؟

وەڵام: ئەمریکا وەڵاتێکی زۆر پشتئەستوورەو دانیشتوانەکەی هێزێکی لەبن نەهاتوویان هەیە. لەوێ کەسایەتی خاوەنکاری سەرسوورهێنەرو کۆمپانیای زلهێز هەیە. ئەمریکا هەمیشە وەک وەڵاتێکی پێشڕەو دەمێنێتەوە. بڕوام وایە کە ئەمریکیەکان دەتوانن لە داهاتوودا پیشانی دەدەن چ توانایەکیان هەیەو بەم شێوەیەش دەیسەلمێنن کە لە جیهاندا چ رۆڵێکی گرنگ و بەهێزیان هەیە.
ئەم گفتوگۆیە لەلایەن لالی وایموت بۆ گۆڤاری سیسیرۆ، سازیداوەو فلۆریان ڤێرنەر بۆ ئەڵمانی.

## گفتوگۆ لەگەڵ هەڵگری خەڵاتی نۆبل داریو فو.

پرسیار: داریو فو، سیاسەتی واقیعی ئیمڕۆی ئیتالیا، هەموو جۆرە ساتیرێکی بەزاندووە. ئایا ئەمە کاتێکی سەختە بۆ ئێوە؟

وەڵام: بە پێچەوانەوە. سەردەمێکی زۆر بەهەرەدارە. هیچ کاتێک لە ئیتالیا، ئەوەند ساتیرنووسمان نەبووە، شانۆ بەجێدەهێڵن و پلەوپایەی سیاسییان دەسکەوتووە. جادووگەرو کۆمیکەکان رەوتی گشتی پێکدەهێنن و هەندێکیان دەگەن بە بەرزترین پلەی فەرمانڕەواییش.

پرسیار: لەبەر ئەوە، فشاری کێبرکێی ناو کەرتی گفتۆگۆکردن، زۆر بەرزبووە. ئێوە لەم ماوەیە بەخۆتان سکاڵاتان لە دژی پەرلەمان بەرزکردەوە، چونکە بەردەوام، بینەرانی شانۆ، دەدزێ.

وەڵام: ئەوە وایە، بەڵام لەهەمان کاتدا، بە حەزو ئارەزووەوە، ململانێ نێوان سیاسەتمەدارو ساتیرنووسەکان هاندەدا. بۆ من وەک نوسەری شانۆ، رووبەڕووبوونەوەیەکی گەورەیە، مامەلەی ناماقوڵی حکومەتی سەرۆک وەزیرانێک وەک سیلفۆ بیرلسکۆنی و برادەرەکانی ببمەوەو، هەموو هەفتەیەک بە شانۆگەرییەکی ناماقۆڵتر بەسەر ببەین.

پرسیار: داریو فو دژی برلسکۆنی-ململانی زلهێزەکانە؟

وەڵام: بەشەرمەوە دەڵێم: شەڕی ململانی دوو خاوەن پیشەی کۆمیکە.

پرسیار: ناترسن لەوەی ئەم ململانییە بدۆڕێنن؟

وەڵام: کاتێ بیرلسکۆنی پاش هەڵبژاردنی بۆ سەرۆکایەتی حکومەت وەک کەسی یەکەم مامەڵەی حکومەتی تەزویرکردنی بودجە، بێتاوان کرد، پێموابوو، باشترین بابەتم دۆزیەوە بۆ نوسینی پارچەیەکی ساتیر. بەڵێ، بیرلسکۆنی چەندین یاسای گۆڕی کە وای کرد، بە بەردەوام دەبوو من و فرەنسای هاوسەرم، تێکیستەکە سەرلەنوێ بنووسینەوە. ئیمە ئیدی تووشی دوودڵی بووین و لەو باوەڕەبووین: لە دژی ئەو، هیچ شانسێکمان نییە، ئەو لە ئێمە باشترە.

پرسیار: پاشان ئێوە چارەسەرە رادیکاڵەکەتان هەڵبژارد: بە ئاسانی مێشکی(برلسکۆنی)تان بڕی.

وەڵام: شانۆگەری(L anomalo bicefalo)، کارێکی دوو دڵییە. ئێمە دەمانوویست شتێک پیشان بدەین کە لە رۆژی دواییدا، لەبەر بابەتی نوێ، کاتی بەسەر نەڕوات. بەو شێوەیە، بیرۆکەی دۆبەڵ مێشکمان بۆ هات، نیوەییەکی مێشکی بیرلسکۆنییە و نیوەکەی تریشی مێشکی پۆتینە. پیشاندانی پارچە کۆمیدیاکەمان پێش ماوەیەک کۆتایی پێ هات و واقع ئێمەی بەجێنەهێشت.

پرسیار: ئایا ساتیر دەتوانێ پەرەسەندی شتەکان، بگۆڕێ؟ دەتوانێ کار لە ژیانی سیاسی بکات؟

وەڵام: ساتیرێکی باش دەتوانێ کێشەیەکی ئاڵۆز روون بکاتەوە. بە رێگای زۆر پێوەنانەوەو لێکۆڵینەوەی خەندەوەرو توند، دەتوانێ مادەیەکی وشک وەک سیاسەت، لە خەڵک نزیکبکاتەوە. ساتیر گومان لەلای خەڵک و خودیشدا، درووستدەکات بەوەی کە ئاوێنە بۆ بینەران رادەگرێ. ئەگەر ساتیرنووس بتوانێت، روحی خەڵک توندبکات و لە خەوی قووڵەوە بێداریان بکاتەوە، ئەوا بە زۆر شت گەیشتووە.

پرسیار: ئایا هەستتان وایە لە ئیتالیا بە تەنیا لەگەڵ بێزاریتان بەجێماون؟

وەڵام: نەک تەنها لە ئیتالیا. ئیمڕۆ زۆر کەس وای دەبینن کە مرۆڤ دەبێ، هەڵچوونەکانی پیشان نەدا، بە>>گەرم<<ی بمێنینەوە. ئەمەش جۆرێکە لە تەشەر: مرۆڤ لەو بڕوایەیە کە لە شتەکانی خۆی تێگەیشتووەو دەتوانێ هەستی خۆی کۆنترۆڵ بکات و بە هەموو ئاوێک بیشۆرێتەوە. لە راستیدا ئەم جۆرە هەڵویستە، مرۆڤ بەرەو تەمەڵی و ترسنۆکی دەبات. مرۆڤ خۆی لە پشت دڵڕەقیدا دەشارێتەوە، تا لایەنگیری نەکات و لەگەڵ رەوتەکەدا مەلەدەکات، تا بەشداری نەکاو گوێی بە شتەکان نەدا.

پرسیار: خەریکی چین؟ تەنانەت مەلەکردن لە هاوینەهەواری(ریمینی) کەمترماندووتان دەکات وەک ململانی رۆژانەتان لەگەڵ خەوی سووکی رۆشنبیرییانە.

وەڵام: وەک منداڵێک، ساڵانی سییەکانم بینی، لە(لاگۆ ماگیورێ)، نزیک سنووری سویسرا. باوکم بەرێوەبەری وێستگای شەمەندنەفەر بوو؛ دەیان ئەنتی فاشیست و جووی بە شێوەی ناشەرعی بەرەو سویسرا، دەپەڕاندەوە. قەت ئەو پرسیارەی لە خۆی نەکرد، داخۆ ئەو کارە درووستە یان نا، داخۆ بەو کارە، ژیانی خۆی و ئێمە دەخاتە مەترسی یا نا. هەروا ئەو کارەی دەکرد، چونکە دەبوایە ئەو کارە بکات. هەمان شت دایکیشم وابوو. جارێکیان نامەیەکی لە ژێرکراسەکەم درواند. منیش دەبوایە لە سنوورەکە(ئیتالیا-سویسرا)تێپەڕم و نامەکە بگەیەنین بە ناسیاوەکەمان لە(ئەسکۆنا)، کە پەنابەرێکی سیاسی بوو. لە راستیدا کارێکی پڕ مەترسی بوو بۆ دایکێک، بەڵام دەبوایە ئاوا بەئاسانی ئەو ئیشە بکرێت(...)

رۆژنامەی(ڤێلت فۆخە)ی سویسری ئەم گفتوگۆیە لەگەڵ کردووە و ئەمەش بەشێکییە.

## گفتوگۆ لە گەل رۆماننووس خوسێ سەراماگۆ.
## خەڵاتوەرگری نۆبل بۆ لیتراتور.

پرسیار: لە رۆمانەکانتدا، زیاتر لە جارێک باسی ئامانجە مرۆییە جیاجیاکان دەکەن. ئایا دادپەروەری کە پاڵنەری سەرەکی چەپەکانە، بەشێکە لەو ئامانجانە؟

وەڵام: دادپەروەری؟ مانای چییە؟ لە ناوەندی بوونی مرۆڤدا زنجیرەیەک لە ئامانج دەبینم کە تا ئێستا نەتوانراوە، واقیعی بکرێ. دادپەروەری بەشێکە لەوانە، چونکە پێکەوە لەگەل ئازادی و ئاکارە هاوشێوەکانیان، هێشتا بە بەردەوام هەنوکەیین. من دەمەوێ ئەم بارودۆخە بە(رێکەوتەکانی ژیانی مرۆیی)دابنێم. کێشەکە ئەوەیە، من لە سەردەمێکدا دەژێم، هێشتا لیو بارەیەوە کورتیهێناوە، بەڵام من هەرگیز گۆمانم لەوە نەبووە کە رۆژێک دێت، دادگا بەم شەرمەزارییە، نامێنێتەوە کە ئیمرۆ باڵادەستە. دادوەری و دیموکراسی لە هەمان نەخۆشی دەناڵێنن. لەم روانگەیەدا، من زۆر رادیکاڵم، چونکە بۆ من>>دیموکراسی<<بوونی نییە. مرۆڤ چۆن دەتوانێ باس لە دیموکراسی بکات، ئەگەر دەسەڵاتی واقیعی، هەموو شتێک بێ، تەنها دیموکراسی نەبێ؟ ئەحزابی سیاسی، پەرلەمان و هەڵبژاردن و ئەمە و ئەوەش هەیە. هەموو ئەوانە، لەناو بەربەستێکدا، رۆڵی خۆیان دەگێرن کە زۆربەی مرۆڤەکان دەستیان پێناگات. بێ گومان، دەتوانن حکومەتێک هەڵبژێرن و دەنگ بە حکومەتێکی تر بدەن، بەڵام ئەوە گۆڕانکارییەکی زۆر بەدی ناهێنێ. ئەوانەی وا لەسەر بارودۆخی ژیانیان بڕیاردەدەن، ناتوانن دەسەڵاتەکەیان لێ وەربگرنەوە. کۆمپانیاکانی دراوی بانناسیونالیزم، خاوەن کارە دراوە جیهانییەکان و بەڕێزە گەورەکانیان، رێ نادەن بەوەی دەسەڵاتەکەیان لە بورییەکانیان داببڕن. کۆمپانیای کۆکا-کۆلا رێ نادا بەوەی، لەلایەن هەر شتێکی ترەوە، شوێنی لەق بکرێ. نەخێر، حکومەتەکان، بۆ من، لە کۆمیساری سیاسی دەسەڵاتە ئابوورییەکان نەبێ، هیچی تر نین. بە لەبەرچاوگرتنی ئەم بارودۆخەدا، گفتوگۆکردن لە بارەی دیموکراسی بۆ من، هیچی تر نییە، بێجگە لە روخساری وەهمێکی گەورە.

پرسیار: بەڵام خەباتکردن لە پێناوی ئەم دیموکراسییەدا، کۆمەڵکوژی ترسناک، ئەنجام دراوە...

وەڵام: بێ گومان. ئەوەی لە هەمووی ترسناکتر بێت، ئەوەیە کە زۆربە، ئەو مافەی لێ وەردەگیرێت لە دژی ئەم پەیوەندییەو بەو ئامانجە خۆپیشاندان بکەن، پەیوەندییەکانیان، بگۆڕن. ئێمە دەزانین کە هەزاران کەس دەتوانن خۆپیشاندان بکەن. کاتێ من وێنەی جەماوەر و درووشمەکانیان دەبینم، پرسیار لە خۆم دەکەم: بۆچی رێی بەوە دەدەن؟

پرسیار: وەڵامەکەتان چییە؟

وەڵام: لەبەر هەمان هۆ، وەکو ئەوەی تا رادەیەک تاوانکاری پشتگوێ دەخەن، تا بتوانن بیانوو بۆ بوونی پۆلیس بهێننەوە. بەڵام ئەگەر سنوورێک ببڕن، ئەوا وەک بیانوویەک بەکاردەهێنن بۆ بەکارهێنانی توندوتیژی لەناو سیاسەتی ئاسایش و تا بەو سنوورە نەگات، دەزگای ئاسایش لە ئاستێکی قبوول کراو، پاشەکەش دەکات و لەو رۆژەوە کە جەماوەر تەنها درووشمەکانیان بەرزناکەنەوە، بەڵکو هاوار دەکەن>بەسە!<وداخوازی زیاتردەکەن، ئەو کات دەبینین بەهای دیموکراسی لەم رۆژەدا، چەندە.(...)

پرسیار: ژنەنووسەری کەتەلۆنی(رۆزا ریگاس)، کێشەی سەرەکی لەوەدا دەبینێ کە فاشیزم لە ئەسپانیا هەرگیز نەڕوخاوەو هێشتا بەشێکە لە دەسەڵات.

وەڵام: من دەمەوێ هەنگاوێکی زیاتر دابنێم، هێشتا فاشیزم لە ئۆروپادا هەیە. با جارێک لە سنووری ئەسپانیاوە تەماشای پورتوگال بکەین یان با تەماشای ئەو نواندنە خەمناکەئیتالیا بکەین. لەوێ پیاوێک بە ناوی بیرلیسکۆنی بە زماندرێژی، دەسەڵات بۆ خۆی وەرگرتووەو لەلایەن بەشێکی پەرلەمانەوە، پشتگیریکرا، ئەو پەرلەمانە کە دەمێکە شایانی ئەوە نییە، ناوی>> نوێنەری گەل<<ی لێ

بنرێ. پێشی ساڵێک، ئەنتۆنی دی پیترۆ(پارێزەری گشتی دەوڵەت) لە روم رایگەیاند کە چیتر بەرتیلخواردن لە ئیتالیا بوونی نییە. کاتێ پرسیاریان لێ کرد، ئەوە چۆن وای لێ هات. وەڵامەکەی روون بوو: جاران دەسەڵاتدارە ئابوورییەکان، بەرتیلیان بە سیاسەتمەدارەکان دەدا تا پشتگیری لە ئامانجەکانیان بکەن، بەڵام ئێستا دەسەڵاتی ئابووری و سیاسی لە ئیتالیا، کەوتە دەستی یەک کەس، بۆیە پێویست ناکا، بەرتیل بدرێ.

پرسیار: رۆژنامەی(لا ئۆزێرفاتۆرێ رۆمانۆ- L- Osservatore Romano) بە کورتی ئێوەیان بە<< کۆمونیستی وەرسکەر<<ناوبرد.

وەڵام: ئەوە یەکەمجار نییە گوێم لە شتی وا ببێت، بەڵام من پێمخۆشە، خۆم بە کۆمونیستێکی ئازادیخواز ناوبنێم. من خۆم وەک کەسێک دەبینم کە بە بێ چەندوچۆن، بەرگری لە ئازادی دەکەم و قبووڵی هەموو شتێکیش ناکەم. من هەوڵدەدەم تاوانباران و بارودۆخی ئەوانەی کە دەیانەوێ ژیانمان بەرێوەوە ببەن، لە سێ پرسیاردا بپێوم: بۆچی؟ لەبەرچی؟ بۆ کێ؟ بۆ من ئەم سێ خاڵە، پرسیاری ئەوپەڕی بنچینەیین. بە دەستپێکردن لەم پرسیارانەوە، مرۆڤ دەتوانێ زنجیرەیەک لە یاساوریسا قبووڵ بکات یان مرۆڤ دەتوانێ بە لێکدانەوەوە، رەخنەیان لێ بگرێ. مرۆڤ نابێ هەرگیز قبووڵبکات، ئازادییەکەی لێ وەربگرنەوە لە پرسیارکردنی: بۆچی؟ لەبەر چی؟ بۆ کێ؟

پرسیار: با لە دواییدا هەوڵ بدەین، مانای چەند زاراوەیەک سەرلەنوێ بدۆزینەوە و ئێمە وەک ئیدواردۆ گالیانۆ وتویەتی>>دزیت لێ بکەین<<بە گوێرەی راڤەکردنی خۆت، یەکسەر وەڵام بدەنەوە.

پرسیار: چەپ؟

وەڵام: گومان

پرسیار: مافی مرۆڤ؟

وەڵام: لەم بارەیەوە وەڵامێکی نەختێ درێژ دەدەمەوە. من دەمەوێ حزبە چەپەکان تەنها ئەو ئامۆژگارییە بدەم کە هەموو ئەوەی بۆ مرۆڤەکان پێشنیاریدەکەن، لە بەڵگەنامەیەکی بۆرژوازی دەبینرێت کە ناوەکەی>>راگەیاندنی گشتی مافی مرۆڤ<<ە و لە1948دا لە نیویورک بریاری لەسەردراوە. هەموو ئامانجەکانیتر، بێکەڵکن، هەموو پرۆگرامەکانیتر، گێژمان دەکەن. لەو بەڵگەنامەیەدا، هەموو شتەکان گوتراوە. بیخوێننەوە و جێبەجێی بکەن.

پرسیار: سەندووقی دراوی جیهانی؟

وەڵام: خاوەن دراوە.

پرسیار: ئازادی؟

وەڵام: هەموو شتێک لە پێناویدا

پرسیار: ساراماگۆ؟

وەڵام: ئەوەی دەتوانێ بیکا، دەیکا.

پرسیار: کوبا؟

وەڵام: من پەیوەندیم لە گەل کوبا نەپچراندووە. من ئێستاش هەر دۆستێکی کوبام، بەڵام ئەو مافە بەخۆم دەدەم، چۆن بیردەکەمەوە، وەک خۆی دەرببڕم، کاتێ گوتنی بە گرنگ دەزانم.

لە ئەسپانییە بۆ ئەلمانی: هاراڵد نوییەر

## گفتوگۆ لەگەڵ Naomi Klein

## رۆژنامەنووسی کەنەدی و یەکێک لە قسەکەرانی بزووتنەوەی دژ بە جیهانگیری.

**لە گفتوگۆیەکی کورتاندا، باس لە ئەنتی کلۆبالیزیرونگ وەک(بزووتنەوەی بزووتنەوەکان)دەکەن و مەبەستان ئەوەیە سەرلەنوێ لەسەر ئاستی جیهان، داوای دیموکراسی بکرێ؟**

**وەڵام: من دڵنیانیم لەوەی داخۆ بەراستی رۆژێک لە رۆژەکان لەسەر ئاستی کلۆبالدا، جیهان دیموکراسی دەکەین، بەڵام من لە هەموو حاڵەتێکدا بڕوام وایە کە دەبێ دیموکراسی زیاتر لە سەر ئاستی ناوچەیی و لۆکالی، بەدەستمان بکەوێت-بە رێگای چالاکییە جیهانییەکانەوە-. من باس لە گەڕانەوە بەرەو ناوچەگەرایی یان دابەزین لە دیباتی نێونەتەوەی ناکەم، بەڵام من وا بیردەکەمەوە کە ئێمە رەوتێکی گشتی دەبینین لە ناو چوارچێوەیەکی جیهانیدا، بۆ بەرگریکردن لە مافە دیموکراسییەکانی وەڵاتە جیاجیاکان یان ناوچەکان. رێکخراوو گروپە نیونەتەوەییەکان بە بەردەوام بەهێزتر لە پێناو بەرژەوەندییە ناوچەیی و لۆکالییەکاندا، کاردەکەن. مەسەلەکە ئەوەیە، بە رێگای تۆری جیهانی شوێنە بچوکەکانەوە، سەرلەنوێ داخوازی دیموکراسیی زیاتربکەین.**

**پرسیار: لە کتێبەکەتانNo Logoرەخنە لە پەرەستنی بازار لە کومەڵگای بەکاربردنی رۆژئاوا، دەگرن. هەڵەی نیکی، ئەدیداس و گاب چییە؟**
**لە کتێبەکەمدا لێتۆژینەوەی ئەو سیاسەتە دەکەم کە لە گەل بازاڕدا شێوەی ژیان لە بری فرۆشتنی بەرهەم، بەبەرهەمدەهێنن. ئەو سیاسەتە هەمیشە بە روونی کار لە کۆمەڵگە و کلتوورەکەمان دەکەن. ئەگەر خاوەنکارەکان بڕیار لەسەر ئەوە بدەن، مارکەی ستیلی ژیان لە بری بەرهەم بفرۆشن، دەبینن چوونە پێشەوەی بەرهەمهێنان وەک چوونە پێشەوەی مارکتینگ و دیزاین. ئەمە مانای وایە، ئەو مرۆڤانە کە بەرهەمەکانیان بە بەرهەمدەهێنن و دەفرۆشن، وەک بوونێکی زۆر بێ بایەخ چاویان لێ دەکرێ.**

**پرسیار: ئەمە مانای چییە؟**

**وەڵام: رۆبێرت لویس-دریفوس(خاوەنی ئەدیداس)وتی: ئێمە دیزاین دەخەینە بازاڕەوە، ئێمە لێدەگەڕێین کەسانیتر، بەرهەمەکانمان، بەرهەم و بەکاربهێنن. ئەوەی لە دوای بەرهەمهێنان روودەدات، ئەمەیە: مارکەو(Labels) هەڵپەرستن، بۆشاییەک پڕدەکەنەوەو داواکارییەکی ناسرووشتی دروستدەکەن. گاڵتەجارییەکە ئەوەیە، پەرستنی مارکەکان لەبەر ئەوە کاریگەر نابن، چونکە ئێمە پێڵاوی راکردن یان(لەپتۆپ)زۆر خێرا پێویستیمان پێیان دەبێ، بەڵکو لەبەر ئەوەیە، ئێمە پێڵاوی راکردن و لەپتۆپی زیاترمان دەوێت، بۆیە پێڵاوی راکردن و لەپتۆپ وەک شتێک دەفرۆشرێن کە لەگەل ئازادی، خۆشەویستی و کۆمەڵگا و دوارۆژ پەیوەستیان هەیە. کەواتە ئەو پرسیارە کە بەراستی دەبێ بیکەین ئەمە: بۆچی ئێمە کۆمەڵگەیەکی ئەوەندە خراپین کە دەبێ پێویستییەکانمان بەشێک بن لە شتێکی گەورە تا بەشێوەیەک پڕیان بکەینەوە کە لەواییدا بە خۆمان ماناکەی لە بەرهەمی مارکەکاندا، دەربهێنین؟**

**پرسیار: لە کتێبەکەتاندا نوسیوتانە کە ئێمە لەسەرە رێگاین بەرەو"قۆناغی کۆمەڵگای پۆست مەدەنی"جیهانیین. تا دێ مرۆڤەکان ترسیان لەوە هەیە، دیموکراسی، لە جیهانگیریدا، لەسەرە رێگا بەجێ بمێنن. لە دوارۆژدا، کێ حوکمڕانی جیهان دەکات؟**

وەڵام: لە دوا رۆژدا بڕیار دەدرێ کە ئێمە بە رێکخستنە فەرمی و تێڕامانەکانمانەوە، بەرگری لە کۆمەڵگایەکی مەدەنی دەکەین: بەهێزکردنی دیموکراسی لە سەر ئاستی جیهان و لۆکالی پەیوەستی بە میدیایەکی سەربەخۆ، فێرکردنێکی زیاترو سەندیکایەکی بەهێز هەیە. ئەوەی بەڕاستی پاڵ بە خەڵکەوە دەنێت بۆ سەر شەقامەکان بڕۆن، دیموکراسی نوێنەرایەتییە: لەلایەن دەزگا سیاسیی و ئابوورییە جیهانییەکان یان لەلایەن خاوەن کارە زلهێزەکانەوە. لە کۆتاییدا دەرناکەوێ، کێ کێی هەڵبژاردووە و کێ حوکمڕانی کێ دەکات. ئێمە دەبێ وریابین لەبارەی تورەییە رەواکانی مرۆڤەکان لە بارەی ژێرکەوتنی دیموکراسی نوێنەرایەتی، نەبا راستڕەوەکان کە بەشێوەیەکی پۆپۆلستانەی ناسراودا سوودوەربگرن و یاری بە دەستەکان بکەن و بڵێن: ئۆکەی، دیموکراسی ناتوانی کاربکات، ئەمەیە پیاوە بەهێزەکەتان.

پرسیار: ئێمە چۆن دەتوانین برگری لە دیموکراسیی و کۆمەڵگای مەدنی بکەین؟

وەڵام: من باوەڕم وایە. تەنها بە ریفۆرمکردنی بەهێزی دەزگا نیونەتەوەییە کلۆبالەکان، دەستکەوتنمان کەمدەبێت. من پێم وایە ئەوە زیاتر پەیوەستی بە گرێدانی تۆڕە فەرمییە جیهانییەکانەوە هەیە. ئێمە، لە ئاست دیموکراسیدا، قەیرانێکی قووڵ بەرێوەدەبەین. ئێمە ناتوانین ئەم کێشەیە لە سەر ئاستی جیهانی چارەسەربکەین، پێش ئەوەی لە سەر ئاستی ناوچەیی نەیکەین بە بابەتی گفتوگۆو لێکدانەوە. ئێمە درووستکەری چارەنووسی خۆمانین، واتە ئێمە دەبێ بە لەسەرخۆوە لە سەرەتاوە دەستپێبکەین، بەڵام وەک پێشتر وتم: ئەمە مانای هەنگاونان نییە بەرەو دواوەوە، بەڵکو هەنگاوێگن بەرەو بەیەکەوە گرێدانی جیهانی یەکێتییە دیموکراسییە بچووکەکانە.

سوپاس بۆ گفتوگۆکەتان.

ئەم گفتوگۆیە لەلایەن بە پێکەوە کاردن لە گەڵ سایتی(فلوتێر. کۆم) سازدراوە.

## گفتوگۆی گابریل گارسیا مارکیز(هەڵگری خەڵاتی نۆبل)
## لە گەڵ کۆماندۆ مارکۆس.

پرسیار: بۆ ئێمەی کۆلۆمبی، کاتێ گوێمان لە پەیڤی پێشمەرگەکانمان دەبێ، دیسکۆرسەکانیان،میلیتارستانە نییە. ئێوەو بزووتنەوەکەتان چەند میلیتاریستن و چۆن وەسپی ئەو جەنگە دەکەن کە ئێوە رابەرایەتیتان کرد؟

وەڵام: ئێمە لەشکرین و بونیادەکەی میلیتارییە؛ مارکۆسی"سوپ کۆماندانت"سەرکردەی لەشکرێکە، بەڵام لەشکرەکەمان زۆر تایبەتمەندە، چونکە پلان دادەرێژێ تا بۆ ماوەیەکی درێژ، وەک لەشکرێک نەمینێ. لەشکرەکەمان فیگورێکی سەیرەو ناچارکراوە چەک هەڵبگرێ تا باوەڕ بە کەسانیتر بهێنێ کە مافی هەیە. بەم مانایە، بزووتنەوەکە دوارۆژی نییە، ئەگەر سەربازییانە بۆ پێشەوە بڕوات. ئەگەر لەشکری(ساباتیست) وەک بونیادێکی چەکداری-سەربازی بەردەوام بێت، وەک ئەڵتەرناتیڤێکی ئیدۆلۆژی وجیهانبینی، شکست دەهێنێ. لەوەش خراپتر ئەوەیە ئەگەر دەسەڵات بەدەستەوە بگرێت و خۆی وەک لەشکرێکی شۆڕشگێڕ ئامادە بکات. ئەمە بۆ ئێمە، مانای شکستییە.

پرسیار: ئێوە خۆتان وەک دەربڕی هەڵویستی گروپە کۆمەڵایەتییەکان پیشاندەدەن و بەڕوونی لە تراديستونی چەپەکانی ئەمریکای لاتین، جیاوازن.

**وەڵام: ئەوەی لەلای چەپە شۆڕشگێڕەکانی ئەمریکای لاتین بەرچاوم ناکەوێت ئەوەیە خەباتەکەیان گەلانی ئیندۆ ناگرێتەوە کە ئێمەی ساباتیست بەشێکین لێیان و کەمایەتییەکانی تریش. لەو بارەیەشدا، ئێمەی گەلانی هیندۆ بە هیچ شێوەیەک، کەمایەتییەکی بچوک نین، هەر وەک هۆمۆسیکسوالەکان، لێسپ و ترانسیکسوێلەکان. ڕێکخراوە مارکسیست لینینستەکان بۆ ماوەیەکی درێژ، ئەو گروپە گوایە پەراوێزانە، لەبەرچاو نەدەگرت: هۆمۆسێکسوێلەکان، چونکە مرۆڤ بە ترسنۆک و ناپاکیان دەزانێت، بە گشتی بە گونجاویان نەدەزانی بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی سۆسیالیستی. هەروا گەلانی ئیندۆ بە دواکەوتوو و فاکتۆری پەکخستنی بەرهەمهێنان دەزانن....و قسەی قۆڕی تر...**
**ئێمە بە پێچەوانەی ڕێکخراوە گرلیاییەکانەوە، ناڵێین ئێمە نوێنەرایەتی زۆربەی دانیشتوان دەکەین. هەر پێشڕەوێک پێی وایە، خۆی قسەکەری زۆربەیە. ئێمە بەناوی کەمایەتییکەوە قسەدەکەین، تەنانەت بەناوی هەموو هەژارو ژێردەستەکانی گەلەکەوە، قسە ناکەین.**

**پرسیار: ئێوە و ساباتیستەکان زیاتر لە هەر لایەنیکی تر، زۆر ڕێزتان لێ دەگیرێت. حزبی (PRI) لە مەکسیک کە ماوەی 70ساڵە دەسەڵاتدارە، لە هەڵبژاردنەکاندا، دۆراندی، پرۆژەی یاسایەک بۆ ناسنامەی(ئیندۆ)کان، بۆ بەردەم کۆنگرێس ئامادەکردووەو ئێوەش دەتوانن لە گەڵیاندا لەبارەی ئەو پێشنیارە گفتوگۆ بکەن. ئێوە چۆن بارودۆخەکە دەبینن؟**

**وەڵام: بارودۆخەکە وەک خەباتێکە لە نێوان سەعاتی دیارکردنی هاتنی سەرۆک فوکس و(سەعاتە لم)ەکەی ئێمە. بەیەکدا هەڵشاخاندنمان بە گژیەکتر لەبەر ئەوەیە داخۆ ئێمە خۆمان لە گەل سەعاتی ئامادەبوونەکە دەگونجێنین یان سەرۆک فوکس لەگەل سەعاتە(لم)ییەکەی ئێمە خۆی دەگونجێنێ. نە یەکەمیان و نەیش دووهەمەکەیان دەکرێ. ئەو و ئێمەش دەبێ تێبگەین کە هەردووەلامان دەبێ بە سەعاتێکی هاوبەش ئیش بکەین، سەعاتێک کە ریتمێک بۆ دیالۆک و لە دواییشدا بۆ ئاشتی پیشانبدات. ئێمە لەسەر زەمینی مەکسیکۆ سیتی کە ناوەندی دەسەڵاتە، ڕاوەستاوین و لەوێدا، کە توێژی سیاسی، ڕەگوریشەی داکوتاوە. ڕێکخراوەکەی ئێمە لە بەرامبەریدا، زۆر بێکەڵکە بۆ سیاسەتکردن، لەلایەنی کەمەوە بە شێوەیەکی سیاسی. ئێمە نالایەق و دڵنیاییمان نییە، بەڵام نیازێکی باشمان هەیە. لەو بەری بەرەکەوە، ئەوانە ڕاوەستاون کە شتەکان بە باشترین شێوە دەزانن.**
**پتر لە جارێک، مەسەلەکە لە بارەی ئەو ململانێییەیە، داخۆ دوارۆژی سیاسی لەلایەن چینی سیاسەتمەدارەوە پڕ دەکرێتەوە یان لەو بیروڕایەوە پێکدێت کە ئێمە لەگەل خۆمان دەیهێنین. لێرەشدا پێموایە نە یەکەمیان و نە دووهەمەکەیان، سەرکەوتن بەدەستدەهێنێ. کاتێ ئێمە جەنگمان دەکرد دەبوایە داخوازی بخەینە بەردەم حکومەت، ئێستا بۆ ئەوەی ئاشتی دابمەزرێنین، دەبێ نەک تەنها حکومەت، بەڵکو داخوازییەکە بخەینە بەردەمی هەموو دەوڵەتی مەکسیک. ئێستا تەنانەت مێزی گفتوگۆشمان نییە کە ئێمە و حکومەت لە دەوریدا دانشتنەکانمان سازبدەین.**
**ئێمە دەبێ یەکەمجار، تەختەسازی بکەین و ئەرکەکەمان ئەویە بڕوا بە حکومەت بهێنین کە ئێمە ئەو مێزە درووستدەکەین و حکومەتیش دەبێ لە گەڵماندا گفتوگۆ بکات و لەوێڕا براوەدەبێت. ئەگەر گفتوگۆمان لەگەل نەکات، دەدۆڕێنێت.**

**مارکیز: ئایا ئەو دیالۆکە کە ئێوە پێشنیاری دەکەن، پیادەکردنی فۆرمێکی نوێی مافی هاوبڕیاردانە یان لەپشت بڕیارگەلێک ڕاوەستاون و کامەیان حکومەت قبووڵی دەکات و ئێوەش بە پێویستی دەزانن؟**

**وەڵام: دیالۆک واتە تەنها ڕێککەوتن لەسەر ئەو یاساوڕیسایانە کە بۆ ئەوەی ململانی نێوان هەردووەلامان لەسەر هێڵێکی تر بڕوات. ئەوەی لەسەر مێزی گفتوگۆکە دادەنرێت، مۆدێلێکی ئابووری نییە، بەڵکو ئەو پرسیارەیە کە چۆن لەبارەیەوە گفتوگۆ بکەین. (فزیتە فوکس)دەبێ لەم خاڵە تێبگات و لە گفتوگۆیەکە نابین بە جەماعەتی"ڕێوی"یەکە. لەم گفتوگۆیەدا دەبێ ئەوەمان دەستبکەوێت کە ئەو کەسانە ڕوویان پۆشیوە دەتوانن بە ڕێزو حورمەتەوە هۆڵەکە بەجێبهێڵن و جارێکی تریش کەس ناچار نەکرێ پەنا بۆ چەک ببات. ئەمە ئاسان نییە. جەنگکردن ئاسانتر بوو، بەڵام لە جەنگدا ناتوانرێت زۆر شت چاکبکرێتەوە. لە سیاسەتدا مرۆڤ هەمیشە دەتوانێ خۆی لابدات.**

**ماركيز:** كرانەوەی ئێوە نائاساييە: پارچەيەكی گرێدراوتان بە ملەوەيە و كليتەيەكی شرتان لەسەرەو لە هەمان كاتدا، لەمپەيەكی بچوكيشتان پێيە كە لێرە پێويستيتان پێی نابێ؛ ئامێرێكی مۆدێرنی پەيوەندی كردنتان پێيە و سەرو سەعاتێك لەسەر هەردوو دەستتان بەستووە. ئايا ئەوانە سمبۆلن؟ ئەو پۆشاكانە مانايان چييە؟

**ماركۆس:** جيهازەكە بۆ پەيوەنديكردنە بە هێزی ئاسايش و كەسەكانمان لەناو دارستان تا بتوانن پەيوەنديمان پێوەوە بكەن ئەگەر كێشەيەكيان هاتە پێشەوە. ئێمە زۆر هەڕەشەی كوشتنمان پێ گەيشت. ملپێچەكە ڕەنگ سوورو نوێ بوو كاتێ ئێمە پێش حەوت ساڵ(سان كريستۆبلً دی لاس)مان وەرگرتەوە. كليتەكە بە تەمەنی 18ساڵييەوە لەسەركردووە، لەو كاتەوە كە بۆ ناو دارستانی لاكاندۆنا هاتم. سەعاتێكيشيان لەو كاتەوە هەڵدەگرم كاتێ ڕووم كردووتە دارستان و ئەوی تريشيان لە كاتی تەقەبڕەوە هەڵگرتووە. ئەگەر ميلی هەردوو سەعاتەكە هەمان كاتژمێر پيشانبدەن، مانای ئەوەيە، بزووتنەوەی تساباتيستەكان وەك لەشكرێكی چەكدار، كۆتايی پێدێت. پاشان قۆناغێكيترو حيسابی كاتێكی تر، دەستی پێدەكات.

**ماركيز:** فريای خوێندنەوەش دەكەون؟

**ماركۆس:** بەڵێ، ئەی ئەگەر نەخوێنينەوە، چی بكەين؟ لەناو لەشكردا، سەربازەكان، كاتەكەيان بۆ پاككردن و نوێكردنەوەی چەك و فيشەكەكانيان بەكاردەهێنن. لە حاڵەتی ئێمە، چەكەكان، وشەكانن، دەبێ تەقەمەنييەكانمان بە بەردەوام بە ليتراتوور نوێ بكەينەوە.

**ماركيز:** هەموو ئەو فۆرمە كە ئێوە دەڵێن و هەموو ناوەڕۆكەكەی پشتخانی زانينێكی ليتۆاتووری جددی پيشان دەدەن. چۆن بەمە گەيشتوون؟

**ماركۆس:** ئەوە پەيوەندی بە منداڵيمەوە هەيە. لە خێزانەكەماندا، ووشە ڕۆڵێكی تايبەتی هەبوو. ئێمە ژيان لە دووتۆی وشەدا دەبينی و خوێندنمان لە قوتابخانە فێرنەبووين، بەڵكو بە ڕێگای ڕۆژنامەكانەوە. دايكوباوكم ئێمەيان فێركرد ئەو كتێبانە بخوێنينەوە كە شتی ترمان فێردەكەن. پاشان سەردەمی خەباتی ژێرزەمينی هاتەپێشەوەو لە دژی ڕۆشنبيرە بۆرژواكان بە وشە نەمانتوانی ڕاوەستين و وشە شوێنی دووهەمی گرتەوە. لە دواييدا لەناو گماينده ئيندۆكاندا، وشە شوێنی خۆی گرتەوە. تۆ هەستدەكەيت، زۆر وشەت پێ نييە بۆ دەربڕينی ئەوەی دەتەوێ بيگەيەنی و هەر ناچاردەبی لە بواری زماندا كاربكەيت. هەروا جارێكی تريش مرۆڤ بۆ وشە دەگەڕێتەوە كاتێ چەكەكان لەيەك دەترازێنی و دەيانبەستێتەوە.

**ماركۆس:** دەتوانين لەبارەی خێزانەكەتان، بدوێين؟

**ماركۆس:** خێزانەكەمان لە چينێكی ناوەند پێكهاتووە. باوكم وەك گەورەی خێزانەكە، لە سەردەمی سەرۆك كاردێناس مامۆستای لادێ بوو و وەك خۆی دەيگێڕايەوە، كاتێ گوێچكەی مامۆستاكانيان دەبڕی، چونكە پێيان وابوو، كۆمونيستن. دايكيشم بەهەمان شێوە، لە لادێدا، مامۆستای قوتابخانە بوو و لە پاشاندا، نيشتەجێكەی گۆڕييەوەو بووين بە چينی ناوەند. ئێمە خێزانێك بووين بە بێ تەنگوچەڵەمەی پووڵ. هەموو ئەمە لەو ناوچەيە بەسەربرد، كە ئاسۆ كلتووريەكان لە هەواڵە كۆمەڵايەتييەكاندا، شوێنيان نەدەبووەوە. دوورترين شوێنی جيهان بۆ ئێمە، مەكسيكۆ- ستی و كتێبخانەكانی بوو. بەيناوبەين، پێشانگای كتێب لە ناوچەكە ڕێكدەخراو لەوێ دەمانتوانی چاومان بە بەرهەمەكان بكەوێت. كتێبەكانی گابريل گارسيا ماركيز، فوينتس، مۆنسێفياز و فارگاس ليوسا(دوور لە بيروبۆچوونی) دايكوباوكم بە ئێمەيان پێدەناساندن. (سەد ساڵ لە تەنهايی)ەكەی ئێوە، باسی ئەوەمان بۆ دەكات، ئەو ناوچانە چۆن بوون؛ "هيچ شتێك، بێجگە لە ژيان"ی كارلۆس فوينتس و چی بەسەر شۆڕش هات؛ كۆمەڵە وتارەكانی كارلۆس مۆنسيڤياس باسی چينی ناوەنجی مەكسيك دەكات؛ ماريو فارگاس ليوساس"شارو سەگەكان" تا ڕادەيەك بەبێ ئارايشكردن، پۆرترێتی ئێمەيە. هەموو ئەو شتانە لەوێ بوون. ئێمە هەر بەو شێوەيە كە بەرەو ليتراتوور چووين، بەهەمان شێوەش ڕوومان لە جيهان كرد. ئەمە ژيانی ئێمەی دياريكرد. ئێمە جيهانمان بە ڕێگای هەواڵەكانەوە نەناسی، بەڵكو بە ڕێگای ڕۆمانێك، وتارێك يان شيعرێكەوە. ئەمە ئێمەی جيادەكردەوە لە كەسانيتر. ئەوە جۆرە فلتەرێك بوو كە دايكوباوكم بە ئێمەيان دا، هەر وەك چۆن ئەوانی تر فلتەری ميديا بەكاردەهێنن.

**ماركيز: له ناوەراستی ئەو هەموو خوێندنانه، "دۆن کیشۆت" له کوێ راوەستاوه؟**

**ماركۆس: کاتێ تەمەنم12ساڵ بوو، کتێبێکی زۆر جوانم پێشکەشکرا. ئەو کتێبه(Don Quijote de la Mancha)بوو. من پێشتر خوێندبوومەوه، بەڵام تەنها به شێوه داڕشتنەکەی بۆ لاوەکان. ئەو کتێبه زۆر گران و تایبەت بوو. پاشان دەستم به خوێندنی شکسبیر کرد. بەڵام ریزکردنی درووست بەم شێوەیه دەبێ: یەکەم جار گەوره چیرۆکنووسانی ئەمریکای لاتینی ئەو سەردەمە، پاشان سیرڤانتیس، گارسیا لۆرکا وله تەکیدا بەرهەمەکانی هۆنراوه.**
**به پێکەنینەوه پەنجەی درێژ دەکات و به مارکیز دەڵێ: کەواته، له هەموو ئەم شتانه، ئێوەش تاوانبارن**

**ماركیز: بوونگەرایی و سارتەریش کارتێکردنی لەسەر ئێوه، نەبوو؟**

**ماركۆس: نەخێر ئەو کاته درەنگی بەسەر هاتبوو. بوونەگەرایی و لیتراتووری شۆڕشگێڕانه خۆمان بووین و هەر وەک ئەرسەدۆکسەکان دەڵێن، گەندەڵ ببووین. لیتراتوور به گاڵتەجاڕی و هومۆر، مارکس و ئەنگلسی بێ کەڵک کرد.**

**ماركیز: ئێوه ئەو کاته تیئۆری سیاسیتان نەخوێند؟**

**ماركۆس: له یەکەم قۆناغدا، نەخێر. له فێربوونی ئەلفوبێتەوه راستەوخۆ بۆ لیتراتوور هاتین و لەوێوەوه بۆ دەقه تیئۆری و سیاسیەکان، ئەوجا له زانکۆ خۆمانمان ئامادە کرد.**

**ماركیز: برادەرەکانت پێیان وابوو، تۆ کۆمونیستی؟**

**ماركۆس: نەخێر، بڕوا ناکەم. له پاشاندا به منیان دەوت، تۆ له تور دەچیت: له دەرەوه سووریت و له ناوەوه سپی.**

**ماركیز: هەنوکه چ دەخوێنن؟**

**ماركۆس: "دۆن کیشوۆت"له تەنیشت سەرینەکەمەو زۆر جار (رۆمانسییەتی قەرەچ)ەکەی گارسیا لۆرکا دەخوێنمەوه. "دۆن کیشۆت"باشترین کتێبی تیئۆری سیاسییەو له پاشاندا(هاملت)دێت و(مەکبت). هیچ فۆرمێکی باشتر دەست ناکەوێت بۆ ئەوەی له سیستێمی سیاسی مەکسیک و تراژیدیا و کۆمیدیاکانی تێبگەین.**

**ماركیز: به قەڵەم دەنووسن یان به کۆمپیوتەر؟**

**ماركۆس: به کۆمپیوتەر. لەکاتی مارشەکەماندا، زۆر شتم به قەڵەم دەنووسی. یەکەم دەستنووس و دەستنووسێکی ترو له دەستنووسی حەوتەم، بۆ بڵاوکردن شیاو دەبوو.**

**ماركیز:  چ کتێبێک دەنووسن؟**

**ماركۆس: من ئێستا خەریکم، لەخۆ بووژینەوەیەک بنووسم. ئەمه هەوڵێکه خۆمان له خودی خۆمانەوه روون بکەینەوه که لەوانەیه کارێکی مومکین نەبێ. ئێمه دەبێ بیگێڕینەوه، چەنده دژبەیەکترن، بۆچی لەشکرێکی شۆڕشگێڕ نایەوێت دەسەڵات بەدەستەوه بگرێت؛ بۆچی**

لەشکرێک نایەوێت خەبات بکات، کاتێ ئەرکی خەباتکردنە. هەموو ناکۆکییەکان کە بەسەریانەوە سەرکەوتین: ئێمە پێگەیشین و بەهێز بووین وەک بوارێکی بەرینی هەنوکەیی مۆدەیەکی کلتووری.

مارکیز: کاتێ هەموو کەسێک دەزانێ ئێوە کێن، بۆچی رووخسارتان شاردووەتەوە؟

مارکۆس: بۆ عیشقکردن. ئێوە نازانن من کێم و هەروا کەس ئەوەی بەلایەوە گرنگ نییە. مەسەلەکە ئەوەیە، سوپ کۆماندات مارکۆس چییە، نەک کێیە.
سەرچاوە: http://www.stamokap.org/marqu2.html

## گفتوگۆی گۆڤار دێر شپیگل لە گەل هەڵگری خەلاتی نۆبلی لیتراتوور.
## (V.S. NAIPAUL)

پرسیار: بەرێز ڤیدیا، ئێوە گرنگترین خەلاتی جیهانیتان وەرگرت، بەلام لە رابردوو و ئێستادا لەلایەن چەندین رەخنەگرو دۆستانەوە هێرشتان بۆ دەهێنرێت و ئێوە بە"ڤین لەدلی دژ بە مرۆڤایەتی"و"کۆنە پەرەست"ناوتان دەبەن. ئەمە بێزارتان ناکات؟

نایپاول: بە هیچ جۆرێک. زۆربەی ئەوانە، کەسانێکن، بەرهەمەکانم ناناسن. ئەگەر مرۆڤ بەرهەمەکانم بخوێنێ، زۆر سەختە بگاتە ئەو جۆرە سەرئەنجامانە.

پرسیار: بۆ ئەدوارد سەعید و سەلمان روشدی، ئێوە"تازە-کۆلۆنیانستن"، شێوەیەکن لە"مام سام".

نایپاول: (پێدەکەنێ) جۆرێکی جوانە. هەمووان پێکەوە دابنرێت.

پرسیار: لە کتێبەکەتان"گەشتێکی ئیسلامی"و"Bezond Belief"بەرفراوانی ئیسلامە توندرەوەکان لە ئێرانەوە تا مالایزیا بە روونی وەسپ کردووە. چ شتێک ئێوەی بۆ بابەتی ئیسلام راکێشا.

نایپاول: من لە خێزانێکی هیندۆسی گەورە بووم، بەلام بەشێک لە دانیشتوانی(ترینیداد) ئیسلامن. لە سەردەمی شۆرشی ئێران لە1979دا، هەستم کرد کە هەندێ لایەن لە ئیمانەکەیان تێنەگەیشتووم_بۆیە ویستم بۆ خۆم لە ئێران و شوێنانی تر، وێنەیەک لەبارەیانەوە هەبێ. پاشان، بۆم روون بووەوە تا چ ئاستێک هاوسێ موسلمانەکانمان وەک عەرەب دادەنران، لەبەر ئەوەی ناوی عەرەبییان هەبوو و هتد...هەروا بۆیە بایەخ بە ئیسلام دەدەم، چونکە هیندستان هێشتا ئیمرۆیش لە هێرشەکانی ئیسلامدا، دەناڵێنێ.

پرسیار: مەبەستتان ئەوەیە، ئیسلام ناتوانێ لەگەل ئاینەکانی تر، پێکەوە بژێت؟

نایپاول: نەخێر، کاتێ دەسەلاتی بەدەستەوە دەبێ، چونکە یەکێک لە توخمە سەرەکییەکانی ئیسلام ئەوەیە کە ئاینی جەنگە و ئیسلامی باش، دەبێ هەمیشە بەرپای بکات. دەبێ دوژمنەکانیان دیاری بکەن و رقیان لێ ببێتەوە.

**پرسیار: زۆر لە زاناو کەسایەتییەکان ئیسلام، ئەو بۆچوونە رەتدەکەنەوە.**

**وەڵام: ئێوە دەتوانن زانایەکی زۆر بدۆزنەوە، کە مەبەستیان وا نییە. هەڵبەت مرۆڤ ناتوانێ جەنگ بەرپابکات، ئەگەر لاواز بێ. بەڵام ئەوەی دەسەڵاتی هەبێ، دەیەوێ ئەوەش بەکاربهێنێ.**

**پرسیار: پێشی نیو سەدە، ئێوە یەکێک بوون لە کەسە یەکەمەکان کە لە دەستپێکردنی کۆچڕەوی گەلان، لە جیهانی هەژاری بۆ جیهانی زەنگین، کۆچتان کردو لە گەڕان بەدوای رەگوڕیشەتان، بوون بە کۆسمۆپۆلیت. مرۆڤ دەتوانێ ئێوە بە یەکەم نووسەری جیهانگیری دابنێت؟**

**نایپاول: بەڵێ. رەنگە من شێوەیەک بم لە فیگوری پێشڕەو. بەڵام من دەبوایە لەبەر ئەم هۆیە، نرخەکەی بدەم، چونکە زۆر زوو کۆچم کرد: ساڵانێکی دوورو درێژ، بەحاڵ کەسێک هەبوو، بایەخ بە نوسینەکانم بدا. ئەوە زۆر سەخت بوو.**

**پرسیار: ئێوە وەرگرتنی خەڵاتی نۆبڵ بە"شەرەفێکی گەورە بۆ وەڵاتەکەم بەریتانیا و بۆ هیندستان، وەڵاتی باوپیرانم"دانا. بۆچی بێدەنگیتان کرد لەبارەی دوورگەی کاریبی(ترینیداد) کە یەکەم 18ساڵی تەمەنتان، لەوێ بەسەر بردووە؟**

**نایپاول: لە ناوەڕۆکدا، بەرهەمە وێژەییەکانم لە بەریتانیا بەرهەمهێناوە و لە چل ساڵی رابردوودا دوابەدوای یەکتر، خۆمم لە گەڵ هیندستاندا، سەقاڵ کرد. بەرامبەر بەوان، پەیوەندیم لە گەڵ(ترینیداد) بە بەردەوام بێ ماناتر دەبوو، گەرچی لەوێشدا لە دایکبووم.**

**پرسیار: لە(ترینیداد) بڕیارتاندا، وەک لاوێکی دە ساڵانە، ببن بە نووسەر، لەوێدا، یەکەم چوار کتێبەکەتان نووسی، لەوانە کتێبە ناودارەکەتان(ماڵێک بۆ مستەر بیسواس)کە تێدا پەیگەرێکتان بۆ باوکت داناوە. سەرەڕای هەموو ئەوانە، شوێنی لەدایکبوونتان بە میراتی وێژەیی خۆتان دانانێن؟**

**نایپاول: لەبارەی وێژەی نەرم دەدوێن؟ دانیشتوانە رەچەڵەکەکەی(ترینیداد)لە ماوەی200ساڵی رابردوودا، لەلایەن داگیرکەرە ئەسپانییەکانەوە، سەربڕان. پاشان ئەو دوورگەیە لە ماوەیەکی درێژدا، چۆڵکرا. لە سەدەی هەژدەهەم کرا بە کۆلۆنی کۆیلەکان و لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمەوە، مرۆڤ دەستپێکرد لە پێناو بەرهەمهێنانی شەکر، کرێکار لە هیندستانەوە بهێنن. لە ئاستی کەلتووریدا، ترینیداد، بیابانە.**

**پرسیار: زۆر جار لە کتێبەکانتاندا، باسی تاریکایی سەردەمی لاویتان دەکەن.**

**نایپاول: ترینیداد بۆ من، سنووری تاریکایی و نەزانییەکی قووڵە و دەبوایە لە دژیدا، بجەنگم. زۆربەی ئەوانەی کە من نووسیومە، رۆشنایی بەو تاریکاییە دەدەن کە دەمبینی وخۆمم پێ گەمارۆ داوە. ئەمە بابەتی ووتاری خەڵات وەرگرتنەکەم بوو. لەو ووتارەدا، زۆر کەڕەت دووبارەی"وەڵاتی تاریکستان"، دەکەمەوە. هەر ئەوەش ناوی یەکێکە لە کتێبە هیندستانییەکانمە. خەڵک وای دەزانی کە من مەبەستم تاریکایی هیندستانە، بەڵام مەبەستم شوێنی لەدایکبوونم بوو: چونکە من لە دوورگەیەکدا گەورە بووم، هیچمان نەدەزانی لە بارەی رابردوو و باوباپیرانمان. ترینیداد بۆ من، سنووری تاریکایی بوو و زۆر شتی تریش هەبوو: ئێمە مێژووی وەڵاتەکەمان نەدەزانی کە تێدا بووین. ئێمە هیچمان لە بارەی جیهانی دەرەوە نەدەزانی. بۆ ئەوەی ئەمە بگۆڕم، بووم بە نووسەر.**

**پرسیار: ئەوەی کتێبەکانتان بخوێنێتەوە، دەگاتە ئەو ئەنجامە کە جیهانی سێ لە ناوەڕۆکدا، بە خۆی خەتابارە لە هەژاری و نەهامەتییەکانی. هەر بە راست بڕواتان وایە؟**

**نایپاول: من لە مەبەستی بەکارهێنانی"جیهانی سێ"، تێناگەم. هەر وەڵاتێک تایبەتمەندی خۆیی هەیەو هەر یەکێکیشیان بوونی خۆی هەیە. بیرۆکەی ئەو شتە بە ناوی جیهانی سێهەم، هەموو جیاوازییەکان، پاندەکاتەوە. ئەوە زۆر بێ مانایە.**

پرسیار: سەرەڕای هەموو جیاوازییەکان، دەوڵەتە گشتوکالییەکان، بۆ نموونە وەک کۆلۆنییە رابردووەکانی ئەفریقا، زۆر خاڵی هاوبەشیان هەیە، لەلانی کەمەوە، لە هەمبەر دەوڵەتە پیشەسازییە دەوڵەمەندەکان. گونتەر گراس کە ئەویش پێشی ئێوە، خەلاتی نۆبڵی وەرگرت، سەیری لەوەی ئێوە دێت کە نابینن خۆرئاوا لە سەر حیسابی جیهانی سێ دەژێ.

نایپاول: بە بڕوای من، مرۆڤ بۆ خۆی و مرڤەکانی وڵاتانی تر ئاکاری دەکاتەوە، کاتێ مرۆڤ دەڵێ، ئەوانە خۆیان بەرپرسیار نین. ئەگەر وابێ، ئەوا دەبێ هەرگیز بیر لەوە نەکەینەوە، ئەفریقا بە چ پلەیەک بە جیهانی مۆدێرندا، سەرسام دەبێ. من بە باشی دزانم، ئەگەر نووسەرە ئەفریقاییەکان بە خۆیان بە شێوەیەکی لێتوێژەرانە لە بارەی کلتووری خۆیان بنووسن. ئەوەی تەنها لایەنی تر بە بەرپرسیار بکات، گۆڕانکاری بەسەر خۆی ناهێنێت.

پرسیار: راستە، بەڵام بەهەمان شێوە ئەوەش راستە کە جیهانگیری هێزێکی گەورە ئازاد دەکا، زۆر جار وەڵاتە خۆشگوزەرانەکان، دەوڵەمەنتر دەبن و وڵاتە هەژارەکانیش، هەژارتر.

نا پاول: رەنگە بیرۆکەی ئەوەی کە خەڵک لەلایەن دەرەوە لە هەژاریدا رادەگیرێت، راست بێت، بەڵام لە گەشتەکانمدا، زیاتر پێچەوانەی ئەوەم سەرنجدەدا. مالایزیا زۆر دەوڵەمەند بووەوە، ئەندونیسیا لە 1995دا، بە تێروتەسەلی دەوڵەمەندبوو. هەروا من دەمبینی، چۆن دورگە بچووکەکەی خۆم(ترینیداد)، لە جاران، دەوڵەمەندتر بووەوە. کاتێ لەوێدا، دراو بە بەدی بەکاربهێنرێت و زۆری لێ بدزرێت، ئەوا هیچ کەسێکی تر بەرپرسیار نییە، تەنها خەڵکی ئەو شوێنانە نەبێت.

پرسیار: بۆیە ئێوە ناتانەوێ گوێتان لە ووشەی"ئیمپریالیزم"بێ؟

نایپاول: من جاران ئەو وشەیە وەک وشەی"کۆلۆنیالیزم"بەرپەرچدەدایەوە. هەردووکیان لە پەنجاکاندا، واتە لەو کاتەوە کە دەستم بە کاری لیتراتوور کرد، گەورەترین وشەگەلی سیاسی هەموو جیهان بوون. من تەنانەت لە خۆیشم قەدەغەکرد کە بڵاوکەری بەرهەمەکانم لە بارەی منەوە زانیاری بڵاوبکاتەوە بە رستەگەلێک وەک"لە بارەی ئیمپریالیزمەوە دەنووسێ"، چونکە من هەرگیز لە بارەی موجەرەداتێک وەک کۆلۆنیالیزم کارمنەکردووە. کتێبەکانم بە تەواوەتی لە نزیکەوە، چاودێری راستییەکان دەکەن. ئیمڕۆ، لە پاش دەیان ساڵ، چیتر گرفتێکم نییە لەگەل ئەو زاراوانە.

پرسیار: لە دواییدا، ئایا چارەنووسی مرۆڤەکان لە وڵاتە کۆلۆنیالییەکان لە سەردەمی کۆتایی داگیرکردن، بابەتی گەورەتانە؟

نایپاول: من وەک نوسەرێک، بایەخ بە مرۆڤەکان دەدەم بە بێ پەردەپۆشگەلی موجەرەدەکان. بۆ نموونە من دەمویست، کارتێکردنەکانی کۆلۆنیالیزەکردن بەسەر بیرکردنی مرۆڤ، بدۆزمەوە(...)

گۆڤاری(دێر شپیگل)، 50، لە 10.12.2001

## گفتوگۆ لەگەل سەلمان روشدی.

## سەلمان: خەلاتی نۆبل، بێحورمەت کرا.

**پرسیار:** مستەر روشدی، ئێوە لە واشینتونپۆستدا، نووسیتان بلاوکردووە کە(نایپاول)، بێحورمەتی لە خەلاتی نۆبڵ کردووە. چی روویداوە؟

**سەلمان روشدی:** نایپاول لە شاری دلهی، لە کۆبوونەوەیەکی ویژەییدا، ئاهەنگی خەلاتوەرگرتنەکەی نۆبڵ، گێرا. لەوێدا گوتی کە هێرشکردنی ئیسلام لە دەوروبەری1000ساڵ پاش مەسیح، کلتووری هیندستانیان وێرانکردووەو شارستانی کۆیلایەتییان، دامەزراندووە. ئەمە ئەوپەڕی گەمژەییە، بەلام دەقاودەق وای گوتبوو. لە پاشاندا بەرزبوونەوەی ناسیونالیزمی هیندۆسەکان کە حیزبی هیندۆسییەکان(BJP)نوێنەرایەتی دەستەدرێژییە تاریکستانییەکەیان دەکا، وەک گەڕانەوەیەک بۆ هووشیاری خودی نەتەوەی هیندۆس، داناوە. لە دوای یەک هەفتە، ئەو کردەوە سامناکە لە دژ ئیسلامەکان، ئەنجام درا. نایپاول بە بۆچوونەکانی، لایەنگیری لە هیندۆسە فاشیستەکانی، کرد، واتە لایەنگیری ئەوانەی کە لە هیندستاندا، مرۆڤیان سووتاندو بنکە ئیسلامییەکانیان، وێران کرد. ئەو بەمە، خەلاتی نۆبلی، بێ حورمەت کرد.

**پرسیار:** هۆی ئەو کوشتارگەیە، چی بوو؟

**سەلمان روشدی:** هێشتا هۆی ئەو جۆرە کوشتارگەیە دەگەڕێتەوە بۆ مەسەلەی مزگەوتی(Babris von Aydhya)لە باکووری هیندستان. ئەو مزگەوتە لە لایەن هیندۆسە توندڕەوەکانەوە، وێران کرا. ئەوان بڕوایان ایە کە ئەو مزگەوتە لە سەدەی شازدەهەمدا، لەسەر شوێنی لە دایکبوونی (رام)ی خواوەند، دامەزراوە.
بە گشتی، داخۆ هیچ خوایەک دەتوانێ شوێنی لەدایکبوونی هەبێ یان بە راستی لەو شوێنە نیشتەجێ بووە، تا ئێستا روون نەکراوەتەوە. هیندۆسەکان دەیانەوێ لە هەموو حالەتێکدا، پەرستگایەک لەو شوێنە، دابمەزرێنن. هەر ئەمەش وای کرد، بەشە توندڕەوەکەی نێو دانیشتوانە ئیسلامەکانیش، بکەونە خۆیان. ئەوە دە ساڵە بارودۆخەکە هەروا ماوەتەوە. لە کۆتایی مانگی دووەوە، چەند ئیسلامێکی توندڕەوی یاخی، هێرشیان بۆ شەمەندنەفەرێکیان برد لە(ئایودهیا) و 58کەسیان کوشت. ئەمە ئەو هەلە بوو کە هیندۆسە توندڕەوەکان چاوەڕیانیان دەکرد. هەموو ولایەتەکە تەقییەوەو لە ماوەی چەند رۆژێکدا، 700مەسلمان کوژران و پۆلیسەکان سوک وئاسان، رۆڵی سەیرکەریان دەبینی. سەرئەنجامێکی ترساک بوو و هەر یەکێک لە ئێمە کە لەوێوەوە هاتووە، دەبێ شەرم بیگرێت. نایپاول دەقاودەق لەم بارەیەوە وتی کە ئیسلام کارەساتێکە بۆ هیندستان....

**پرسیار:** ئایا لە رابردوودا، لەبەر ئەو هەڵویستانە، هێرشتان بۆ بردووە؟

**سەلمان روشدی:** نایپاول زۆر دەمێکە ئەم هەڵویستەی هەبووە. تەنانەت حیزبی(BJP) وتارەکەی وەک مەتریالێکی پروپاگەندە بلاودەکرەوەو ئەوە چەندین ساڵە دەبینم، ئەوەی ئەو لە بارەی سیاسەتی هیندستان دەریدەدەبڕێ، زۆر ترسناکە. من تا ئێستا بە ئاشکرا لەبارەیەوە نەدواوم، بەلام ئێستا، لەوەی خەلاتی نۆبڵ، ئەو سەنگە دەگمەن بە بۆچوونەکانی دەدا، و بە هۆی کوشتارگەکەی هیندستانەوە، ئەو هەستەم لەلادا درووستبوو، کە دەبێ شتێک بڵێم. لەوێدا، مرۆڤ بە زیندوویی لەناو ماڵی خۆیان، سووتێنران.

**پرسیار:** ئایا مرۆڤێک وەک هەڵگری خەلاتی نۆبڵ، بەرپرسیارییەکی تایبەتی هەڵدەگرێ؟

روشدی: بڕوا ناکەم کە هەڵگری خەڵاتی نۆبل، وەک نوسەر، لەبەرامبەر هیچ شتێکدا بەرپرسیار بێ. بەڵام وەک مرۆڤێک، بەرپرسیاری هەڵدەگرێ. من نازانم داخۆ ناپیاوڵ خۆی بە هومانستێک دەزانێ، بەڵام کاتێ مرۆڤ لە پڕێکدا لەگەڵ خەڵاتی نۆبڵ، وەک ئەو، مایکرۆفۆنێک بەدەست دەگرێت، و هەموو جیهان دەتوانێ گوێی لێ بێ، ئەوا مرۆڤ دەبێ وریابێ، چی دەڵێ. من دڵنیام کە ئەو بە باشی لێکیداوەتەوە چی دەڵێ، لە دواییدا ئەو پیاوێکی زۆر ڕۆشنبیرەو هەر وا لە خۆڕا قسەناکات.

پرسیار: ئایا ناپاول وەڵامی هێرشەکانی تۆی داوەوە؟

روشدی: نەخێر، پێم نەزانیوە. من ئاگادارم لەبارەی ئەوەی داخۆ ئەو هەڵوێست دەردەبڕێ یان لەو باوەڕەیە کە ئەوە لە خوار ئاستیدایە. ڕەنگبێ وەڵام بداتەوە و ڕەنگبێ منیش وەڵامی، وەڵامەکەی ئەو بدەمەوە. با بزانین چی دەبێ.
سەرچاوە:
http://www.andriankreye.com/NewYork.html

## گفتوگۆ لەگەڵ(Douglass C. North، 84ساڵ).
## خەڵاتوەرگری نۆبل لە ئابووری: (ئێوە تێناگەن، ئێوە هیچ نازانن).

ڤێلت ڤۆخە: لە پایزی ڕابردوو، لە(بۆدن زێ)،10 ئابووریناس کە
وەک ئێوە هەڵگری خەڵاتی نۆبڵن، کۆبوونەوە. لەو کۆبوونەیەوە، پرسیاریان لێ کردی، بە بڕوای ئێوە، چ ئابوورییەک لە هەموویان باشترە؟.
وەڵامەکەی ئێوە چ بوو؟
وەڵام: من وتم، ئەیالاتە یەکگرتووەکان.

ڤێلت ڤۆخە: ئێمەش سەرمان دەسوڕما، ئەگەر نەتانگوتایا، ئەمریکا، مۆدێلی نموونەییە.

وەڵام: دەقەک. مۆدێلی نموونەیی، شتێکی ترە. من گەشەسەندنی ئێستای ئەمریکام، بەدڵ نییەو بڕوام وایە کە ئەوان، بە ڕێگایەکی هەڵەدا دەڕۆن، بەڵام ئەگەر یەکێک وەک مێژووناسێکی ئابووری، بڕوانێت، چ وەڵاتێک لە ماوەیەکی درێژداو بە گوێرەی خۆشگوزەرانی ماددی، سەرکەوتوو بووە، ئەوا، ئەمریکایە، سەرکەووترینیانە. ئەوانە: یەکەم، دیموکراسییان دامەزراندووە، دووەم، گەیشتن بە چاکسازی بەهێز بۆ خۆشگوزەرانی ماددی مرۆڤەکان. هەڵبەت، ئەمە تێڕوانینێکی سنووردارە. ئەگەر ئێوە پرسیاری تەکنیکیم لێ بکەن وەک: (گەشەسەندنە داهێنەرەکانی ئیمڕۆ لە گوێوەوە سەرچاوە، وەردەگرن؟ یان: دەبێ بەرەو کوێ بڕۆین؟)، ئەوا بە شێوەیەکی تر وەڵامتان دەدەمەوە.

ڤێلت ڤۆخە: گەشەسەندنە داهێنەرەکان لە کوێوەوە سەرچاوە دەگرن؟

وەڵام: هێشتا زۆریان لە ئەمریکا دەکرێن، چونکە ئێمە، چوارچێوەی دەزگایەکمان هەیە و، ناوی لێدەنێین(توانای گونجاندنی کارتێکەر). واتە، ڕێساکانمان توانایان هەیە، تاکە داهێنەرەکان بۆ پێشەوە ببەن. لەم پەیوەنییەدا، من حەماسەتم هەیە. لەلایەکیترەوە من زۆر

رەشبینم لەبارەی سیستێمە سیاسیەکەمان کە لە بەرامبەر تەنگانەیەکی جیددی راوەستاوە. لێرەدا من ترسی ئەوەم هەیە کە بە ئاراستەیەکی هەڵەدا دەڕۆین.

ڤێلت ڤۆخە: لاوازییەکانی سیستێمی سیاسی ئەمریکی چییە؟

وەڵام: لە جیهانێکی هەمیشە گۆڕاودا، کەس ناتوانی وەڵام بدات. باشترین شت کە مرۆڤ بتوانێ ئەنجامی بدات، ئەوەیە، ئەتمۆسفێرێ درووست بکات، مرۆڤ بتوانێ هەوڵ بۆ زۆر شت بدات. ئەو شتانە کە بەکەڵکن، بهێڵنەوەو ئەو شتانە کە بێکەڵکن، لێگەڕێین بڕوخێ. لەمەدا، مێژووی سەرکەوتنی ئەمریکا و ئەوروپای رۆژئاوا لە ماوەی 300ساڵی رابردوودا بەدیدەکرێت. هەمیشە هیوایەک هەیە بۆ وشکردن و داخستنی رێگا ئەڵتەرناتیڤەکان و گفتوگۆ، دیالۆک و داهێنانەکان بخنکێنن. لە ئەمریکا مەترسی ئەوە هەیە، ئەم کارە بکەن.

ڤێلت ڤۆخە: ئێوە خەڵکی لە وەڵاتەکەتان بەوە تاوانباردەکەن، گفتوگۆ دەخنکێنن؟

وەڵام: من دڵنیا نیم لەوەی، داخۆ لە رووداوەکان، تێدەگەین. من بڕوام وایە کە ئێمە جیهانێک دادەمەزرێنین، زۆر جیاوازە لە هەموو ئەوانەی لە رابردوودا هەبوون. ئەمە، بەڕاستی دەمانخاتە بەردەم کێشەیەکی زۆر گەورەوە-لە بواری گۆڕانکاری تەکنەلۆژیای سەربازی، سەرچاوەی زانیارییەکان، رێکخراوە سیاسییەکان-. هەموو شتەکان زۆر بە خێرایی تێدەپەڕن و چونکە ئێمە تێڕامانیان ناکەین، رووبەڕووی مەترسی دەبینەوە و بڕیاری هەڵە دەدەین، تەنانەت، بارودۆخی شتەکان زۆر خراپترە. رەنگە هەندێکمان بزانن، چی روودەدا یا لەلانی کەمەوە، پێیان وابێ تێدەگەن، بەڵام کاتێ ئەوانەی وا کۆمەڵگا بەڕێوەوە دەبەن، لێی تێنەگەن، ئەوا هەڵە دەکرێ. بۆ نموونە، مستەر بوش، جەنگی بۆ خۆپاراستن و ستراتیژی سەربازی بەڕێدەکات کە تێدا، خەڵک دەکوژرێت، ئەو بۆچوونە کە ئێمە بەشداری ناکەین، ئەوا لەسەر رێگایەکی لەرزۆک دەڕۆن.

ڤێلت ڤۆخە: داهێنان چییە؟

ئەوە پرسیاری64000دۆلارە. پێموایە داهێنان هیچ مانایەکیتری نییە بێجگە لەوەی مرۆڤ بارودۆخێک دروووسدەکات، تێدا کەسانیک کە داواێکی زۆر بەرزیان پێدەدەرێ، بۆ ئەوەی کێشەکان چارەسەربکەن. ئێمە لە ئەمریکادا، یاسای مافی کۆپیکردن، سیستێمی پاتن، یاساکانی پاراستنی بازاڕی سیستێمێکی گشتی، کە چارەسەرانی کێشەکان، خەڵات دەکرێن.

ڤێلت ڤۆخە: مەبەستتان چییە لەوە؟ بۆ نموونە، مەبەستتان شۆڕشی زانیارییە؟

وەڵام: من لەو باوەڕەم، شۆاشی زانیاری، گەرەترین شۆڕشە- لێرەشدا هەر بۆ تێزەکەی من دەگەڕێینەوە، کە ئێمە خۆمان بە شێوازێکی نوێ درێژە بە گەشەسەندنمان دەدەین.. شۆڕشی زانیاری، جیهانێکی نوێ، درووست دەکات، جیهانێک کە نرخی زانیارییەکان بەم شێوەیە هەرزان دەبن. ئێمە هێشتا دەستمان نەکردوە بەوەی لەم شۆڕشە تێبگەین. هەموو رۆژێک، چەند کارتێکردنێکی، بەرچاومان دەکەون، بۆ نموونە تەماشای ئینتەرنێت بکەن. ئێمە هێشتا لە نیوەی رێگاکەین. هەموو ئەنجامگەرییەکانمان بە دڵمان نابێ؛ چەند دانەیەکیان بە ترسناک خۆیانیان سەلماند. ئەم جۆرە شۆڕشە تەکنەلۆژیایە، تەنها ئەو چاکسازییانە بۆمان ناهێنن، کە هەمیشە بە مێتۆدێکی زۆر زیرەکانە دارێژراون، سەر_بڕینی یەکتریمان پیشاندەدەن.

ڤێلت ڤۆخە: و ئەم پەرەسەندنە نەگەتیڤە ناهێڵن رابگیرێن؟

**وەڵام:** نەخێر. مرۆڤ ناتوانێ رایانگرێ و قورگیان گرتووین. باشترین شت بتوانین بیکەین، ئەوەیە، لێیان تێبگەین و خۆمان لەگەڵیان بگونجێنین. ئەمە زۆرە. هەر وەک لە دەستپێکی دیدارەکەمان وتم، لەو بارەیەوە، ترسی ئەوەم هەیە، بە گوێرەی پێویست ئامرازمان نەبێت بەکاریان بهێنین، تا تێبگەین لەوەی، چی لەگەڵ ئێمەو لە بارەی گونجاندنی دەقاودەق لە دەزگا سیاسی و ئابوورییەکانمان، روویداوە.

**ڤێڵت ڤۆخە:** گریمان11سێپتێمەر، جەنگ عیراق و ئەفغانستان روویان نەداوە، گریمان ئێمە هێشتا، سەدەی نۆزدەهەم، لە جیهانێکدا دەژین کە تا رادەیەک ئاشتییە، دەتوانن یەکسەر بڵێن کە پەلەکردنی گەشەسەندنەکان لە توانمان زیاترە؟

**وەڵام:** ئەو شتانە ناویانت هێنا،-تیرۆرو جەنگ-نیشانە یان لایەنی رەخنەگرانەی گۆڕانگارییە دراماییانەکەی جیهانە. من لەو باوەڕە نیم، کە ئێمە لێی تێدەگەین. تەنانەت لەو باوەڕەم کە ئێمە بۆ جارێکیش هەوڵدەدەین، لێیان تێبگەین. ئەمە دیمەنێکی ترسناکمان پیشاندەدا بۆ دوارۆژ و لەوانە، هەلی ئەوەی کە تەکنەلۆژیا لەناومان دەبات.

**ڤێڵت ڤۆخە:** داهێنەریمان بۆمبای ئەتۆمی درووستکردو بۆ مرۆڤایەتی ئەو توانایە رەخساندووە، خۆی بکوژێنێتەوە.

**وەڵام:** ئیمرۆ ئەم توانایە لە سەردەمی کێشەی ئەمریکا و یەکێتی سۆڤێت، گەورەترە. من خۆم لە ماوەی15ساڵی رابردوودا، سەرقاڵی گۆڕانکارییە ئابوورییەکانی ناو کۆمەڵگا بووم و هەموو ئەوەی لێیەوە فێربووم، لەبارەی دوارۆژ، رەشبینی کردم. سیستێمی سیاسی کە لە واقیعدا هەیە، کەسانێک لە ترۆپکی خۆی دانانا کە لە جیهان، تێدەگەن. بڕوانە جەنگی ئەفغانستان و عیراق. من پڕبەپێست لە گەشەسەندنی ئابووری تێدەگەم کە هەر لە یەکەم رۆژدا بە سەرکردایەتی سەربازی گوتم، کارەساتێک روودەدا. من پێم وتن، ئێوە تێناگەن لەوەی چ کارێک دەکەن. ئێوە تێناگەن لەوەی چۆن گۆڕانکاری ئابووری لەخۆیەوە دەبێ. ئێوە نازانن، کە لە کۆمەڵگایەکدا بە بێ پێشمەرجی پێویست ناتوانرێ دیموکراسی دابمەزرێت، بەتایبەتی لە حاڵەتی جیاوازی ئەتنی توندڕەو لە نێوان سوننە و کورد. من وتم: ئێوە درکی ئەوە ناکەن و کارێکی درووست ناکەن.

**ڤێڵت ڤۆخە:** ئایا دەبێ کۆمەڵگا ستەمکارەکان وەک ئەفغانستان و عیراق کە لەلایەن ئەمریکاوە هێرشیان لەسەر کرا، هەروا بۆ خۆیان بەجێبهێڵدرێت؟

**وەڵام:** نەخێر. ئێمە دەبێ هەوڵبدەین، چاکسازییان بکەین. هەڵبەت مرۆڤ دەبێ تیرۆریزم لەناوببات. ئەوە کارێکی باش بوو، لە ئەفغانستاندا بەدوای شوێن پێی ئوسامە بن لادن، بکەوین. بەڵام دوای ئەوە دەبوایە ئەوەشمان لەبەرچاو بگرتبا کە40، سی، چل یان پەنجا ساڵ دەخایەنێت تا ئەفغانستان بۆ سیستێمێکی ئابووری شایستە بگۆڕدرێت. ئەوە پرۆسەیەکی درێژەو دەتوانرێ لەو ماوەیە، هەنگاو بە هەنگاو، بەشێوەیەکی سیاسی و دەزگاکانی تر، کارتێکرنی خۆیان لەسەری بکەن بۆ ئەوەی ئەو جۆرە گۆڕانکارییە ئەنجام بدرێت.

**ڤێڵت ڤۆخە:** ئایا زیرەکانەتر نەبوو، بە گوێرەی بنچینەی گەشەکردنی رۆژئاوا، خۆیان بخەنە ژێر پرسیارەوە؟

**وەڵام:** با. تاقە رێگا بۆ گەشەکردن لەوە پێکدێ کە مرۆڤ رێ بە مرۆڤەکانی تر بدات، ئازادانە بیروڕای خۆیان دەرببڕن و کێبرکێکردن بۆ بیروباوەڕەکان هەبێ. بەڵام ئەوە ماوەیەکی کورتە، خۆمان لەگەڵ ئەم جۆرە پرسیارانە، خەریککردووە. لە بواری کۆمەڵناسیدا، زۆر پێش نەکەوتووین بۆ چارەسەرکردنی کێشە واقعییەکان. لەبەر ئەوەی ئەمەمان بۆ نەڕەخساوە، وەک زانای کۆمەڵناسی مەترسی ئەوە هەیە، بێ کەڵک ببین. من دەمەوێ ئەم پرسیارە بکەم: ئایا ئێمە دەتوانین گەشە بە چ تیئۆرییەک بدەین، کە دەتوانێ یاریمان بدات، کێشە واقیعییەکانی ژیان، چارەسەر بکەین؟ بۆ نموونە ئەگەر ئێمە کۆمەڵگەی ئیسلامی باشتر بناسین، ئەوا دەتوانین هەنگاو بە هەنگاو بەشداری بکەین لەوەی، باشتر کار بکات و، ئەگەر باشتر کاری کرد، ئەوا دەتوانین پشتگیری توندڕەوەکان لە گۆڕبنێین و هەروا...

**ڤێڵت ڤۆخە:** ئایا پرسیار هەیە کە دەقاودەق لە بەشی پیشەییتاندا هەبێ و کۆمەڵناسەکان دەبێ وەڵامیان بدەنەوە؟

وەڵام: بێ گومان. هەر بۆیە کۆنفرانسێکم ڕێکخستووە کە پێش ماوەیەکی کورت لە(wirrwarr) کۆتاییپێهات. من باوەڕم وا بوو، ئامانجی ئەو کۆنفرانسە ئەوە بوو، ببێ بە یاریدەر بۆ ئەوەی کێشە واقیعییەکانی جیهان، چارەسەر بکرێن. زۆر لە دۆستەکانم لە سەرمێز وتیان، هیچ بەرژەوەندییەکیان نییە لە چارەسەرکردنی کێشە واقیعییەکان، مەبەستی ئەوان زانستە لە پێناو زانست. منیش وتم، ئەوە هەمووی بێ مانان.

ڤێلت ڤۆخە: ئەم گلەییە پێش هەموو شتێک لە بوارەکەی ئێوەشدا، واتە ئابووری، بکرێ؟
بەڵێ. ئابووری چەکێکی تیئۆری زۆر زیرەکی پێکهێناوەو بە بەردەوام دەبێ بە ماتماتیک. ئێمڕۆ مرۆڤ ناتوانێ لە گۆڤارە تایبەتییەکانی بەشە زانستییەکان، وتارێک بڵاوبکاتەوە ئەگەر تێدا شەش لاپەڕە لە بارەی هاوکێشە ماتماتیکەکاندا، نەنووسێ. بەڵام ئەگەر مرۆڤ خۆی بە ڕێگای ئەو وتارە، ئازار دا، دەتوانێ بیسەلمێنێ کە دوو پەرەگرافیش بەس دەبوو بۆ نووسینی بۆچوونەکەی. ئێمە هەمیشە کەمترو چڕتر لێتۆژینەوە دەکەین. تاقە ئەڵتەرناتیڤ ئەوەیە، لە بیرۆکەمانەوە بڕۆین بۆ دەرەوە تا چۆنێتی کارکردنی جیهان، بدۆزینەوە.

ڤێلت ڤۆخە: وەک(ئادەم سمت) کە بە تێڕوانین گەشەی بە تیئۆرییەکەی دا؟

وەڵام: من لەو باوەڕەم کە ئەو نموویەکی باڵایە، بەڵام ئێمە لەوەوە زۆر دوورین. ئەمڕۆ(ئادەم سمت)یش، ناتوانێ لە زانکۆکەمان ببێ بە پرۆفیسۆر.
پرسیار: لەبەر ئەوەی بەبێ داڕشتنی ماتماتیکانە کاریکردووەو زۆر بایەخی داوە بە پرسیارە رەوشتناسییەکان؟

وەڵام: درووستە. بڕوانە بە خەڵاتوەرگرەکانی بوارەکەم(ئابووری). لە نێو ئەواندا من بەدەرم. بەڕاستی سەیرە کە من ئەو خەڵاتەم وەرگرتووە، چونکە من خۆم بە کێشە واقیعییەکانی جیهان، خەریککردووە. زۆربەی ئەوانی تر سەرقاڵی داڕشتنی مۆدێلێکی ماتماتیک یان تیئۆری ئابوورین.

ڤێلت ڤۆخە: لە حاڵەتێک، ئەگەر زانست لە جیهان تێبگات، ئایا ئەوە ئەو مانایە نادا کە مرۆڤ دەیەوێ گوێ لە پلانەکانیان بگرێت؟ لەوانەیە جیهانی ئیسلامی هیچ گۆڕانکارییەکیان نەوێت، بەڵکو شتگەلێک وەک شەریعەت یان پاراستنی ژێردەستەکردنی ژنان.

وەڵام: وایەو وانیە. ئیسلام یەکگرتوو نییە. گرۆپگەلێکی زۆر جیاواز لەناو کۆمەڵگا ئیسلامییەکاندا هەیە و کارتێکردنی هیچ بیروباوەڕێکی رۆژئاوا یان ئەوانی تریان ناوێ. بۆ نموونە رۆڵی ژنان دەگۆڕێ. ئێمە دەبێ هەوڵبدەین پشتیوانی ئەم گۆڕانکارییە بکەین.

ڤێلت ڤۆخە: سەرەڕای هەموو شتێک، لێدانەکەی11سێپتێمبەر بوو بە هۆی ئەوەی کە ئەمریکا-لە وەزارەتی دەرەوە، سی.ئای.ئەی وThink-Tanks))-هەوڵبدەن ئیسلام باشتر بناسن. ئایا ئەو مەعریفە دەستکەوتوانەی ئێمڕۆ یان سبەی دەست لە سیاسەت ناوەشێنێ؟

وەڵام: بڕوام پێ بکەن: زانیاریمان زۆر کەمە. من وا دەڵێم کە لەوانەیە یەکێک بم لەو کەمایەتییە کە زۆر دەزانن لە بارەی گەشەسەندنی ئابووری. من تەنها بەشێوەیەکی تیئۆری خۆمم سەرقاڵ نەکردووە، بەڵکو بەشێوەیەکی پراکتیکیش لە دەیان وڵاتانی جۆراجۆری جیهانیش. ئێمە هەموو وەڵامەکان دەزانین لە بارەی پرسیاری ئەوەی چۆن وەڵاتێک دەوڵەمەند دەبێ. بەڵام ئێمە هیچ نازانین لەبارەی چۆنێتی تێگەیاندنی وڵاتەکان تا پێداویستییەکانیان بۆ جێبەجێ بکەن. ئێمە تێناگەین چۆن ئەو شێوازە بیرکردنەوەیەو دەزگاکان گەشەدەکەن کە بۆ ئەنجامگەری ئامانجەکان پێویستن.
(...)
پرسیار: بۆچی ستروکتوری لامەرکەزی بەو شێوەیە، گرنگە؟

لامەرکەزی بە تەنها بەس ناکات بەڵام مەرجێکی پێویستە. دەستپێکی پێوەری من ئەمەیە: کەس نازانێ چۆن بەدرووستی کاردەکات، بەڵام کاتێ مرۆڤ زۆر تاقی دەکاتەوە، ئەوا شانسێکی باشتری دەبێ بۆ ئەوەی سەرکەوتن بەدەستبهێنێت. ئۆروپا بەم شێوەیە گەشەی کرد. سەرکەوتنی ئۆروپا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە وڵاتگەلێکی بچووکی زۆر هەیە و هەموویان لەگەڵ یەکتردا، کێبرکێ دەکەن و هەموو هەوڵێک دەدەن. هەندێ شت سوودبەخش دەبێ و هەندێکیش بێکەڵک و سوودبەخشەکە وەردەگرن(...)

گفتوگۆ لەلایەن هانزپیتەر بۆرن سازدراوەو لە 2005/1/21 لە رۆژنامەی(ڤێلت فۆخە) بڵاوکراوەتەوە.

## ساڵانی پڕ ئەشکەنجەی مەوریسیۆ رۆزنکۆف.
## (یەکێکە لە دامەزرێنەرانی بزووتنەوەی تۆپامارۆس).

رۆزنکۆف بەبۆنەی تێپەربوونی50ساڵ بەسەر لەناوبردنی دەسەڵاتی فاشییەت و وەرگێرانی رۆمانەکەی(دێر بەتەراس)بۆ زمانی ئەلمانی لە لایەن بەربارا فری، سەردانی ئەلمانیای کرد. لێرە، بەردەوام لەلایەن بنکە رۆشنبیری، زانکۆ و گروپ و حزبە چەپەکاندا مێوانداری دەکرا. بەم زووانە شانۆگەرییەکی لە هامبۆرگ پێشکەش دەکرێت و لە چاپ دەدرێت.

لە 95/5/16دا لە شاری گوێتنگن کۆرێک بۆ پێشکەش کردنی رۆمانەکەی(دێر بەتەراس) سازکرا. ئەم مرۆڤە پڕ ئازار و ئەشکەنجەیە، بە پێکەنین و نووکتەوە باسەکەی پێشکەش دەکرد. دەربارەی رۆمانەکەی و تی:"ئەم رۆمانە درێژە پێدانی رۆمانی-وەک لاولاو بەقەت دیوارەکانەوە- یە. ئەم دوو رۆمانە لەباری ژیانی ناو زیندان دەدوێن، یەکەم راستەوخۆیانە و دووهەمیشیان، پڕ لە فەنتازیا و پتر بەندە بە تێروانینی ناخی خۆمەوە و پۆی هونەریم داوەتێ".

لە دانیشتنێکی تایبەتدا پێم وت: چاوەڕوانی ئەوە دەکەم کە ئەدەبی قۆناغی زیندان کۆتایی پێ بێت و لە سەر بارودۆخی باش زیندان بنووسیت. لە وەڵامدا وتی: زیندانبوونم تەنها رابردوو نیە، ئێستاو دوا رۆژیشمە، هەر دەمینێت. ئەم جارەیان لەسەر خۆشەویستی نووسیوومە. مەوریسیۆ لە 30یونی1933 لە خێزانێکی جووی پۆلەندی لە فلۆریدای ئۆرگوای لەدایک دەبێت. ئەم خێزانە ناچارکران بە ئاوارەبوون پێستیان لە دەستی نازێکان رزگار بکەن و خزمەکانیشی کە لە پۆڵەندا مانەوە، لە وارشۆ بوونە قوربانی دەستی نازێکان.

مەوریسیۆ لە ساڵانی پەنجاکاندا شەیدای شانۆگەری دەبێت. شانبەشانی کاری رۆژنامەگەری، دەبێتە ئەکتەرو بەیەکێک لە دامەزرێنەرانی گروپی شانۆی ئازاد. لە1950چەندین شانۆگەری دەنووسێت و لە چەندین وڵات پێشکەش دەکرێن.

بەنیازی نوسینی راپۆرتێک بەرەو باکوری وڵات سەفەردەگات. لێرە رووبەرووی ئازاری جووتیارەکانی برنج و شەکر دەبێتەوە. لە ژێر کارتێکردنی ئەو ژیانە، راپۆرتێکی سیاسی و شانۆگەرییەک دەنووسێت. لە گەڵ رائوول سێندیک، رابەری کرێکارانی شەکر لە ئارتیگاس ئاشنا دەبێت و شانبەشانی رائوول، دەبێتە دامەزرێنەری رێکخراوی تۆپامارۆس. ئەم ئاشنابوونە، باڵی بەسەر سەرجەمی ژیانی مەوریسیۆدا دەکێشێت. رۆژ لە دوای رۆژ زیاتر رووردەکاتە کاری سیاسی و دەبێتە کۆماندۆی تیپێکی پارتیزانی ناو شارو بەشداری لە چەندین چالاکی چەکداریدا دەکات. لە مایسی1972دا دەسگیر دەکرێت و لە زیندانی تاکەکەسیدا، 11ساڵ و 6مانگ و7رۆژ بەسەر دەبات.

(بەشێک لە گفتوگۆیەک لە گەڵ مەوریسیۆ)

پرسیار: لەساڵی 1972زیندان کرای. ئەمە چ بایەخێکی دا بە بۆچوونەکانت؟

وەڵام: لەو رۆژەی کە دەستم بە نوسین کردو چالاکی سیاسی کردووە، بە بەردەوام ئەم دوو چالاکییەم دەگۆڕی، هەر جارەو بە گوێرەی پێداویستەکان. پێش زیندان بوونم، هەموو تواناکانم بۆ خزمەتی تۆپامارۆس تەرخان کردبوو. کە دەستگیریان کردم، بە درێژایی11ئەشکەنجەیان دام و لێکۆڵینەوەیان لە گەڵ کردم. بارێکی ئەوەندە بە تین بوو، بۆ چەندین مانگ لە نەخۆشخانە کەوتم. ئێمە9کەس بووین لە رابەرانی تۆپامارۆس. یەکێکمان کۆچی دوایی کرد، دووانمان شێتکران و دووانیشمان هەوڵی خۆکوشتنیان دا. هەڵبەت ئێمە لە ژێرباری زیندانی تایبەتدا بووین. هیچ پەیوەندیەکمان نەمابوو، نە لە نێوان خۆمان و نە لە گەڵ جیهانی دەرەوەدا. خۆرمان

نەدەدی. لە نێو زیندانی تاکەسیدا تەنها چرایەک هەبوو، شەو رۆژ داگیرسابوو. لێمان نەدەگەران بخەوین، هەموو کاتژمێرێک بێداریان دەکردینەوە، هەر یەکمان تووشی نەخۆشییەکی ترسناک بووین، نووسین قەدەغە بوو. بۆ نموونە پاش سێ ساڵ زانیمان ئێلندی کوژراوە. لە ژێر ئەم بارەدا11ساڵ و6مانگ و حەوت رۆژ ژیاین. رۆژانە هەوڵمدەدا لە گەڵ فیرناندیز هویدویری کە لە زیندانی تاکە کەسی تەنیشتمدا بوو، بە لێدان لە دیواری نێوانماندا لە گەڵ یەکدا بدوێین. ئێستا لەسەر بنەمای ئەو گفتوگۆ نهێنییە، پێکەوە کتێبێکمان نووسیووە.
نووسین قەدەغەبوو، پاسەوانەکان فەرمانیان پێکرابوو کە بەردەوام ئازارمان بدەن، تەنانەت بۆشیان نەبوو رووخساریشیان پێشانمان بدەن. ئەمانیش پێداویستی خۆیان هەبوو، کە زانییان من نوسەرم، هەر کە بۆیان بلوایە، لەو کاتانەی کە گەورەکانیان ئامادەنەبوون، داوایان لێدەکردم، نامە بۆ خۆشەویستەکانیان بنووسم. بەم شێوەیە ساڵهای ساڵ ئافرەتانم دەخستە عەشقەوە، هۆنراوەیەکی بێ ژمارەم نوسی. ئەم شیعرانە گرانبەها بوون. هەندێک جار نرخی شیعرێک دەگەیشتە دوو جگەرە. بۆ نووسینی نامەیەک هێلکەیەکی کوڵاویان دەدامێ. ئەوەی لای من گرنگ بوو، دەمتوانی قەڵەمەکە لەلای خۆم گل بدەمەوە. بەم ئامێرە، توانیم ئەو چیرۆکانەی لە ئەندێشمدا بوون، لەسەر پەڕەی جگەرەکان بەخەتی ورد بنوسم، کە تەواو دەبوو، بە نایلۆنێک پێچم دەداو دمخستە ناو سەرقۆڵی کراسەکەم. بەرگەکانم، مانگی جارێک بۆ شتن دەدرانە دەست خێزانەکەم. بەم جۆرە کلتوری کراس دەگیشتە دەرەوە.

پرسیار: ئەم هەموو توانایەت لە کوێ هێناوە؟
وەڵام: تۆ لە من دەپرسیت. با مروڤەکان لە خۆیان بپرسن. مرۆڤ(هەر مرۆڤێک)هێزێکی لەبن نەهاتووە. کە ئازارەکان بەسنووری خۆیان دەگەن، ئەوجا ئەو توانایانە دەکەونە گڕ. مرۆڤ خۆی بەسەر ژیاندا دەچەسپێنێت. بەدەست و ددان، وەکو رووەکی لاولاو، خۆی بە دیوارەکاندا هەڵدەواسێت. مرۆڤ لە گەڵ خۆیدا، خودی خۆی رزگار دەکات. هەموو پێداویستییەکانی راست دەبنەوە لە پێناوی مانەوەدا. قسەی نەستەق یەکێکە لەو رێگایانە. گەر تۆش بکەویتە ئەو بارەوە کە منی تێدا بووم، وەکو من رەفتار دەکەیت. تۆش هەوڵ دەدەیت باری دەروونیت هاوسەنگ بکەیت بەیادی رۆژانی رابردوو. ئێمە تەنیا لە2مەتری چوار گۆشەدا دەژیاین. لەو بارودۆخانەدا، مرۆڤ خۆشحاڵ دەبێت ئەگەر جاڵجاڵۆکەیەک ببینێت، یا ببینێت چۆن جاڵجاڵۆکەیەک هێلکە دادەنێت. مرۆڤ بایەخ بە هەندێ بابەت دەدات کە لە ژیانی ئاساییدا هەرگیز بیری لێناکاتەوە.

پرسیار: بۆ نوسین مرۆڤ پێویستی بە بزوێنەرە هەیە تا فەنتازیا دابمەزرێنێت. لە ژیانی زینداندا تەنانەت رۆشنایی خۆریشت نەبوو. چۆن پێتکرا بۆچوونەکانت بەرەو پێشەوە بەریت؟

وەڵام: پرسیارەکەت دوولایەنە. یەکەمین، دەڵێیت زیندان بزوێنەری نووسین نیە. ئەمە بەهەڵەدا چوونە. گەر مرۆڤ لەژێر بارێکدا بژێ کە ژیانی هەمیشە هەڕەشەی لێبکرێت، ئەوا مرۆڤ لەو بارەدا هەستی دەبزوێت.
دووهەمین، بەستراوە بە بیرەوەریەکانەوە، مرۆڤێک بۆی نەبێت گوێ لە رادیو بگرێت، رۆژنامەیەک بخوێنێتەوە، نەتوانێت سەیری تەلەفزیون بکات، ئاسمان و ئەستێرەکان نەبینێت، قەدەغە بێت لە گەل یەکێکی دیدا بدوێت، ئەوا پەڕە بە بیرەوەریەکانی رۆژانی رابردووی دەدات و بەسەرهاتەکانی تێدا دەدۆزێتەوە. مرۆڤ بیر لە ژیانی، لە هاوڕێکانی و لە بەسەرهاتەکانی دەکاتەوە، دەیانکاتە ئەندێشەیەکی بەردەوام لە پێناوی ژیاندا.
زۆر جار، گەورەترین کۆسپمان ئاو دەردان بوو. چەندین سەعات پێوەی خەریک دەبووین. هەستمان دەکرد ئۆرگانەکانی لەشمان بە پێچەوانەوە کاردەکەن. میزڵدان جێی ئەقڵی دەگرتەوە. هەموو نوسراوەکانی کاتی زیندان، راستەوخۆ یا ناراستەوخۆ، بەم گوزەرانەوە بەندن. لەو گوزەرانەدا دەژیاین، هەستمان پێدەکرد، دەمانبینی. واقعێک بوو، خەون و فەنتازیاکان بوونە واقیع، لە واقعێکدا کە کەڵکی ژیانی نەبوو. مرۆڤ ناتوانێت لەناو تابوتێکی2×1مەتری چەوارگۆشەدا بژی، بۆیە خەونەکان ببون بە واقیع.

پرسیار: چی روویدا پاش ئازاد بوونت؟

وەڵام. هاتنە دەرەوەمان وەک لافاوێک هاتە بەرچاوم. یەکەمجار دەگەڕاین بۆ کڵیسایەک خۆمانی تێدا حەشار بدەین بۆ پاراستنی ژیانمان. چاوپێکەوتنی خێزانەکەم، منداڵەکان، دایکوباوک و هاوڕێکان بە توندی هەژاندمی. ئەمە مەسەلەیەکی بەسۆز بوو. بەهۆی زیندانەوە

توشی هەندێ باری تایبەتی بووین. ئێستاش هەندێکی هەر ماوە، هەندێ گیروگرفتیشم هەبوو، ئیستاش هەر هەمە. بۆ نموونە، پشوودەدەم گەر لە چێیەکدا بم وەکو ژووری زیندانەکەم بێت، بەبێ ئەوەی پەیوەستی بە گەورەو و بچوکی جێگاکەوە هەبێت. لەناو سلولەکەم شتومەکی ناومالەی تێدا نەبوو، ئێستاش لە جێیەکدا دەژیم تەنیا مێزێک، تەپلەیەکی جگەرە، ئامێرێکی چاپ، مەتارەیەک، جوتێک نەعل، چەند جگەرەیەک و چەند پەرە کاغەزێکی تێدایە، دەنا چیدی شک نابەم. کاتێک مرۆڤ لە بەر دەرگایەک رادەوەستێت، یەکسەر دەست بۆ زەنگەکەی دەبات. من لەبەر دەرگادا تەنیا دەوەستم. بە درێژایی11ساڵ زیندانی، دەرگام لە کەس نەکردەوە، ئیستا دەبێ بیری لێ بکەمەوە. ئەم رووداوانە پاشماوەی ئەو کاتەن و تا ئێستاش هەر ماون، بەلام زۆر ترسناک نین. لایەنی تریش هەن، کە من دەلێم"ئێوارەیەکی خۆشە بۆ هەناسەکێشان"هاورێکانم پێدەکەنن. هەندێ جار لەبری ئەوەی بلێم با برۆین بۆ پیاسە، دەلێم"با برۆین بۆ هەناسە دان. من چێژ لە هەناسە دان دەبینم. چەندین ساڵ بای دەرەوەمان هەلنەدمژی. زۆر لە هاورێکانمان تووشی نەخۆشی سەختبوون، تەنانەت پەنجەرەشمان نەبوو، بۆیە من چێژ لە هەوای پاک وەردەگرم. دیاردەیەکی تریش کە بۆ مرۆڤ ئاساییە، ئاودەردانە، بەلام من بەدەستییەوە ئەشکەنجە دەکێشم.

پرسیار: پاش ئازادبوونتام لە زیندان، هەموو جیهان چاوەڕوانی دەکرد، رق و کینەیەکی بێ وێنەتان لە دژی جەلادەکان و پیاوانی یاسا هەبێت. تۆڵە سەندنەوەی تۆ تەنیا ئەوە بوو کە پاش ئازادبوونت، شەش شانۆگەری، چەندین چیرۆک و هۆنراوەتان بلاوکردەوە. چی بەسەر رق و کینەکانت دا هاتن؟

وەلام: هەر کەسێک کە لە چالاکی سیاسییدا بەشدارەو خۆی بە شۆرشگێر لە قەلەم دەدات، بۆی نیە بزووێنەری هەبێت کە لە رقوکینەوە سەرچاوەوەربگرێت. ئێمە بە خۆشەویستییەوە سەیری خەبات و کارە سیاسییەکانمان دەکەین. خۆشەویستی بۆ مرۆڤ و مندالان سەرچاوەی هێزی خەباتمان بوو. رقوکینە نابێت ئاراستەی کەسێک بکەیت کە ئازاری گەیاندووە بە تۆ، دەبێت ئاراستەی سیسمێکی بکەیت.

****

دوو هۆنراوەی مەوریسیۆ

من پێکەنینم دەناسی

من پێکەنینم دەناسی:
وەک پێستی شەراب بوو،
گەرووی وشکی
تەڕ دەکرد.
پاپۆرە خنجیلانەیەکی کاغەزین بوو،
لە دەریا بێ پەیەکاندا
وون بوو.
گەر ئەمە دوا هۆنراوەم بوو،
هۆنراوەیەکی
مات و سەرکەش،
بەلام تاقە وشەیەک هەیە کە،
لە کۆتاییدا حەز دەکەم
بینووسم:
هۆ هاورێکانم.

***

رۆژ

تۆ هەرگیز،
رۆژت بینیوە، چۆن لەناو
ئاوینگێک

لانە دەکا؟
چۆن بە تیشک
وگەرمایی
شادی پێدەبەخشێت.
خەندەی تۆش،
وایە،
لەناو
دڵم.

تێبینی:1/ئەم گفتوگۆیە لەلایەن ئەنگرید شنایدەرو راڵف فلاسن سازدراوە.سەرچاوە: کتێبی ژیانی سەگەمەرگی. لێرەدا تەنیا بەشێکی بڵاوکراوەتەوە. ئەم بابەتە لە ژمارە2،ئاب1995 لەمانگنامەی ژینی نوێ بڵاوکرایەوە)
2/بەداخێکی گرانەوە، پێش ماوەیەک گوێم لێ بوو کە مەوریسیۆ تووشی نەخۆشی شیرپەنجە بووە.

## گفتوگۆ لەگەل هەڵگری خەڵاتی نۆبڵی لیتراتور
## گونتەر گراس.

پرسیار: بەرێز گراس، کتێبە نوێکەتان باس لە 100چیرۆک لە100ساڵدا دەگێرێتەوە. ئایا"شاعیری گەرە"ی ئەلمانیا لە کۆتایی ئەم سەدەیە، هەست بە ئەرکەکەی کرد، کتێبێکی مێژوو دەخاتە بەر دەستمان؟

گراس: "شاعیری گەورە"هەر مانایەکی هەبێ- توانای نووسین لەبارەی ئەو سەدەیە، بۆ زۆر کەس کراوەیە. بە گشتی ئەوەی ئەو کارە بکات دەبێ چەند ساڵۆکەیەک، پشتی چەماندبێتەوە. بیرۆکەی ئەوەی جارێکی تر لە سەدەی بیستەمدا خۆم بشارمەوە، لە پاش رۆمانەکەم(دارستانێکی دوور)، دووبارەکێ لە دەرگای دەدام. لە سەرەتادا، لە باوەرەبووم، جارێکی تر دەبێت بە رۆمانێک کە بە تێروانینی ژنێکی بەساڵاچووودا، شتەکان دەگێرێتەوە. بەڵام هەر لە یەکەم دەستنووسدا، روون بووەوە کە ئەم تێروانینە زۆر بەرتەسک دەبێتەوە.

پرسیار: ئێستا ئێوە بە لەتلەتکراوییەوە لە سووچەنیگای فرە جیاوازەوە، دەگێرنەوە.

گراس: بەڵێ. تەماشای یەکەم دێری کتێبەکە بکەن:"من خۆمم لە گەڵ خۆمدا گۆریوەتەوە، ساڵ بەدوای ساڵدا، تێدابووم."واتە، من خۆم لەناو رۆڵی زۆر لەیەک جیاوازدا، دزەدەکەم: پیاوانە، ژنانە، پیر، گەنج. من لە تێروانینی مرۆڤگەلێکەوە دەروانم بۆ ئەم سەدەیە کە مێژوویان دووبارە دەبێتەوە. ئەوانەی باسیاندەکەم، گەورە دەسەڵاتدارەکان نین، بەڵکو هەڵخەڵەتاو و قوربانییەکانن. من هەوڵدەدەم، خوێنەر، لە ماددەی وشکی مێژووەوە بە شێوەی چیرۆک، نزیک بکەمەوە.

پرسیار: نوسەر وەک مامۆستای وانەی مێژوو؟

وەڵام: من دەزانم ئەوە بێ مانا و مۆدێلێکی کۆنە، بەڵام بۆ من هیچ زەرەرمەند نییە، کاتێ دەبینم ئەم کتێبە سوودمەندە. هەمیشە مەبەستمە، بە ئامرازی لیتراتوور، واتە چیرۆک گێڕانەوە، شتەکان روون بکەمەوە.

پرسیار: لە چەند چیرۆکێکدا بەخۆتان وەک فیگورێک دەردەکەون. کتێبەکە تا رادەیەکی زۆر، بەشێکە لە ژیاننامەی گونتەر گراس.

وەڵام: ئەگەر مرۆڤ بنووسێ"سەدەکەم"کە زۆر خاوەنداریێتی دەگرێتەوە، ئەوا مرۆڤ ناچاری ئەوەش دەبێ. من لە کاتی نوسیندا هەستمکرد، کە ساڵێک لەناو ئەو سەدەیە هەیە، کە تێدا دەبێ بەخۆم راستەوخۆ بدوێم. ئەوە لە ساڵی1927ی لە دایکبوومدا دەستپێدەکات تا کۆتایی چیرۆکەکە کە دایکم زیندوودەکەمەوە. پاشان هەستمکرد کە ئەم منە واقیعییە لەناو کتێبەکە بەبێ دابڕان، درێژەی پێدەدرێ.

پرسیار: بابەتەکانی ئەم چیرۆکانە لە کوێوە سەرچاوەیان گرتووە؟

گراس: هەندێکیان لەبەردەستدابوون: جەنگی جیهانی، بەسەرهاتە وەرزشییە گەورەکانی، داهێنانە تەکنیکیەکان، دۆخی دیوارەکە-دیواری نێوان هەردوو ئەلمانیا-. لە مەتریاڵی زۆری ناو ئەرشیف کارم کرد. ئەوەی گرنگبوو، رووداوەکانی سەدەکەیە، بە شێوەیەکی ئەسلی و بە ئاسۆی گێڕانەوەم دەستکەوت بۆ هەڵبژاردنی لاپەڕەی دەستپێکردن.
لە حاڵەتی جەنگی جیهانی یەکەم، ئێریش ماریا ریماکوی و ئێرنست یونگە وەک دوو شایەتی بەناوبانگ دیداری یەکتردەکەن کە زۆر درنگتر، لە سەردەمی جەنگی ڤێتنامدا، ئەزموونەکانیان ئاڵوگۆردەکەنەوە. من وەک قوتابییەک بە رێگای مامۆستایەکی ئەلمانی بایەخدارەوە، نووسینەکانی(یونگەر)م خوێندەوەو وەک تەمەن13یان14ساڵییەک، بە رێکەوت لە کتێبخانەی مامێکم بینیم، کە بە خۆیشی نەیدەزانی، ئەو کتێبە"لە رۆژئاوادا، هیچ شتێکی نوێ نییە" یاساغە. ئەوە بۆ من، وەک دژەژەهرێک وابوو لە هەمبەر یونگەر.
رەنگە ئەمە هۆی چرکەی دەستپێکردنەکەم بێ تا ئەو حاڵەتە ئێستا جارێکی تر بسەلمێنم.

پرسیار: بۆ هەر یەک لەو چیرۆکانە، وێنەیەکتان کێشاوە. کامەیان یەکەم جار لەدایک بوون، دەقەکان یان وێنەکان؟

گراس: زۆر جار وێنەکان. ئەوە پەیامنێرییەک بوو لەنێوان نووسین و وێنەکێشاندا، وەک چۆن لە بەرگی"دۆزینەوە بۆ ئەوانەی ناخوێننەوە" تاقیمکردووە. ئەو وێنە نوێیانە زۆر سمبۆلئامێزانەن و مێژوویەک بەیەکەوە دەبەستنەوە. بۆ نموونە بەکارهێنانی دراوی ئەڵمانی(مارک)بهێننەوە بیرتانەوە، دراوەکە لە کناری سەریەوە هەڵواسرابوو و لە خوارەوە، مرۆڤەکان بە لێشاو بەرەو ئاراستەکەی، دەڕۆن.

پرسیار: لە دەرەوە، بایەخێکی زۆر گەورە دەدرێ بە کتێبەکە و تا ئێستا لە27وەڵاتدا، فرۆشراوە. ئایا ئەمە جێی سەرسوورمان نییە بۆ ئێوە؟

گراس: بەڵێ و زۆریش. کتێبەکە دەقاودەق وەک کتێبی(Blechtromel)، لەسەرووی پەیوەندییەکانی ئەلمانیاوە، نووسراوە. رەنگە، لە بەرژەوەندی بارودۆخی خراپی دەرەکییەکان بێ بە هۆی ئەو راستییەوە کە نیوەی یەکەمی ئەم سەدەیە بە شێوازو کرداری زۆر ترسناک لەلایەن ئەلمانیاوە بڕیاری لەسەردرا. لەپاش1945 تەنها بەرهەڵدانەوە لەبارەی ئەوەوە دەکەین کە جاران ئەنجاممان داوە.

پرسیار: لەنێوەی تردا، واتە لە 50ساڵی ولایاتە یەکگرتووەکانی ئەلمانیا، بەشێوەیەکی زۆر قبووڵکراو بەرێوەوە دەچوو.

گراس: لەم ئاراستەیەدا، بۆچوونەکەتانم پێ قبووڵە، من بەگشتی وا بیردەکەمەوە کە ئێمە لە هەراوهوریای ئاهەنگێڕانی ئەم ساڵدا دەبێ ئەوەمان لەبیرنەچێتەوە کە دوو دەوڵەتی ئەلمانی هەبوو. ئێمە دەبێ بە تەواوەتی دان بنێین بەو مرۆڤانە کە40ساڵ لە ژێر سایەی ئەلمانیای دیموکراسیدا ژیان. بەڵام ئێمە ئەم کارە ناکەین. لە مەدا ئەوەندە زیادڕەووی کراوە، کە ئێستا لە شاری ڤایمەر، پێشەنگایەک

کراوەتەوەو چەندین کەسی ئەلمانیای رۆژئاوا هەستاوەن بەوەی تابلۆکانی نازیزم لە گەل بەرێکەوت وێنە کۆکراوەکانی سەردەمی ئەلمانیای دیموکراسی یەکسان دەکەن و لەسەر دیوارەکاندا هەڵیاندەواسن. ئەوە سووکایەتیپێکردنی ترسناکئامێزانەی تاوانبارکردنی بەکۆمەڵەو دەبێتە هۆی ئەوەش کە سەربارى رووخاندنی دیوارەکە، دابەشکردنی وەڵاتەکە بۆ پێشەوە دەڕوات.

پرسیار: ئایا ئەم دانپێینەنانە، لە نوقسانی جۆرە ئامادەنەبوونێک بۆ لە یەک تێگەیشتن لە رۆژئاوا دروست بووە یان لەبەر زانیاری رەق وتەقەوە؟

گراس: جارێکی تر ئێژم، ئەوە لە نوقسانی لایەنگرانی دەستوورەوە، دروست بووە. کاتێ مرۆڤ شانازی بەم یاسا بنچینەییە دەکات، ئەوا دەبێ بە جیدی وەری بگرێت، بەڵام وایان نەکرد. لە نێو رستەکانی پەرەگرافی146دا، نووسراوە: لە حاڵەتی یەکگرتنەوەی ئەلمانیا، دەبێ گەلی ئەلمانی دەستوورێکی نوێ ئامادەبکات. ئای ئەوە چ بۆنەیەکی زۆر گەورە دەبوو بۆ بەشداری لە وتووێژی بەگژیەکتر چووندا! ئەو کاتە پێشنیارێک هەبوو لە لایەن(هاوپەیمانی90)وە کە زۆر بە جوانی داڕێژرابوو و90%یاسا بنەڕەتییە کۆنەکەی هێشتبووەوە و10%لە ئەزموونەکانی کۆماری ئەلمانیای دیموکراسی وەرگیرابوو. لە(بۆن) تەنانەت لەبارەی ئەو پێشنیارە، مشتومڕیش نەکرا. بۆ من زۆر ترسناک و نوقسانییەکە بۆ لایەنگرانی دەستوور. ئەمەش بابەتێکە کە لە کتێبەکەمدا دووبارە دەبێتەوە.

پرسیار: بنەمای سەرەکی کتێبەکە زیاتر پۆزەتیف و دڵخۆشەکەرە. ئێوە بە توڕییەوە تەماشای سەدەی رابردوو ناکەن.

گراس: نەخێر، قەت بە توڕەیی نەمنووسیوە. من دڵنیام لەوە کە من مرۆڤێکی بەگومان و رەشبینیم، بەڵام لە هەمان کاتدا کەسێکم کە بەدڵەوە دەژێم.

پرسیار: رۆمانەکەتان(Die Rä tten) لە ساڵی 1986 بە گشتی تاقە تاوانکردن بوو.

گراس: نەخێر، تاوانبارکردن نەبوو، بەڵکو بڕیاردان بوو لە بارەی ئەوەی کە ئێمەی مرۆڤ خەریکین لەناوبردنی خۆمان رێکدەخەین. بابەتەکەم لەو کتێبەکەدا بەو شێوەیە دێتە بەر گوێ، کاتێ باسەکە دەبێت بە بابەتی کۆپیکردنی مرۆڤ. بەڵام لیتراتوور بۆ ئەوە نییە ببێت بە دەربڕی تاوانبارکردنی کەسێک یان دەزگایەک، بەڵکو بۆ ئەوەیە، پەیوەندییە شاراوەو ناشیرنەکان پێشان بدات وتێڕامانێک دەستبخات کە رێ بە بینینی نوێ لەبارەی دیاردە کۆنە ناسراوەکانەوە بدات.

پرسیار: بە دەگمەن لەلای نوسەرە ئەلمانەکان، بەرهەمهێنان و لایەنگری سیاسی ئەوەندە تەسکن وەک ئێوە. ئایا ئێوە خۆتان وەک"ویژدانی نەتەوە" دەبینن؟

گراس: نەخێر. پێکەوە لەگەل هاینریش بویل هەمیشە بەرگریم لە خۆکردووە، ناوم لێ بنێن"ویژدانی نەتەوە"، چونکە پێشمەرجەکەی ئەوەیە، ویژدان لە کەسانیتر دەبڕێ و بەتایبەتی بە نوسەرێک دەدرێ کە هیچ دەسەڵاتێکی بەدەستەوە نییە بۆ جێبەجێکردنی شتێک. ئەمە هەر بەڕاستی شتێکی بێ مانایە.

(...)

ئەم گفتوگۆیە لەلایەن (J.U. Brand/S. Sattler)بۆ گۆڤاری(فۆکۆس)سازدراوە.

## گفتوگۆ لەگەل ئەدۆنیس.

## (عەلی ئەحمەد سەعید،1930).

پرسیار: ئێوە بە بتشکێن ناودەبەن، چ وێنەیەکتان شکاندووە؟
وەڵام: بۆ من، نووسین بە زمانی عەرەبی، پێش هەموو شتێک، مانای ئەوەیە، هەموو نەریتەکەی بخرێتە ژێر پرسیارەوە. بتشکێنەکەش ئەوەیە کە نووسین لە کۆمەڵگای عەرەبیدا، توند لەگەل حکومەت و دەزگا سیاسییەکانییەوە بەستراوەتەوە. هەروا لە شیعری هاوچەرخدا، نووسین جگە لەوەی، کەسایەتی نووسەرەکەی، بەشێوەیەکی نوێ بدۆزێتەوە، داوای مافی تاکایەتی لێ بکات و تایبەتمەندی بەرهەمەکانی دووپات بکاتەوە، هیچ تر نییە. کلتووری عەرەبی نامۆیە بەو شتە و بنچینەی بونیادەکەی، دەهەژێنێتەوە. پێشڤەچوونی من، لە ناکۆکیدا بوو لەگەل تێڕامانی دەسەڵاتی باڵای ناو کۆمەڵگاکەمان و هەر ئەمەش هۆی بەهەڵە تێگەیشتنیان بوو لە من-لە لایەن دەزگاکانەوە، نەک مرۆڤەکان.

پرسیار: سیمای نۆژەنەکەی ئێوە چۆنە؟

وەڵام: یەکەم جار ئازادیم وەرگرت بۆ ئەوەی ئەو پرسیارانە بکەم کە لە بازنە ئاینییەکاندا، قەدەغەیە. مرۆڤێک ئازادنەبێ، ناتوانێ گەشە بە هەستی بەرپرسیارییەتی بدا و لە گفتوگۆکردندا ببێ بە هاوشان. ئەم دیالۆکایەتییە بۆ من مانایەکی سەرەتایی هەیە. بۆ من، بەرامبەرەکەم تەنها شەریکێک نییە لە دیالۆک، بەڵکو توخمێکی بەشداربووە لە خودی خۆم. کاتێ من بۆ خۆم دەگەڕێمەوە، ئەوا بەسەر ئەوی تر دەپەڕێمەوەو بەم شێوەیە کەسەکەی تر دەبێتە ڕێگایەک، بۆ خودی خۆم. لە سەرەڕێگا بەرەو مۆدێرنە، هەمان ئەو مانایەی هەیە کە مرۆڤ هەموو بونیادو نەریتە کۆنەکان بهەژێنێ و بڕوخێنێ. ئەمە پەیوەندی بە مافی ژنان، فۆرمی حکومەت و دیموکراسی و شتگەلێکی تریشەوە هەیە.

پرسیار: ئێستا لە بارەی دەستکەوتەکانی أۆژئاواوە، دەدوێن. چ دەستکەوتنێکی أۆژهەڵات هەیە بۆ أۆژئاوا شایانی هەوڵدان بێت.

وەڵام: شتێک بەناوی"ڕۆژهەڵات"ەوە نییە، بەڵکو "ڕۆژهەڵاتییەکان"وەهەیە، ڕێک وەک چۆن"ڕۆژئاوا"نییە، بەڵکو زۆر فۆرمی ڕۆژئاوا هەیە. ئایا ئێوە مەبەستتان کام ڕۆژهەڵاتەیە؟ ڕۆژهەڵاتی ئاین هەیە، ڕۆژهەڵاتی سیاسی هەیە یان ئەوەی لە ڕۆژئاوا هەیەو وەهمەکەیان لە ڕۆژهەڵاتە وەک نیتشە یان مارکس. مرۆڤ دەبێ لە بارەی سێبەرە ڕۆژهەڵاتییەکانەوە بدوێت. بۆ نموونە با شیعر وەربگرین. دەبینین جیاوازییەکی زۆر گەورە هەیە لە نێوان شیعری فارسی و تورکیدا. بۆ نموونە هاویەکییەکی سەرسووڕهێنەر هەیە لە نێوان شیعری ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا. بەو شێوەیە من ئەو تێڕوانینەم هەیە کە(هۆڵدەرلین)و شاعیرە ئەسپانییە عەرەبەکان و فەیلەسوف ئەبن عەرەبی خزمایەتییەکی رووحییان هەیەو سۆفییزمی عەرەبی و ئەلمانی لە هەمان ئاستدان. لەوەش زیاتر، گۆتە زۆر ڕۆژهەڵاتییە لەوەی کە مرۆڤ بۆی دەچێت. لە(West-Östlichen Divan)باسی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا دەکات. مرۆڤ دەبێ کلتوور لەم جووتەمانایەوە ببینێت.

پرسیار: ئایا ڕۆژهەڵات لە رەوتی جیهانگیریدا، تایبەتمەندییەکانی زیاترو زیاتر ون دەکات؟

وەڵام: ئۆروپاش بەشێکە لە جیهانگیری. کارتێکرنەکانی ئەمریکا ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر کلتووری ئۆروپیشدا، هەیە؛ لە بواری مۆسیقاو بە تەکنەلۆژیکردنی و تەنانەت لە بواری شیعر، وێنەکێشان، تانس و شانۆ و هەموو بوارەکاندا. من پرسیار لە خۆم دەکەم: بۆچی ئەمە قبووڵ دەکەین؟ ئۆروپا لەم ڕووەوە وەک وەڵاتێکی جیهانی سێ کارتێکردنی هەیە. کاتی ئەوە هاتووە، ئۆروپا ڕەهەندی تایبەتی خۆی بۆ جیهانگیری دەرببڕێ و دەنگەکان بەهێزبکات کە بۆ نموونە لە فەرەنساوە لە دژی باڵادەستی ئەمریکا، دەنگی خۆی ڕادەگەیەنێ.

**جیهانگیری بۆ جیهانی عەرەبی، پرۆسەیەکی رانەگیراوەو هیچ هەڵبژاردنێکیان لەبەردەمیاندا نییەو ناتوانن بڵێن نەخێر. ئەمە مەترسیدارە، بەڵام مرۆڤ دەتوانێ گەشە بە بیرورا بدات تا لەلانی کەمەوە، رێکخستنی جیهانگیری چاکسازی بکات.**

**پرسیار: لە وتارێکدا لە(تسایت)، رەخنە لە هەڵویستی رۆشنبیرە رۆژئاواییەکان گرت لە ئاست بارودۆخی جیهانی عەرەبی. ئایا ئێوە لەو باوەڕەن کە هێزی دیموکراسی لە ناو بزووتنەوەی رۆشنبیرانی عەرەب بە جددی وەرناگیرێ؟**

**وەڵام: لە پرەنسیپدا، هەمیشە ئەو هەڵویستە لە لای رۆشنبیرە رۆژئاواییەکاندا هەیە، بەڵام سەرەرای ئەوەش نامەوێ ئەم بۆچوونە گشتگیر بکەم. لێرەدا کەسانی زۆر باش هەن، بۆ نموونە، گونتەر گراس. بەڵام بەگشتی و هەمەلانەیی، رۆشنبیرە رۆژئاواییەکان، هەموو بارودۆخەکە لەبەرچاو ناگرن و تەنها ئەو شتانە دەبینن، کە خۆیان دەیانەوێ ببینن. راستە، داخوازی، وتارو ئەنجومەنی فێرکاریان هەیە لە بارەی یوگسلافیا و یەکێتی سۆڤیێتی جاران، چین و ئەفریقا و هەموو بزووتنەوە جۆراوجۆرو رووداوەکان، بەڵام هەرگیز لەبارەی کێشە بنەڕەتییەکان وەک کێشەی(ئیسرائیل-عەرەب)یان نییە و تاقە وشەیەک دەرنابڕن.**

**پرسیار: ئایا میتۆدی رۆژئاوایی لە دژ تیرۆریزم، سەرکەوتوو دەبێ؟**

**وەڵام: زۆربەی رۆشنبیرە عەرەبەکان و گەلی عەرەب لە دژی هێرشەکەی11سێپتێمبەر بوون و وا بزانم زۆربەی رۆژئاوایش لە دژی بوون، بەڵام لەبیریان چوو، لەبارەی هۆکارەکەی قسە بکەن. بۆچی11ی سێپتێمبەر روویدا؟ تەنانەت ئەگەر نەتەوە یەکگرتووەکان، (بن لادن)یش بکوژن، بەس ناکات بۆ ئەوەی تیرۆریزم لەناوببرێت. مرۆڤ دەبێ رەگوریشەی تیرۆریزم بدۆزرێتەوە، نەک بن لادن، چونکە بەشی زۆری هۆکارەکانی لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا، بەدی دەکرێت.**

**پرسیار: لە رۆژئاوادا، مرۆڤ ئەو هەستە دەکات کە رۆشنبیرە عەرەبەکان، رۆژئاوا تاوانباردەکەن و لە هەمان کاتدا بەئەستەم پیشانی رەخنە لە خۆ دەگرن، دەدەن.**

**وەڵام: من لەپاڵ ئەو رۆشنبیرانە راناوەستم کە رەخنە لە رۆژئاوا دەگرن، بەبێ ئەوەی تاقە وشەیەک لەبارەی هۆی کۆچکردنی خۆیان، بدۆزێنن. ئەوانە بۆچی وڵاتانی خۆیان بەجێهێشتووە؟ مرۆڤ دەبێ پێش ئەوەی رۆژئاوا تاوانبار بکات، رەخنە لە کێشەی وڵاتە ئەسلییەکە، بگرێت.**

**پرسیار: ئێوە چۆن ئەو راستییە شیدەکەنەوە کە جیهانی عەرەبی لەلایەکەوە بەڕوونی خۆی لە سیستێمی رۆژئاوایی دووردەخەنەوەو لەولاوە، دەسکەوتە تەکنەلۆژییەکان بە بێ گومانکردن، وەردەگرن؟**

**وەڵام: من لەو باوەڕەم، ئەوەی مرۆڤ ئیمرۆ بە مەدەنییەتی عەرەب وێنادەکات، لە راستیدا مەدەنییەتێکی رۆژئاواییە. هەموو شتێک کە پەیوەندی بە تەکنەلۆژیاوە هەیە، عەرەبی نییە، بەڵکو رۆژئاواییە. هەموو شتێکیش کە بە رەگەز عەرەبی بێت، وەهمی و پەککەوتووە. ئەگەر مرۆڤ لەبارەی"داچەڵەکاندنی کلتووری" لە نێوان رۆژئاواو جیهانی عەرەبی بدوێت، ئەوا من ئەوە زیاتر بە ستراتیژییەتی-پەردەپۆشی، دادەنێم. ئەوانە بەو شێوەیە بەرژەوەندی ئابووری و سیاسییەکانیان دەشارنەوەو هۆکارە بیناغەییەکان، دەبووشن.**

**پرسیار: کامە هۆی بیناغەیی؟**

**وەڵام: ئێوە دەزانن کە بن لادن و توندڕەوەکان لەلایەن ئەیالاتە یەکگرتووەکانەوە بە پووڵ پشتیوانیان لێ کرا؟ لە راستیدا، توندڕەوێتی درووستکراوێکی ئەمریکاییەو بۆ ئەوە دۆزرایەوە، لە دژی کۆمونیزمدا، بجەنگن. گرنگترین سەرکردەی توندڕەوەکان بە شێوەیەکی رەسەنانە**

له -ئەلمانیا، فەرەنسا، ئیتالیا و بەریتانیا- پێشوای لێ کرا، بەڵام زۆربەی گەلی عەرەب توندڕەو نیین و لە دژی توندڕەووین. ئیسلامی ئیماندار هەیە بۆ نوێژکردن دەچن بۆ مزگەوت-ئەمە مەسەلەیەکە، بەڵام توندڕەوەکان مەسەلەیەکی ترن.

پرسیار: کەواتە، نەک تەنها ئەیالاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بەڵکو وەڵاتە عەرەبییەکانیش لە ژێر ئەنجامگەری 11ی سێپتێمبەر دەناڵێنن.

وەڵام: دەسەڵاتی بەدکار هەردوو لای گرتەوە، بەڵام چونکە هەموو کۆمەڵگاکە بە بن لادن یەکسان کرا، زیانێکی زۆر گەورەتر بە جیهانی ئیسلامی گەیشت. لەبری ئەوەی باسی بن لادن بکرێ، رەخنە لە جیهانی عەرەبی دەگرن. مرۆڤ دەتوانێ لە ئاستێکی تردا، رەخنە لە عەرەب و ئیسلام بگرێ، نەک لەگەڵ بن لادن یەکسانیان بکرێ.

پرسیار: ئێستا دەبێ ترس لە بەهێزبوونی گیانی نیشتمانپەروەرایەتی لەلایەن وەڵاتە عەرەبییەکان هەبێ؟

وەڵام: نەخێر. ئەو حەزوئارەزوو و هیوایانە لە لای هەموو مرۆڤێکدا هەیە. بەڵام ئەگەر بتوانین وڵاتی ئەسلی و پاشکۆیەتی بۆ وڵاتێک لەبەرچاو بگرین، ئەوا من پەیوەندی وڵات بە مرۆڤەوە دەبەستمەوە، نەک بە شوێنێکی جیوگرافی. لەوێدا، لەو شوێنە کە هەست بە ئازادی بکەم و تواناکانم بەکاربهێنم و بتوانم کاربکەم؛ لەو شوێنە کە رێز لە مرۆڤ دەگیرێ، ئەوێ بە وڵاتی خۆم دەزانم.

پرسیار: بۆ ئێوە، وێنەی نموونەیی کلتوور گۆڕینەوە کوێیە؟

وەڵام: من لایەنگری لە کۆچکردن دەکەم. من لەو باوەڕەم کە بڕیاردەرترین تایبەتمەندی شارێک وەک نیویۆرک، شوێنی کلتوور تێکەڵبوونە، ئەو تێکەڵبوونە سەرسوڕهێنەرە لە  زمان، گەلان و کلتوور. لەم لایەنەوە، نیویورگ تەنها نوێنەرایەتی ئەمریکا ناکات. من لەو تێکەڵبوونە، دوارۆژی مرۆڤایەتی دەبینم و بە بێ ئەو تێکەڵبوونە، راسیزم، توندڕەوی و ئەتنیکردن، هەمیشە روودەدات.

پرسیار: واتە شاری نیویورک مۆدێلێکی ئیدیالە بۆ تۆ؟

وەڵام: بەڵێ، بە تەواوەتی. من پێشی 30ساڵ ئەم بابەتەم وروووژاندووەو لە هەمان کاتدا لە شیعری( Tombeau pour New York)  مەترسییەکانیشم پێ گرێداوە. شیعرێکە کە ئیمڕۆ بە بۆنەی11سێپتێمبەر، بەراستی ترسی نایەوە. شوێنێکی نموونەیی تری کلتوور گۆڕینەوە، ئەندەلووسی سەدەی ناوەڕاستە. لێرەدا هەر سێ ئاینەکە، جوو، مەسیحی و ئیسلام یەکیانگرتووەو خۆیان بەرفراوان کردەوەو بە مەدەنییەتێکی گشتگیرو نائاسایی گەیشتن. مرۆڤ دەبێ جیهان ئەندەلوسیگیر بکات.

پرسیار: پرسیارەکە ئەمەیە: چۆن؟

وەڵام: مەسەلەکە ئەوە نییە کە تەنها نوێنەرانی ئاینەکان بۆ گفتوگۆکردن مێواندری بکرێن. مرۆڤ دەبێ، وێنەکێشەکان، مۆزیکژەن، شاعیر، نوسەرو پیشەییەکان پێکەوە بگەیەنێ. ئەمە پێویستی بە کارکردن هەیە؛ دەبێ لە ئاستی رێکخستن و هاو گفتوگۆکەران بە وردییەوە هەڵبژێرین.

پرسیار: دەکرێ گۆڤارێک ببێ بە فۆرمێکی گونجاو؟ ئەنیستتوتی- گۆتە دەیەوێ تیراژی گۆڤاری کلتووری(فکر و فن) کە بە زمانی عەرەبی دەردەکرێ و روو لە خوێنەران دەکات لە جیهانی عەرەب، زیاد و کارەکانی بەرفراوانتر بکات.

**وەڵام: نیازێکی زۆر باشە. پێشمەرجەکە ئەوەیە، بەباشی بکرێت، چونکە چۆنایەتییەکەی بڕیاردەرە. ئەمە بە شێوەیەکی تایبەت پەیوەستی بە زمانی عەرەبییەوە هەیە؛ دەبێ دەقەکان بە شێوەیەکی باش وەربگێڕدرێت و دابڕێژدرێت. ئەگەر وا نەبێ، کارتێکردنەکەی بە پێچەوانەوە دەبێ.**

**پرسیار: ئایا کلتوور گۆڕینەوە دەتوانێ بەشداری بکات لە گەشەکردنی دیموکراسی لە وەڵاتە عەرەبییەکان؟**

**وەڵام: بەڵێ، چونکە دیموکراسی زیاتر وەک فۆرمی حکومڕانی پەرلەمانی کە تێدا مرۆڤ دەتوانێ هەڵبژێرێت. دیموکراسی کلتوورەو مانای ئازادی هەیە، رێزگرتن لە یەکتر، قبووڵکردنی جیاوازییەکان و بونیادکردنەوەی کۆمەڵگا...هتد و مرۆڤ لەم پێناوەدا، دەبێ خەبات بکات.**

**پرسیار: ئێستا ئێوە وەک شاعیرێک، لە چ پڕۆژەیەکی دوارۆژ کاردەکەن؟**

**وەڵام: بە تەواوەتی لەو پڕۆژەیە.**

**ئەم گفتوگۆیە لەلایەن(سوزانە کیتلبێرگ و مریەم ڤێبەر)ەوە بۆ گۆڤاری(کۆلتووە ئاوستاوش، ژمارە یەک)، سازدراوە.**

**گفتوگۆ لە گەڵ**

Manuel MenendezDiaz

**سەرنووسەری(گرانما) گۆڤاری تیئۆری حزبی کۆمونیستی کوبا**

**پرسیار: هەشت دەوڵەت خۆیان بە سەرکردەی جیهان داناوە. ئەم پڕۆسێسە تا چ ڕادەیەک دیموکراسییە؟**

**لە پاش جەنگی جیهانی دووهەمەوە، نەتەوە یەکگرتووەکان دامەزارا، ئێستا ئەو 7 دەولەتە(روسیا ناژمێردرێت)یەکیان گرتووە، خۆیان بە حکومەتی جیهانی داناوە، بەبێ ئەوەی هیچ ڕیزێک لەو بڕیارانە بگرن کە لەپاش جەنگی جیهانی دووجار بڕیاریان لەسەر دراوە. دامەزراندنی گ7 لەلایەن ئەمریکاوە دەستپێشخەریکراوە، بۆ ئەوەی کارتێکردنی سیاسی خۆی لە دنیا بەهێزتربکات. ئەم دەوڵەتانە لە1980 یەکیانگرتووە لەسەر پەیڕەوکردنی سیاسەتی لیبرالیزمی نوێ.**

**پرسیار: هیچ جیاوازییەک یا ڕەهەندێکی نوێ دەبینین لە نێوان سیاسەتی کۆلۆنیالیزمی کۆن و نوێ؟**

**وەڵام: بەڵێ، بەڵام لە پرەنسیپدا هەمان شتن. بەئاسانی هەر ئەوەیە، زەبروزەنگ بەکاردەهێنن بۆ ئەوەی فەرمانڕوایی وڵاتانیتر بکەن. ئەوەی ئەمڕۆ زۆر مەترسیدار بێت ئەوەیە، کۆمەڵگایی نیونەتەوەیی لەم بارەیەوە دەنگ هەڵنابڕێت.**

**پرسیار: گ 8 کۆنسێنتراسیونی دەسەڵاتی سەرمایەی جیهانییە. ئایا ئەو کاتە هاتووە، حزبە کۆمونیستەکانیش، بۆ نموونە ئێوە لە حزبی کۆمونیستی کوبا، هەوڵبدەن ئینتەرناسیونالیزمی کۆمونیستی سەرلەنوێ دابمەزرێتەوە؟**

**وەڵام: ئێستا زۆر باس لەم بارەیەوە دەکرێت، ڕێکخراوێکی کۆمونیستی جیهانی دابمەزرێت. ئەگەر بمانەوێت ئەمە جێبەجێبکەین، دەبێ سوودێکی زۆر لە ڕابردوو وەربگرین. بەڕای من ئینتەرناسیونالیزمی سێهەم زۆر لایەنی پۆزەتیڤی هەیە، بەڵام هەڵەیش کراوە.**

**پرسیار: تا چ ڕادەیەک ئەم بیرۆکەیە، گفتوگۆی لەسەر دەکرێت؟ لە پڕاکسیسدا چ هەنگاوێکی عەمەلی نراوە؟**

**وەڵام: گفتوگۆ و سمینارگێڕانێکی زۆر لەم بارەیەوە دەکرێت، زۆر لەو حزب و گروپانە دەناسم کە بۆ ئەم مەسەلەیە کاردەکەن. سەرەڕای ئەوەش ئەمە ئاسان نییە، زۆر سەختە، هەر لایەنێک بۆچوونی تری هەیە، لە نێو چەپەکاندا جیاوازییەکی زۆر هەیە. ئەوەی بە گرنگی دەزانم، ئەوەیە، ئێمە دەبێ لەسەر خاڵە سەرەکییەکان یەکبگرینەوە.**

**پرسیار: ناکریت لەبارەی ئەم خاڵە هاوبەشانە، دابمەزرێتەوە؟**

**وەڵام: هەڵبەت، دەتوانین، ئایا لەم بارەیەوە یەکدەگرین؟ چونکە لێرەشدا بۆچوونی جیاواز هەیە، بەڵام چەندین گرفت ڕووبەڕووی هەموو دنیا بووەتەوە. دەبی ئێمە پێکەوە کاربکەین، بۆ نموونە لە دژی سیاسەتی لیبرالیزمی نوێ. ئەم پڕۆسەیە ئەوەندە کلۆباڵە، تەنها کۆمونیستەکان یەکناخەن، بەڵکو هێزەکانی تریش.**

پرسیار: له کۆبوونەوەی ساڵانەی حزبی کاری بەلژیکا، (لولا)ی بەرازیل پێشنیار دەکرد، هەموو کۆمونیست، ئەنتی ئیمپریالیست و چەپەکان له دنیا پێکەوە کار بکەن. پێش چەند ساڵێک له کۆریای باکوریش هەوڵێکی وا درا، بەڵام کوبا ئەم جۆرە هەنگاوەی نەناوە؟
وەڵام: کوبییەکان لەم بارەیەوە دیسکسیون و دیباتی زۆر دەکەن، پێشی دوو ساڵ کۆنفرانسێکی جیهانیمان ڕێکخست بۆ ئەوەی گفتوگۆ له بارەی پەرەسپێکتیڤی سۆسیالیزم بکەین. خاڵی یەکەم ئەوە بوو، داخۆ سۆسیالیزم دەتوانێت ببێت بە ڕێگایەک یا نا. بە گوێرەی زانیارییەکانم دیباتەیەکی زۆر هەیە لەم بارەیەوە له هەموو جیهان.

پرسیار: ئەمڕۆ زۆر لەبارەی جەنگ له دژی تیرۆریزم دەدوێن. هیچ جیاوازییەک له نێوان جەنگ و تیرۆر دەبینن؟
وەڵام: گرفتەکە له پێناسەکردنی تیرۆریزمە. ئەمڕۆ زۆر باسی تیرۆریزمی دەوڵەتی دەکرێت. ئەوەی ئەمریکا له دژی عیراق دەیکات، تیرۆریزمی دەوڵەتییە، ئەمریکا ئەو مافە بەخۆی دەدات بۆ وەاَتان مارش بکات، بۆردومانیان بکات و ئەوەی بیانەوێت بیکەن، ئەمە تیرۆریزمی دەوڵەتییە. زاراوەی تیرۆری دەوڵەتی دەربڕینێکە بۆ جەنگ.
پرسیار: 500ساڵە مێژووی جەنگ، کۆمەڵکوژی و کویلایەتیە له ئاستی دنیا. ئایا کۆمونیست و چەپەکانی ئەمریکای لاتین ئێستا لەم بارەیەوە چی دەڵێن؟
وەڵام: نەک تەنها کۆمونیستەکان یا چەپەکان، هەموو خەڵک له وڵاتەکانی ئەمریکای لاتین، له دژی بەرخوردی ئەمریکان. بۆ نموونە سیاسەتیان له دژی ساندنیستەکان له نیکاراگوا و دژی وڵاتەکانیتر.
پرسیار: چۆن خەباتی ئەنتی ئیمپریالیزم له ئۆروپا وەک سێنتەری دڕندایەتی، دەبینن؟ چ بکەن باشە؟ ئەمڕۆ چ ئەرکێکیان له سەرە؟
وەڵام: ئەمریکا سێنتەری دڕندایەتییە نەک ئۆروپا. گرفتە گەورەکە ئەوەیە، خاوەن سەرمایە زلهێزەکان له ئەمریکادان و خاوەن سەرمایە ئۆروپییەکان له پشتی واندا، ڕاوەستاون. من لەو بڕوایەدام، ئەمڕۆ دوژمنی سەرەکی مرۆڤایەتی، ئیمپریالیزمی ئەمریکای باکورە. له نێوان ئیمپریالیزمی ئەمریکی و ئۆروپی ناکۆکی هەیە، و(یابانیش!) ئێمە هەوڵدەدەین سوود لەم ناکۆکییە وەربگرین. هەندێ جار، خەڵکی وا هەن لەمە تێناگەن، چونکە وا دەیهێننە پێشچاو وەک بڵێی کوبا پشتگیری له سیاسەتی دەوڵەتە ئۆروپییەکان دەکات. له نێو ئەم ناکۆکییانەدا کوبایش زۆر دابراوکراوە، ناچارکراون سوود لەم ناکۆکییانە وەربگرین. بۆ نموونە ئێمە پشتگیری له ئۆیرۆ ناکەین لەبەر ئەوەی دراویکی(سەرمایە)یەکی بەهێزە، بەڵکو وەک ئامرازێک له دژی دۆلاری هێزدار کە دەسەڵاتی بەسەر دنیای گرتووە.
پرسیار: ئێمە نابێ له هیزو ڕۆڵی ئۆروپا و سیاسەتەکانی بە سەرکردایەتی ئەلمانیا کەم بکەینەوە. ئەمانیش مەترسییەکی گەورە پێکدەهێنن. ئەوەی دەیڵێن زۆر مەترسیدارە، چونکە پەیوەندی بە ئەنتی ئەمریکانیزمەوە هەیە.
وەڵام: وایە، ڕاستدەکەیت.
(بۆ نموونە شەرکەتە گازەکان و بیولۆگییەکانی پشتگیریان له عیراق کرد. هەموو چەکە ستراتیژییەکانی عیراق لەسەریان نووسراوە: له ئەلمانیا درووستکراوە).
پرسیار: ئەگەر دوو جەردە له دژی یەکتر بجەنگێن، ئێمە(بۆ نموونە) وەک خەڵکی عیراق و کوبا له کوێ ڕاوەستین؟
وەڵام: کە یەکێک له دژی زەبروزەنگی ئەمریکا و بریتانیا له دژی عیراق هەڵویست وەردەگرێت، مانای ئەوە نییە پشتگیری له سەددام دەکات. له هەموو گرنگتر ئەوەیە لەم پرۆتێستەدا، له دژی دەستدرێژی ئەمریکا و بریتانیا ڕاوەستین. ئەمەش هەلێکە بۆ ئەوەی چەپەکانیش یەک بگرن.
(درووستە، ئەگەر هاوپشتی له گەڵ خەڵکی چەوساوەی عیراق بکرێت. بە پێچەوانەوە، ئەگەر تەنها له دژی دەستدرێژەکەیان بێت، لەلایەن ڕاگەیاندنەکانی ڕژێمی عیراق سوودی لێ وەردەگیرێت).
مانوێل: ئێمە وەک حزبی شیوعی کوبی پشتگیری له هێزە چەپەکانی عیراق دەکەین. بەڵام له ئاستی حکومەتی پەیوەندی دیپلۆماتیمان هەیە، وەک پەیوەندی دیپلۆماتی له گەڵ ئەلمانیا، ئەمە مانای ئەوە نیە ئێمە پشتگیری له ئەلمانیا یا هەر دەوڵەتێکی تر دەکەین.

پرسیار: له ژێر بارودۆخی سەختی ئێستای کوبا، دوژمنای شورشی کوبی تا چ ئەندازەیەک توانیویانە سوود لەم بارودۆخە وەربگرن؟
وەڵام: هیچ بەختێکیان نییە، ئەوانە بە ئەمریکاوە گرێدراون و زیاتر له ئەمریکادا هەن. بۆ کوبا، هیچ ریئالیتێتێک نییە تەنها سۆسیالیزم نەبێت، ئەگەر ئەمە نەبێت، دەبین بە کۆلونییەکی ئەمریکی.
پرسیار: له سیمینارەکەی دوێنێ وتت کە له دوورترین دێهاتەکانی کوبادا، قوتابخانەکان کۆمپیوتەریان هەیە؟

وەڵام: ئەمە بەرنامەیەکە ئێستا جێبەجێ دەکرێ. لە هەر سنفێک بەرنامەی تەلەفزیونی بۆ فێربوون دابینکراوە. ئەگەر ژمارەکەم بەدرووستی بەبیر بێت، لە1600قوتابخانە پەیڕەو دەکرێت. ئێستا ناتوانین بۆ دێهاتە دوورەکان کۆمپیوتەر دانێین، ئەمە زۆر گرانە. لە قوتابخانەکانی دێهاتە دوورەکان، ئەو تەلەفزیونانە بە هێزی کارەبای سولاریوم بەکاردەهێنرێن. قوتابخانەی بچوک(4-5)قوتابی هەیە، بەڵام ئەو بەرنامەی فێربوونەیان بۆ دابینکراوە.

پرسیار: کوبا زۆر هەژارە، چۆن پێتاندەکرێت، بەرنامەی وا جێبەجێ بکەن؟ ئایا سوود لە هاریکاری جیهانی وەردەگرن؟

وەڵام: هەڵبەت هاریکاری نیونەتەوەیی هەیە، بەڵام ئەم بەرنامەیە حکومەتی کوبا پێهەڵدەستێت. لە بەرنامەی دارایی دەوڵەت، زیاتر لە 35% بۆ بواری فێربوون خەرجدەکرێت. ئێمە بیر لە خزمەتکردن و پەرەپێدانی هەمە لایەنەی مرۆڤ دەکەین، نەک قازانجی بازاڕ!(تێبینی: ئەم بەرنامەیە ناوی (زانکۆ بۆ هەموو)ە، ملیونان کوبی بەشداری لەم بەرنامەیە دەکەن. لە 10/29ساڵێک بەسەر ئەم بەرنامەیە تێپەڕی. کاسترۆ لەم بارەیەوە وتی: ئەمە گەورەترین زانکۆی وڵاتەکەمانە...نوێترین تاقیکردنەوەیە لە جیهانی تینوێتی بۆ زانست لە سەر ئاستی جیهان-ڕۆژنامەی گرانما/ئینتەرناسیونال- کە ئەم هەواڵەم خوێندەوە زۆر بەزەییم بە خۆم هاتەوە، چونکە پێشی پتر لە دوو ساڵ، هەمان ئەم پێشنیارە کرد، بەڵام کێ گوێی لە پێشاری وا دەگرێ!! )
ئێستا بە هۆی قەیرانی چەند ساڵی ڕابردوو، لاوان پاش تەواوبوونی خوێندنەکەیان بێکار دەبن. ئێستا حکومەت بەرنامەیەکی تری هەیە بۆ پەرەپێدان بە زانینی ئەو لاوانە. ئەوە ناکۆکییەکە کە لە وڵاتێکی سۆسیالیستی بێکاری هەیە، گرفتەکە ئەوەیە توانای ئابووریمان نییە، سەرمایەگوزاری بکرێت بۆ ڕەخساندنی بواری کارکردن، بۆیە ناچارین سەرمایەکوزاری دەرەکی قبووڵ بکەین، وەک قوناغێک بۆ رزگاربوونمان لەم بارودۆخەو بۆ ئەوەی پیشەسازیمان تازە بکەینەوەو بواری کارکردن بۆ لاوەکان خۆش بکەین، لاوەکانمان فێری تەکنەلۆژیای نوێ دەکەین. لەمەدا یاساکانی ئابووری بازاڕی ئازادی پەیڕەو ناکەین.
پرسیار: پاش ئەوەی نەختێک سنوورتان بۆ سەرمایەگوزاری دەرەکی کردەوە، ڕێژەی ئەو سەرمایەیە لە چ ئاستێکدا بوو؟
وەڵام: ئەوەندە نەبوو. بە پلەی یەکەم لەبواری هوتێلەکان بەکارهێنران. پرۆژەی هوتێلەکان موڵکی دەوڵەتییە، ئەو سەرمایانە تەنها لەبواری بەڕێوبردنی هوتێلەکان بەکاردەهێنران. لە ساڵی ڕابردوودا، لەلایەن شەرکەتێکی فەرەنسی، کارگەیەکی بەرهەمهێنانی کارەبا بە گاز دامەزرا، بەڵام بەپێی ڕێککەوتنەکەمان، پاش 7ساڵ دەبێت بە موڵکی دەوڵەت. ڕێکەوتنی جۆراوجۆر دەکەین. ئێستا لە گەڵ 400 خاوەن سەرمایەدار ڕێکەوتنمان هەیە.
دوا پرسیار: وەک بیرمەندێکی کۆمونیست پێشنیاری تۆ چییە لەبەرامبەر سیاسەتی باڵادەستی ئەمڕۆی جیهان؟
وەڵام: ئەمڕۆ کۆنکرێت لەبارەی جەنگ لە ئەفغانستان، دەبێ مرۆڤەکان بەخۆیان هوشیار بن بەوەی کە ئەم جەنگە بە هیچ نامانگەیەنێت. گەیشتنمان بە ئاشتی لەم ناوچەیە، مانای ئەوە نییە، هەموو گرفتەکان چارەسەردەکرێن. ئەمڕۆ گرنگ ئەوەیە ئەو جۆرە ستراتیژییەی ئەمریکا نەهێڵین سەربکەوێت. لەو بڕوایەدام ئەم جەنگەی ئێستا هەیە لە ئەفغانستان تەنها تاقیکردنەوەیەکی ئەمریکییە و درێژەی دەبێت و بۆ ئەوەیە بزانن چ ئیمکاناتێک هەیە ببن بە تاقە دەسەڵات لە جیهان.
زۆر سوپاستان دەکەم هەروا زۆر سوپاسی زابینە دەکەم کە گفتوگۆکەی لە ئەسپانییەوە بۆ ئەلمانی وەرگێڕا.
2001/11/14

## گفتوگۆ لەگەل ژینگەپارێزەری ئەمریکی
## (Robert Kennedy)❊

لە بارەی ڕێککەوتنی(Kyoto)

گێراڵد بارس: بەڕێزتان چی دەڵێن لەبارەی حکومەتی ئێستای ئەمریکا کە کەمترین نیازی پیشان نەدا بۆ ئیمزاکردنی ڕێککەوتننامەی (کیوتۆ) ؟

ڕۆبێرت کێنەدی: بەراستی ئەمە ڕۆژێکی خەمناکە بۆ وەڵاتەکەمان و هەموو جیهان، چونکە ئەمریکا گەورەترین ژینگەپیسکەرە. کەواتە ئێمە گەرەترین بەرپرسیارییەتیمان لە ئەستۆدایە بۆ چارەسەکردنی کێشەی گەرمبوونی گلوبال. بەداخەوە ئێمە سەرۆکێکمان هەیە، بەتەواوەتی لەلایەن پیشەسازی نەوت و ئاسن کۆنتڕۆڵ دەکرێ. هەر ئەمانە بدترین پیسکەری ژینگەی ئەمریکان-ئەم کەرتی پیشەسازییە100ملیون دۆلاریان بۆ هەڵبژاردنی حزبی کۆمارییەکان، پێشکەشکرد؛ 48ملیون دۆلار لە هەڵبژاردنەکەی ساڵی2000 وپاشان، بۆ جاری دووهەم58ملیون دۆرلار.

ئێستا سەرۆک، بەوە سوپاسیان دەکا کە بەتایبەتی لۆبی پیشەسازی وزە بۆ فەرمانبەرایەتی حکومەت دەهێنێ کە لە راستیدا دەبێ بەرپرسیاری پاراستنی ژینگەی ئەمریکییەکان بن. هەروا باشترین چاکە کە سەرۆک بۆ ئەو کەسانە بیکات، ئەوەیە، لە ئەرکە سەرەتاییەکان لە(کیوتۆ) پاشکەزببێتەوە. بەڕاستی ئەمە خراپترین هەنگاوی کۆشکی سپییە.

گێرڵد بارس: لەلایەکی ترەوە، لۆبیەکان بەشێوەیەک بەڵگە دەهێننەوە کە کەورەترین زیان بە ئابووری ئەمریکا دەگات، ئەگەر بەدوای ڕێککەوتنی(کیوتۆ)بکەون.

ڕۆبێرت کێنێدی: ئەم مەترسییە لەلایەن پیشەسازە ئەوپەڕی قسەی قۆڕە، چونکە باشترین شت بۆ ئابووری ئەوەیە، هوشیاری وزەیان هەبێ و ئەمریکا دەتوانێ بەمە بەرهەمهێنەرتر بێت. ئێمە چیتر پێویستیمان نییە ئەوەندە پابەند بین بە نەوتی دەرەکی! نەک تەنها لەبەر ئەوەی بە ئامانجەکانی(کیوتۆ)بگەین، بەڵکو بۆ ئەوەیش لە جەنگی300ملیارد گرانبەهای عیراقیش بەکنار بێین.

گێرڵد بارس: من وەک چاودێرێکی کۆمەڵگەی ئەمریکی ئەو هەستەم هەیە کە مرۆڤەکان لێرە، لەوانەیە بستێکیش لەپێشی حکومەتەکەیانەوە بن...

ڕۆبێرت کێنێدی: ئاخ، ئەزانی چی، کێشەکە لە وەڵاتەکەماندا، میدیایە. میدیاکان لەلاین باڵی راسترەو شەرکەتە زلهێزەکانەوە بەوپەڕی شێوە، سانسوور دەکرێ. زۆربەی ئەمریکییەکان لە ڕێگای کەناڵە تەلەفزیونییەکانی هەواڵەکانەوە، زانیاری وەردەگرن- ئەمەش بە شێوەیەکی سەرەکی،(Fox News)ە کە لەلایەن پیشەسازە راستەڕەوەکانەوە سانسوور دەکرێ-. بەرنامە رادیووەکانیش هەمان شتن،99%ی هەموو کەناڵەکان، لە ژێر دەسەڵاتی راستڕەوەکانە. پیشەسازی ژینگە زیانبەخشەکان و خاوەن شەرکەتە راسترەوەکاندا، ڕێکوڕەوان زەواجێکی یاساییان کردووەو دەسەڵاتیان بەسەر فیزیکی ئەمریکییەکانەوە هەیە. بە ئاسانی دەڵێم، هەواڵەکان لەبارەی (کیوتۆ)، بەخش ناکرێ. تەنانەت نیوەی ئەمریکییەکان، واتە نزیک بە47% پێیان وایە، گەرمبوونی جیهانی، مەسەلەیەک نییە، بە جیدی وەریگرن.  بۆچی ئەوانە بەو شێوەیە بیردەکەنەوە؟ بەڕوونی، چونکە پیشەسازی100ملیون دۆلاری بۆ کەمپینی گرانبەهای پروپاگەندە خەرجکرد تا بروا بە ئەمریکییەکان بهێنن. بەداخەوە ئێمە میدیایەکی ئەڵتەرناتیڤمان نییە تا بیروبۆچوونی دیموکراتخوازەکان یان دەنگە دەرەکییەکان بەخشبکەن. ئەم دەنگانە لە تەلەفزیونی ئەمریکی گپ دەکرێنەوە.

**ئێوە لەو بڕوایەدا نین کە ئەمریکییەکان لە داهاتوودا بەدوای ئیمزاکەرانی(کۆیوتا)دەکەون؟**

**ڕۆبێرت کینێدی: گەورەترین کێشە-جارێکی تر دیڵێمەوە-ئەوەیە کە ئەمریکا چیتر میدیایەکی سەربەخۆی نییە. میدیاکانمان لە لایەن ژینگەپیسکەرو ڕاستڕەوە فەناتیکەکانەوە سانسوور دەکرێن و ڕێک ئەمە هەمان ئەو یەکێتییەیە کە لە نێوان پیشەسازی و ڕاستڕەوە فەناتیکەکانەوە هەبوو لە ئەڵمانیا لە ساڵانی1920 کە لە دواییدا بە هاتنی فاشیزم کۆتایی پێهات.**
**فاشیزم بە بۆچوونی بینیتو مۆسۆلۆنی، تێکئاڵاْبوونی دەوڵەت و دەسەڵاتی شەرکەتە زلهێزەکانە. کۆمۆنیزم کۆنترۆڵکردنی کرێکارانە لەلایەن حکومەتەوە. فاشیزم کۆنترۆڵکردنی حکومەتە لەلایەن خاوەن کارەکانەوە. ئێمە دەبێ بە پەتێکی بارێک لە نێوانیان تێپەڕین: بازاڕی ئازاد و دیموکراسی. بەڵام ئێمە لە ئەمریکا چیتر بازاڕی ئازادمان نییە. ئێمە ئابووری سەرمایەداری شەرکەتە زلهێزە هاوبەرژەوەندییەکانمان هەیە. ئەمە لە گەڵ دیموکراسیدا، ناکۆکە. لە ڕاستیدا دەتوانم بڵێم، قودرەتی بەرهەمهێنان و خۆشگوزەرانی لە ئەمریکا نزیکە بەوەی وەک نیجریا.....**

- **کوڕی وەزیری دادوەری ئەمریکایە کە لە ڕابردوودا کوژرا.**
- **تێبینی: ئەمیش سەر بە حزبەکەی(کیری)یە کە ئەفسەری سووپای ئەمریکی بووە لە ڤێتنام. ئەمانیش زۆر لە بوش باشتر نین، بەڵام بە باشم زانی هۆی ئیمزانەکردنی ئەمریکا بۆ ئەو پەیماننامەیە، لەلایەن شارەزایەکی ئەمریکی ئەو بوارە کە کۆمونیستیش نییە، ڕوون بکرێتەوە ! ئاشکرایە(ڕۆبێرت کینێدی)یش دژە شیوعییەتە...**
- **گێرهارد بارس، پەیامنێری کەناڵی تەلەفزیونی(ARD)ی ئەلمانیایە لە ئەمریکا.**

## گفتوگۆ لەگەڵ(Nora Castro)
## سەرۆکی پەرلەمانی ئۆروگوای و نوێنەری(بزووتنەوە لەپێناو بەشداری گەل-MPP-)

**پرسیار: لە سەرەتای ئەم مانگەوە، لە ئۆرگوای، چەپی-ناوەڕاست بۆ یەکەم جارە لە مێژووی کۆمارەکە، حوکمڕانی دەکات. ئێوە، پێکەوە لە گەڵ ئەندامانی تری حکومەتە نوێیەکە، بۆ دەسەڵاتدارییەتی، لەم مارشی سەربازییە ئاساییە، بەشداریتان کرد. لەوێڕا لە بەرامبەر سەربازی لەشکرێک ڕاوەستان کە ئێوە لە 1973-1985، لە دژیاندا، خەباتتان کرد. ئێوە چۆن ئەو ساتەوەختەتان بەسەر برد؟**

**وەڵام: من لەو بڕوایەم کە بۆ هەر یەک لە ئەندامانی یەکێتی هەڵبژاردنەکەی( فرێنتا ئەمپیلیو) کە بەرەیەکی بەرفراوانە، ساتەوەختێکی هەست بزوێنەر بوو کاتێ سەربازەکان بە بەردەممانەوە تێدەپەڕین و بە تایبەتی بۆ ئێمە وەک نوێنەرانی حزبە چەپەکان. هەڵبەت هەموو یادوەرییەکان بە بیردێنەوەو وەک کورتە فیلمێک دێنەبەرچاو و مرۆڤ بیری هەموو ئەوانە دەکاتەوە کە بە خەبات و قوربانییەکانیاندا ئەم توانایە بۆ ئێمەیان ڕەخساند، ئیمڕۆ بەم پلەوپایەیە بگەین. منیش هەمان هەستم هەبوو وەک خوسێ موجیکا(ڕابەری پێشووی تۆپاماڕۆس).**

**پرسیار: ئێوە وەک کەسایەتییەک خەباتێکی تریش لە ئەستۆ گرتووە، مەبەستمان خەباتی ژنانە. ئێوە تەنها سیاسەتمەدارێکی چەپ نیین، بەڵکو یەکەم ژنن کە سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەن.**

وەڵام: بێگومان، بۆ پەرەسەندنی کۆمەڵگا لە ئۆروگوای، مەسەلەیەکی زۆر بایەخدارە کە ژنێک بەم پلەوپایە سیاسییە گەیشتووە. ئەم سەرئەنجامە تەنها بە کۆششی من نەهاتووەتە کایەوە، بەڵکو بە کۆششی گشت بزووتنەوەی ژنان. بڕوانن من لە سەندیکا و بزووتنەوەی گەڕەگەکانی شارەوە دێم. لە چوارچێوەی ئەم کارانە دەبوو ببینم چۆن دیموکراسی پەیڕەدەکرێ، بەڵام چەوسانەوەو ژێردەستیش دەکرا. 52%دانیشتوانی ئۆرگوای لە ژنان پێکهاتووە، بەڵام بەشێکی ئێجگار زۆر کەم کاری بەڕێوەبەرایەتی سیاسییان بەرکەوت. لە بزووتنەوەی چەپدا دیمەنەکە هەمیشە تۆزێک پۆزەتیف بووە. هەر بۆیە گەشبینم لەوەی کە ئێمە ئێستا بە شێوەیەکی فەرمی، دەتوانین نەختێک گۆڕانکاری بکەین.

پرسیار: بۆ نموونە، لە پەیوەست بە گفتوگۆکان لەبارەی منداڵ لەباربردن؟

وەڵام: ئێمە پشتیوانی لە پرۆژەیەکی یاسایی گونجاو دەکەین کە دەبێ منداڵ لەباربردن تا12هەفتەی حاملەبوون، یاسایی بکرێت. ئێمە ئەو یاسایە بە زووترین کات بە پەرلەمان پێشکەش دەکەین.

پرسیار: چەند لێکۆڵەرێک، سەرنەکەوتنی حکومەتی(فرێنت ئەمپلیو)یان پێشبینی کردووە، چونکە حکومەتی(ناوەڕاستی-چەپ)یش دەبێ تایبەتمەندییەکانی سەندووقی دراوی جیهانی جێبەجێ بکەن.

وەڵام: پرسیاری ئەرکەکانی قەرزبارکردن لەگەڵ خۆگونجاندنی ناوچەیی بەشێوەیەکی بەرتەسک بە یەکەوە بەستراونەتەوە. سەرۆکی ئەرژەنتین(نێستۆر کیرشنە) بەم شێوەیە ئەم کێشەیە، دەربڕی: (مردووکان پووڵ نادەنەوە). منیش لەو باوەڕەم کە بەرژەوەندی دەزگاکانی دراوی جیهانی خۆیشیان لەوەدایە، ئابوورییەکەمان گەرەنتی پەرەسەندنێکی پۆزەتیفی هەبێ تا قەرزەکانیان پێ بدرێتەوە. هەر لەم هۆیە، ئێمە پشتیوانی لە رێککەوتننامەی بازرگانی ئەمریکای خواروو(mercosur) دەکەین کە لە1991وە لەناویدا ئەندامین. لەو ماوەیەدا، تاقیکردنەوەیەکی باش کرا. لەپاڵ خۆگونجاندنی ئابوورییەوە، بەشداربوونی هاودەنگی دەوڵەتانی ئەندامیش، بەشێکە لە گفتوگۆکان لەبارەی کێشەی قەرزەکان. نوێترین پەیماننامە>>نەوت لەبەرامبەر خۆراک<<ە کە ئێمە راستەوخۆ پاش هاتنە سەر دەسەڵات، لەگەڵ حکومەتی پۆلیڤاری لە فەنزەویلا ئیمزامان کرد. ئەمەش نموونەیەکی تر بوو.

پرسیار: ئێوە چ پێشبینییەک دەکەن لە بارەی پەیوەندی لە گەڵ دەزگاکانی دراوی جیهانی: رووبەڕوو بوونەوە یان گفتوگۆکردن؟

وەڵام: ئێمە لەگەڵ سەندووقی دراوی جیهانی گفتوگۆ دەکەین.

پرسیار: لەسەر ئاستی سیاسەتی ئاسایشدا، ئەمریکا فشار بەکار دەهێنێ بۆ ئەوەی ئەمریکای لاتینیش، لە>>خەبات دژ تیرۆریزم<<غار بدا. ئێوە چۆن مامەڵە دەکەن؟

وەڵام: هەڵبەت ئێمە لە دژی گشت جۆرە تیرۆرزمێک، رادەوەستین و سەرۆک(فازکویز)یش لە ووتارەکەیدا بە بۆنەی بوونی بە سەرۆک کۆمار، بە روونی ئەوەی دەربڕی. ئەوەی پەیوەندی بە تیرۆریزمی مادە گێژکەرەکانەوە هەیە، دەبێ پرسیاری پێناسەکردنەکەی روون بکرێتەوە.

ئەم گفتوگۆیە لەلایەن نانسی کارین، زولیما لوسێرا لە مۆنتیڤیدیو سازراوەو لە رۆژنامەی(یونگە ڤێلت، 29.3.2005)بڵاوکراوەتەوە.

گفتوگۆیەک لە گەڵ پرۆفیسۆر(Rex O Fahey)کە خاوەن چەندین کتێبە لەبارەی سودان و زانای مێژووی ئەفریقایە لە زانکۆی(Bergen)لە نەرویژ و ماوەیەک زۆر لە دارفۆس ژیاوە.

پرسیار: ئێوە رەخنە لە چۆنێتی پیشاندانی کێشەی دارفۆس دەگرن لە میدیاکانی رۆژئاوا.

وەڵام: لەلانی کەمەوە، بەدحاڵیبوونێک هەیە لە بارەی دارفۆس و لێدوان لە کێشەیەک بکرێ کە لەنێوان عەرەبە رەشپێستە ئەفریقییەکان هەیە. واقیعی ئەتنی و سیاسی لە سودان زۆر ئاڵۆزترە. هەڵبەت ئیمڕۆ خاوەن مەڕوماڵاتە کۆچبەرەکان لەگەل جووتیارە جێگیربووەکان، لە دژی یەکتر دەجەنگن. تێکەڵاوییەکی زۆر لە نێوان هەردوولایان بووەو سترۆکتوری نەریتی چارەسەرکردنی کێشەکانیش هەیە، بەڵام دینامیکی رەگەزپەرەستی و بکوژانە کە ئێستا دەیبینین، نوێیە. من ناوی ئەمە دەنێم، بە سیاسەتکردنی ئەتنی.

پرسیار: بۆچی شیرازەی سترکتۆری ئەم نەریتە پچڕا؟

وەڵام: بۆ ئەوەی لەو بەسیاسەتکردنە تێبگەین، دەبێ لەو ژێرخانە ئیکۆلۆگییە، تێبگەین. هەر لە ووشکایەتییەکەی ساڵی هەشتاکانەوە، بەرفراوانبوونی بیابان و هەوڵ وکۆشش بۆ دابەشکردنی کەرەستە خاوە کەمەکانی وڵاتەکە، سەختتر بووە. جاران مرۆڤ لە پێناو ئاو و مافی لەوەڕگە خەباتی دەکردو پاشان چەک هاتە وڵاتەکەوە. کاتێ من بۆ یەکەمجار لە 1968، گەیشتمە دافور، دەقاودەق تەنها یەک چەک هەبوو، ئەوەش چەکەکەی من بوو کە بۆ بڵاوەپێکردن بە مەیمونەکانی ناو کێڵگەکان، بەکارمدەهێنا. لەوێ تەنها یەک شەقام هەبوو، لەبیرتان نەچێ، پانتایی دارفۆر بەقەت فەرەنسایە. لەوێدا، بێجگە لە جەنگ و دەرکردنی زۆرەملی، بەڵای ئیکۆلۆگی رۆڵی خۆی دەبینێ.
لە 1988سەرۆک وەزیرانی ئەو سەردەمە(سادیق ئەلمەهدی)بڕیاریدا، عەرەبە بیابانیشینەکان، چەکدار بکات، بۆ ئەوەی لە دژی چەکدارەکانی لەشکری ئازادی گەلی سوداندا، بجەنگن، بەڵام ئەوان چەکەکانیان لە دژی گوندنشینەکانیان بەکارهێنا. بەم شێوەیە سوارچاکەکانی جەنجەوید دروستبوون و ئیمڕۆ بە پشتیوانی حکومەتەوە، جووتیارەکانی دارفور تیرۆردەکەن. کێشە ناوچەییەکان لەگەل ئیدۆلۆژیایەکی رەگەزپەرستانە تێکەڵ بوو و تا رادەیەک دینامیکێکی خۆیی پەرەیسەند کە زەحمەتە، کۆنترۆڵ بکرێت.
پرسیار: زۆر کەس خۆشحاڵبوون بە رێکەوتنی ئاشتی. ئەو رێکەوتنە چی بۆ دارفوری پێیە؟
وەڵام: هیچ. ئەم جەنگە لایەنی زۆری هەیە، بەڵام دەبێ تێبگەن کە ئەو جەنگە لە پێناو قازانجکردنە لە نەوت فرۆشتن. ئەوە چەندین ساڵە، سودان تەنها فرۆشیاری نەوتە و ئەمە نەخۆشییەکی زۆری لە گەل خۆیدا هێنا. دوا پێشبینی بۆ ساڵی2005وای رادەگەیەنێ کە قازانجی حکومەت دەگاتە نزیکەی 3ملیارد دۆلار. رێککەوتوانی ئاشتی لە نایرۆبی لە سەرەتای ئەم مانگەدا، هەر لە ئێستاوە دەبینن کە نیوەی ئەو بڕە دراوە بۆ سودان و باکورەکەی دەڕوات. لە راستیدا ئەمە هۆی جەنگ و ئاگربەستە کاتییەکەیە. دەبێ یەکگرتنەوەو تا رادەیەک باروودۆخێکی توندوتۆڵ هەبێ تا بتوانن لە دەرکردنی نەوتەکە قازانج بکەن. گروپە چەکدارەکان لە دارفور وەک بزووتنەوەی رزگاری سودان یان بزووتنەوەی(Justic and Equlity) خەبات دەکەن بۆ شوێن و جێگایان لە سەر مێزی گفتوگۆیەکان و دەیانەوێ تێدا بەشداربن. لەلایەکی ترەوە، حکومەتی ناوەند پشتیوانی لە میلیشیا سوارچاکەکانی عەرەبزمانەکان دەکا، چونکە سەربازەکانی خۆیان ناتوانن بارودۆخی دارفور کۆنترۆڵ بکەن یان راپەڕینەکەیان، سەرکوت بکەن.
من دیمەنی ئاشتی لە دارفوردا نابینم. نێردراوی تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان(یان کوان) لە هەفتەی رابردوودا گوتی کە رێککەوتنەکە لە نێوان باکوور و باشوور دەتوانێ وەک مۆدێلێک بۆ دارفور، خزمەت بکا، بەڵام بۆ ئەوەی راستگۆ بین، من لەو بۆچوونە تێناگەم. پێکدادانەکان زۆر توندوتیژتر بوون، چونکە ئێستا حکومەت دەتوانێ لەشکرەکەی لە باشووری ئاشتییەوە، بەرەو دافور بگوێزێتەوە. هیچ یەک حیزبە گەورە دژ بە یەکەکان بەرژەوەندی ئەوەیان نییە، لە بارودۆخەکە گۆڕانکاری بەدیبێت، لەبەر ئەوەی گۆڕانکاری، مانای ئەوەش دەدا، بەرژەوەندییەکانیان سەرلەنوێ دابەشبکەنەوە.

پرسیار: دەوڵەتە دەرەکییەکان چ رۆڵێک لەم کێشەیە، دەبینن؟

وەڵام: لەم کاتەدا، یەکێتی ئەفریقا هێزێکی کەم لە ناوچەکە هەیە و دەگاتە 2000سەرباز. شانبەشانی ئەوەش، دەبێ بزانین کە سەرکردەی ناوچەیی(جەنجەوید)دەتوانێ10-15هەزار سوارچاک رێکبخا. چەکێکی زۆر و بە شێوەیەکی سەرەکی لە تشادو (لیبیا)وە بۆ ناوچەکە دەهێنرێت.

پرسیار: بۆچی تا ئێستا دەستێوەردانی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەنجام نەدراوە؟

وەڵام: لە دەرەوە هیچ بەرژەوەندییەکی راستەقینە نییە بۆ ئەوەی لە دافوردا کۆتایی بە کوشتن بهێنن. ئەمریکا و بەریتانیا بە پلەی یەکەم بایەخ بە عیراق دەدەن. چاوگەی میدیاکان رووەو رۆژهەڵاتی ناوین دەڕوانن، بەڵام وەڵاتانیتر هەن و بەرژەوەندییەکی گەورە لە دەرهێنانی نەوت هەیە، بەڵام ئەمە یەک مانای هەیە و ئەوەش خزمەتکردنە بە پەیوەندییەکی باش لە گەل حکومەتی خەرتوم. ئەمێستا، چین 8%ی نەوت لە سوودانەوە دەبا، شەرکەتە هندییەکان لە دەرهێنانی نەوت بەشدارن. لە ماوەی داهاتوودا، 10 000 سەربازی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دافور دەنێرن. ئەوەی لەم بارەیەوە، سەرنجراکێش بێ ئەوەیە کە بەشی گەورەی ئەو هێزە لە چین و هیندستانەوە داوادەکرێت. ئەوە یەکەم جارە لە مێژوو، چین ئامادەیی سەربازی هەبێ لە ئەفریقا.

پرسیار: ئەو چارەسەرە چەندە لە نێوان باکووور و باشوور هەڵدەگرێ؟

وەڵام: کاتێ من پێشی رۆژی جەژنی مەسیح(ڤایناخت)لە خەرتووم بووم، لە گەل زۆر لە نوێنەرانی حکومەت گفتوگۆم کرد. بە بڕوای من، حکومەتەکە بەڕاستی نازانێ چی دەوێ، چونکە هێڵێکی یەکگرتووی نییە. لە راستیدا، بارووذۆخەکە بە کێشەی یوگسلاڤیا دەشوبهێ. لە یەکەم تێڕوانیندا، رەهەندی ئاینی دێتە پێشچاو، چونکە زۆربەی دانیشتوان، ئیسلامن، بەڵام بۆ جەنجەوید، دوژمنەکانی ئیسلامگەلی تەواو نین.

پرسیار: چ چاوەڕوانییەکتان هەیە لە کۆبوونەکەی(UN)کە لە2005/1/25رێکدەخرێت بۆ بڕیاردان لەسەر جەنگی دافور؟

وەڵام: هیچ. بەروونی پرسیاردەکەم، ئایا ئەو کۆبوونەوەیە بەس دەکات؟

## گفتوگۆ لە گەل(P.K. Murthy)

## کاتێکردنی جیهانگیری لە سەر ژیانی زۆربەی دانیشتوانی هیندستان، چییە؟

مویرتلی لە 1960لە پاریس خوێندنی تەواوکردووە. کاتێ بۆ هیندستان دەگەڕێتەوە، بۆ ماوەی6ساڵ لە ناوچەی(ئەندرا پرادیش)وەک کرێکاری کانزاکان کاردەکات و لەوێ، سەندیکای کرێکارانی هەموو هیندستان(AIFTU)دامەزراندو ئێستا سەرۆکایەتی دەکات و لە هەمان کاتدا، ئەندامی حیزبی(CPI/ML) و بە رێگای حیزبەکەیەوە داوای پرۆسەی یەکگرتنەوەی حیزب و رێکخراوە مارکیسیست لینینیستەکان، دەکات.

پرسیار: شوێنکاری مۆدێرن بۆ هیندستان دەهێندرێت. کارتێکردنەکانیان چۆن لە سەر هیندستان أەنگی داوەتەوە؟

وەڵام: حکومەتەکەمان بۆ خەڵکی وای گێڵأیەوە کە هیندستان ئێستا لەسەر أێگای پێشکەوتنە، هیندستان، دەپشکوێت، چونکە شەرکەتەکان لە هەموو وەڵاتانی جیهانەوە، پیشەوکارەکانیان لەلای ئێمە دادەمەزرێنن؛ تەکنەلۆژیاو لە پێشیانەوە(IT)و(گال سێنتەر) لە هیندستان کاردەکەن. بەڵام ئەمە تەنها دوورگەیەک پێدەهێنن، تەنها دڵۆپێکن ناوی دەریاو هەرگیز بەدەستی جەماوەری خەڵک ناکەون. هاتنی ئەو شوێنکارانە تەنها 0,04% پێکدەهێنن لە شوێنکارکردن لە هیندستان.

بەڵێ، سەرئەنجامەکەیان زۆر گرنگن. جاران لە کەرتەکانی پیشەسازییە دەوڵەتی و تایبەتییەکان، مافە سەندیکاییەکان هەبوو، بەڵام لە کۆمپانییە نوییەکاندا، ئەم مافانە نییە. ئەوەی پێدەڵێن"جیهانگیری"، شوێنکاری نوێ درووست ناکات، بەڵکو کار لە مرۆڤەکان دەدزن. لەم ماوەیە پتر لە30 000فابریک داخرا. هەموو ئەو پیشەسازییانە کە لە دەوری پیشەسازی نوێدا هەبوون، هەموویان لەناوبران و کرێکارەکانیشی بە بێکاری مانەوە. مونۆپۆلە جیهانییەکان ئەو شوێنانە وەرگرتووەو لە هەمان کاتدا، ئەم توانایانەشیان بۆ رەخساوە: باج نادەن، باجێکی کەمتر لەسەر ئاو دەدەن و زەمینیشیان دەستکەوتووە.

بە هۆی ئەم بازارکردنەوەو لیبراڵیزمە، قەیرانی داخستنی کارگەکان-بۆ نموونە داخستنی کارگەکانی کانزاکان، چ لە شارەکان یان لە دێهاتەکان، شەپۆلێک لە بێکاری لێکەوتەوە.
لە بواری گشتوکاڵی زۆر کوژراو هەبوو. زۆربەی کێڵگەکان داخران و کرێکارەکانیان، هیچ کرێیەکیان پێنەدرا. زۆر لە جووتیارەکان نەیانتوانی قەرزەکانیان بدەنەوە، بۆیە خۆیانیان کوشت.
ئێستا، مۆنۆپۆڵە گشتوکاڵییە جیهانییەکان، بەرهەمە(جین)ییەکانیان دەکێڵن، گوایە بەریان زۆرترە، بەڵام ئەو بەرهەمانە لە گەڵ زەمینی هیندستان، ناسازێن. ئەوەی بیانکرێ، ئەوا رووەکی بێ تۆو دەکرێ. جووتیاران ناچاردەکرێن، لە دەرەوە تۆو بکڕن، چونکە چیتر بەخۆیان ناتوانن بەبەرهەمی بهێنن. ئەم حاڵەتە، پەموو، گەنم، سۆیا و برنج دەگرێتەوە. جووتیاران دەبێ بۆ کڕینی ئەو تۆوانە، قەرز وەربگرن و پێویستیان بە ئاو و پەینی_کیمیاوی- زیاتر هەیە. ئاوێکی زیاتر، واتە: پێویستی بە کارەبا، بەڵام لە لادییەکان، کارەبا نییە. ئا بەو شێوەیە، بەروبووم نییەو جووتیارانیش ناتوانن قەرزەکانیان بگەڕێننەوە.
پرسیار: بۆچی جووتیارەکان، وەکو جاران، تۆوەکانی خۆیان بەکارناهێنن؟
وەڵام: حکومەت پێکەوە لە گەل مۆنۆپۆلی گشتوگاڵی و بانقەکان کەمپینێکیان بەرێخست: ئەوی، تۆوەکانی بفرۆشێت، ئیشێکی دەستدەکەوێ. بەم شێوەیە، جووتیارەکانیان بۆ کەمپینەکە، راکێشا. ئاشکرایە، ئەگەر یەکێک بۆ جارێکیش بکەوێتە ناو ئاشی قەرزاری و بێ تۆویی، چیتر ناتوانێ لێی دەربچێت.
(ئەمە کورتەیەکی گفتوگۆکەیە کە لە سایتی ترێند-ئۆنلاین، بڵاوکراوەتەوە، ئەمانیش لە رۆژنامەی رۆتە فانە، رۆژی 24.3.2005 وەریانگرتووە.)

## گفتوگۆ لە گەل ئابووریناس و یەکێک لە دامەزرێنەرانی(ئاتاش)
## (Alberto Comercio)

پرسیار: لە2005/4/18 لە(لیما)، نۆهەم گفتوگۆ سازدەدرێت لە بارەی رێککەوتننامەی بازاڕی ئازاد <Tratado de Libro Comercio-TLC>لە نێوان وڵاتانی ئەندان، واتە(بۆلیڤیا، ئۆکوادۆر و پیرۆ-) و ئەمریکا. ئێستا بارودۆخە لە چ ئاستدایە؟

وەڵام: من لەو باوەڕەم، لە سەرەتاوە، ئەمریکا مەرجەکانی خۆی بەڕوونی دیاریکردووە. یەکەمجار وتیان>>ئێمە گفتوگۆی پەیمانی بازرگانی ئازاد لە وڵاتانی ئەندن، دەکەین، بەڵام نەک لە بارەی کۆمەکە کشتوکاڵییەکەمان.<< لەم بارەیەوە، خێرا روون بووەوە کە ئەمریکا سیاسەتی باجوەرگرتنی ناوچەیی وڵاتانی ئەندن، رەتدەکەنەوە. ئەو جۆرە سیاسەتی باجوەرگرتنە، نرخی هێنانی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان بە رێگای باجی گۆڕاوەوە، بە تۆکمەیی رادەگری. دووهەم، ئەمریکا هەر لە سەرەتاوە وتی، هەموو ئەو بەرهەمانە کە تا ئێستا بە باجی تایبەتەوە بۆ بازاڕەکانی ئەمریکا نێردراون، دەبێ سەرلەنوێ گفتوگۆی لەسەر بکرێ. ئەمە بۆ هێرشبردن بەکاردەهێنرێت تا لەبوارەکانیتر، فشار بهێنن.
ئەمریکا پەڕەی کاربۆن بۆ پەیماننامەی بازاڕی ئازاد ئامادەکردووە، چونکە زنجیرەیەکی نوێ لەم شێوە پەیماننامەیە هەیە وەک لە گەل سینغافورە، مەغریب، مەکسیکۆ، ئەمریکای ناوەند یان شیلی. بە ئێمە دەگوترێ، ئێوە ئازادن-بەڵێ، ئازادی ئێمە تەنها لەوەیە، بڕیاربدەین لەسەر ئەوەی، چۆن ساقۆ بەزۆرەملییەوە، لەبەر بکەین.

بەڵام سیاسەتی ئەمریکی، تاقە بەدکاری نییە، بەڵکو ئەویشە کە وەڵاتانی(ئەندن)، سیاسەتی تایبەتی خۆیان بەرپاناکەن. ئەوانەی گفتوگۆ بۆ ئەکوادۆر بەڕێوەدەبەن، حەز دەکەن بە ئەسپانی قسەبکەن، بەڵام ئەنگلیزییانە بیردەکەنەوە. وەزیری ئابووری(ئیڤونا باکی) ئەڵێی بەڕێوەبەری چەپڵەلێدانی تیپی ئەمریکایە. ئەوەندە بڕوای بە بازاڕی ئازاد هەیە، نوێنەرایەتی بەرژەوەندی ئۆکوادۆر ناکات.

پرسیار: کێ دەبێتە براوە؟

وەڵام: بە بڕوای من، براوەکان بە ڕوونی دیاریدەکرێن: ئیکسپۆرتکەران، ئەوانەی بە پیری ئازادی باجی وڵاتانی(ئەندن)ەوە هاتن؛ هەموو کاڵاهێنەران کە نوێنەرایەتی کۆمپانییەکانی ئەمریکا دەکەن؛ ئەو ئۆکوادۆریانە کە لە سەرمایەگوزاری ئەمریکی، قازانج دەکەن و لە ئاستی سەرمایەگوزارە ئۆکوادۆرییەکان، باشتر مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێ؛ بانقەکان و گروپە نیولیبراڵە-ئەرتەدۆکسەکان کە لەناو ڕێککەوتننامەی بازرگانی ئازاددا، شێوەیەکی سەنگ قورس لەناو وەڵاتەکە، بۆ نیولیبراڵەکان دەبینن.

پرسیار: دۆڕاوەکان کێن؟

وەڵام: پێش ماوەیەکی کورت، دیکومەنتێکی نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆمسیونی ناوچەیی ئابووری(CEPAL)، بە ڕوونی نووسراوە کە ئابووری ئاژەڵەوانی و کشتوکاڵی ئۆکوادۆری، زەرەر دەبینن و لە پێشەوەشیان، کەرتی جووتیارە بچووکەکان. کارگە بچووک و ناوەندەکانی ناو شارەکانیش زەرەرمەند دەبن. لەگەڵ بازرگانی ئازادەوە، قۆناغێکی نوێ دەستی پێناکات، بە پێچەوانەوە، کەرتێک دادەخات. ئێمە دەمێکە لە ژێر لۆژیکی بازاڕی ئازاد دەژین- تەدبیری سترکتوری خۆگونجاندن و چۆنییەتی پەیڕەوکردنی بەرنامەکانی سەندووقی دراوی جیهانی-وئێستا نیولیبراڵیزم بەبێ گومان، بە دەزگا دەکرێ.

پرسیار: ئەگەر لە داوییدا بڕیار لەسەر ڕێککەوتننامەکە بدرێ، پەرلەمانیش دەبێ ئیمزای بکات، لەهەمان کاتیشدا، ریفرەندوم لەبارەی ئەو ڕێککەوتننامەیە دەکرێ. پرۆتێستەکان لە ئۆکوادۆر چ تێڕوانینێکیان بۆ پاشەڕۆژ هەیە؟

وەڵام: من توانای جۆراوجۆر دەبینم بۆ ڕاگرتنی ڕێککەوتننامەکە. یەکەم، دەکرێ لەناو خودی گفتوگۆیەکاندا، کێشە درووست ببێ. ڕەنگە، هەندێ گروپی خاوەن سەنگ هەست بە زەرەر بکەن و لە گفتوگۆیەکە دەربچن. توانایتر ئەوەیە کە گروپێکی گەورە لە نوێنەران لەناو پەرلەماندا، لە دژی ڕێککەوتننامەکە هەڵویست وەربگرن. شانبەشانی ئەوانەش، تونای ئەوەش هەیە، کە ریفرەندومەکە، سەرکەوتن بەدەست بهێنێت. هەروا ئەگەر هات و ڕێککەوتنەکە بڕیاری لەسەر بدرێ، ئەوا هەر هێشتا هیواکان نادۆڕێنین. ئێمە درێژە بە ڕێکخستنی بەرگری دەدەین. لەمەودوا پرۆسەی ئازادی بۆ ئۆکوادۆر بەتەنها، ناکرێ. دەبێ خەباتەکە لەسەر ئاستی ناوچەکە ڕێکبخرێت.

ئەم گفتوگۆیە لەلایەن(ئۆلاف کەڵتمایەر)وە بۆ ڕۆژنامەی یونگە ڤێڵت سازدراوەو لە ڕۆژی6.4.2005 بڵاوکراوەتەوە.

## گفتوگۆ لەگەڵ(Jeronimo Paz)

## کۆماندۆی هێزی ئازادی گەلی بۆلیڤاری لە فەنزەویلا

پرسیار: پرۆسەی بۆلیڤاری، پرۆژەیەک نییە کە لە لایەن چەپەکانەوە سەری هەڵدابێ. ئایا هێزە چەپەکان چ ڕۆڵێک لە فەنزەویلا دەبینن؟

وەڵام: چەپە تراديسیونالەکان یان هیچ کارتێکردنیان نەماوە یان ڕۆڵی ئۆپۆزیتسیون دەبینن لە هەمبەر پرۆژەی بۆلیڤاریستەکان.

**پرسیار: ئەو وەڵامە، حیزبی کۆمونیستی فەنزەیلیش دەگرێتەوە؟**

**وەڵام: حیزبی شێوعی فەنزەویلی لە پاش روخاندنی دیکتاتۆرییەت لە 1958، بووە بەهێزترین حزب، بەڵام ستراتیژی بۆ دەسەڵات گرتنەدەستی، نەبوو. لە 1989یەکەم راپەڕین لە دژی مۆدێلی نیولیبیڕالیزم ئەنجامدرا. ئەوە راپەڕینێکی جەماوەری کتوپڕبوو. پاشان پڕۆسەی سەرلەنوێ رێکخستنی دەستپێیکرد و لەناو ئەم پڕۆسەیەدا، هوگۆ شافیز سوودی وەرگرت، بەڵام چەپەکان لە دەرەوەی ئەم دینامیکە هەر وەک ساڵی1958دا مانەوەو هەمان ستراتیژییەتیان نوقسان بوو.**

**پرسیار: هێزەکانی رزگاری گەلی بۆلیڤاریستی چۆن دامەزرا؟**

**وەڵام: حیزبی کۆمونیست کاکڵەی دامەزراندنی بوو، بەشێکی تری لە گماینده قاعدییە کریستنییەکانی تیۆلۆگی ئازادی و کەرتێکی تریشی لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان، پێکهاتبوو. هەر وەک لینین چۆن گەشەیدا بە تیئۆرییەکی شۆڕشگێڕ بۆ روسیا، ئێمەش دەبێ ئیمڕۆ هەمان شت بۆ ئەمریکای لاتین بەگشتی و بۆ فەنزەویلا بە تایبەتی، بکەین. بە بڕوای ئێمە، ئەمە بە رێگای گرێدانی مارکس و بۆلیفارەوە سازدەبێت.(FBL) لەسەر بنەمای ئەم کۆنسێپتە، دامەزرا.**

**پرسیار: مەترسییەکان لە کوێ دەبینن؟**

**وەڵام: دوو لایەن هەیە کە ئێمە مەترسی گەورەی لێ دەبینین-یەکەمیان پلانی کۆلۆمبیایە لەلایەن ئەمریکاوەو لایەنیتر لە ریفۆرمیزمی ناو خودی شافیزییزم. پڕۆسەی بۆلیڤاری هەمە لایەنە نییە. لەلایەکی ترەوە، کۆچبەرە ئۆروپییە بۆرژوا(کریولیشییەکان)لە پڕۆسەی شافیزدا، غاردەدەن، چونکە لەناو ئەم پڕۆژەیەدا، رزگاری خۆیان دەبیننەوە. بەناسیونالیزەکردنی پڕۆگرام و راکێشان بەرەو ئابووری ناسیونالی، توخمگەلێکن کە لەلایەن(کریولە) بۆرژواکانەوە سوودی لێ وەردەگیرێت. بیروباوەڕی شافیز بەسەر ئەوەشەوە تێدەپەڕێت.**

**پرسیار: مەبەستتان دیموکراسی هاوبەشە؟**

**وەڵام: ئەوانەی کە پڕۆسەکەیان بەدەستەوەیە، رەنگە شافێزی لێ دەرچێت، بەدوای پڕۆژەی دەسەڵاتی گەل ناکەون، واتە دەبێ دەوڵەت لە رەگەوە دیموکراتیزە بکرێت. ئێمە لەم کاتەدا، لە فەنزەویلا شۆڕشی دیموکراسی بۆرژوازیمان هەیە. ئێمە ئەرکی خۆمان لەوەدا دەبینین، شۆڕشەکە کارەکتەری دیموکراسی گەلی پێبدەین. بۆرژوازی(کریولی)دەتوانن ببن بە بەشێک لە پڕۆژەی رزگاری نەتەوایەتی، بەڵام نەک پێشەڕەوەکەی.**

**پرسیار: لە مانگی دوو، شافیز بەرگری گەلی گشتی، راگەیاند. ئایا ئەمە مانای هێزدارییە-بەمانا میلیتارییەکەیشی- بۆ ئەوەی گەل لەگەڵ ئەو پڕۆسەیەدا بگونجێ؟**

**وەڵام: دەبێ ئامانجەکە، دامەزراندنی پێشڕەوایەتی هەرەوەزی بێت(کۆلێکتیف) بۆ بەرگریکردنی گشتی لە وەڵاتەکە لە بەرامبەر کەپیتالیزم، قووڵکردنی شۆڕش و دامەزراندنی دەوڵەتێکی نوێ بەرجەستە بکات. ئەگەر ئەم جۆرە لە پێشڕەوایەتی پلۆڕاڵ دابمەزرێت، ئێمەش وەک هێزەکانی رزگاری گەل لەناویدا، بەشداری دەکەین. دیباتەکان لەبارەی پرەنسیپی نوێی بەرگری ئەمەمان لێ داوا بکات، چونکە لە هەڵسەنگاندنی ستراتیژی ئێمەشدا، لەو باوەڕەداین کە رووبەڕووی ئەمپریومی ئەمریکی دەبینەوە. هەر ئەمەش هۆی ئەوەیە، دەزگای چەکداری خۆمانمان هێشتووەتەوە-بۆ ئەوەی دەسەڵات بۆ خۆمان وەرگرین.**

**پرسیار: ڕێکخراوەکەتان چۆن پەرەسەندن و تواناکان بۆ قۆناغی داهاتوو هەڵدەسەنگێنێ کە لە هەڵبژاردنی 2006دا، ڕوخسارەکەی، دەردەکەوێت؟**

**وەڵام: تێفکرینی شافیز بە پەیوەندی هێزەکانەوە بەستراوەتەوە. شافیز هەموو کێشە چارەنووسازەکان دەخاتە دیباتەکردنەوە وەک بابەتگەلی، ئەنتی ئیمپریالیزم، ئەنتی بیروکراتیزم، ریفۆرمیزم، دیموکراسی هاوبەش کە بابەتگەلی چەپە شۆڕشگێڕەکانیشە. ڕەخنەی سەرەکی ئێمە ئەوەیە کە شافیز داوای دامەزراندنی پێشڕەوایەتی کۆلەکتیڤ ناکات تا پرۆسەکە بۆ پێشەوە ببەین.**

**ئەم گفتوگۆیە لە ڕۆژنامەی(یونگە ڤێڵت لە 26.3.2005)بڵاوکراوەتەوە.**

## گفتوگۆ لەگەڵ پۆلیتەلۆگ(Heinz Gä rtner)
## لە ئینستیتوتی سیاسەتی نیونەتەوەی نەمسا

**پرسیار: پرسیار: ریفۆرمکردنی(نەتەوە یەکگرتوەکان) پێویستی بە گۆڕینی پەیماننامەکەیە، بەگشتی ئایا ئەوە واقیعییە کە زۆربە بۆ ئەم مەبەستە دەنگ بدەن؟**

**هاینز: ئەنجومەنی ئاسایش، بڕیاری ریفۆرکردنی بەدەستەوەیە: بەبێ دەنگدانی ئەندامە هەمیشەییەکان(ئەمریکا، فەرەنسا، بەریتانیا، ڕوسیا، چین)کە مافی ڤیتۆیان هەیە، ریفۆرمکردنی نەتەوە یەکگرتووەکان، ناکرێ و ئەوانە هەر بۆ مانەوەی مافی ڤیتۆی خۆیان هەوڵ دەدەن.**

**پرسیار: چ تەباییەک چاوەڕوان دەکرێ، ئەگەر بەڕاستی بڕیار لەسەر ریفۆرمکردنی نەتەوە یەکگرتوەکان بدرێ؟**
**هاینز: مۆدێلە بنەچەکەی ئەنجومەنی ئاسایش دەمینێتەوە، کەواتە، ئەندامی بەردەوام و ئەندامی-نابەردەوام دەمینێتەوەو چەندین پێشنیاری جۆراوجۆر لە ئارادا هەن. ئەگەر واقیعیبین بین: دەکرێ ژمارەی ئەندامەکانی ئەنجومەنی ئاسایش و ئەندامە بەردەوامەکانیش، بەرفراوانتر بکرێ.**
**ئەوەی ناواقیعی بێت، سیستێمی زۆربەیە کە مانای لابردنی مافی ڤیتۆیە. بە بڕوای منیش شایانی ئەوە نییە، هیوای پێ ببەستین. ئەگەر بیهێنینە بەرچاومان، ئەمریکا لە دەنگداندا، دەیدۆڕێنێ، ئەوکات چیتر بایەخ بە نەتەوە یەکگرتوەکان نادا و هۆی دەست کێشانەوەیە.**

**پرسیار: بۆچی نەتەوە یەکگرتوەکان پێویستی بە ریفۆرم هەیە؟**

**هاینز: نەتەوە یەکگرتووەکان لە کۆتایی جەنگی جیهانی دووهەم و سەرەتای جەنگی سارد دامەزرا و لەو کاتەوە تا ئێستا سەرتاپای ڕێکخستنی جیهانی گۆڕاوە: چەندین دەوڵەتی نوێ، ئۆروپای یەکگرتوو دامەزراوە و ئەڵمانیا داوا دەکات کورسییەکی بەردەوامی هەبێت لە ئەنجومەنی ئاسایشی جیهانی و هەروا چەند وڵاتێکی تری جیهانی سێ وەک هیندستان و بەرازیل.**

**ئەم گفتوگۆیە ئیمڕۆ لەلایەن سایتی(ستاندارت)ەوە سازدراوە.**

## گفتوگۆ لە گەل کۆمیساری دەرەوەی یەکێتی ئۆروپا
## (Benita Ferrero-Waldner) لەبارەی ئیران.

**دی ڤێلت: خانم ڤیریرۆ-ڤالدنەر، سەرۆک بوش دەیەوێ لە ئۆوپادا هەوڵ بۆ دەستپێکێکی نوێی بان ئەتلەنتی بدات. چەند لەم دەسپێشخەرییە رەمزییە؟**

**بێنیتا: من ئەو تێڕوانینەم هەیە کە هەوڵەکان زۆر کاکڵەیین، چونکە لە بارەی پرسیارە سێنتراڵەکانی سیاسەتە جیهانییەکانە لە چەند مانگی داهاتوو. ئەوەش، پێش هەموو شتێک لە بارەی رۆژهەڵاتی ناوینە. لێرەدا، لە پاش هەڵبژاردنەکا، دەکارین زۆر کاری هاوبەش بکەین. ئەگەر ئێمە، ئەگەر ئۆروپا و ئەمریکییەکان پێکەوە کار لەسەر سەرۆک وەزیران ئارێل شارۆن و سەرۆکی فەلستینییەکان مەحمود عەباس، بکەین، ئەوا شانسمان دەبێ، ئەو هیوا کزە لە ناوچەکەدا هەیە، توندوتۆڵ و پەرەی پێ بدەین.**

**دی ڤێلت: لە بوارەکانی تردا، بەفری هارمۆنی نوێ لە ئاستیدا تەسکە. بۆ نموونە گفتوگۆکانی ئەتۆم لە گەل ئیران...**

**بێنیتا: لەوێدا هێشتا ئێمە لە سەرەتای بیرورا ئاڵوگۆڕینەوەین و دەبێ خۆمان بە ئارامی تەیار بکەین. ئەم گفتوگۆیانە دەبێ کۆنکریت، جەوهەری و هەندێ جاریش، زۆر رەقئامێزانە ئەنجامبدرێت. ئێمە دەبێ باوەڕ بە ئیرانییەکان بهێنین کە پێکەوەکارکردنیان لە گەل ئێمە، لە بەرژەوەندی خۆیانە، چونکە لە هەمبەریدا، دەرگای ئابوورییان بۆ دەکرێتەوە.**

**دی ڤێلت: ئەمریکا چەندە کات بە رێگای دیپلۆماسی ئۆروپییەکان دەدەن؟**

**بێنیتا: ئەمریکا زۆر بە روونی نیشانەی پشتیوانی خۆیان بۆ هێڵی دیپلۆماتییانە پیشانداو ماوەیەکیان بۆ ئێمە دیاری نەکردووە، بەڵام بێ گومان، هەوڵە دیپلۆماتییەکان تا هەتا هەتایە نامێنێتەوە.**

**دی ڤێلت: ئاسۆی دیپلۆماسی دەتوانێ چەند سەرکەوتوو بێت بەبێ ئولتیماتوم و هەڕەشەی ئابلۆقەدانی دیاریکراو؟**

**بێنیتا: ئیرانییەکان هووشیارن لەبارەی ئەوەی کە بارووددۆخە چی لێ بەسەر دێت، ئەگەر گفتوگۆیەکان، کۆتاییەکی پۆزەتیفیان نەبێ. ئەگەر لە راستیشدا هەرواى لێ بەسەر هات، ئەو کات دەبێ ئۆروپییەکانیش هەڵویستی خۆیان دەربخەن.**

**دی ڤێلت: خاڵێکی تری مشتومڕەکان، (چین)ە. لە ئۆروپادا، زۆربەی وڵاتان دووپاتی لابردنی ئابلۆقە دەکەنەوە لە سەر چەک_مەبەست چەکفرۆشتنە!- و ئەمریکا بەبێ چەندوچۆن لە دژی راوەستاوە.**

**بێنیتا: ئەمریکاییەکان وەک ئۆروپییەکان دەیانەوێ چین دەسەڵاتێکی جیهانی بنیاتەر بێت. لە راستیشدا لەبارەیەوە، بیروبۆچوونی جیاواز لە ئارادا هەیە، پێش هەموو شتێک لە بارەی کاتی لابردنی ئابلۆقەکە و لەژێر چ مەرجگەلێکدا، ئەو لابردنە، رووبدا. ئێمە لە ئۆروپا، تێگەیشتمان بۆ خەمخۆری ئەمریکییەکان هەیە و منیش دڵنیام کە چارەسەرێک دەدۆزینەوە. ئامرازێکی گونجاو بۆ ئەو چارەسەرکردنە، بۆ نموونە، ئەوەیە، یاسایەکی توند بۆ هەڵسوکەوت لەبارەی ئیکسپۆرتی چەک دابنرێ.**

رۆژنامەنووس کاتیا ریدەبوش ئەم چاوپێکەوتنەی سازداوە لە2005/2/21لە رۆژنامەی دی ڤێلت، بڵاوکرایەوە.

## گفتوگۆ لە گەڵ بەرێز هانز براندشایدت
## (بەرپرسی میدیکۆ ئینتەرناسیونال)

پرسیار: بەرێزتان پەیوەندیەکی نزیک یا ناسیاوی لەگەڵ(یەکێتی و پارتی) و سەرکردەکانیان هەیە. بۆچی ئێوە وەک رێکخراوێکی جیهانی مافی مرۆڤ و یارمەتیدان هەوڵنادەن، کاریگەری و تاقیکرنەوەکانتان بەکاربهێنن بۆ پرۆسەی ئاشتی لە کوردستان؟
هانز براندشاید: من هەوڵدەدەم تاقیکرنەوەکانمان بۆ پرۆسیسی ئاشتی بەکاربهێنین، وەک چۆن لەرابردوودا کردومانە. لەراستیشدا ئێمە توانامان کەمە بۆ ئەوەی راستەوخۆو بە چری کاری تێبکەین. هیچ نەبێت تەنها لەبەر هۆیەک کە بۆ ئێمە سەختبووە، ئەوەش ئەوەیە ئێمە بەدەگمەن دەتوانین بۆ کوردستان سەفەربکەین. بێگومان لە داهاتوودا، پرۆژەی کۆمەڵایەتی لەبەرچاو دەگرین، کە داواکاری پرۆسەی ئاشتی و دیموکراتین. لە هەمان کاتیشدا دەبی ئێمە کە لە ئەوروپاوە لە گەڵ وەلاتانیتر کاردەکەین، خۆمان نەختێک دورەپەرێز بگرین. بەشێوەیەکیتر بڵێم: ئێمە ئەوپەری، دەتواین وەک راوێژکارێک، ناراستەوخۆ لەو پرۆسەیە چالاک ببین.

پرسیار: بەبڕوای ئێوە، دەتوانن چ ستراتیژێک پێشنیاربکەن بۆ پەرەسەندنی پرۆسەی ئاشتی لە کوردستانی/عیراق؟

براندشاید: من ئێستا لەبارودۆخێدا نیم، بتوانم گەشە بە"ستراتیژێکی"لەبەرچاو بدەم، بەڵام بە دڵنیاییەوە دەڵێم کە پێوەر بۆ باکوری عیراق لەئاستی ستانداری جیهانییە لە دیموکراتی، مافی مروڤ و ئازادی رادەربرین. بۆ گەیشتن بەو مەبەستەش (بەرقەراربوونی ئاشتی: س)، باشترین"ستراتیژی" یا میتۆد بۆ ئێستا، دیالۆکی کراوەیە لەنێوان بەشداربوانی گیروگرفتەکە بەمەبەستی ئاشتی، ئەمە ئەڤلانیترین شتە.

پرسیار: بەرێزتان ئامادەن هەردوو حزبەکە بەناوی(NRO) بۆ ئەلمانیا میوانداری بکەن؟

براندشاید: پێویست ناکات بەشێوەیەکی بەتایبەتی بۆ ئەلمانیا مێوانداریان بکەین. هەموو حزبەکان لێرە نوێنەریان هەیە و ئێمە کۆنتاکتی نزیک یا باشمان لە گەڵیاندا هەیە. بۆیە دەکرێت لێرەیشەوە لە گەڵ نوێنەرەکانیان باسی زۆر بابەت بکەین و روونکردنەوە لەسەریان بدەین.

پرسیار: بەرێزتان ئامادەن پێکگەیشتنێک رێکبخەن بۆ ئەوەی شاندێک پێکبهێرێت لە میدیکۆ، کۆمەڵەی گەلانی هەڕەشەلێکراو و وادی لە گەڵ کەسایەتی ناسراوی ئەلمان وەک گونتەر کراس، ئولە یالپکە یا هەر کەسایەتیەک ئێوە وەک دۆست بە شایەنی پرسیارلێکردن دایدەنێن، بۆ ئەوەی پرۆسەی ئاشتی لەنێوان هەردوو حزب بۆ پێشەوە ببرێت؟

براندشاید: لێرەیش هەمان بۆچوونم دەگرێتەوە کە ئێمە خۆمان ناتوانین پرۆسەی ئاشتی درووست بکەین. ئەگەر حزبەکان و رێکخراوەکانیتر ئەمەیان بوێت، دەکرێ بیرێکی بۆ بکرێتەوە، داخۆ بەیەکگەیشتن پرمانایە. بەڵام وەک وتم، ئەمە تەنها ئەو کاتە دەکرێت، ئەگەر ئەم پێویستییە لەلای هەموو بەشداربووەکان بەباش بزانرێت.
رەنگە ئەمە باش بێت، بەگشتی پێویستی بەوە دەبێت لەبارەی پەرەسپێکتیڤی عیراقێکی نوێ و دیموکرات لە ئەلمانیا لێدوان بکرێت. لێرەشدا من زۆرم پێ باشترە کەسایەتییەک وەک گونتەر گراس، ئولە یاڵپکە ئەندامی پەرلمان و ئەوانیتر ئەم ئیشە بکەن. لەم

**پەیوەستەدا، بەدڵنیاییەوە شانبەشانی باسەکانیتر دیسکسیونی پرسیاری کۆنکریتی لەبارەی گەشەسەندنی دیموکراتی لە عیراق بێتە کایەوە.**

**پرسیار: بۆچی تا ئێستا کۆمەڵکوژی 180000 تسیڤیلی کورد لەکاتی ئۆپیراتسیونی ئەنفال لەلایەن رای گشتی جیهان بە جینۆساید دانی پێنانرێت؟**

**براندشاید. بەداخەوە منیش نازانم بۆچی، منیش هەمان پرسیار دەکەم. لەم بارەیە دەتوانم بڵێم کە نەتەوە یەکگرتووەکان( Max van der Stoel) بە بێکۆمان مامەڵەی جینۆسایدانەی رژێمی بەعس ناسی و تەسدیقی کردووە.**

**پرسیار: گازی ژەهراوی و پیشەسازی جەنگی ئەلمانی رۆڵی سەرەکیان بینی لە بەرهەمهێنانی گازی کیمیاوی عیراقی. بەرای بەرێزتان: کوردەکان دەتوانن مافەکانی خۆیان لە ئەلمانیا وەربگرن؟**

**براندشاید: من ئەمە پێش چەند ساڵێک بە رێگای یاسایی ئەزمونگەریم کردووە. لەو بڕوایەدام کە شانسی یاسایی لەبەردەم دادگاکانی بەلژیکا و ئەمریکا سەرکەوتوانەتر دەبێت لەوەی لە ئەلمانیا. ئێستا من و(ئەوانی تر) هەنگاوی یاسایانەیتر دەنێین بەئامانجی قەرەبووکردن و سەرلەنوێ چاکسازی لە پێشی دادگاکانی تری ئۆروپا وەک(شتراسنبۆرک). لە کۆتاییدا من گەشبینم. لە ئەلمانیا نەک تەنها سکاڵا لە دژی حکومەتی فیدرال/ کۆماری فیدرال بکرێت، بەڵکو لەلای دادگا مەدەنێکاندا ئەو کۆمپانیە ئەلمانیانە بەدادگا بدرێن کە ئەو کاتە بەشداریان لەو تاوانە کردبوو. گرفتی ئەمە لەوەدایە کە تەنها نرخی هەڵسەنگاندنی و ئەزمونگەری یاسایی پێشوەخت مەسەلەیەکی زۆر گرانە وخەرجی دەوێت. روونتر بڵێم، هیچ کەسێک نادۆزمەوە ئامادەبێت30-50 هەزار مارک بۆ ئەم کارە تەرخانبکات بۆ خەرجکردنی بەسەر کۆلێکتیڤی پارێزەر، یاساناسی دەوڵەت – گە لەلایەنی بەتواناو خاوەن تەجروبە کاری بۆ بکەن. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم کارە دەیهێنێ. هەروا من هێشتا لەو بڕوایەدام کە لە دوارۆژ لەم بوارە شتێک دەکرێت.**

**پرسیار: فرسەتی وا هەیە، ئێمەیش وەک ئەوانەی بەزۆرەملی کاریان پێدەکرا یا قوربانیانی هۆلۆکوست داوای قەرەبووی زیانەکان بکەین؟ لەکۆتاییدا کووەیت و ئیسرائیل لە ئەنجامی جەنگی کەنداوی دووهەم قەرەبووکران، بۆچی کوردەکانیش نا؟**

**براندشاید: بەرای من هەرگیز ئەمە ناکەن.**

**پرسیار: چەند کەسێک لە هاوتاوانەکانی بازرگانی گازی کیمیاوی لە گەڵ عیراق سزادران. بۆچی سزادانەکەیان ئەوەندە خەندەئاور بوون؟**
**براندشاید: زۆر بەئاسانی، لەبەر ئەوەی دادوەری لە ئەلمانیاشدا، دادوەرییەکی سیاسییە.**

**پرسیار: ئەوە دوو ساڵە رۆشنبیرە کوردەکان لەبەردەم باڵوێزخانە و قونسولییەکانی ئەلمانیا لە چەندین وڵات ئەکتسیون دەکەن لە پێناوی قەرەبووکردنی قوربانیانی گازی کیمیاوی. هەڵویستی بەرێزتان لەبەرامبەر ئەمە چییە؟ دەتوانرێت رای گشتی بۆ ئەم مەسەلە بەدەست بکەوێت و چۆن؟**

**براندشاید: ئەم جۆرە ئەکتسیونانە زۆر درووست و پێویستە. هەر وەک تاوانە گەورەکانی رابردوو، رای گشتی لە رۆژێکدا دەبێ بە شێوەیەکی کۆنکریت خەریکی تاوانی هەڵەبجە و ئەنفال ببێت، لەبەر ئەوەی ئەمە برینێکە، هێشتا باش و سارێژ نەبووە.**
**لە کۆتاییدا داوای لێبوردن دەکەم بۆ ئەوەی کە رێکخراوە ناحکومێکان و رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ لە ئەلمانیا ئەوەندە کەم کاردەکەن و ئەوەند ئامرازی کەمیان بەدەستەوەیە بۆ ئەوەی کەمپینێکی کارتێکردن لە رای گشتی بۆ قوربانییە کوردەکان و قوربانییەکانی تری عیراق بە پووڵ پشتگیریان لێ بکەین.**
**لە** 2001/8/14

## گفتوگۆ لە گەل پرۆفیسۆر ڤۆلڤگانگ ریشتەر.
## (سکرتێری کۆمەڵەی پاراستنی مافی هاوڵاتیان و کەرامەتی مرۆڤ)

پرسیار: بە بۆنەی تێپەڕبوونی60ساڵ بەسەر رزگاریمان لە فاشیزم، چالاکییەکی زۆر دەکرێ-بەڵام ریکنەخراوە. بۆچی چەپەکان لەلانی کەمەوە، بەم بۆنەیەوە، دەست بە پەتێکەوە ناگرن؟

وەڵام: ئایا وایە؟ کۆمەڵەکەمان پێش5/8لەگەل زۆر هێزیتر پێکەوە چالاکی دەکات. بۆ نموونە، لەگەل(پی.دی.ئێس)، دوو باڵی حیزبی کۆمونیستی ئەلمانیا. چەندین جار ئەم جۆرە چاکییە ریکخستووە؟ زیاتر لە 30کۆمەڵەی جیاوازو مێوان لە چەندین ولات، گەواهین لەسەر ئەوەی کە بۆنەیەکی هاوبەشی گەورەیە و تەنها چەپەکان تێدا بەشدارییان نەکردووە.
من بڕوا ناکەم کە بەم بۆنەیەوە، لە ئەلمانیا چالاکییەکی گەورتر هەبێ لەم چالاکییە کە نوێنەرایەتی چەپەکان دەکات و لە(ئەودی ماکسی) زانکۆی (هومبۆڵد) چاوەڕوانی800مرۆڤ دەکەین. هەموو بەشداربووان نایانەوێ لەمە زیاتر بڵێن: سەربازەکانی سۆڤێت، سوپاستان دەکەین! بەمە ئاهەنگێرانی(رۆژی ئەلمانیا) لە ساڵی رابردوو کە رۆڵی هاپەیمانە رۆژئاواییەکان قەبەتر کرا، راستدەکەینەوە.
ئێمە مێواندارى هەمووان دەکەین بۆ یادکردنەوەی ئەم رۆژە و ئەگەر چالاکی تر لە لایەن هێزی چەپی جیاجیا لە ئەلمانیا و ئۆروپا سازدەکرێ، ئەوا دەتوانن تەنها خزمەت بەو بۆنەیە دەکەن.

پرسیار: ئێوە چی دەڵێن دەربارەی دیباتەی قوربانیانی ئەلمان لە جەنگی جیهانی دووهەم، لەبارەی هەڵهاتن، دیپۆرتکردنی زۆرەملی، بۆردومان و زەوتکردنەکان؟

وەڵام: بەبێ هێرشکردنی ئەلمانیا لەسەر ولاتانی تر، ئەو قوربانییانە نەدەدرا. مرۆڤ دەبێ ئەو مرۆڤانەش بۆ وریاکردنەوەو بە هۆی ملمانی هەنوکەیی لەگەل هێزە نیوفاشیستەکان، بەشێوەیەکی گونجاو یادیان بکاتەوە. ئێمە هەرگیز تاوانبارەکان یادناکەینەوە، مەبەستم ئەوانەن کە بە هووشیاری و چالاکانە لە پێناو فاشیزمدا، خزمەتیان دەکرد. ئەوانە تەنها هیتلەرو شەریکەکانی نەبوون، بەڵکو زۆر ئەلمانی تریش.

گفتوگۆ لەگەل پرۆفیسۆری ئابووری لە زانکۆی کوێلن و هەڵگری خەلاتی(گۆتفرید ولیەم لایبنس)
Axel Ockenfels

پرسیار: تیئۆرییە کلاسیکەکانی زانستی ئابووری لەو بڕوایە بوون کە مرۆڤ عەقلانی و خۆپەرەستە و تەنها بۆ خۆی باشترینیانی دەوێ. ئایا مرۆڤ لەم ماوەیەدا بەو شێوەیە نەماوە یان بۆچی بەو چرووپرییەوە، لێتەێژینەوەی پەیوەندی مرۆڤ دەکەن لە بارودۆخی بڕیاردانی ئیکۆنۆمییەوە.

ئەکسل: هیپۆتێزەی(گریمانە) ئەوەی کە مرۆڤ پێش هەموو شتێک خۆپەرەست و راتسیونالە، هیپۆتێزەیەکی ئابوورییە کە ماوەیەکی زۆرە هەرگیز تاقی نەکرابووەوە، بەڵام گریمانەی ئەوە دەکرێ کە مرۆڤ قەت وا عەقلانی و خۆپەرەست نەبووە، وەک ئابووری لە مۆدێلەکەی حەزدەکا وابێ. بەو شێوەیە، مرۆڤ خۆیی نەگۆڕیوە، بەڵکو زانستی ئابووری لەوەدا خۆی گۆڕیوە کە هەڵگری ئەم بیرۆکە نوێیەیەو دۆزەری

**ئەزموونگەری نوێیەو لەسەرخۆ ماڵئاوایی لە"هۆمۆ ئیکۆنۆمیکۆس" دەکات، چونکە"هۆمۆ ئیکۆنۆمیکۆس" گریمانەیەکە کە بەو شێوەیە بوونی نییە.**

**پرسیار: ئەی مرۆڤی مۆدێرن بێجگە لەوە چیتر دەکات؟ نایەوێ زۆرینەکەی بۆ خۆی هەبێ؟**

**مرۆڤەکان هێشتا خۆپەرەستن، بەڵام خۆپەرەستی خودی خۆیانیان هەیە. بۆ نموونە تەنها تەماشای ئەوە ناکەن کە خۆیان دەستیان دەکەوێ، بەڵکو تەماشای ئەوەش دەکەن کە کەسانی تریش دەستیان دەکەوێ و چ بارودۆخێکیان دەبێ-بە ڕێژەیی بیبینین-لە گەڵ گروپێکی دیاریکراویشدا، خۆیان بەراورد دەکەن.**
**ئێمە دەقاودەق دەزانین کە مرۆڤ ئامادەیی ئەوەیشی تێدایە، مرۆڤێکیتر کە بە جوانی هەڵسوکەوت نەکا، سزابدەن-تەنانەت ئەگەر بەخۆشیان لەو پێناوەدا نرخێکی قورس بدەن. بۆ نموونە لە حاڵەتی مامەلەکردن، رووکەشی رۆڵێکی گەورە دەبینێ. لەم جۆرە بارودۆخەدا، خودی ئەو کەسانە کە خۆیان بە أاستی چاوچنۆک و خۆپەرەستن، با بەخۆیان بە ڕێکوپێکی هەڵسوکەوت بکەن و ئەو کەسانە کە لە راستیدا بە درووستی هەڵسوکەوتدەکەن و خێرخوازن، با خۆپەرەستانە هەڵسوکەوت بکەن.**

**پرسیار: بەڵام لێرەدا کەس ناتوانێ بەسەر سێبەری خۆی بازبدات: ئایا مرۆڤ دەتوانێ ئەو جۆرە هەڵسوکەوتە فێر ببێت؟**

**وەڵام: بەڵێ. مرۆڤ دەتوانێ فێربێت، چۆن هەڵسوکەوت بکات. تیئۆری رەفتارکردن دەڵێ، چۆن بە ڕێکوپێکی و زیرەکانە رەفتار دەکرێ.-گەرچی ئەو تیئۆرییەش بە باشی کار ناکات.**
**با بۆ نموونە یاری ئولتیماتیوم وەربگرین: ئێوە 100ئۆیرۆتان هەیە و دەبێ بڕیاربدەن، چەند لەو پارەیە بە من دەدەن؛ ئەگەر بڵێم باشە، مانای ئەمە دەدا: ئێمە هەردووکمان بەشێک لە دراوەکەمان، بەردەکەوێت. ئەگەر بڵێم نەخێر، مانای ئەمە دەدا: هەردوو لامان هیچی بەرناکەوێت.. ئەگەر وەک پێویست مامەلە بکەین، هەردوولامان پێگەمان باشتر دەبێ. پرسیارەکە ئێستا ئەمەیە: ئێمە چۆن قازانجە کارتێکەرەکە، دابەش بکەین؟**
**تیئۆری ئابووری کلاسیک پێشبینیەکی روون دەکات: یەکێک دەڵێ، 1ئۆیرۆم بدەرێ، ئەمەیە کە(هۆمۆ ئیکۆنۆمیزم)دەیکات بەو مانایە کە(دراوێکی زیاتر باشترە لە دراوێکی کەمتر). ئەگەر تۆ 1ئۆیرۆ بە من بدەی و منیش وەریگرم، ئەوا من1ئۆیرۆم دەستدەکەوێت. ئەگەر نەمەوێت، هیچم دەستناکەوێت. ئەوجا لە بەر ئەوەی1ئۆیرۆ لە هیچ باشترە، بۆیە وەریدەگرم. لەبەر ئەوەی ئێوە(هۆمۆ ئیکۆنۆمیست)ن، لەم هەڵسوکەوتەدا، دەستپێشخەریدەکەن، و بۆتان هەیە خۆشحاڵ بن بەوەی کە هەموو کێکەکەتان دەستدەکەوێت و منیش لەوانەیە هیچم دەست نەکەوێت.**
**ئەم گفتوگۆیە لە2.3.2005 لەلایەن رادیوی(DW-Word)وە سازدراوە**
**گفتوگۆ لەگەل هەڵگری خەڵاتی نۆبلی لیتراتوور(Kenzaburo Oe)لە 1994**

**پرسیار: کلتووری ئۆروپی ئەوەندە کاری لە بیرکردنەوەی ئێوە کردووە، بە نایابانیترین نوسەری ناو هەموو نوسەرە یابانییەکان ناوتان دەهێنن.**
**وەڵام: من زمانی یابانی بەکاردەهێنم و لە لەناو خێزانێکی یابانیشدا دەژیم، بەڵام من لە لادێیەک سەر دوورگەیەکی یابانی بەناوی(ئەرچیپل)لە(شیکۆکو)لەدایکبووم. لەوێدا، هەستێکی سەربەخۆ لە نێوەندی تۆکیو یان(ئۆساکا) گەشەدەکات. باپیرانم بەدرێژایی نزیکەی 250ساڵ لەوێ ژیان. ئەو دەوروبەرە بۆ من زۆر گرنگە.**
**پرسیار: لێرەوەش دوژمنایەتیان بۆ نەریتی قەیسەری وڵاتەکەتان سەرچاوەی وەرگرتووە؟**
**وەڵام: پێشی کۆتایی جەنگ، مامۆستاکەمان هەمیشە دەیوت: (ئێوە منداڵی قەیسەرن، ئێوە دەبێ لەپێناو قەیسەردا، بمرن!). دایکم پێش هەموو کەسێک، بە ئاشکرایی لە دژی ئەو پەروەردەیە، راوەستا. لە پاش جەنگ-تەمەنم10ساڵ بوو- بەڕێوەبەری قوتابخانەکەمان رایگەیاند: (ئێستا دەسپێکردنی دیموکراسییە! ئێوە لە قەیسەرو تۆکیو ئازادبوون!). لە پاش قوتابخانە ڕۆیشتم بۆ تۆکیۆ، بەڵام هەستم بە سەرخۆیی دەکرد. من نەمویست کلتوری سێنتەر کارمتێبکات و لیتراتووری فەرەنسی و ئینگلیزم خوێند.**

پرسیار: چیتان لەو خوێندنە دۆزییەوە کە نەیتوانی ترادیسیونی خۆتان پێشکەش بکات؟
وەڵام: من میتۆدێکم نەدۆزییەوە تا لەبارەی ئاواییەکەم بنووسم. یەکەم جار، بە ڕێگای(Fran ois Rabelais)، بیرتۆڵد بریشت و(گونتەر گراس)ەوە فێربووم، ڕەچەڵەکی خۆم دەربیڕم. میشائیل باختین کە زانایەکی لیتراتوورە لە ڕوسیا و زۆر لە نووسینەکانی(ڕابیلیاس)سەرقەڵبووە کە ئەو ڕیئالیستێکی سەرسوڕهێنەرە لە تێکەڵییەک لە ژیان و مەرگ. ئەمەش زۆر کارتێکردم.
پرسیار: ئایا ئێوەش وەک زۆر لە هاوتەمەنەکانتان، ڕێ بە ئۆروپاتان نەدا، دڵتان داگیر بکات؟
وەڵام: کاتێ دەستم بە نووسینی ڕۆمان کرد، دوو فیگوری گرنگ هەبوو. یەکێکیان(جینوشیرو تانیزاکی)وئەوی تر(یوکیو میشیما) بوو. میشیما نوسەرێکی زۆر بەتوانا بوو، بەڵام پیاوی سەنتەر بوو و هەر لە سەرەتاوە لە دژی ڕاوەستام، دژی جوانشناسی و بیریاری ئەو بووم. لە سەرەتادا، ئەو دۆستانە لەگەڵ من ڕەفتاری دەکرد، بەڵام لە پاشاندا، کاتێ بوو بە ناسیونالیستێکی توندڕەو، گۆڕا. من دەمویست ئازاد بم لە میشیما و(کلتووری-تینو) ولە گەڵ لیتراتووری چینی، کۆریایی، فەرەنسی و ئەلمانی یەکانگیر ببم.
پرسیار: ئەوە بووە هۆی ئەوەی ئێوە بەرەو سۆفیزمی ئەلمانی فۆن مایستەر ئێکهاردو یاکوپ بویک و سۆفی جوو(گێرشوم شۆلیم)برد.
وەڵام: لە یاباندا ئاینی مەسیحی هەیە. کاتێ من یاکوپ بویم دەخوێنم، هەست دەکەم لێی ڕزگار دەبم. من کورتە چیرۆکێکم نووسیوە کە باس لە(بویم) دەکات. ناوی کوڕەکەم(هیکاری)کە مانای (ڕۆشنایی)دەدا، زاراوەیەکی(بویم)ی لەخۆگرتووە. هەروەها شۆلم، بە تایبەتی کتێبەکەی لەبارەی(سەبەتی زوی) کە مەسیحی سەدەی هەڤدەهەمە، زۆر بەلامەوە گرنگە.
پرسیار: لە ساڵانی ڕابردوودا، ڕۆشنبیرەکان وەک ڕەخنەگرانی ڕەسمی، لەلایەن ڕاستڕەوەکانەوە زۆر هێرشیان لەسەرکرا، تا ڕادەیەک لەبەر هۆی سیاسییەوە، چونکە بواری پسپۆڕییان کرد بە شوێنی مشتومڕ. باشترین نموونە، وتارەکەی گونتەر گراس بوو بە بۆنەی پێشکەشکردنی خەڵاتی ئاشتی لەلایەن کتێبخانەی ئەلمانییەوە بە(یەشار کەمال)ی برادەرەی.
پرسیار: ئێوە وەک ویژدانی ئەخلاقی یابان دادەنرێن. چ هۆهێنانەوەیەک هەیە بۆ بڕیاردانی ڕەوشتئامێزانەی ڕۆشنبیرەکان؟
وەڵام: گونتەر گراس لە(دانیسک)ەوە هاتووەو بە زمانی عەوام و لاوازەکانەوە قسەدەکات. بیروبۆچوونی گراس، جیهانییە، گەرچی لە هەمان کاتدا زۆر ئەلمانیشە. لە ئەلمانیا پاش جەنگیش نازی هەبوو و ئێستا نیونازی هەیە، بەڵام من ئەمانە بە نازی ڕاستەقینە نازانم. بەڵام لە یاباندا، کە لە1945وەک ئەلمانیا بەسەریدا سەرکەوتن، هێشتا ئیمرۆیش ترادیسیونێکی قەیسەری هەیە. لە دەستووردا نووسراوە کە قەیسەر تەنها سمبۆلێکی کلتوورییە بەبێ دەسەڵاتی سیاسی. بەڵام ئێستا قەیسەر تەنها وەک سمبولێکی کلتووری یابان بوونی نییە. حیزبە کۆزەرڤاتیفەکەمان لە هەڵبژاردنەکان سەردەکەوێت، چونکە خەڵک، قەیسەر لە پشتی ئەو حیزبەوە دەبینن.(...)
ئەم گفتوگۆیە لە لایەن کەناڵی(ئا. ئێر.دی)یەوە سازدراوە
بەرهەمەکانی ڕۆمانووس کە بە زمانی ئەلمانی بڵاوکراونەتەوە:
:Erzä hlungen

- .Der Fang. Erzä hlung
- .Stolz der Toten. Erzä hlung
- .Und plö tzlich stumm. Erzä hlung
- .Der kluge Regenbaum. Vier Erzä hlungen

:Romane

- .Eine persö nliche Erfahrung. Roman
- .Reiß t die Knospen ab ... Roman
- .Der stumme Schrei. Roman
- .Verwandte des Lebens. Roman
- .Der Tag, an dem Er selbst mir die Trä nen abgewischt. Roman
- .Stille Tage. Roman
- .Therapiestation. Roman

# گفتوگۆ لە گەڵ کوبرا بانەیی.
# زیندانی رژێمی ئیسلامی ئیران.

2001/8/17

ئەم گفتوگۆیە لەبەر دوو  هۆ ئەنجام درا:

1/ هەر چەند ئافرەتێکی زۆر رووبەرووی زیندان و ئەشکەنجە بوون، بەڵام بەدەگمەن گفتوگۆیان لە گەلدا کراوە. بەم بۆنەیەوە، ئاماژە بۆ ئەو ئافرەتە زیندانیانە دەکەم کە لە ئەمنە سوورەکەی سلیمانی و چەندین شوێنیتر، زەوتکرابوون و منداڵیان پێهێنرابوو. ئەم دایک و خوشکانەمان هەروا بەبێ ناوو مێژوو مانەوە. هۆکانی ئەم کارە دیارن... لێرەدا بە هەموو دەنگم دەڵێم ئەوانە شەرفی ئێمەن، دەبێ ناویان بەرزرابگرین، نەک شەرمیان لێبکەین و ناویان گوم بکەن!!

2/ بەیاد تێپەڕبوونی 13ساڵ بەسەر بەکۆمکوشتنی زیندانیانییە سیاسییەکان لە ئێران.

ئەوە نزیکەی چوار مانگە، کوبرا هاتووە بۆ ئەلمانیاو داوای پەنابەری دەکات لە کاتێکیشدا کە باری تەندوروستیشی باش نیە.

پرسیار: هاوڕێ کوبرا کەی و بۆ دەسگیرکرای؟

کوبرا: لە 26/نۆڤەمبەر/1987. هۆی دەسگیرکردنم بەبۆنەی لایەنگیریم لە کۆمەڵە بوو، و بە هەشت ساڵ زیندانی سزادرام. ئەم ماوەیە لە زیندانی سەقز و سنە بەسەر برد.

پرسیار: چەند ئافرەت بوون لەو زیندانانە؟

کوبرا: ئەمە لە حاڵەتی گۆراندا بوو. بۆ نموونە لە زیندانی سەقز هەندی جار12ئافرەت بووین لە بەندێکدا و هەندێ جاریش 25 زیندانی.

پرسیار: ئافرەتەکانی تر لەسەر چی زیندانی بوون؟

کوبرا: هەمووما‌ن زیندانی سیاسی بووین، سەر بە حزبە جیاجیاکاندا وەک دیموکرات، چریکی فیدائی خەڵک بە ئەقەلییەت و ئەکسەریەت، چەندین دایکی پێشمەرگەی ئەو حزبانە و کەسانێک بە دەلایلی جۆراوجۆری سیاسی لە زینداندا بوون.

پرسیار: پەیوەندیتان لە نێوان یەکتری چۆن بوو؟

کوبرا: پەیوەندیمان خراپ بوو لە گەڵ ئەوانەی تۆبەیان کردبوو، با بڵێم سنوورێکمان  بەروویاندا کێشابوو. دەنا پەیوەندیمان لە گەڵ یەکتر زۆر باش بوو، هەموومان رووبەڕووی یەک دوژمن بوون. سەرەرای بۆچوونی جیاوازمان، لەنێوان خۆماندا دەمانووت"نابێ لەناو زیندان، زیندانێکی تر بۆ خۆمان و بە دەستی خۆمان درووست بکەین.

پرسیار: کەسوکارتان بۆیان هەبوو سەردانتان بکەن؟

کوبرا: من تا شەش مانگ بۆم نەبوو کەس ببینم و ماڵەوەشمان نەیاندەزانی لە کوێم. پاش مانگێک لە دەسگیربوونم، جلوبەرگی خوێناوی منیان بۆ کەسوکارم برد. بۆیە ئەوانیش پرسیان بۆ من دانابوو. دوای ئەوەش هەر دوو هەفتە جارێک، لەپشتی تۆرێکەوە بە دووری نزیکەی 10میتر، چاوم بە خانەوادەم دەکەوت. هەندێ جار بە بیانووی جۆراجۆرەوە، ئەم یەکتر بینینەشیان لێ قەدەغە دەکردم؟

پرسیار: هیچ زیندانییەکی ئافرەت دەناسن سزای مردن درابێت لەو ماوەیە؟

کوبرا: لەو ماوەیەدا لە زیندانی سنە شەهلای کولاەقوچی کە خەڵکی سنە بوو، لە قەتلوعامی زیندانیەکاندا(لەسەرانسەری ئێراندا لە کۆتایی سیپتێمبەر 1988نزیکەی 12هەزار زیندانی کوژران) ئەو کاتە ئەویشیان هەڵواسی. هەر بۆ ئاگاداری، پێشتر ئافرەتێکی زۆر سزای مەرگ دران.

پرسیار: میدیاکانی رژێمی ئیسلامی وا رایدەگەیەنن کە لە ئێراندا ئەشکەنجە نیە؟ رای ئێوە بەم بۆچوونە چییە؟

کوبرا: با لە خۆمەوە دەستپێبکەم، ئیتیلاعات بە ئۆتۆمبیلی نەخۆشخانە هاتنەدوام و پێیان وتم" نەخۆشێکمان هەیە، بەڵکو شریقەی لێبدەی". منیش سواری ئۆتۆمبیلەکەیان بووم. لەوێ هەوڵیاندا چاوم ببەستن و منیش ئیعترازم کرد و وتم"بۆچی چاوم دەبەستن؟". لەوەلامدا: تۆ دەسگیرکراوی. کە گەیشتینە بنکەی ئیتلاعات بەشەق و زلە کەوتنە گیانم تا گەیاندیانم بۆ ژوورێک لە تەنیشت ژووری ئەشکەنجەدان. من زۆر بەباشی گوێم لە هاوار و دادی زیندانیکەو دەنگی کێبڵەکان دەبوو. بەم شێوەیە ئەم کاتە ترسناکانە تا درەنگان بردەسەر. پاشان بۆ سلولێک برام و زیندانییەکی تۆبەکاریان بۆ لام هێنا، بۆ ئەوەی قسەم پێدەربهێنێت. دوای ئەوە هەر دوو تا سێ رۆژ جارێک بۆ ژووری ئەشکەنجەدان دەیانبردم. بەکورتی 11جار ئەشکەنجەیان دام. لەو رۆژە نائینسانیانەدا، کە مرۆڤ لە ئاژەڵ زۆر خراپتر مامەڵە دەکرێت. ئەشکەنجەدانەکە بەم شێوەیە بوو: بەدەمەوروو لەسەر تەختەیەک رایاندەخستم، هەردوو دەست و قاچمیان بەم سەر و ئەو سەری تەختەکە دەبەست، چاویشمیان دەبەستەوە، ئەمجار لێیان دەدام ، لەم کاتەدا دەنگی نۆحەیان بەرز دەکردەوە. لەهەر لایەکەوە دەنگی جلادێک بەرز دەبووەوە: یەکێکیان دەیوت"لێیدەن" ئەوی تر دەیوت" لێی مەدەن" و هەر وا ئەم دەنگانە دووبارە دەبوونەوە. کە لە ئازاری لێدانەکەیان هاوارم دەکرد، تۆپەڵە پەڕۆیەکیان دەخستە ناو دەممەوە. ئەوەندە لەژێر پێمیان دەدا تا خوێنی لێدەهات، ئەمجار لە تەختەکە ئەیانکردمەوە، و داوایان لێدەکردم برۆم، لە دواوەوەش بە کێبڵ لێیان دەدام تا خێرا و خێراتر برۆم. پاشان توند بەپێیان لەسەر پێمیان دەدا. هەمان ئەم ئەشکەنجەیە دووبارە دەکردەوە. دوای کۆتایی هێنان بە ئەشکەنجەدان، ژێر پێ بریندار و خوێناویکەمیان دەپێچییەوە تا ئەشکەنجەی داهاتوو. لەو ماوەیەدا برینەکە نەختێک چاک دەبووەوە، با بڵێم خۆێنهاتنەکە رادەوەستا. لە گەڵ دەستپێکردنی ئەشکەنجەدان، بەتوندی باندەکەیان رادەکێشا و خوێن سەر لە نوێ فیشکەی دەکرد. بەم شێوەیە ئەشکەنجەکانیان درێژەپێدەدا. ئەمە جگە لە ئەشکەنجەکانی تر.

پرسیار: کێ ئەشکەنجەی دەدای، پیاو یا ژن؟

کوبرا: گشتیان پیاو بوون، تاقە ژنێکیشیان تیدا نەبوو.

پرسیار: دوور لەوەی مرۆڤەکە پیاو بێت یا ئافرەت، تەنها چاو بەستنی زەوتکردنە. ئەی هەوڵی زەوتکردنی جنسیان لە گەڵ تۆ دا؟

کوبرا: نەخێر، بەڵام جارێکیان لە ئۆرمیە جەلادێکیان بیانووی ئەوەی هێنا کە گوایە من نووسراوەیەک لەناو گیانم شاردۆتەوە و یستی گیانم بپشکنێت. منیش ئیعترازم کردو وتم: ئێوە ئافرەتان هەیە، با ئافرەتێک بێت بمپشکنێت. ئەویش بەدەم شەقەزلەکانیەوە وتی: هەی نەجس(گڵاو) خۆ ئێمە کۆمەڵە نین، هەی کەسیف. ئەمجار دەستی هێنایە پێشەوە تا قۆڵی کراسەکەم بپشکنێت. منیش بە هەموو هێزێکمەوە قیژاندم. سەرلەنوێ جوێنبارانی کردم و ملی شکاند. بەهەر حال چەندین ئافرەتم ناسی کە لەلایەن(بازجو-محقق) زەوتکرابوون، وەک پەرەستو، فەوزییە، سارا(ئەم ئافرەتانە هێشتا لە ئێران دەژین، بۆیە ناوی تەواویان ناهێنم). هەندێکیان شێت ببوون...

پرسیار: زیندانی تاکە کەسی هەبوو؟

کوبرا: من خۆم چوار مانگی رەبەق لە سلولی تاکە کەسی بووم. ئەندازەکەی مەترو نیوێک×دوو مەتر بوو و سەقفەکەیشی زۆر بەرز بوو. لەسەری سەرەوە پەنجەرەیەکی بچوکی هەبوو. دەرگایەکی ئاسنینی، لە ناوەراستەوە پەنجەرەیەکی بچوکی هەبوو، لەوێوەوە خۆراکیان پێدەدایبن. ناو سلولەکە تاریک و شێ بوو.

پرسیار: ئەی کتێب هەبوو بۆ خوێندنەوە یا تەلەفزیون؟

کوبرا: جگە لە داستانی(راستان)ی قەرائەتی-ناوی نووسەرەکەیەتی- ، قورئان و نەهج ئەلبلاغە بە زمانی ئارەوی(عەرەبی)و چەند کتێبێکی موتەهەری. هیچ کتێبێکی تر لەبەر دەستمان نەبوو، هەروا کەسیشمان ئارەوی نەدەزانی. هەندێ جار رۆژنامەی(جمهوری ئیسلام)یان بۆ دەهێنایین. تەلەفزیونێکی رەش و سپیمان هەبوو، جار نا جار بە بەهانەیەک لێیان دەبردین.

پرسیار: ئیشی زۆرەملیان پێدەکردن؟

کوبرا: بە ئافرەتەکان نەخێر، بەڵام پیاوەکانیان ناچار دەکرد سلولی تر درووست بکەن، شوێنی پاسدارەکانیشیان پێ پاکدەکردنەوە.

پرسیار: خەون بە ئەشکەنجەکان دەبینیت، یا بە رۆژانی زیندان؟ رووخساری هاورێکانت دێنەوە بیر؟ هەندێ جار لە بەر خۆتەوە لە گەڵیان دەدوێیت؟

کوبرا: هەڵبەت، هەڵبەت، چۆن ئەو هەموو ساڵە پڕ ئازار و مەینەتە لە بیردەچنەوە... نا، نا ، ئەو رووخسارانە هەرگیز لە یادم ناچنەوە. من چۆن میهرەبانی شوعلەم لە بیردەچێتەوە یا هێمنی و بێدەنگی پڕ تێڕامانی نەسرەت، قسە زۆر خۆشەکانی حۆری، کە سێ مانگی رازاوە بە پێکەنین و گاڵتە وگەپ، واقیعی تەڵخی زیندانی رەشی ئیسلامێکانی لە بیر دەبردینەوە، ڕوحییەی بەرزی شەهابە و نەسرین و گوڵباخ، ئەمانە بەڕاست بۆ هەمیشە وەک هاوڕێ دەمێننەوە و شانازیان پێوە دەکەم. لێرەدا ئەم گفتوگۆیە وەک هەلێکیش بەکار دەهێنم بۆ ئەوەی ناوی ئەو هاوڕێیانە بهێنم کە کەس ناویانی نەهێناوە یا بەدرووستی ناویان نەنووسراوە، مەبەستم ئەم هاوڕێیانەیە کە لە ساڵی 1988دا ئیعدام کران: زاهدی بەرازەندە، فرەیدونی فاروقی، رەسولی حامیدی، عەبدوڵلای سەردەرە، عسکەرە فارس. ناوی سەلاح رەجەبی بە هەڵە بڵاوکراوەتەوە(سلا رەجەبی).

پرسیار: ئاسمانتان دەبینی؟ ئەی گوێتان لە دەنگی بولبول، سێرە و کەناری دەبوو؟

کوبرا: ئەرێ، کە دەچووین بۆ(هەوا خوری-مەبەست لێرە دەرچوون بۆ پیاسەکردنە لەناو گۆڕەپانی زیندانەکە)ئەو ئاسمانە جوان و خۆشەویستەمانە دەبینی، بەڵام بەداخەوە جگە لە قیڕەی پاسداران و نۆحە و قورئان، گوێمان لەو دەنگە خۆشانە نەدەبوو.

پرسیار: ئەی سروود و گۆرانیتان دەوت؟ یادی رۆژی یەکی ئایار یا 8مارستان دەکردەوە؟

کوبرا: بەڵێ زۆر، بەڵام بە دەنگێکی زۆر نزم. ئێمە هەموو ساڵێک یادی مەراسیمەکانمان دەکردەوە، تەنانەت بەدزییەوە هەڵپەڕکەشمان دەکرد. من خۆم سەرچۆپی گر و گۆرانی و سروود پێژیان بووم.

پرسیار: ئەی ناوی کەستان هێنا؟

کوبرا: "ئیستەخفیرەڵڵا" – بە پێکەنینەوە-. نەخێر هەرگیز. تەنها دڵخۆشی ژیانم ئەوەیە کە ئازاد بووم و سەرم لە ئاستی کەسدا کز نەبوو.

پرسیار: ئەی نەخۆشێکەت پەیوەندی بە زیندانەوە هەیە؟

کوبرا: ئەرێ، نەک تەنها من، بەڵکو زۆر لە منداڵەکان(مەبەستی هاوبەندێکانیەتی) توشی نەخۆشی جسمی و ڕوحی هاتن. منیش پاش ئەشکەنجەدان توشی نەخۆشی میعدە هاتم و هێشتا چاکەوە نەبووم. هەر ئەو کاتە بازجوێکان پێیان وتین: ئێمە بە مەرگی تەدریجی دەتانکوژین. پێم وایە راستی کرد.

پرسیار: لەم بارەیەوە چیت هەیە بە ئافرەتان و بەگشتی خەڵکی کوردستان رایبگەیەنیت؟

کوبرا: بەهۆی مەوقیعییەتی کۆمەڵایەتیانەوە ئاشنایەتیان هەیە لە گەڵ ئەم باروودۆخە. گەرەکمە بێژم کە خەبات لە پێناوی ژیانێکی نوێ پێویستی بە لەخۆبردووی زیاتر هەیە. رژێم ژیانی مەردمیان ئەوەندە ڕەشکردووە تا خەبات لە دژیدا لە بیریان ببەنەوە. بەش بە حاڵی خۆم، گەرچی جوانترینساڵەکانی ژیانم لە زیندان بەسەر بردووە، وەلێ لەم بابەتەوە هەرگیز پەشیمان نیم و خەبات وەک بەشێک لە ژیانم دەزانم.

پرسیار : ئەمرۆ ئۆپۆزیتسیونی چەپی کوردستانی و ئێرانی قەیرانی پەرتەوازبوونیان هەیە. بەرای تۆ چ بکرێت تا لەم قەیرانە دەربچن؟

کوبرا: ئەم قەیرانە تەنها قەیرانی چەپ و کۆمونیستی کوردستان و ئێران نیە. قەیرانێکی جیهانیە. لەبارەی چەپی کوردستان و ئێرانەوە ئێژم: دەبێ ئەمرۆ وەک سەرەتایەک، لەسەر بەرنامەی لایەنی کەم، لەبەرەیەکی چەپدا کۆبیبنەوە. ئەمرۆ ئەمەمان پێدەکرێت و دەبێ هەمووومان ئامادەبین بە چری بۆ بەرنامەریزی ئەم ئەرکە بەکار بین. ئینشیعاب و خۆ بە پێشرەو زانین مەترسی زیاتر دەکات لەسەر بزووتنەوەکەمان و دەچێتە خزمەتی رژێمەوە.

لێرەدا دەمەوێ هێما بۆ مەسەلەیەکی زۆر گرنگ بکەم، ئەگەر لە ژیانی سیاسیمان رەچاوی بکەین، حاڵمان زۆر بە باشتر دەچێتە پێشەوە: سەرکردایەتی زۆربەی حزبە کۆمونیست و چەپەکان کەسانێکی وردە بۆرژوان و رۆشنفکرن. ئەمە بوو بە هۆی ئەوەی (بۆ نموونە) چریکەهای فەدایی لە رێکخراوێکی کۆمونیستی شۆرشگێرەوە ببن بە دەیان پارچە و گروپ، یا کۆمەڵە لە کاتی دامەزراندنیەوە تا ئێستا تووشی چەن دانە ئینشعاب و گروپگەرایی بووە ...هتد . من پێشنیار دەکەم کە لەمەودوا سەرکردایەتی کۆمەڵە یا ئەو حزبانەی کە ئاڵای کۆمونیستیان هەڵگرتووە، هیچ نەبێت نیوەیان کەسانی بەراست کرێکار یا جووتیار بن، یا نەخوێندەواریش بن، تاقە مەرج ئەوەیە کەسانێک بن خاوەن خەبات و نموونەی رێز و خۆشەویستی ناو جەماوەر بن. کرێکاران و جووتیارانی هەژار یەک چینن، نەک دەیان گروپی جۆراوجۆر کە لێیانەوە دوورن و بەناویانەوە قسە دەکەن. هەروا زۆربەی ئەو رێکخراوە چەپانە زۆر باسی مافی ئافرەتان دەکەن و سپاتی پێشاندەدەن، بەڵام بەدەگمەن هاورێیەکی ئافرەت لە سەرکردایەتی حزبەکاندا هەیە! واتە: دەبێ ژمارەی ئافرەتان لەناو سەرکردایەتی کۆمەڵە یا حزبەکانی تر زیاد بکرێت!

دەبێ ئەم دوو مەسەلەیە لەبەرچاو بگرن و هەنگاوی جدی بنێن بۆ پراکسیسکردنی ئەم پێشنیارانە. چاوەڕوانی ئەوەم گفتوگۆ، ووتار، سمینار لەم بارەیەوە بکرێت.

پرسیار: ببورە زۆر ماندووم کردی ...زۆر سوپاست دەکەم

کوبرا: منیش سوپاس

## گفتوگۆ لەگەل د. فەلسەفە و سۆسیولۆگی
## گێرهارد نۆلمان.

لە 2. 3. کاتژمێری 19.21، کەناڵی(دی تاگس شاو)) گفتوگۆیان کرد لەگەل د. فەلسەفە و لێکۆڵەر لە بواری هەژاری، سۆسیولۆگ(Gerd Nollmann).

نۆلمان، زانای یاریدەرە لە زانکۆی گێرهارد مێرگەتور لە دیسبۆرگ. بابەتی تۆژینەوە سەرەکییەکەی(نایەکسانی کۆمەڵایەتی و گۆڕانی کۆمەڵایەتی)یە.

کەناڵی تەلەفزیونی(دی تاگس شاو): ئونیسیف وتی کە 10/1ی منداڵان لە ئەلمانیا، لە هەژاری دەژین. لە راپۆرتی هەژاری حکومەتی ئەیالاتەکان، نووسراوە کە جیاوازی لە نێو هەژاری و دەوڵەمەندی، بەرفراوانتر بووە. ئایا ئێمە لەناو گێژەنگی هەژاریدا خۆمان دەبینینەوە یان دەبێ بە چاوێکی رەخنەگرانەوە تەماشای ئەنجامگەری ئەو راپۆرتانە بکەین؟

گێرد نۆلمان: زۆر گرنگە لەم بارەیە بڵێین کە ئێمە لەبارەی هەژاری دەرامەتی رێژەیی دەدوێین، نەک لە بارەی پەیوەندیەکانی هەژاری وەک سەدەی نۆزەهەم. ئیمرۆ هەژاران لە یاساو ریسادا، برسی و ناچارنابن لە سەر شەقامەکاندا، بژین. بەڵام لەبەراوردکردن لە گەل ئەوەی ئیمرۆ بە ئاسایی دەبینرێت کە دەقاودەق دەرامەتێکی کەمتریان هەیە.

تاگس شاو: کاتێ گوێمان لە هەژاری دەبێ، رەنگە بیرمان بۆ ئۆردوگای کلۆڵی لە ئەفریقای باشوور یان ئەفریقا بڕوات، بەڵام نەک بۆ ئەلمانیا. بۆچی سەرەڕای ئەوەش، ئەو زاراوە توندە بەکاردەهێنین؟

نۆلمان: هەژاری لە کۆمەڵگەی مۆدێرن، روخسارێکی زۆر جیاوازی هەیە. ئەگەر هەژاری لە بەرازیل وەک نموونەیەک بۆ بەراوردکردن، وەربگرین، ئەوا لە راستیدا دەبێ لە بارەی هەژاری نەدوێین. هەست و ژیانی مرۆڤەکان لە گەل گروپی پەیوەستداری خۆیان بەراورددەکرێن. لە ئەلمانیا مرۆڤ خۆی لە گەل دانیشتوانی بەشێکی هەژارنشێنی شارێکی جیهانی سێهەمدا، ناکا، بەڵکو لەگەل، ئەیالاتێکی تر. تا ئەو رادەیە، مافی خۆیەتی بگوترێ: هەژاری هەیە لە پەیوەندی بە شانسەکانی ژیان کە ئەمرۆ زۆربەی ئەلمانەکان هەیانە.

دی تاگس شاو: ئایا هەژاری برینێکە لە کۆمەڵگەکەمان یان رووداوێکە؟

نۆلمان: هەژاری بە تێڕوانینی من، لە هەموو حاڵەتێکدا، ئابرووچوونە. ئەوەی کە ئێستا دەستدەکرێ بە گفتوگۆ لەبارەی بەرپرسیار لەبەرامبەریدا، پێکهاتی کێشەیەک پیشاندەدا لە وەڵاتەکەمان: حزبەکان زۆر خەریکن بە خەبات لەپێناو دەسەڵاتی سیاسی. ئەو ژمارەیە کە لەم رۆژانە گوێمان لێ دەبێ، هۆیەکە بۆ ئەوەی بپرسین: دەتوانین پێکەوە چی بکەین؟ بۆ نموونە ئەگەر باسی بواری فێرکردن، باخچەی منداڵان یان قوتابخانە بۆ هەموو رۆژەکە، بکەین، ئەوا لە ئەلمانیا زۆر بە توندی کار لە پرسیارە ئیدۆلۆژییەکان و بەرە توندەکاندا دەکەین.

دی تاگس شاو: هاوڵاتیان لە سەرە رێگادا دەمیننەوەو مرۆڤ دەتوانێ ئیمرۆ ئەو هەستەی هەبێ کە هەواڵی شوم زۆربووە: رێژەی هەژاری بەرزبووە و بێکاری فۆرمێکی زەبەلاح بە خۆیەوە گرتووە. ئایا ئێستا ئەو ئاسایشە کە ساڵەهای ساڵە لە ئەلمانیا پێی راهاتووین، لە بەردەم هەژاندنە؟

نۆلمان: ئێستا دەرکەوتووە کە توانامان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، بچووکترن لە وەڵاتەکانی تری دەوروبەرمان. ئێمە بەشێوەیەکی تایبەتی کراوەنین بۆ چارەسەری ئەڵتەرناتیڤی کێشەکان. ئێمە ئێستا دەستمان کردووە بە فێربوونی ئەوەی کە مرۆڤ دەبێ ئامادە بێ، رێگایەکی تر بگرێتە بەر. ریفۆرمەکانی بازاڕی کار یەکەم هەنگاون لەم ئاراستەیە. بەوپەڕی دڵنیاییەوە، هەنگاویتر دەنرێن، هەمان شت لە بواری فێرکردن و خزمەتکردنی منداڵ، سەربەخۆ لەوەی چ حزبێک دەسەڵاتداری دەکات.

تاگس شاو: لە راستیدا من چۆن دەتوانم لە ناو خوشگوزەرانیماندا، هەژاری بناسم؟

نۆلمان: کارەکتەری هەژاری لە کۆمەڵگەکەمان، ئەوەیە کە تا رادەیەک، بە نابینراو دەمینێ. هەژارەکان هەوڵدەدەن، لە بەرچاوی خەڵک بە ئاسایی خۆیان دەربخەن. بۆ نموونە ئەوەی پەیوەستی بە پۆشاکەوە هەیە، زۆر سەخت نییە. ئەمەش کاکڵەی کێشەی هەژارییە: مرۆڤەکان پاشەکشە دەکەن و بە هیچ شێوەیەک نایانەوێت، دەزگاکان لێیان نزیک بکەونەوە، بۆیە فەرمانبەرانی بواری خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی بەحاڵ شانسی ئەوەیان هەیە، لە خێزانە هەژارەکان نزیک بکەونەوە. هەژاری بە شێوە بینراوەکەی وەک پێشی100ساڵ، بەرچاومان ناکەوێت، بە پێچەوانەوە: رەنگە تەنها بە رێگای سەرژمێرییەوە، بڕوای پێ بکەین.

تاگس شاو: پێشی 100ساڵ، شانۆگەرییەکان، ماددەی تەقینەوە کۆمەڵایەتییەکانی ناو هەژاری، دەکرد بە بابەت. ئایا هەژاری هێشتا گرنگی سیاسی هەیە؟ ئایا هەژاری بە رێگای بەهێزبوونی گروپە توندڕەوەکانەوە، خۆی دەردەخات؟

نۆلمان: نەخێر. توانای رێکخستنی هەژاران، نزمە. ئێمە وەک جاران، وڵاتێکی دەوڵەمەندین و بە روونی توانای هەیە، ملیونان مرۆڤی بێکار بەخێوبکات. سەرئەنجامە مەترسییەکانی هەژاران زۆر لە سەدەی نۆزدەهەمەوە، جیاوازن. کێشەکە ئەوەیە، مرۆڤە هەژارەکان کەمتر مەیلی خۆڕێکخستنیان هەیەو زیاتر بەرەو فەتالیزم(قەزاوقەدەر)لادەدەن. ئەم مرۆڤانە خۆیان رادەهێنن لەگەل وازهێنان لە پلانی ژیانی شەخسییان. ئەمە پێشی هەموو شتێک، دەبێتە کێشەیەک بۆ منداڵان: یەکەم جار ئەو ئەزموونە لەلای دایکوباوکیان ناکەن کە مرۆڤ دەتوانێ بە خۆی ژیانی خۆی بەرێوەوە ببات. لێرەدا ئابروچوونە راستییەکەی هەژارییە کە لە زەرەرکردنی شانسەکانە، واتە، ژیانێکی"ئاسایی"لەگەل سەرکەوتن لە فێربوون، پیشەو خێزان بنیاتنان.

2005 /3/2

# گفتوگۆ لەگەل پرۆفیسۆری زانستی ئابووری لە زانکۆی ئۆتاوا، لە دامەزرێنەرانی بزووتنەوەی(ئەتاش) و هەلگری خەلاتی مافی مرۆڤ (Michel Chossudovsky)

( پسپۆڕ لە بابەتی کارتێکردنەکانی سیاسەتی ئابووری رۆژئاوا لەسەر جیهان)

لەم گفتوگۆ بێدارکەرەوەیە، پرۆفیسۆر چۆسۆدۆڤسکی روو  لەو بزووتنەوەیە دەکات کە بۆ واشینتۆن هاتوون و داوایان لێ دەکات، ئەو دەزگایانە بخەنە ژێر دووربینەوە کە ولاتانی جیهانی سێ و ولاتەکانی ئەوسای سۆسیالیستی وێران دەکەن.

بەم شێوەیە، دەبێ گفتوگۆیەکی بەرفراوان و لەبەرچاو بکرێت.

وەلام: کاتێ ستافێکی سەندووقی دراوی جیهان دەگەنە وەلاتێک و رووخاندنی بنەما کۆمەلایەتی و ئابوورییەکان وەک پێشمەرجێک داوادەکەن بۆ قەرزپێدان، ئەمە بەشێوەیەکی تایبەت، هیچ جیاوازییەکی نییە لەگەل وێرانکردنی فیزیکی بە بۆردوومانەکانی ناتۆ. سەندووقی دراوی جیهانی داوای داخستنی نەخۆشخانە، قوتابخانە و فابریکەکان دەکات. لە ئاستی نرخەوە، ئەمیان زۆر کاریگەرترە لە بۆردوومانکردنی نەخۆشخانە، قوتابخانە و فابریکەکان وەک ئەوەی لە یوگسلافیا ئەنجامیاندا، بەلام ئەنجامگەرییەکەی تا رادەیەک، یەکسانن: وێرانکردنی ولاتێک.

سەندووقی دراوی جیهانی، بە رێگای(م. ئا. ئی)-رێککەوتنی مولتی لاتیرالی بەدەستەوەیە لەبارەی سەرمایەگوزاری. ئەمەیش دوا رێککەوتنە لەبارەی سەرمایەگوزارییە دیاریکراوەکانەوە. سەرئەنجامی ئیمزاکانی ژێر ئەو رێککەوتننامەیە، مانای وێرانکاری ئابووری ئەو ولاتەیەو بە ئاسانی بلێم، جەنگ، دوا ئەنجامی(مای)یە.

جەرید ئیسرائیل: چۆن داخوازییەکانی ئەو مرۆڤانە کە ئێستا لە واشینتۆن پرۆتێست دەکەن، هەلدەسەنگێنن؟

وەلام: زۆر کەس بۆ واشینتۆن هاتووە تا لە دژی سیستێمی(بریتۆن وود)، سەندووقی دراوی جیهانی و بانقی جیهانی پرۆتێست بکەن. پرسیارەکە ئەمەیە: ئێمە لە پێناو چی خەبات دەکەین؟ من ئەو هەستەم هەیە، هێشتا نوێنەرایەتی هەلویستە سەرەکییەکان لە ریزی(رێکخراوە ناحکومەییەکان) بریتین لەوەی کە ئێمە دەبێ ئەم دەزگایانە چاکسازی بکەین، روویەکی مرۆڤایەتییانەیان پێ بدەین تا لە بەرژەوەندی هەژارەکاندا، کارەکانیان بکەن هتد...من چۆنییەتی هەلویستوەرگرتن کە لە لایەن کەمپینی_50سال ئیتر بەسیەتی_ لە دژی دەزگاکانی بریتۆن وود، بەرێ کران، بە هەلە دزانم و لە داهاتوودا، زیاتر لەلایەن ئەو مرۆڤانەوە دژایەتیدەکرێن کە باری یاسایی دەزگاکانی واشینتون دەخەنە ژێر پرسیارەوە. بەلام هێشتا دلەڕاوکێیەکی زۆر هەیە. هەندێ کەس بروایان وایە کە سەندووقی دراوی جیهانی و بانقی جیهانی رۆلی بەرامبەرکێی دەبینن و هەندێکیش بەو ئاراستەیە دەرۆن کە ئەو دەزگایانە بەشێوەیەکی لێکترازاو دەبینن. لە راستیشدا ئەوانە دوو ئامێرن کە لە لایەن ئیلیتەی رۆژئاواوەوە بەکاردەهێنرێن تا گەلان وێران بکەن و بیانکەن بە ناوچەی خۆیان.

جرید ئیسرائیل: ئێوە لەو بروایەن کە هەندێ مرۆڤ لەئاستی بانقی جیهانییەوە، پەژیوان دەبن؟

وەڵام: ئەو کەسانە باوەڕیان وایە کە بانقی جیهانی رووبەکی مرۆییانەی هەیەو لەپێناو لەناوبردنی هەژاری رێکخراوە، بەڵام سەندووقی دراوی جیهانی، هەژاری دروستدەکات. یان تەنانەت بڕوایان وایە کە لەنێوان هەردووکیاندا، ناکۆکی باڵادەستە. ئەمە بێ مانایە. بانقی جیهانی لەناوەڕۆکدا وەک سەندووقی دراوی جیهانی هەمان کاردەکات، تەنها ئەوە نەبێ بەرپرسیارییەتی بوارێکی تری هەیە لە جیهانی سێهەم. ئەگەر وای ببینین، ئەوا زۆر ترسناکترە. ئەرک پێشخستنەکەی بۆ لەناوبردنی هەژاری، رەخنەی با لە چارۆکی بەلەمەکە بۆ خۆی دەبیا. راستی ساکار ئەمەیە: وول ستریت لە پشت هەردوو دەزگاکە راوەستاوە. هەردووکیان لەلایەن بانقەکانەوە بەڕێوەوە دەبرێن، نەک لە لایەن سۆسیولۆگەکانەوە.

بازرگانی ئازاد برای جەنگە

وەڵام: لەوەش گرنگتر: زۆر کەس، پەیوەندی ئەو دەزگایانە لە گەڵ ناتۆ نابینن. تەنها رێکخراوگەلێکی کەم، رەخنە لە دەزگاکانی بریتوون وود، دەگرن و لە دژی جەنگی یوگسلافیا راوەستان. لە(سیاتل)دا، قسەیان لەسەر نەکردو تەنانەت ئێستاش لە(واشینتۆن)هیچ لەبارەیەوە ناڵێن. ئەوانە لە دژی بازرگانی ئازاد، سەندووقی دراوی جیهانی و سرینەوەی قەرزەکانی جیهانی سێ راوەستاون، بەڵام نەک لە دژی جەنگ.
بازرگانی ئازاد و جەنگ دەست لەناو دەستی یەکتر دەڕۆن. کاتی خۆی، لە سەدەی نۆزەهەم، وەک ئیمڕۆ، بەریتانیا، چینییەکانیان بۆ" بازرگانی ئازاد"بە ئەفیون ناچارکرد.
زۆر شت لە نێوان سەندووقی دراوی جیهانی و ناتۆ رێکدەخرێت. مرۆڤ ئەمەی لە کۆسۆفۆدا بینی. سەندووقی دراوی جیهان و بانقی جیهانی پلانی پاش جەنگیان دانا و لەدواییدا بەرەو بازاڕی ئازاد بردیان. پێش هێرشی بۆردومانکردن-. ئەگەر وەڵاتێک رێگری لە دەستتێوەردانی سەندووقی جیهانی بکات، ناتۆ پێکەوە لەگەڵ دەزگای نهێنی، بەرێدەکەون و بارودۆخێکی گونجاو بۆ پەیڕەوکردنی بەرنامەکانی سەندووقی دراوی جیهانی دادەمەزرێنن(...)

جەرید ئیسرائیل: بە ووشەیەکی تر، ئێوە بڕواتان وایە کە دراو بۆ حکومەتە ناوچەییەکان کەم دەکرێتەوە؟

وەڵام: بەڵێ. بۆ نموونە دراوێکی کەمتر بۆ قوتابخانەکان خەرج دەکرێ. بەم رێگایەوە_هەمان شت لە (بەرازیل)یش دەیکەن- نائارامی دەخنە ناو وڵاتەکان....

پرسیار: چۆن دەتوانین لەدژیاندا خەبات بکەین؟

وەڵام: بە رێکخستنی بزووتنەوەیەکی یەکلایەنیانە ناکرێ. ئێمە ناتوانین خەباتمان تەنها ئاراستەی دەزگاکانی بریتۆن وود، بکەین یان لە دژی رێکخراوی بازرگانی جیهانی یان تەنها بابەتی ژینگە یان جینتەکنەلۆژیا خەباتبکەین. ئێمە دەبێ هەموو سیستێمەکە ببینین. ئەگەر هەموومان بینی، ئەوجا پەویەندییەکانی بەکارهێنانی زەبروزەنگ دەناسینەوە. پەیوەندییە بەرتەسکەکانی سیستێمی ئابووری لە تۆخمە بنچینەییە شاراوەکانی رێکخستنی سەرمایەدارییە، وەک: کۆمپلێکسی پیشەسازی ملیتارستی، دەزگاکانی ئاسایش، و پەیوەندییەکانیان لەگەڵ رێکخستنە تاوانبارەکان و لەوانە، رێکخراوەکانی ماددە بێهۆشکەرەکان بۆ خەرجکردنی دراو لەپێناو دامەزراندنی گرفتەکان(...)

ئەم گفتوگۆیە لەلایەن(جەرید ئیسرائیل)ەوە بۆ سایتی ئیمپریوس-کلۆتس. کۆم، سازدراوە. من لە سایتی(تریند ئۆنلاین) وەرمگرتووە و بەشێکم لێ وەرگێڕاوە.

## گفتوگۆ لە گەڵ خانم ماودە بارلۆف، بەرپرسی ڕێکخراوی Blaues Gold بۆ پاراستنی ژینگە لە کەندا لەبارەی کێشەی ئاو.

**پرسیار: بارلۆڤ خانم، چۆن بارودۆخی ئاو دەبینن؟**

وەڵام: ئێمە لە ئێستاماندا، گەروەترین قەیرانی ژینگەمان هەیە. لە10ساڵی داهاتوودا‌شدا، لێپرسین بۆ ئاوی خواردنەوە دەگاتە سەرووی56%. لە"شوێنە گەرمەکان" دا، ئاو وەشکدبێ، واتە لە رۆژهەڵاتی ناوین، 22وڵاتی ئەفریقایی، لە بەشێکی نێوەندی رۆژئاوای ئەمریکا. چین، لەبەر ئاجبایەتی ئابوورییان، ئاوی باکووری وڵاتەکەیان گۆڕیوەو لە600شاری باکوری چین، 400یان لە کەمی ئاو دەناڵێنن. تەنانەت بانقی جیهانی دەڵێ، لەوانەیە ئەم بارودۆخە(وشکبوونی سەرچاوەی ئاو)تا ساڵی2025، دوو لەسەر سێی گوێ زەوی بگرێتەوە، ئەگەر بێت و بەباشی کۆنترۆڵی نەکەین. یەک لەسەر سێی دانیشتوانی زەوی، لە ئاو، بێبەش دەبن. 75%ی هەموو رووبارو دەریاکانی روسیا زۆر ژەهراوین و لە چین دەگاتە80%.

**پرسیار: بە موڵکایەتیکردنی تایبەتی ئاو، دەتوانێ کۆمەکمان بکات؟**

وەڵام: حکومەتەکانی باکوور نیولیبرالیزمیان راگەیاندووەو دەوڵەتە پێنەگەیشتووەکانی دەبێ سنوورەکانیان بۆ شەرکەتە بانناسیونالەکانی ئاو، بکەنەوەو بانقی جیهانی، بیرۆی یارمەتی گەشەپێدان کردووەتەوەو بەداخەوە بەشێک لە نەتەوە یەکگرتووەکان لەو کارە هاریکارییان دەکەن.

**پرسیار: ئایا ئەوە بەرەیەک تاکرەوییانەیە؟**

وەڵام: زۆر لە تاکرەوییەوە نزیکە. ناکۆکییەکە بریتییە لە: زۆربەی دەوڵەتە پیشەسازییەکان، سیستێمی ئاو کراوەیە. ئەوەی نارەحەتمان دەکا ئەوەیە، ئۆروپای یەکگرتوو لە کفتوگۆیەکانی (GATS)ی ڕێکخراوی بازرگانی جیهاندا، داوایان کرد70% وڵاتان، کەرتی ئاوەکانیان بۆ شەرکەتە بانناسیونالەن بکەنەوە، لەکاتێکدا، هەمان ئەم داخوازییە بۆ وڵاتەکانی خۆیان، رەتدەکەنەوە. ئەمە مانای وایە جیهانی سێ ناتوانێ کێشەی ئاو چارەسەر بکەن، و دەبێ وەک کەرتێکی تایبەت رێکبخرێت.

**پرسیار: بەڵام بەرتیلدان کێشەیەکی زۆر گەورەیە...**

وەڵام: بەڵێ، ئەمە باشترین بەڵگەی شەرکەتەکانە. من پێموایە، ئەڵتەرناتیڤی حکومەتێکی خراپ، حکومەتێکە بەبەردەوام باش بێ و: ئاو موڵکایەتییەکی گشتییە و نابێ لەسەر بنەمای قازانج دابەش بکرێت.

**پرسار. بۆچی ئێستا شەرکەتەکانی ئاو ئەوەندە بەتوندی چاویان لە ئەمریکای لاتین کردووە؟**

وەڵام: ئەمریکای لاتین شوێنی ئەزموونگەرییە، لەسەر بنەڕەتی سەروەتی ئاو، دەبێ لاتین ئەمریکاییەکان گەورەترین بەشی ئاویان هەبێ لە جیهان، بەڵام لە هەموو کەمتریان دەستدەکەوێت. کۆمپانی موڵتییەکان دەیانەوێ هێرش بۆ ئەو سەرچاوە ئاوە شیرینانە ببەن کە هێشتا پیس نین. ئەم نیازە لەلایەن بانقی جیهانییەوە پشتیوانی دەکرێ و دەڵێن، ئەگەر ئێوە پوولتان لە ئێمە دەوێ، تا لە گەشەپێدانی ئاوەکانتان پارمەتیان بدەین، ئەوا دەبێ رێ بە کۆمپانییە تایبەتییە جیهانییەکان بدەن، بێنە ناو وەڵاتەکانتانەوە. من ناوی هەندێ لە((راوچییەکانی ئاو)) دەهێنم: (Suez, Vivendi, RWE, Nestle)

پرسیار: لەشکری ئەمریکا باس لە"شوێنی بەتاڵ"دەکەن لە ئەمازۆن و شوێنەکانی تر.

وەڵام: بەڵێ، زلهێزەکان لە هەرکوێ بۆشاییەک ببینن، دەچنە ناوی. لە هندستاندا، شەرکەتی کۆکاکۆلا لە سەتەلایتی سەربازی ئەمریکاوە وێنەی یەدەکی ئاوی خواردنەوەیان دەستدەکەوێ، چونکە ئەوان تەماشادەکەن، گەلانی ئیندۆ لە کوێ دەژین، خۆشیان بۆ ئەوێ دەڕۆن و کۆمپانیایەکی ئاوخواردنەوە درووست دەکەن، هەڵبەت لەو شوێنانە کە کەمتر رووبەڕووی بەرگری دەبنەوە.

پرسیار: ئەڵتەرناتیڤی ئێوە چییە؟

پاراستنی ژینگە و دادپەروەری ئاو، پەیوەندییان بە یەکەوە هەیە. هیچ کۆمپانیایەک ناتوانێ بە گوێرەی ئەم دوو پرەنسیپە کاربکەن، چونکە ناتوانن قازانج بکەن. دەبێ دەستکەوتنی ئاو، وەک مافی مرۆڤ سەیر بکرێ وئەم جۆرە سەرچاوەیە نابێ بفرۆشرێت.

رۆژی 30. 1. 2005

سەرچاوە: سایتی ستاندار. نێت، بڵاوکراوەتەوە

گفتوگۆ لەگەل (Koldo Navascues)

نوێنەری لیستی(ئەوکێرا کۆستیاک AG/Alle Optionen) لە باسکلاند

پرسیار: دادگای باڵای مەدرید، داوای حکومەتی ناوەند بۆ قەدەغەکردنی رێکخراوەکەتان، پەسەند کرد. بۆچی رێکخراوەکەتان قەدەغەکرا؟

وەڵام: لە باسکدا، ئەوەی وەک هەردوو حیزبە گەورەکەی ئەسپانیا بیرنەکاتەوە، بە ئەندامی(ئیتا)ی دەزانن. لەم بارەیەوە دەڵێم: دووری من لە ئیتا بە قەت دووریمە لە سەرۆک بوش. پرەنسیپی باڵای ئێمە، پاراستنی هەموو مافەکانی مرۆڤە.

پرسیار: ئەوان ئیدعای ئەوە دەکەن گوایە رێکخراوەکەتان شوێنی حیزبی پەتوسنا(یەکگرتن)ی گرتووەتەوە. ئەم حیزبە پێشی دوو ساڵ قەدەغەکرا، گوایە بەشێکە لە(ئیتا).

وەڵام: هیچ یەک ئەندامانی ئەو رێکخراوە کە گوایە ئەندامی(ئیتا)ن، زیندانی نەکراون و هەرا ئەو حیزبە لە فەرەنسا بە شێوەی شەرعی کاردەکات. لیستەکەی ئێمە هیچ پەیوەندییەکی لە گەل(پەتەسونا)وە نییە. ئەوانە هەڵەدەکەن ئەگەر بە من بڵێن، ئەندامی گروپێکم کە لە دژی دامەزراندنی شەمەندنەفەری خێرام و پەیوەندیمان لە گەل پەتەسونا و (ئیتا)دا، هەیەو درووستەکەی ئەوەیە، من قسەکەری یەکێتییەکەم کە لە 19سەندیکا و رێکخراو پێکهاتووە لە پێناوی>>هاتوچووی کۆمەڵایەتییانە>>خەبات دەکەین.

پرسیار: تا ئێستا سەددان لیستە لەبەر ئەو هۆیە قەدەغەکران کە نوێنەرەکانیان کەسانێک بوون، پێشتر ناویان لە لیست و حیزبە ناپاساییەکان هەبوون. ئایا رێکخراوەکەتان هەمان حاڵەتی هەیە؟

وەڵام: بەرپرسەکانی حکومەت ناوی32000پشتگیریکەر-ئیمزاکەر- تەماشاکردو بەراستی لەناو ئەو ناوانە، ناوی کەسانێک هەبوو کە نوێنەری لیستی قەدەغەکراو بوون، بەڵام هیچ یەک لەوانە و تەنانەت هیچ یەک لە ئەندامی (پەتاسونا)ش، مافە مەدەنییەکانیان لێ

وەرنەگیراوە. ئەمە مانای ئەوەیە: ئەو جۆرە کەسانە دەتوانن لەهەر دەسەڵاتێکی دیموکراسی تر، ئەکتیڤ یان پاسیف لە هەڵبژاردنەکان، بەشداری بکەن و ئەگەر بیانەوێت، بۆیان هەیە پشتیوانی بکەن. ئەگەر کەسێک لەوانە، لەسەر لیستێکی تر خۆیانیان کاندید کردووە، بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی بە(نا) بەهای لەدەستداوە، کەچی ئێستا ڕێگایان پێنادرێت تەنانەت بە ئیمزاکردنیش پشتیوانی لە لیستێکی تر بکەن.

پرسیار: دادگا هۆیەکی تریشی هێناوەتەوە بۆ قەدەغەکردنتان: ئێوە(ئیتا)تان مەحکوم نەکردووە.

وەڵام: لەبەر ئەوەی ئێمە بەرگری لە مافی مرۆڤ دەکەین، گشت جۆرە زەبروزەنگێک مەحکوم دەکەین- بە زەبروزەنگەکەی(ئیتا)شەوە...
ئەگەر مرۆڤ بیەوێ>>مەحکوم<<بکات، بۆچی لە مەحکوم کردنی کودەتاکەی(ژەنەڕاڵ فرانکۆ)وە دەستی پێ نەکەین؟ ئەم کابرایە، لەلایەن حیزبی گەل(PP) کە لە حیزبەکەی(فرانکۆ)وە درێژەی پێدراوە، تا ئیمڕۆ مەحکومیان نەکردووە. یان مرۆڤ دەبێ باسی چاشەکانیش بکات کە حکومەتی سۆسیالیستی(مەبەست سۆسیال دیموکراتەکانە- لە هەشتاکاندا، ڕێکخست؟"سۆسیالیستەکان"هەرگیز خۆیان لەو جاشانە، دوورەپەرێز ڕانەگرتووە. من وەک ئاشیخوازێک، بەرگری لە مافی مرۆڤ دەکەم، بۆیە نوێنەرایەتی( AG/Alle Optionen)، دەکەم. خەباتی(ئیتا)نەک تەنها زیان بە باسکەکان دەگەیەنێ، بەڵکو پێشێلی هەموو پرەنسیپەکانی منیش دەکەن. بۆیە داوایان لێ دەکەم، چەکەکانیان دابنێن.
نەخێر. دادگای دەستووری هەموو قەدەغەکانی پەسەندکردووە، کەواتە ئەم جارەشیان هەڵبژاردنێکی دیموکراسی ئەنجام نادرێ، بەڵام ئێمە دەبێ هەموو ڕێگا یاساییەکان بگرینە بەر، تا بتوانین بۆ بەردەم دادگای ئۆروپی مافی مرۆڤ، بڕۆین. لەوێدا لە دژی پێشێلکردنی مافە سەرەتاییەکان مافی مرۆڤ ڕادەوەستین و بە هەمان شێوەش لە دژی ئەو ڕاستییە ڕادەوەستم کە منیان وەک ئەندامی(ئیتا) ناوزەدکردووە. ئۆروپا دەبێ لەبارەی ئەو ڕووداوانە کە لێرە ڕوودەدەن، گفتوگۆ بکەن. هەمووان لە بەر بیانوویەک، یاساغدەکرێن، چونکە ئەوانە لە پێناو پەیوەندییەکی تر لەگەل دەوڵەتی ئەسپانیا یان لە پێناو سەربەخۆیی، هەوڵدەدەن.

لە 3:2005/30 لە ڕۆژنامەی(یونگە ڤێلت)بڵاوکراوەتەوە

## گفتوگۆ لەگەل(Giorgos Mavrikos)

## گیورگۆس مەڤریکۆس ئەندامی سکرتارییەتی گشتی(بەرەی کرێکارانی خەباتگێڕ) لە یونان.

سەندیکا لە 2005/3/17 بڕیاری دا لە دژی لەناوبردنی دەستکەوتە کۆمەڵایەتییەکان ئەکتسیونی سەرتاسەری ئەنجام بدەن.

پرسیار: پێشی ساڵێک، حیزبی(نیا دیموکراتیا)ی کۆنزەرڤاتیف، حکومەتەکەی لە دەست پاسۆک، وەرگرت، ئایا چ گۆڕانکارییەک بەدیهاتووە؟

وەڵام: هەر ئێستا مەترسییەکانمان ڕاست دەرچوو کە حکومەتی تازە، سیاسەتە دوژمنکارانەکەی حکومەتی پێشووی، لاواز ناکاتەوە، بەڵکو قوڵتری دەکاتەوە. چەندین گەرتی دەوڵەتی تر، کران بە کەرتی ئەهلی یان نیازیان هەیە بە کەرتی ئەهلی بیانفرۆشن. لە هەمان کاتیشدا، هێرشێکی بەرفراوانتر لەسەر بیمە کۆمەڵایەتییەکان دەکەن. ئامانجەکەیان ئەوەیە، مرۆڤەکان درەنگتر خانەنشین بکرێن و

پوولێکی کەمتریان بدەنێ. بێجگە لەوانە، دەیانەوێ کاتی کردنەوە و داخستنی دوکان و بازاڕەکان بگۆڕن و سەرلەنوێش ڕۆژی یەکشەممە بکەن بە ڕۆژی کارکردن.

پرسیار: لە چەند مانگی ڕابردوودا، لە هەموو وەڵاتەکە، خەڵک لە دژی لابردنی دەستکەوتە کۆمەڵایەتییەکان و لە کار دەرکردن موقاوەمەتی کرد.

وەڵام: لە چەند مانگی ڕابردوودا، خەباتی کرێکاری بایەخدارتر بەرپاکران. لە هاوینی ڕابردوودا، کەمپینێکمان بەرپاکرد لە دژی ژیان لەدەستدانی ژمارەیەکی زیاد لە کرێکارانی بواری بیناسازی و کرێکارانی هوتێل ودەریاوانەکانیش مانیان گرت لە کارکردن. ئەوەی گرنگ بوو، مانگرتنی کرێکارەکانی ئەلبیسەی شاری(Naoussa)یە لە باکووری یونان بوو. جووتیارەکان، جادەکانیان بلۆککردو قوتابیان و خوێندکارانی زانکۆیش لە دژی سیاسەتی فێرکردن، خۆپیشاندانیان ڕێکخست.

پرسیار: ڕۆژی پێنجشەممە کێ لە خۆپیشاندنەکان بەشداری دەکات؟ مانگگرتووان چ داخوازییەکیان هەیە؟

وەڵام: پێمان وایە زۆر کەس لەو خۆپیشاندانە بەشداری دەکەن. ئێمە وەڵامی پۆزەتیڤمان وەرگرتووە لە کرێکارانی بیناسازی، شەرکەتەکان و شوێنە کرێکارنشینەکان- ئەوە چەندین هەفتەیە، چالاکەکانمان، لە هەموو شوێنێک خەڵک بۆ مانگرتن ڕێکدەخەن-. دوو کەرت لە کەرتە گەورەکان(ئەلبیسەو بیناسازی) پێکەوە پتر لە نیو ملیون کرێکارن، بڕیاریاندا، مانگرتنی 24سەعاتی، ڕێکبخەن. هەروا کرێکارانی پۆست، کرێکاران وفەرمانبەرانی نەخۆشخانەکان، کرێکارانی چاپخانەکان، پیشەسازی خواردەمەنی و شرینی، سەندیکای ژمێریاری و زیاتر لە 150کارگەی جیاواز و یەکیتییەکانی قوتابیان و خوێندکاران و خانەنشینەکانیش لە پرۆتێستی سەرەکی لە (ئەسینا)دا، بەشداری دەکەن. ئێمە داوای فێرکردن و خزمەتگوزاری تەندرووستی بەخۆڕایی بۆ هەمووان دەکەین؛ لە لانی کەمەوە، 1200ئۆیرۆ کرێی کارو960ئۆیرۆ بۆ خانەنشینەکان؛ 35سەعات کار لە پێنج ڕۆژ لە هەفتەیەکدا؛ ڕۆژی یەکشەمە، وەک ڕۆژێکی پشوودان بمێنێتەوە. هەروا داوادەکەین لەشکری ئەمریکی لە یونان بکشێتەوە و بنکەکانیشیان دابخەن.....

لەرۆژنامەی(یونگە ڤێلت)ەوە لە 16.3.2005

## گفتوگۆ لەگەل متران (جیافرانکۆ رافاسی).

(سەرۆکی ئەنجومەنی پاپەوی بۆ کلتور) سەبارەت بە تەنگەژەکانی نێوان هونەر و ئاین، مۆسیقا وتێڕوانینی کرستیانی
پرسیار: پەیوەندییەکانی نێوان هونەری ئێستا و ئاین دژوارە. بۆچی؟

وەڵام: سێ کێشەی سەرەکی هەیە: یەکەم/هونەر دەمێکە خۆیی لە بابەت، سمبول و چیرۆکە ئاینیەکان دوورخستووەتەوە. دووهەم/ تا سەرەتای سەدەی بیست خاڵی سەرەکی خوێندنی هونەر بوو. 3/ هونەر ئیمرۆ چیتر لەگەل جوانی وەک ئیدیاڵ گرێنەدراوەو لەم خاڵەشدا دابڕانێک لەگەل ڕابردوو هونەری مەسیحی سەردەمەکانی پێشوو. ئێمرۆ هونەر نایەوێ مانایەک یان پێشنیارێکمان پێ بڵێت، بەڵکو بە سانایییەوە تێبینی و ئاماژە بۆ دیاردەکان دەکات.

پرسیار: ئەمە مانای وایە کە لە هونەری ئێمڕۆدا چیتر هیچ تێڕوانینێکی کرستیانی لەبارەی واقعدا نییە؟

وەڵام: ڕێکورەوان ئەمە سێهەم بنچینەی کێشەکانە لە پەیوەندی نێوان هونەر و ئاین. بۆچی هونەر چیتر داواناکات، هەواڵێک بگەیەنێت و بەدوای جوانی بگەڕێ؟ کۆمەڵگای ئیمڕۆمان سیکۆلار بووە. لە پاڵ ئاینەوە، زاراوەگەلێک کە پەیوەستی باڵا و بەرز دەگەیەنێت، زاراوەی نیشتمانم بیردێت، کێشەیان هەیە. ئێمە دەمانەوێ ماوەی نێوان هونەر و ئاین کەم بکەینەوە، بۆیە من پێشنیارم کرد لە ڤیستیڤاڵی ڤنیدگ وەک زنگدانێک بۆ دیالۆککردن، بە کوشکێکەوە ئامادەبین.

پرسیار: بڕوا بەوە دەکەن بەوەی کە بەرەکەی تریش هیواخوازن، ئەو جۆرە سمبۆلانەیانە هەبێت؟ ئیمڕۆ خەڵک زۆرجار سەبارەت بە نیشتیمان، ئاین و ئیدەنتیتێت، قسەدەکەن.

وەڵام: لە لایەکەوە هونەری سەردەم زۆر جار شەعبییەتی نییەو بەدڵنیاییەوە وەک جاران نییە کاتێ هونەرمەندان دەربڕی هەموو گەل یان گمایندەی کرستیانیان بوون. ئێمڕۆ مەسەلەکان بەتەواوەتی بە شێوەیەکی ترە. بێگومان تابلۆی بەناوبانگ، یوڤیلی بیناسازی ئاینی لە نموونەی کارەکانی رێنتسۆ پیانۆ لە ئیتالیا، ماریو بۆتا لە سویسرا، ریتشارد مایەر لە ئەمریکا، تاداو ئەندۆ لە یابان، ئەلڤارۆ سیسا لە پورتوگال. زۆر هونەرمەندی بیناسازی هەیە نەخشەی کڵێسایان دارشتووە، بەڵام مەبەستەکانیان لەلاین ئیماندارەکانەوە نەناسراوە، بۆیە بە بڕوای من لەبەر ئەم هۆیە، دەبێ کڵێسا لەگەڵ نوێنەرانی هونەر دەستبکات بە دیالۆکێکی نوێ بکات تا بەم رێگایەوە وەک کۆمەڵگەی مەدەنی، توانا بڕِەخسێنین بۆ کۆمەڵگەی کریستیانی لە هونەرمەندەکانی ئەم سەردەمەو بەرهەمەکانیان، تێبگات.

پرسیار: لە چ کاتێکدا کڵێسا جیهانی هونەری لەدەستدا و بۆچی؟

وەڵام: لەدەوروبەری ساڵی 1800. هونەر لەلایەن خۆیەوە لە ماوەی رۆشنگەری لە ئاینی مەسیحی خۆیی رزگارکردو شێکاری هیچ زاراوەیەکی ئاینی مەسیحی بۆ پێشەوە نەبرد. لەو کاتە کە هونەر بەرێگایەکی نوێ هەنگاوی نا، کڵێسا رێگای بەرەو رابردوو دانا. ئێمە هەموو ئەو بارودۆخە بەروونی لەوەدا دەبینین کە ئێستا سەردەمێکە، دەبێ شێوازی بونیادی رابردوو نۆژەن بکرێتەوە: رۆمانتیکی نوێ، نیوگۆتیک. هەروا مۆسیقای ئاینی بۆ سەردەمی رۆمانتیک و چاخەکانی ناوەڕاست و فۆمەکەی بە تازەیی ماوەتەوە.

پرسیار: لەو سەردەمەوە تا ئێستا هەر بەو شێوەیە ماوەتەوە؟

وەڵام: مۆسیقای روحی نوێ هەبووە، بۆ نموونە(پیتیتی مێسە)، (میسا سولانی)یەکەی رۆزینی. با بیر لە شتراڤینسکی بکەینەوە کە لەسەر شەرەفی(ڤۆن ئێس. مارکۆ) لە ڤنیدگ،(مێسە)یەکی نووسیوە. ئێمە دەبێ ئیمڕۆ بەو بەرهەمانە ببەستینەوە و بۆچوونەکەی مارک شاگاڵ بەبیر بهێنینەوە کە وتی: هەموو وێنەکێشەکان سەدان ساڵ فرچەکەیان لەناو ئەلفوبێتی ئەنجیل پیرۆز دەکرد.

پرسیار: کەواتە بە بێ تێگەیشتن لە ئەنجیل مرۆڤ ناتوانێ لە بەشەکانی تری هونەری رۆژئاوا تێناگات؟

وەڵام: بەڵێ

پرسیار: پاپا بینیدیگxv1 دۆستی مۆسیقا و هونەرە. ئایا ئەو پیشتوانی لە هەوڵەکەتان دەکات تا بۆ کڵێسای کاسۆلیکی دووبارە پەیوەندییەک بە جیهانی هونەر بدۆزنەوە؟

وەڵام: ئەوەی بەلای پاپاوە گرنگ بێت، ئەوەیە کار لەسەر نەریتی هومانستی خۆمان بکەین. لە وەڵاتانی حەوزی دەریای ناوەڕاست بۆ نموونە چۆنایەتی مۆسیقای روحی داواکاری لەسەر نییە. ئێمە دەبێ هەموو کۆششێک بدەین بۆ ئەوەی مۆسیقای روحی دووبارە بە ئاستێکی باش زیندوو بکەینەوە و ئەمە کۆراڵی ئاینی و(فوکالپۆلیفۆنی)کلاسیکیش دەگرێتەوە. بەنیسبەت مۆسیقای روحی رۆژئاوا تەنها جۆهان سباستیان باخ لێهاتوو نەبووە.

پرسیار: مەبەستان لەو بۆچوونە کۆمپۆنیستگەلێک(ئاوازدانەر) وەک (پالاسترینا) و (دی لاسۆن)ە؟

وەڵام: ڕێک وایە. هەردووکیان سەرسوڕهێنەرترین نوێنەری مۆسیقای(بارۆک)ی ئیتالیایین. لەپاڵ زیندووکردنەوەی ئەم مۆسیقا ئاینییە، پاپا دەیەوێت بۆ زمانێکی نوێ بگەڕێین تا بەشێوەیەکی شیاو لەگەڵ جیهانی هونەری ئیمڕۆ دیداری بکەین. ئەمە زۆر گرنگە بۆ ئێمە، چونکە نامانەوێ ئەوەی نوێمان لەدەستبچێ. لاوەکان حەزیان لە زنجیرەیەکی گۆرانی هەیە، بۆنموونە مۆسیقای رۆک، بەڵام لە چاز و فۆلکیش تێدەگەن و بەدڵەوە گوێیان لێدەگرن.

پرسیار: جیهانی سمبۆلەکانی مەسیحییەت بەتەواوەتی ون نەبووە، چاو لە سینەما بکەن.

وەڵام: هێشتا مەسیحییەت هەموو سەروەتی سمبۆلەکانی لەدەستنەداوە. هەر ئێستا لە فیلمەکان هەست بەوە دەکەین: بابەتی خراپەکاران، ئازارەکان، خۆشەویستی زۆر لە کلتووری مەسیحییەتەوە گەشەو کاریانتێکراوە. لە سینەمای هیندستانی هەمان ئەو شتانە هەیە، بۆ نموونە خراپەکار بەشێوەیەکی رۆژئاوایی پیشانی نادەن. بە بڕوای من، فیلمی(دی پاسیون کرستی) کە لەلایەن میل گیبسونەوە دەرهێنراوە، فیلمێکی زۆر بایەخدار بێت. زیفریلی فیلمی(ژیانی مەسیح)ی دەرهێنا و کەسایەتە سەرەکییەکەی، مەسیحێکی زۆر پتەو روون بوو و پیشاندانی مەسیح بەم جۆرە زۆر یاریدەرەو پێش هەمووشیانەوە بۆ مرۆڤی ئاسایی کە پەیوەندی لەگەڵ مەسیحی ناصیرەی لەدەستداوە. هەروا بۆ نموونە بڕوانە بۆ فیلینی کە بەخۆیشی مەسیحییەکی ئیماندار نییە.
ئەم گفتوگۆیە لەلایەن ئەلکسەندەر گێرلاخ بۆ گۆڤاری سیسرۆ سازیدراوە.

## گفتوگۆ لەگەڵ روپریشت پۆلێنس.
## (سکرتێری لیژنەی سیاسەتی دەرەوە لە پەرلەمانی ئەڵمانیا).

پرسیار: ئایا دەتوانین لە ترویکی جیهانی دارایی کە لە کۆتایی ئەم هەفتەیە ئەنجامدەدرێ، چاوەڕوانی سەرئەنجامی کۆنکریت بکەین؟

وەڵام: دەبێ بزانین کە بەبێ چەندوچۆن بزانین کە گرنگترین 20دەوڵەتی پیشەسازی لەپێناو لەناوبردنی قەیرانی دارایی لە دوارۆژیشدا، پێکەوە کاردەکەن. دەبێ ئەوەشمان بۆ روون بێت کە پێکەوە هەنگاوەنێن و یەک تەدبیر لەبەر دەگرن لەگەڵ لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندییە ناسیونالەکانیان. لەم خاڵەدا چاوەڕوانی وتەی رێزدار دەکەم...

پرسیار: بەڵام هێشتا لە رێکخستنێکی نوێی جیهانی دارایی نزیک نەبوینەتەوە.

وەڵام: راستە. ئەگەر مەسەلەکە ئەوە بێت، چ میکانیزمێکی چاودێری جیهانی بنیات بنێین و پاشان چ دەزگاگەلێک ئەو چاودێرییە جێبەجێبکەن، ئەوا بۆچوونەکان لەم بارەیەوە زۆر لەیەکترییەوە دوورن. لەم بارەیەوە نابێ چاوەڕوانییەکانمان زۆر بن، بەڵام کات فشارمان بۆ دەهێنێ. لەوێ، هەر هەنگاوێک لە کۆتایی ئەم هەفتەیە دابنرێ، گرنگە.

پرسیار: زۆر شت بە هەڵسوکەوتی ئەمریکییەکانەوە بەستراونەتەوە. لەوێ هەموویان بەیەکەوە چاوەڕوانن کە باراک ئۆباما بەڕوونی لەبەرامبەر رێکخستنی چاودێریکردنی جیهانی دارایی و ئابووری لە جۆرج بوشی توندتر راوەستێت. ئایا ئێوەش بەو شێوەیە دەیبینن؟

وەڵام: لەبنەمادا چاوەڕوانی ئەم هەڵویستە درووستە. پێش هەموو شتێک هەڵوەستەکەیان بەخۆی بۆ ڕێکخستنی بازاڕی داراییە و بەڕوونی هەڵویستی کۆمارییەکانە. لەمەشەوە نابێ بە زۆرەملی تواناکان گەشەبکەن و بەخۆی خۆی ڕاست بکاتەوە. کاتێ سیاسەتمەدارێک تازە دەسەڵات بەدەستەوە دەگرێ و بەرپرسیارییەتی لەبارەی رابردوو لەئەستۆی نەبێت، ئاسانترە ئێستا بڕیاری پێویست بدا.

پرسیار: ئایا دەتوانین لەو بڕوایە بین کە ئۆباما ئامادەباشییەکی گەورەی دەبێ بۆ پێکەوە کارکردن؟

وەڵام: سەبارەت بە ئۆبامە، غەمێکم هەیە کە پەیوەندی لەگەل حزبەکەیەوە هەیە. دیموکراتەکان بەلای تەدبیرەکانی پاراستنەوە دەچن. ئەمە لە قەیرانی داراییدا مەترسیەیکی گەورە پێکدەهێنێ. قەیرانی ئابووری ساڵانی بیستەکان و سییەکان سەدەی رابردوو خراپتر دەبوون، چونکە وەڵاتەکان پێکەوە کاریان نەدەکرد، بەڵکو وەک دەڵێن"ئەوەی دەتوانێ با خۆی رزگار بکات" هەنگاویان دەنا.

پرسیار: ئایا ئەم بۆچوونە لەسەردەمی دنیایەکی جیهانگیردا، هەر وەڵاتێک دەتوانێ خۆی سنووردار بکات؟

وەڵام: بیر لە قەیرانی پیشەسازی ئۆتۆمبیل لە ئەمریکا بکەنەوە، تەنانەت ئەگەر یەکەمجار لەگەل قەیرانی داراییش پەیوەندی نەبێت. لە تەنگەژەکانی جەنەراڵ مۆتۆر و فۆرتدا، یەکسەر ئەو بیرۆکەیە پێشدێت، ئێمە چیمان پێدەکرێ ئەگەر کێبرکە دەرەکییەکان لە بازارەکانی ئەمریکا کێشەمان بۆ درووست بکەن. هەڵبەت ئەمە بۆ ئابووری هەناردەیی وەک ئەڵمانیا گەورەترین زیانە.

پرسیار: ئایا ئێوە خاڵێکی دیاریکراوتان هەیە لەبارەی شێوەیە بیرو رەفتارەکانی باراک ئۆباما؟

وەڵام: من دەزانم کە ئۆباما دەیەوێت لەگەل کەنەدا و مەکسیک لەبارەی رێککەوتنی((NAFTAگفتوگۆ بکات کە لە1994وە پەیڕەو دەکرێ و پلە بە پلە بەرەو لابردنی باجەکان لەنێوان وەڵاتەکیان هەنگاو دەنێن تا ناوچەی بازاری ئازاد درووست بکەن. کەنەدییەکان بە نائارامییەوە بۆ ئەو گفتوگۆیانە دەڕوانن، چونکە لە پشتییەوە ئەو مەبەستە هەیە، بازاڕی ئەمریکا بەشێوەیەکی بەهێزتر بپارێزن.

پرسیار: بۆ (ئۆباما)یش درووشمی"یەکەم جار ئەمریکا"یە؟

وەڵام: دەبێ بەو شێوەیە ببیینین، گەرچی کورتبینیشە، چونکە پاراستنی ئابووری کەرەستەی چارەسەرکردنی کێشەکان نییە، بەڵکو هەمیشە تەنها کێشەکان بۆ ماوەیەکی کورت سووک دەکاتەوە. بەڕاستی بازرگانی ئازاد، پرەنسیپی خۆشگوزەرانیە.

ئەم گفتوگۆیە لەلایەن مارتینە فیتس لەگەل رۆپریشت پۆلێنس بۆ گۆڤاری(Cicero)سازدراوە

## گفتوگۆ لەگەل سیدریک تیلە.

## (کارمەندی پێشووی خەزینی فیدراڵی ئەمریکی و ئێستا مامۆستایە لە پەیمانگای باڵای لێکۆڵینەوە نێودەوڵەتییەکان و گەشەسەندن لە ژنێف).

"ئۆباما لەبواری ئابووری، پراگماتیانە رەفتاردەکات"

سویس ئەنفۆ: ئایا هەڵبژاردنی ئۆباما هەواڵێکی باشە بۆ ئابووری جیهانی؟
سیدریک: بەڵێ، بەڵگە سەرەکییەکەم ئەو گرووپەیە کە لە دەوری خۆی کۆیان دەکاتەوە. ئێستا ناوی ئەوانەمان لەلادا نییە، بەڵام ئەم مەسەلەیە شایەنی بەدواچوونە لە هەفتەکانی داهاتوو. لەماوەی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکەی گرووپێکی بەرفراوانی هەبوو و راوێژکاری زۆر باشیان تێدا بوو و بۆ نموونە بۆل فولکەر سەرۆکی پێشووی خەزینەی ئەمریک کە شکستی بە هەڵاوسانی ساڵی هەشتاکان هێنا، هەروا هەردوو سەرۆکی خەزینە(بۆب روبین و لاری سامرز)لەسەردەمی بیل کلنتۆن و لەوانەیە سامرز دووبارە پلەکەی وەربگرێتەوە. ئەوەی رووبەرووی سەرۆکی ئێستا دەبێتەوە پێکهاتووە لە بەرێوبردنی بارودۆخێکی ئاڵۆز و دەبێ پشت بە هەڵبژەردیەکی بەرفراوان لە راوێژکاران ببەستێت و بگات بە کورتەی ئەو بۆچوونانەی پێدەڵێن تا ناوکەکەیان وەربگرێت.

سویس ئەنفۆ: "گۆڕان"دروشمی ئۆباما بوو. ئایا لەسەر ئاستی ئابووری چی دەگۆڕێ؟
سیدریک: یەکێک لە گۆڕانەکە سەرەکییەکان کە دەیکات لە ئاستی پێکهاتی دارایی ئەمریکایە. قەیرانەکان پیشانیاندا کە پێکهاتی زەبتکردنی ئێستا لەگەڵ واقیع ناگونجێ. ئەمە مانای ئەوە نییە کە دەبێ لە هەموو شوێنێکدا زەبتی زیاتر بکات، بەڵکو دەبێ تدبیرگەلێ بکات کە بەشێوەیەکی باشتر لەگەڵ گەشەکردنی بازاڕی دارایی دێتەوە. بۆ نموونە لە ئەمریکا چەندین وەکالەت بە تەریبی کاردەکەن، وەک(خەزینەی فیدراڵی و وەزارەتی خەزینە...هتد)وئەم بەلقانییەتە، دەبێ عەقلانییەت بکرێ، تەنانەت ئەگەر بەو ئاراستەیە بڕوات کە نزیک بێ لە نموونەی بەریتانی کە لێرە یەک وەکالەت ئەرکی چاودێری کردنی کەرتی دارایی لەئەستۆ دەگرێ. . ئەمە نموونەیەکی باڵا نییە(سەرەڕای ئەم رێکخستنە، بەریتانیاش رووبەرووی داڕوخانی بانقی نۆرتەرن رۆک هات، بەڵام سەرکەوتووترە).
کەواتە گۆڕانکارییەکی هەیکەلی دەبینەوە کە بۆ ئۆباما بۆ بەرێوەبردن هەستیارە. لەبەر ئەوەی زۆربەیەکی بەهێزی دیموکراتەکان لە کۆنگرس، رووبەرووی فشارێکی زۆر بەهێز دەبێ بە ئاراستەی(زیادرەوی لە چاودێری و کۆنترۆڵکردن). سەبارەت بە وۆل ستریت- بەتایەتی قەیرانەکە کۆتایی پێدێت- روو لە دیوەکەی تر دەکات و ئەو کات دەبێ ئۆباما بۆ هاوسەنگی بگەڕێ و ئەمەش ئاسان نییە.

سویس ئەنفۆ: چۆن پێشبینی پلانی بزووتنەوەکەی دەکەی لەسەر ئاستی نیونەتەوەیی؟
سیدریک: لەبەرامبەر قەیرانە داراییەکە بانقە ناوەندەکان بەشێوەیەکی توندوتۆڵ هاوکاری یەکتر دەکەن.

سویس ئەنفۆ: وەک تێڕوانینێکی شەخسی، چۆن تواناکەی هەڵدەسەنگێنن بۆ رووبەڕووبوونەوە؟
سیدریک: ئۆباما هیچ بەڵێنێکی نەداوە لەبارەی لایەنییکی دیاریکراو و پێموایە لەبنەڕەتدا پیاوێکی پراگماتییە.

سویس ئەنفۆ: چەندین ساڵە حکومەتی سویسری هەوڵدەدا لەسەر ئاستی بازرگانی لە ئەمریکاوە نزیک ببێت. لەم بارەیەوە، ئایا هەڵبژاردنی ئۆباما هەواڵێکی باشە بۆ سویسرا؟

سیدریک: لەم بارەیەوە، وەک پرەنسیپ جیاوازییەکی روون لەنێوان دیموکراتەکان و کۆمارییەکان نییە و هەفتەکانی ئایندە ئەمەمان بۆ روون دەکەنەوە.

## گفتوگۆ لەگەڵ هاینز دیتریش.

## (کۆمەڵناس، بیرمەندی چەپ و راوێژکاری حکومەتە چەپەکانی ئەمریکای لاتین و دۆزەری سۆسیالیزمی سەددەی 21ە).

**پرسیار: ئێوە جێی متمانەی سەرۆکی فەنزەویلان و دۆزەری(سۆسیالیزمی سەدەی 21)ن کە ماوەی10ساڵە هەوڵدەدەن جێبەجێی بکەن. گومان هەیە لە نیازی دیموکراسی شافیزو بە ئەوتۆکرات تۆمەتباردەکرێت.**

**وەڵام: ئەوە کلیشەی پرۆپاگەندەیە کە هیچ پەیوەندی بە راستییەوە نییەو مرۆڤ بۆ نموونە هیچ لەبارەی سەعودیای عەرەبی نابیستێ. تاقە دەستور لە ئەمریکای لاتین کە رێدەدا سەرۆک لەدەسەڵات لاببرێت، دەستووری فەنزەویلایە. سەرۆکی هیچ حکومەتێک لە جیهان بەو شێوەیە ئەوەندە پرۆژەی زۆر بۆ دەنگدانی دانیشتوان پێشکەش نەکردووە. لە فەنزەویلا زیندانی سیاسی و ئەشکەنجەدان نییە؛ میدیای کەرتی تایبەت و بەرهەڵ ًٌستکار هەیە. فەنزەویلا لەگەل کۆستاریکا دیموکراتیترین وەڵاتانی ئەمریکای لاتینن.**

**پرسیار:  شافیز لە فەنزەویلا، نیولیبراڵیزمی خنکاند...**

**وەڵام: شافیز تا ئێستا فەنزەویلای بەرەو سۆسیال دیموکراتی دەوڵەتی خۆشگوزەرانی بە نموونەی کینیزیانیزم بردووە. دووبارە بنیاتنانەوەی ئابووری بازاڕی فەنزەویلای وێرانکراو لایەن نیولیبراڵیزەکانەوە، لە 10ساڵی رابردوو 85%ی هێزەکەی بۆ تەرخانکرا. ئێستا ئیدی دەبێ هەنگاوی داهاتووی بەرەو دامەزراندنی ئابووری سۆسیالیستی دابنێن.**

**پرسیار: بۆیە شافیزی دەیەوێ10ساڵی تر حوکمڕانی بکات...**

**وەڵام:  پاش ریفەرەندومەکە دەبێ بڕیار بدا، داخوا دەیەوێ درێژە بە بنیاتنانی دەوڵەتەکەی بدا، بەڵام شافیز دوایدەخات، چونکە لە دامەزراندنی پرۆژەی زەبەلاحی هەرەوەزی تووشی نوشوستی بوو. لەراستیدا مەرجەکانی دامەزراندنی لەبەردەستدا بوون: فێربوونی پیشەکان، بنبڕکردنی هەژاری، پێشکەوتن وەک خۆگونجاندنی ئەمریکای لاتین، رۆیشتنی حکومەتی بوش و قەیرانی کۆلۆمبیاش چارەسەرکرا. ئیمڕۆ بەڵگەی تر بەدەستەوە نەماوە بۆ هەنگاونەنان بەرەو سۆسیالیزم.**

**پرسیار: جا دیمەنەکە بە چ شێوەیەکە؟**

**وەڵام: لە سۆسیالیزمی سەدەی21دا هاندەر لە ئابووری، دەسکەوتنی قازانج نییە، بەڵکو پڕکردنی پێداویستییەکانە. فۆرمی موڵکایەتی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان بەرێگای پرەنسیپی هاوسەنگی، واتە گۆڕینەوە لەسەر بەهای یەکسان بێبایەخدەکرێ و هەروا ژمێریاری و قەپڵاندن شوێنی میکانیزمی نرخی بازاڕ بۆ بەها، دەگرێتەوە. لەسەر ئاستی سیاسیشدا توخمەکانی عەوامەتی گەورەتر دەبێ.**

**پرسیار: کەواتە کەناسێک و مامۆستایەکی زانکۆ بەقەت یەک موچەوەردەگرن...**

**وەڵام: وەک پرەنسیپ بەڵێ، بەڵام دەبێ لە قۆناغی گواستنەوەدا بەشێوەیەکی نەرم لەگەلیدا رەفتار بکرێ....**

**پرسیار: ئابووری فەنزەویلا بەتەواوەتی پشت بە بەرهەمهێنانی نەوت کە بەرهەمەکەیشی ئەوەندە نییە، دەبەستێ. چەندە نرخی نەوت دادەبەزێت، ئەوەندە هەڵاوساندن بەرزدەبێتەوە. چ جۆرە هەڵەیەک کراوە؟**

**وەڵام: کاتێ شافیز دەسەڵاتی بەدەستەوە گرت، پێویستی بە قەرەبووکردنی سەردەمەکەی پێشی هەبوو: بەرزبوونی نرخ بەهۆی بەرفراوانبوونی بەرنامە کۆمەڵایەتییەکان و سەرمایەگوزاری لە کەرتە گشتییەکان و بەرزکردنی موچەکان بە بەزاندنی قەبارەی بەرهەمهێنان دەناسینەوە. کێشەکە ئەوەندە گەوەیە کە شافیز ئیمساڵ سیاسەتێکی رادیکالانە دژ بە هەڵاوسان بەڕێدەکات، ئەگەر بیەوێ رێگری لە هەڵاوسانی(هایپەر)بکات. هەروا مەزەنەیەکی درامی هەبوو سەبارەت بەوەی کەداخۆ دەوڵەت چەندە دەتوانێ بەر بە هەڵاوسان لە**

هەندێ کاری دیاریکراوی سیستێمی ئابووری بازاڕ بگرێتەوە. ئەگەر بەسەر هەڵوسانەکە سەرنەکەوێت، ناتوانێ لە2013وەک سەرۆکی وەڵاتەکە بمێنێتەوە.

پرسیار: چەندی تر شافیز دەتوانێ لەکاتی نزمبوونی نرخی نەوت، بە نیوەی نرخەکەی لە بازاڕ بە هاوپەیمانەکانی لە ئەمریکای لاتین بدا؟

وەڵام: سەخاوەتی فەنزەویلا لەچوارچێوەی هاوپەیمانی ئابووری بۆلیڤاری(Alba) بەشێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو، کەم دەبێتەوە. هەروا چیتر ناتوانی خەرجی پرۆژە گەورەکان بدا بۆ کێشانی بۆری نەوت و گاز لە وەڵاتانی ئەمریکای باشوور و دامەزراندنی هێڵی شەمەندنەفەر تا ئەرژەنتین.

ئەم گفتوگۆیە لەلایەن(کلاوس ئیرینگ فێلدە)وە بۆ ڕۆژنامەی تاتس سازداوە.

## گفتوگۆ لەگەل پرۆفیسۆر(رینێ شروێدە، تەمەن).
## رینی لەم گفتوگۆیە بیروڕای خۆی لەبارەی بونیادی دژایەتی ژنان، ئاین و ماڵپەڕی (ویکیپیدیا)دەردەبڕێ.

ستاندارد: پێشی چەند ساڵێک ئێوەم لە سمینارێکی کراوە لەگەڵ4-5پیاو بینی. کاتی ڕێگا بە ئێوە درا بۆ قسەکردن، بە گاڵتەجارییەکی زۆر تاڵەوە گوتتان: ئەها، ئێستا ڕێژەی ژن بۆی هەیە قسەبکات. ئایا بارودۆخەکە لەو کاتەوە تا ئێستا باشتر بووە؟ لە بواری زانست ڕێژەی ژنان زیاتری کردووە کە بتوانن لەم جۆرە بوارانەدا گوێیان لێ بگیرێت؟

رینێ: ئێستا زیاترە، بەڵام هێشتا هەر بەشێوەیەکە کە بۆ نموونە سمینار لەبارەی"زانست، ئاین"لەگەڵ چەندین پیاو و بەشداری ژنێک یان بەبێ ژن ئەنجامدەدرێت. ئەو کاتە من دەبێ چەندین ڕۆڵ ببینم. من ژنم، فێمنیستم، ئەتائیست و زانام. لەبەرامبەردا پیاوەکان زیاد یان کەم لەهەمان شوێن دادەنیشن و دەبێ هەر یەکێکیان، نوێنەرایەتی هەڵوێستێک بکات. جا ئاینداربن یان کۆنزەرڤاتیڤ یان پێشوەخت دژ بە هەندێ زانست بن. زۆر جار ئەم نایەکسانییە بەلامەوە زۆر قورسە.

ستاندارد: سەرەڕای ئەوەش قەت ماندوو نابن لەوەی دژە بۆ ناو ئەو هەموو ڕۆڵانە بکەن؟

رینێ: لەوانەیە بتوانم و هەر مێواندارییەک قبووڵ بکەم و دوو ڕۆژ جارێک بۆچوونی خۆم لەبارەی هەر بابەتێکەوە دەرببڕم. نەخێر من وەڕس نابم لەوەی دژ بەم نابەرابەرییە لەنێوان پیاوان و ژنان، دەربکەوم. هێشتا هەر ژنان زۆر جار نابینرێن یان پشتگوێ دەخرێن. هەندێ لەبیری خۆیان دەبەنەوە کە تا ناوەڕاستی1980لە مافی هاوسەرگیری نووسرابوو کە ژن پاشکۆی پیاوەو دەبێ گوێڕایەڵی بکات. ئاینەکان هۆکاری ئەم سووکایەتییەیە بە مافی ژنان.

ستاندارد: ئەم بەڵگەیە ئێستا لەلایەن ئەتائیستێکەوە، سەرسوڕهێنەر نییە.

**رینێ:** ئەوە راستییەکە کە ژنان لە ئەنجیل، قورئان یان تەورات دەنگیان نییە. تاقە مێیینە لەناویاندا بایەخی پێبدرێت، کچی بە پەردەیە کە دەبێ پاک بێت، پاک بەرێگای ئازارچێشتنەوە. ئەمە وێنەیەکی وێرانکەرە. ژن لە ئیسلامدا دەبێ روخساری خۆی بپۆشێت. ئەمە وێنەی ژنێکی ژێردەستە کە بۆی نییە ببینرێت. ژنانی زۆر هەن ئازادانە خۆیان دەپێچنەوە و بە باشی قسەی خۆشیان دەکەن، بەڵام وێنەی ژنێک کە دەبێ روخساری خۆی بشارێتەوە، بۆ من وەک وێنەیەکی نەگەتیف دەمینێتەوە.

**ستاندارد:** قسەوباسەکان لەگەڵ نوێنەرانی کڵێسەکان-گرنگ نییە کامەیان- لەبەرامبەر تێروانییە ناگونجاوەکەتان، چۆن بەرپەرچدەچێت؟

**رینێ:** هەمیشە بەهەمان نموونە بەرپەرچدەچێت و دەیانەوێت ئەوەم بۆ روون بکەنەوە کە ئێمەی مرۆڤ لەلایەن هێزێک لە ئاسمانەوە بەرپەرچدەچین. خودا وای دەوێت و ئێمە ناتوانین خۆمان رێکبخەین. ئەمە بێمانایە.
بۆ نموونە ئەگەر بۆچوونەکانم لەگەڵ کاسۆلیکێک دەربیڕم، ئەوا ئەو بە نەزانی ناوزەدی دەکات. لە ئەنجیل نووسراوە(بەشێوەیەکی تر شی بکەرەوە)، بەڵام خۆشیان دەڵێن ناشبێ ئەو دەقە وەک خۆی وەربیگیرین. نوێنەرانی کڵێسا لە دیسکسیونەکاندا لەبری ئەوەی بۆچوونی خۆیان دەربڕن، دەقی وەرگێراو بەکاردەهێنن. بەڵام ئێمە چۆن ئەم بوارە زۆر روحییە شرۆڤە بکەین؟ لە ئەنجیل نووسراوە: خودا تەماشای زەمینی کردو ئەوەی بینی بەدڵی نەبوو و پاشان توفانی بۆ زەمین رەوانەکرد. ئەمە جینۆسایدە.

**ستاندارد:** ئەو رەخنە توندەی ئێوەی لە ئاین دەگرن، چۆن لەلاتان گەڵاڵەبوو؟ ئەدی ئێوە ژیانی منداڵیتان لە وەڵاتێکی زۆر مەزهەبی(بەرازیل)بەسەر نەبردووە؟

**رینێ:** من لە(Sacre Coeur)بووم. گەرچی دایکوباوکم مەزهەبی نەبوون، بەڵام لەوێ گوێم لێ بوو کە خودا دوو رێگای بۆ ژن دیاریکردووە: یان شوو بکات و منداڵ بهێنێ یان دەبێ بۆ کلوستەر(دێر)بڕوات. من ئەوە بە نارەوا دەزانی و دەمویست بۆ سەر مانگ برۆم. من لەلای باوکم نارەزایەتی خۆمم دەربڕی و ئەویش وتی: کاتێ گەورە دەبێ دەتوانی هەموو شتێک بکەی. من بڕیارم دا کە باوکم لە قەشەیە کە یەکەم وانەی پەیوەندی پێوتین، شارەزاترەو: کڵێسا باسی ئەوە ناکات مرۆڤ ببێت بە بیرکەرێکی بەرچاوکراوە، بەڵکو بۆ ئەوەی ببێت بە خزمەچییەکی گوێڕایەڵ.

**ستاندارد:** کەواتە جیهانبینی ئێوە بەو شێوەیە نییە کە جیهان لە ئاسمانەوە بڕیاری لەسەردەدرێت. ئایا ئێوە چۆن ئەوە بەشێوەیەکی کۆنکریت دەبینن؟

**رینێ:** نووسەر(میلانی متشێل)لە کتێبەکەیدا(Complexity A Guided Tor) زۆر بە جوانی باسی دەکات. یەکێک بۆ سیستێمێکی کۆمپلێکس دەروانێت و دەبینێ بەشە توخمەکان و تایبەتمەندییەکانیان بەرپرسی شێوەی ئەم سیستێمەیەو بونیادەکەی پێشوەخت لەلایەن هێزێکی دەرەکییەوە بڕیاری لەسەر نەدراوە، بەڵکو توخمەکان زیاد یان کەم بەرێکەوت، دەتوانن بە شێوەی جۆراوجۆر لەگەڵ یەکتری گرێ بدرێن. کۆلۆنەی مێرولە سیستێمێکی ئاڵۆزی سەرەنجراکێشە. مێرولەکان تاکگەلی گەمژەن، بەڵام لە کۆلۆنەکەیان سیستێمێکی زۆر زیرەک پێکدێت و تێدا پێکهاتی سیستێمە دەگمەنەکەی سەرەنج راکێشە.
ئەگەر یەکێک پەرەسەندن(ئێڤۆلۆتسیون) بۆ ئەو کاتە کە یەکەم ناوک یان بەشی بیۆلۆژی پێکهات بهێنێتە بەرچاوی خۆی و پرسیار بکات داخۆ پەرەسەندن دووبارە بەم شێوەیە کە تا ئێستا روویداوە، روودەداتەوە، ئەوا وەڵامەکەی"نەخێر"ە. ئەوەی دەگمەن بێت، دووبارە نابێتەوە. کۆدەکانی جینات نموونەیەکی باشە: ئایا ئەو کۆدانە بەرێکەوت بەستویەتی یان پێداویستیەیکی کیمیاوییە؟ ئێمە نازانین، بەڵام من پێموایە ئەگەر پەرەسەندن جارێکیتر رووبدا، دەبن بە(کۆدی جینی)تر.

**ستاندارد:** ئێوە کاری توێژینەوەکەتان لە هەمان سیاق دەبینن؟

ڕینێ: بەڵێ. ئێمە تەماشای گشت بەشەکان دەکەین. من زۆر لەناخەوە دەمەوێ لەو پەیوەندییە تێبگەم کە چۆن لە تایبەتمەندێکانی بەشە تاکەکانەوە پەیوەندی گشتییەکە درووستدەبێت.

ستاندارد: لە (پڕۆژەکەی-ڤنگنشتان)یش کە ئیمڕۆ کۆتایی پێدەهێنن؟

ڕینێ: ئەوەی ئێمە لەم شوێنە توێژینەوەی لەسەر دەکەین بریتییە لە نموونەیەکی دەگمەن لەسەر ئاڵۆزی. هەموو ئەوەی لە گنوم-بەشە یەکگرتووەکانی ناوکە- مرۆیی کۆدی هەیە، لە تریلیارد-هەزار ترلیون- گەرد(RNA-ئەو ماددەیە کە لەناو شانەکانی پرۆتۆپلاسمادا هەیە و بەشێوەیەکی جەوهەری لە پێکهاتنی پرۆتین بەشداری دەکات)نووسیوەتەوە. پاشان ئێمە بەرێگای هەڵبژاردن و لەبەرگرتنەوە بۆ خەسڵەتە تایبەتەکان دەگەڕێین. لەدواییدا گەردە(مۆلیکولە)دەستبژێرکراوەکان دەگەیەنین بە(گینوم)ی مرۆیی. ئیمڕۆ ئەم کارە لەپەیوەند بە تەکنەلۆژیای نوێ زۆر بە خێرایی ئەنجام دەدرێ، چونکە بەم ڕێگایەوە دەتوانین تێکەڵەی شریتی(RNA)دیاری بکەین. گەرووەکە ئێستا لێکۆڵینەوەو شرۆڤەی داتاکانە.

ستاندارد: ئێوە چاوەڕوانی چ ئەنجامگیرییەک دەکەن؟

ڕینێ: ئێمە لەم کارە دەمانەوێت ئەو زانیاریانە دەستبکەوێت کە بەرپرسیارن لەسەر بەڕێوبردنی قۆناغەکانی گەردیلە. ئێستا خەریکی شرۆڤەکردنی داتایەکی زۆرین و ئەمەش هەموو جارێک کارێکی سانا نییە، بۆیە پێکەوە لەگەڵ ئینفۆرماتیکی بیولۆژی کاردەکەین. من زۆر دڵنیام کە لە 2010یەکێک لەو خانانە دەدۆزینەوە.

ستاندارد: ئەی پاشان؟

ڕینێ: تەمەنم دەبێت بە57ساڵ و دەمەوێ8ساڵی داهاتوو دیسان بە خەستی بە بواری توێژینەوە و وانەگوتنەوە، پێشکەش بکەم. واتە کەمتر کاری بەڕێوبردن لە ئەستۆ بگرم.

ستاندارد: کارێکی تازە دەکەن؟

ڕینێ: نەخێر. بۆ من گەیاندنی زانست گرنگە. لەچوارچێوەی پڕۆژەی(Science goes school)سەر بە ئەکادیمیای زانستی نەمسا، سەردانی قوتابخانەکان دەکەم و وەڵامی پرسیارەکانی قوتابییەکان دەدەمەوە. ئەزموونەکەم لەم بوارە فرەرنگتر نابێ: پۆلێک دەیویست هەموو شتێک بزانێ و بێڕەحمانە خوێنیان مژیم و پۆلێکی تر ویستیان تەنها زانیاری وەربگرن. ئەگەر منداڵ بەو شێوەیە پەروەردە بکەین، کار لەسەر زانست بکەن، نەک بەبێ پرسیارکردن بەدوامانەوە شتەکان بڵێنەوە، ئەوکاتە دەتوانن روحی ڕەخنەگریان لێ دەربچێت. لەبەر ئەم هۆیە، ویکیپیدیا بە دەگمەن هەڵدەسەنگێنم، چونکە لێرەدا مرۆڤ دەتوانێ کار لەسەر زانست بکات و لەناو کۆمۆنیتی دەستبەدەست و کاریشیان لەسەر دەکرێ.

ستاندارد: مەرج نییە هەموو ئەوەی لەوێ دەنووسرێت، ڕاست بێت.

ڕینێ: وایە. هەمیشە کەسانێک هەیە، ئەم سیستێمی زانستە کۆمپلێکسە، بەرێگای زانیاری هەڵەوە، خراپ دەکەن، بەڵام لەلانی کەمەوە بەهەمان شێوە کەسانێکی زۆر هەیە، هەڵەکان ڕاستدەکەنەوە. مەسەلەکە بەو شێوەیە، ئەگەر بەو شێوەیە بتانەوێ: پرۆسەی پەرەسەندن. شتێک وەک ویکیپیدیا وام لێدەکات بڕوام بە مرۆڤایەتی هەبێت وئەمە لەلایەن ئاسمانەوە بەڕێوەنابرێت.

ستاندارد: لەم حاڵەتە لەلانی کەمەوە لەلایەن خوداوە بەڕێوەنابرێت.

رینێ: ڕێکوڕەوان وایە.

پرۆفایل:
رینێ شرویدە پرۆفیسۆری بیۆکیمییە لە تاقیگەی ماکس ف. پیروتس لە نەمسا. لە2003خەلاتی ڤیتگنشتاینی وەرگرت و لەهەمان ساڵ وەک یەکەم ژن بوو بە ئەندام لە زانستی ماتماتیک- سروشت لە ئەکادیمیای زانستی نەمسا. ئێستا سەرقاڵی(پرۆژەی-ڤینگشتاین)ە وکاردەکات بۆ گەشەپێدانی میتۆدێک بۆ دۆزینەوەی گەردیلەی(RNA)ی تازە کە بڕیار لەسەر پرۆسەیەکی کۆمپلێکس لەناو شانەکان دەدات.

ئەم گفتوگۆیە لەلایەن پیتەر ئیلیتشکۆ بۆ رۆژنامەی(دێر ستاندارد)ی نەمساوی سازدراوەو لە2010/1/5بڵاوکراوەتەوە

# گفتوگۆ لەگەڵ Arjo Suonperae
## (سکرتێری حزبی شیوعی فینلەندی):
## ئەوەی بەتەنیا خەبات بکات، بەتەنیاش دەمرێ!

لەبارەی بڕیاری کۆمپانیای(نۆکیا)ی فینلەندی، بۆ بێکارکردنی پتر لە 4000 لەکرێکارەکانی لە شاری(بوخم)ی ئەڵمانیا، لەبەر ئەوەی دەستەکەوتەکانی بە گوێرەی پێویست نەبووە. بەم بۆنەیە ئونزەرە تسایت(ئۆرگانی حزبی شوعی ئەڵمانیا) لە هەژدەمین گۆنگرەی حزب لە(Moerelden)، گفتوگۆیەکی لەگەڵ سکرتێری حزبی شوعی فینلەند کە مێوانداری کرابوو، سازدا.

: ئایا داخستنی کارگەی-نۆکیا لە بوخم، لەسەر ئاستی فینلەند دەنگی دایەوە؟

وەڵام: بەڵێ. ئەم هەواڵانە لە هەموو راگەیاندنەکان دەنگی دایەوەو لەبارەیەوە وتاریش نووسران کە تێیاندا بە توندی رەخنەیان لە قازانجی خەیاڵی کۆمپانیاکە گرت. بە سانایی دەڵێم، هەڵسوکەوتەکەسان زۆر بێرەوشتانەیەو تەنانەت هەندێ خاوەنکاریش رەخنەیات گرت کە هەڵسوکەوتی نۆکیا کە یەکێکە لە کۆمپانیا نموونەیەکانی سترکتوری خاوەنکارەکانی فینلەندا، زیان بە نێوبانگی باشی خاوەنکارەکان دەگەیەنێت.

ئونزەرە تسایت: ئێوە چ ئەزموونێکتان هەیە لەگەڵ (نۆکیای)فینلەند کردووە؟

وەڵام: لەو کاتەوە کە نۆکیا وەک خاوەنکاری ئەلکترونی کاردەکات، بەرەو خراپی چووە. ئێمە نۆکیا وەک خاوەنگاری شەڕەنگێز دەناسین کە ریزیکۆی گەورەو هەندێ جار ترسناک بۆ دابینکردنی بازاڕی فرۆشتنی ئەنجام داوە. ئەم هەڵسوکەوتە بەرەو رەفتاری توند لەگەڵ کرێکاران و فەرمانبەرەکانی، بردووە.

: تا چ رادەیەک؟

**وەڵام: مرۆڤ دەبێ بزانێ کە بۆ چەند ساڵێک دەچێ، کۆمپانیای نۆکیا زۆر کەم لە فینلەند بەرهەمدەهێنێت و دەمێکە کارگەکانی بۆ دەرەوەی وەڵاتەکە گواستووەتەوەو لەلایەن خاوەنکاری سانەوییەوە بەڕێوەدەبرێت. چیتر پەیوەندی موڵکایەتی نۆکیا فینلەندی نییەو نیوەی خاوەنداریێتییەکەی، بەدەستی خاوەنکارە ئەمریکییەکانەو تۆرەکانیشی سنوورە ناسیونالەکەی بەزاندووە. لەفینلەندا تەنها کەرتی گەشەپێدەرانی سیستێم، پلاندانەران و بەڕێوبەران، کاردەکەن.**

**: نۆکیا لەسەر سایتە جیهانییەکەی شتی جوان لەبارەی(بەرپرسیارییەتی کۆمەڵایەتی)دەنووسن. ئایا ئەوە لە واقعیدا چۆن رەنگی داوەتەوە؟**

**وەڵام: مرۆڤ دەبێ یەکەم جار بڵێ کە ئەوەی لەسەر سایتەکەیان بڵاوکراوەتەوە زۆر کۆن بووە. دووهەمیش ئەوەی لەبارەی بەرپرسیارییەتی کۆمەڵایەتی نووسیویانە، لەو جۆرە قسەزلی و زاراوانەن کە لە راستیدا بەشێوەیەکی کۆنکریت نەنووسراون وناتوانین لەبارەی ناوەڕۆکەکەی بەدواچوون بکەین. لەراستیدا نۆکیا تەنها لەیەک شتدا هەڵویست وەردەگرێ: لەبارەی پرسی ژینگە. لێرەدا هەوڵدەدەن پیشانی بدەن چی دەکەن تا بەردەوام رێگری لە پیسکردنی ژینگە بگرن. لەراستیدا لەبارەی کێشەکانی تر هیچ هەڵویستێکیان وەرنەگرتووە. لە هەموو گفتوگۆکردنی پێکهاتە تایبەتییەکان لەبارەی کارەکانی نوکیا لە فینلەند ئەوەیە کە بە سیاسەتی بێکارکردن لە فینلەند، مافی کارکردنی پێشێلکردووەو ئەم سیاسەتە لەپێناو ئەوپەڕی قازانج لەسەر ئاستی جیهان جێبەجێ دەکەن.**

**: وەک چۆن لە کۆنفرانسە جیهانییەکەی هەژدەمین کۆنگرەی حزبمان لەبارەی ململانی ناو یەکێتی ئۆروپا گفتوگۆمان کرد، ئێمە ئێستا وەک بابەتێکی ئەکتوێل، رووبەڕووی لەناوبردنی مافە کۆمەڵایەتییەکانین رووبەڕوین کە لەلایەن یەکێتی ئۆروپاوە لە بواری یاسای کار، بەناوی(Flexicurity)وە، جێبەجێدەکەن بەو نەخشانە، یەکێتی ئۆروپا و بەتایبەتی کۆمپانیا بانناسیونالەکان، هەڕەشەی لەناوبردنی مافی کرێکارەکان دەکەن. بە بڕوای ئێوە چ پرسیارێک یان تەدبیرێکی سیاسی یان ئەڵتەرناتیڤ هەیە تێگەیشتنمان تا خەباتی سیاسیدا گەشەیانپێبدەین؟**

**وەڵام: هەر ئێستا دەستبەجێ داوایەکی سێنترالم هەیە: دەبێ بە نووسراو دابینی کۆمەکە دراوییەکانی یەکێتی ئۆروپا و لەسەر ئاستی ناسیونال لە رێککەوتنەکانی کارکردن بکەین و کۆمپانیاکان شوێنی کارەکان، لەناونەبەن. دەبێ ئەو داخوازییە جێبەجێ بکرێ تا ئەو کۆمەکانە تەنها بۆ بەرفراوانکردنی بواری ستروکتورە گەشەسەندووەکان بەکاربهێنرێت.**

**: لەدواییدا ئێمە وەک ژنان و پیاوانی کۆمونیست بەرپرسیارییەتیمان هەیە بۆ رێکخستنی بەرگری خەباتی جیهانی. بەبڕوای ئێوە چ لایەنێکی گرنگ هەیە کە ئێوە لەسەرووی سنوورو ستروکتوری وەڵاتەکانمان رووبەڕویان ببینەوە؟ ئێمە دەتوانین چی بکەین بۆ ئەوەی ئەو توانایانە زەق و هەستکراو بۆ نۆکیا لە بوخم، رۆشن بکەین؟**

**وەڵام: یەکەم ئەرکی کۆمونیستەکان لەناو سەندیکاکان بەدووبارەیی بیڵینەوە کە ئەوەی بەتەنیا خەبات بکات، بە تەنیاش دەمرێ. دیارە مەسەلەکە پرسیاری سیاسی و ئیدۆلۆژی ئێستای خەباتی چینایەتییە. لەوێ، واتە لەو کارگە بانناسیونالانە کە توانای رێکخستنمان هەیە، ئەم تێگەیشتنە بەشێوەیەکی عەمەلی و سیاسی جێبەجێ بکەین. ئەمە مانای ئەوەیە بۆ نموونە پەیوەندی راستەوخۆ لەنێوان کۆمونیستەکانی ئێرە و فینلەند درووست بکەین کە لە هەمان کۆمپانیا کاردەکەن.**
**دووهەم ئەرکمان ئەوەیە بە شێوەیەکی بەهێزتر کار بکەین بۆ نوێنەرایەتی سەندیکایی لەسەر ئاستی ئۆروپا- هیچ جیاوازییەک نییە چ لە سەر ئاستی ئەنجومەنەکانی کارگەکانی ئۆروپا یان لە سایەی سەندیکاکانی ئۆروپا، ئێمە دەبێ خەبات بۆ مافە بنەڕەتییەکانی کارکردن بکەین و جێگیریان بکەین؛ ئەگەر مەسەلەکە پەیوەندی بە کۆمپانیا بانناسیونالەکانی ئاسنسازی هەبوو، ئەوا دەبێ پەیوەندی بە سەندیکای ئاسنساز و یەکێتی کرێکارانی مەعدەنچیانی ئۆروپاوە بکەین.**
**گرنگ ئەوەیە لەم کارە، سەرەداوەکە بەدەستی سەندیکایەکی نیشتمانی بێت بۆ کۆمپانیایەکی بانناسیونال لەئەستۆ بگرێ و زانیارییەکان و تواناکانی خەبات رێکبخات.**

: ئێمە دەبێ لە ئۆروپا، پێکڤە گەشەبدەین بە تۆری بەرگری دژ بە زوڵمکاری کۆمپانیا زلهێزەکان. سوپاستان دەکەین بۆ ئەم گفتوگۆیە...سوپاسی هاتن و ئامادەبوونتان دەکەین و لە کانگای دڵمانەوە سەڵاو و هاپشتیمان بە هاورێیان بگەیەنن...
ئەم گفتوگۆیە لەلایەن(Ceren Young)وە بۆ هەفتەنامەی(ئونزەرە تسایت-UZ) سازداوە.

## گفتوگۆ لەگەل Claudio Grassio
## (یەکێک لە دامەزرێنەرانی ریفۆنداتسیون کۆمونیستا لە ئیتالیا).

**مانای"شوعیبوون لە ساڵی 2008"چییە؟**

کلاودیۆ(52ساڵ)یەکێکە لە دامەزرێنەرانی(ریفۆنداتسیونی کۆمونیستاPRC) پاش ئەوەی حزبی شوعی ئیتالیا لە 1992/1991، خۆیی تواندەوەو لە ساڵی 1993 بووە بە سکرتێری ناوچەی(ئیمیلی رۆماگنا). لە 2006بۆ سیناتۆر هەڵبژێرداو ئیمرۆ ئەندامی سەرکردایەتی ریفۆنداتسیونە و رێکخەری گەورەترین رەوتی نێو حزبە چەپەکانە بەناوی(Essere Comunisti-شوعیبوون).

پرسیار: شوعیبوون لە 2008مانای چییە؟

کلاودیۆ: ئەمە پرسیارێکی لەرادەبەدەر زۆر وردە. من بەم شێوەیە دەستپێدەکەم بۆ سەلماندنی: سیستێمی سەرمایەداری زۆر بە روونی لەسەر چەقبەستنی کۆمەلایەتی راوەستاوەو ئەمەش جوداکاری لەنێوان ئەوانەی قازانج کەڵەکە دەکەن بەوەی هێزی کار دەکرن و ئەوانەی هێزی کاریان دەفرۆشن و سوپاس بۆ بەهای ئابووری ژیان، کە دان بەم لایەنە دەنێ. کۆمونیستەکان لەدایکبوون بۆ ئەوەی ببن بە نوێنەری سیاسی لایەنی دووهەمی کۆمەڵگا. لەسەر بنەمای ئەم نوێنەرایەتییە هەوڵی گۆڕانکاری شۆڕشگێرانە دەدەین وبەشێوەیەکی گونجاو بۆ ئەم ئامانجە کاردەکەین. من نامەوێ ئەم بۆچوونە وەک بۆچوونێکی ئەبستراکت دەرکەوێ. کۆمونیزم زیاتر پێداویستییەکی بونیادگەرانەیەو مەسەلەیەکە هەنوکەیی پێویستە و لەناو خودی شێوەی ئەم بەرهەمهێنانەیە کە پراوپر لەناو ناکۆکییەکانیەوە بۆ پێشەوەی دەبیات و مەرجەکانی گەشە بە بەزاندنی دەدا. ئیمرۆ ئێمە- لە هەرکوێ قۆناغێکی مێژوویی لە ئۆروپای رۆژئاوا بژین کە تێیدا هێزی بەرهەمهێنان بەچڕی گەشەپێدەدرێ- چوارچێوەی سیستێمەکەی وەک خۆی دەمینێتەوە. بۆیە گرنگ و پێویستە کۆمونیستەکان لە شێوەی حزبێک خۆیان رێکبخەن. مانای(ئیسێرە کۆمونیستی)ئەوەیە بۆ ئەم ئەرکە پێگەیشتووەو دەبێ بەگشتی بۆ جیهانی کار بروانین و نوێنەرایەتی چینی خوارەوە بکەین وبۆ ئەو ئامانجەکە کاربکەین کە ئەم سیستێمی ئابووریە بگۆڕین.

پرسیار: کۆمونیستەکان چ رۆڵێکیان بینی لە دامەزراندنی(سنیسترا ئارکۆبلینۆ- چەپی پەلکەزێرینەیی) کە لە دیستەمبەر لە 4حزبی چەپ پێکهات؟

کلاودیۆ: کۆمونیستەکان دەبێ رۆڵێکی دژوار لە هاوپەیمانی هێزە چەپەکان ببینن: کار لەپێناو یەکێتی بکەن(بۆ بەهێزکردنی پشتیوانی هەڵوێستی چەپ لەناو کۆمەڵگا) و سەربەخۆیی خۆشیان بپارێزن. هەردوو ئامانجەکە، یەک لە یەکیان جەوهەریترن. یەکەمیان تا سیاسیانە لەسەر ئاستی پەیوەندی راستەوخۆی هێزەکان رووبەرووی راستەڕەو و مۆدیراتەکان کە کەرتی حزبی دیموکراتن ببینەوە. دووهەمیان تا روانگەی درێژخایەن بە کراوەیی بهێڵینەوە کە ئامانجە سەرەکییەکەی کۆمونیزمەو لەژێر کاریگەرییەکانی لە وەڵات و دەزگاکانی بەرفراوان ببێت.

پرسیار: لەناو ریزەکانی(سینیسترا ئارکۆبلێنۆ) هێزی وا هەیە حەز لە بینینی داس وچەکۆش ناکەن. بۆچی تۆ هەڵویستەکەیان قبووڵ ناکەیت و بۆچی(ئیسیری کۆمونیستی) وەک فراکتسیونێکی چەپ چالاکی پاشماوەکان نییە؟

وەڵام: دیارە ئەوانە ئەو هێزە سیاسییانەن کە بیروبۆچوونی سۆسیالدیموکرات یان ئیکۆلۆگیان  هەیە وخۆیان لە تراديتسيون و کلتووری سیاسی کۆمونیستەکان، دوور رادەگرن و بەم سمبولە نامۆن.
بەرامبەر بەوە شەرعییەتی کەمتریان بەدەستەوەیە کە لەبارەی سمبۆلێکی هاوبەش، کۆمونیستەکان دەست لە سمبۆلەکەیان هەڵدەگرن، بەڵام سەوز و سۆسیالدیموکراتەکان بۆیان هەیە دەست لە سمبۆلەکانیان هەڵنەگرن یان بەشی زۆری سەرکردایەتی حزبەکەمان (گەورەترین حزبە هاوپەیمانەکان)، پێیان دانەگرت لەسەر ئەوەی سمبۆلی حزب لە(Emblem)بەرزبکرێتەوە.
بەجیا لەوانە ئێمە دان بە شانازیمان بە داس و چەکوش دەکەین و ئەکتوالتێتی لە هەموو ئەوانی ترو وەک چالاکی ئەوانەی ماونەتەوە، زیاترە. ئەمە دوو بەهای هەیە: لەلایەکەوە بەروونی رەگوریشەمان دیاری و سەرچاوەکەمان رۆشن دەکات و بەشی زۆری مێژوویەکی پڕ سەروەرییە لە بەرگری تا خەباتی بزووتنەوەی کرێکاری کە لەدوای خۆماندا هەیە. لەلایەکی ترەوە کاری ماددی و پێداویستییەکانی بۆ راگرتنی لەناوەندی نەخشە سیاسییەکەمان و دەرکەوتنمان بەدەستەوە دەدات...

لە ئیتالیاییەوە بۆ ئەڵمانی: Rosso Vincenzo

## گفتوگۆ لەگەل روجێ دو ڤیگ(کۆمینتاتۆر و پسپۆری ئۆروپا)

## روجێ دوڤیگ پێی وایە دیموکراسی لە سویسرا بەهێزە، بەڵام دەزگا سیاسییەکانی پێویستی هەنوکەیی بە ریفۆرم هەیە.

پرسیار: ئێوە چۆن هەڵبژاردنی حکومەتی فیدراڵی لە رۆژی2008/12/10دەبینن؟
وەڵام: دەنگێک نەبێ، هەموو پەرلەمان دەنگیان بە 2 پاڵێوراکەی حزبی گەل(راسترەوی توندرەو)، دا. هەڵبژاردنی یەک حزب مەسەلەیەکە لەسەر ئاستی جیهان دەگمەنە.

پرسیار: بیانوەکەیان بۆ ئەم مەسەلەیە ئەووە کە گوایە نوقسانی هەبووە لە نوێنەرایەتی حزبی گەل...
وەڵام: دەبرینی"نوقسانی لە نوێنەرایەتی" گریمانەیەکە کە حکومەتێکمان هەیە، نوقسانی لە نوێنەرایەتی هەیەو هەموو حزبەکان مافی یەکسانیان هەیە بۆ پڕکردنی کورسییەکانی ئەو حکومەتە کە لە حەوت ئەندام پێکهاتووە ئەمەش بە پشتبەستن بە ژمارەی کورسییەکانی حزبەکە لە پەرلەمان یان بەشەکەی لە دەنگدانی گشتی. بەڵام مەسەلەکە بەو شێوەیە نییە. جاران سیاسەت لە سویسرا لەسەر تەوافق لە بۆچوونەکان(Consensus) کراوە وئەم وشە لاتینیە مانای(رێککەوتن)ە، و ئەگەر لانی کەمی رێککەوتن هەبێ، دەتوانن بگەن بە رێککەوتنێک سەبارەت بە دابەشکردنی 7کورسییەکەی حکومەت.

پرسیار: لە دەرەوەی وڵات، وێنەی سویسرا لەسەردەمی کریستۆڤەر بلوخەر(وەزیری دادو پۆلیس لە2003-2007)، بە تەڵخی دەبینرا. ئایا لەسایەی"دەسەڵاتی"ئولی ماورەر چی دەگۆرێ؟
وەڵام: وەزیرێکمان دەبێت لە رابردووی ژیانی سیاسیدا، بەرپرس بووە لە پۆستەرگەلێک کە بەروونی هانی خەڵکی داوە(لەکاتی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان بۆ حزبی گەل)بۆ هەستی رەگەزپەرەستی. ئەمە بووە هۆیەک کە لە دەرەوەدا مەترسی درووست ببێ. بەڵام راگەیاندنەکانی

ئەڵمانیا لەبری ئەوە، پێیان داگرت لەسەر هەڵنەبژاردنی کریستۆڤەر بلۆخەر کە بە بۆچوونی ڕۆژنامەنووسە ئەڵمانەکان، چیتر هیچ ڕۆڵێک لە سیاسەتی سویسری ناگێڕێ.

پرسیار: ئایا بلۆخەر ئێستا لە گۆڕەپانی سیاسی کناردەگرێ؟
وەڵام: گۆمانم هەیە. ناتوانین چاوپڕینی بلۆخەر بۆ جێگا پڕنەکراوەکەی(ماورەر) وەک سەرۆکی حزبی گەل لە کانتۆنی زیورخ یان تەنانەت دەستکەوتنی ئەو جێگایە، بەدوور بزانین. لەوانەیە بلۆخەر (وەک ملیاردێرێک)زیاتر درێژە بدا بە هەڵگرتنی خەرجی هەڵمەتەکانی حزبی گەل.
لە ساڵانی داهاتوو پێویستیمان بە شەفافییەتێکی زیاتر دەبێ لەبارەی خەرجپێدانی حزبەکان لەکاتی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن. چاوەڕوانیمان بۆ نۆژەنکردنی دەزگا سیاسییەکانمان، درێژەی کێشا. ئەوە بە ناتەندرووست دەزانم کە کەسانی خاوەن سەروەتێکی زۆر توانایان هەبێت بە ڕێژەیەکی گەورەو بەشێوەیەکی نهێنی کارتێکردنیان هەبێت لە سیاسەتەکانمان، بەتایبەتی ئێستا لە کاتی قەیرانی دارایی.

پرسیار: سیاسییە ڕاستڕەوە شەعبەوییەکان(گەلییەکان) لە چەندین وەڵاتی ئۆروپی، سەرکەوتووترن و زۆرجار لەدەرەوەی وەڵاتدا، بلۆخەر بە لوپان لە فەرەنسا یان بەرلسکۆنی لە ئیتالیا، بەراورد دەکرێ. ئەو بەراوردکردنانە چەندە وردن؟
وەڵام: گەلییەکان شێوازی جۆراوجۆریان هەیە و بەبڕوای من ناکرێ بەراوردی ڕاستەوخۆ لەنێوانیان بکەین، گەرچی ڕاستڕەوە گەلییەکان لەسەر هەمان بنەما دامەزراون و بەشێوەیەکی ئاسایی وێکچوونیان لە بوونی پیاوێکی بەهێز و زۆر سەروەتمەندە کە داراییەکی زۆر بەکار دەهێنێت بۆ درێژەپێدان بە سیاسەتە تایبەتەکەی خۆی. هەروا وێکچوونێکی تر لە هاوپەیمانی بابەتیانە لەنێوان گەلییەکان و ڕۆژنامەگەری وروووژاندن هەیە. هەردووکیان بەهەمان شێوە کاردەکەن، واتە چارەسەری سادە پێشکەش دەکەن و لەبری سیاسەتی چارەسەری مامناوەندی، جەخت لەسەر ململانی دەکەن و بەرگی سۆزداریانە لەبەر سیاسەت دەکەن.

پرسیار: لە ئەڵمانیا سیاسەتمەداری ڕاستڕەوی ناسراو نییە. ئایا ئەو وەڵاتە لە هەڵەکانی فێربووە؟

وەڵام: هێشتا ئەڵمانیا لەژێر کارتێکردنەکانی شۆکی نازییەتەو ئەمەش شتێکی تەندرووستە. من پێموایە هاتنی بەخێرایی کەسایەتییەکی بەهێز لەڕیزی ڕاستڕەوەکان، تەسەور نەکراوە. ئیمڕۆ دیموکراسییەت لە ئەڵمانیا زیندووەو باشترین وێناکردنە بۆ وەڵاتێک لەبارەی خۆی بە جیهان پیشانی بدا. هەروا دەستووری ئەڵمانیا یەکێکە لە باشترین دەستوورەکانی جیهان. ئەگەر وەڵاتێک هەبێت بووە بە دیموکرات-بەشێوەیەکی زۆر تەندرووست-و ڕەنگە وەک دەسەڵاتە دیموکراسییەتەکانی تر لە کێشەو هەڵە، بنائێنێ، بەڵام لە ناوەڕۆکدا دابەشکردنێکی باش بۆ دەسەڵات دەڕەخسێنێت و ڕێ لە خۆبەزلزانی دەگرێ، ئەوا ئەو وەڵاتە ئەڵمانیایە.

پرسیار: سویسرا حەز دەکات خۆی وەک نموونەیەک بۆ دیموکراسی پێشکەش بکات، بەڵام دەتوانین چی لە ئەڵمانیاوە فێر ببین؟
وەڵام: سەروەری یاسا. لە سویسرا دیموکراسییەتێکی بەهێزمان هەیە، بەڵام لە لاوازی سەروەری یاسا دەنائێنین، چونکە توانای گۆڕینی هەر ماددەیەک لە ماددەکانی دەستووری فیدراڵی هەیە- هەندێ جاریش بەڕێگای ڕاپرسی گشتیشەوە-پێشێلی دەکرێ-
ولەبەر ئەوەی دیموکراسییەتێکی بەو ئەنداز بەهێزەمان هەیە، سەروەری یاساو پاراستنی مافە سەرەتاییەکان لەبیردەکەین.
لیستێکی دوورودرێژ هەیە لە دەستپێشخەری دژ بە دەرەکییەکان کە بە دەستی حزبی گەلەوە یان بەپشتوانی لێکردووەو مافی مرۆڤ پێشلدەکەن. دەستپێشخەری مزگەوت کە دەیانەوێت دامەزراندنی مزگەوت قەدەغە بکەن، ڕووبەڕووبوونی ئازادی ئاینە و دەستپێشخەری ڕاگوێزاندن کە داوادەکەن نەک تەنها ئەو دەرەکییانە لە سویسرا دەربکرێن کە تاوانیان ئەنجامداوە، بەڵکو کەسوکارەکانیشیان و ئەمەش زۆر بەتوندی پەیوەندی بە بەکۆمەڵ سزادان لەلایەن ڕژێمی نازییەوە هەیەو ئەمە دژ بە هەموو مافە مرۆییەکانە. هەروا بەبێ گومان دەتوانین لە پاراستنی مافە سەرەتاییەکان بەو شێوەیە کە لە ئەڵمانیا پەیڕەو دەکرێ، فێرببین.

پرسیار: ئایا دیموکراسی ڕاستەوخۆی سویسری هاندەرە بۆ بزووتنەوە گەلییەکان؟

وەڵام: بەڵێ، بەڵام بزووتنەوە گەلییەکان لە غیابی دیموکراسی راستەوخۆشدا هەیە. بەپێچەوانەی چەندین کۆمەڵەی راستڕەوی گەلی لە ئۆروپا، بەهۆی پێکهاتی سویسری، ناتوانین ناسنامە رەگەزییەکەی بزووتنەوەی گەلی سویسری دیاری بکەین. لە سویسرا کۆمەڵەیەکی ئەتنی سویسری نییە، چونکە ئێمە ئومەتێکین فرە کلتوورو زمانین.

گەلییە سویسرییەکان زیاتر خۆیان بە راڤەکردنیان بۆ دیموکراسی رەها، دەناسێنن و دەڵێن کە هەر شتێک سنوور بۆ ئازادی گەل دابنا-گەرچی زۆر کەمیش بێت-مەسەلەیەکە هەرگیز جێی قبووڵ نییە. ئەم هەڵوێستە لە نەبوونی هاوسەنگی لەنێوان دیموکراسی و سەروەری یاساوە سەرچاوەی گرتووە. رێکەوت نییە کە باپیرانمان(دامەزرێنەرانی کۆنفیدراڵی سویسری)بەمەبەستەوە هەموو گەورەو بچوکێک بۆ بڕیاری گەل گەڕاندووەتەوە. ئەگەر حکومەتێکی شەعبەوی رەها یان دیموکراسی رەها باڵادەست بێ، ئەوا رەنگە کەمایەتییەکان رووبەڕووی داروخان ببن و رێکخستنی سیاسیمان ویستویەتی خۆی لەم گریمانەیە لابدا. ئەو گەلییانە کە بە بەها سویسرییەکان پرۆتێست دەکەن، دەست ببن لەبەرامبەر ئەم نەریتە سویسرییە گرانبەهایە.

ئەم گفتوگۆیە لەلایەن سوزان شاندا بۆ سویس ئەنفۆ سازیداوە.

## چین بەرەو کوێ گەشەدەکات.

## گفتوگۆ لەگەل(هێرمان کۆپ)یەکێک لە رێکخەرانی کۆنفرانسی نووسینگەی کۆمەک(مارکس-ئەنگلس) لەبارەی چین.

ئونزەرە تسایت: لە 12-2008/4/13لە زانکۆی ماربۆرگ کۆنفرانسێک لەبارەی وەڵاتی چین، لەلایەن ئێوەوە رێکخراوە. ئایا ئەمە بەرپەرچێکی خێراییە لەسەر دیپاتی ئەکتویلی تبت؟

هێرمان: نەخێر، نووسینگەکەمان ناتوانێت بەو خێراییە، بەرپەرچ بداتەوە، بەڵام بەدڵنیاییەوە باسی پرسیاری(تبت)یش دەکرێ. رێکخستنی کۆنفرانسەکە لە سیپتێمبەری ساڵی رابردوو لەلایەن سکرتارییەتی(MES)وە بڕیاری لەسەردرا.

ئونزەرە تسایت: هۆی رێکخستنی ئەم کۆنفرانسە چییە؟

هێرمان: چەند هۆیەک هەیە: بابەتی و کەسایەتی.
یەکەم: کۆماری گەلی چین تەنها زۆرترین دانیشتوانی سەرزەمینی نییە، بەڵکو گەورەترین وەڵاتە لەلایەن حزبی کۆمونیست حوکمڕانی دەکرێ. ئێستا 1،3ملیار نیشتەجێی(چین)ن- بەڤەت هەموو دانیشتوانی وەڵاتانی پاکتی وارشۆ کە لە1989-1991هەرەسیان هێناو 100جار زیاتر لە کۆبا بە 11ملیون مرۆڤ، گەورەترە. هەروا زۆربەی هاوڕێیانمان حەزدەکەن زانیارییان زیادبکەن و هەروا ئەو میدیانانە کە لە ئێمەوە نزیکن.
دووهەم: چین بە هۆی گەشەسەندنە ئابوورییە بەهێزەکەی بووە بە گرنگترین کێبرکێکەرو سەرەنجڕاکێشترین بازاڕ و بازرگانی و کاری هاوبەش لەگەل دەوڵەتە ئیمپریالیست و پیشەسازە گەورەکان-هەروا بەجیا لەوەی مرۆڤ چۆن سیستێمە کۆمەڵایەتییەکەی هەڵدەسەنگێنێ.
سێهەم: بەهۆی یاری ئۆلۆمپیا لە ئۆغست دەبێتە شوێنی تەماشەکەر و لەئاستی سیاسیش لەسەرجەمێکی خراپ. ئەگەر ئێمە ئەرکەکانمان جێبەجێ نەکەین، ناتوانین لەبارەی گەشەسەنی رووتێکردنەکە، وەڵامان هەبێت.

ئونزەرە تسایت: تۆ ئاماژەت بە هۆیەکی شەخسیش کرد بۆ رێکخستنی کۆنفرانسەکە.

هێرمان: له یونی2007پێکەوه لەگەڵ گیزیلا بلومبێرگ لەپێناو لێکۆڵینەوەکردن، له سەفەرێک که لەلایەن هاوڕێ ئەمریکییەکەمان(ئێرڤین مارکویت)ڕێکخرابوو، بۆ چین سەفەرمان کرد. زۆربەی بەشداربووان چەپی ئەمریکی بوون. سەفەرەکەمان بە کۆنفرانسێک له پەکین لەبارەی ئابووری بازاڕی سۆسیالیستی و پاشان بەرەو باشوور و باشووری ڕۆژئاوای وەڵاتەکە که تا ڕادەیەک دواکەوتووە- لەوانە و پێشی هەموویان دانیشتوانی ناوچەی تبت و پاشان بەرەو شەنگهای ڕۆیشتین و لەوێشدا بەشداریمان کرد له وۆرگ شۆپێک لەگەڵ مامۆستایانی قوتابخانەی حزبیش کرد. له سەفەرەکەماندا گفتوگۆیەکی زۆرمان کرد که پڕ بوو له ناکۆکی؛ لەسەر وەڵامی هەر پرسیارێک، دوو پرسیاری نوێ سەریهەڵدەدایەوەو پێشی هەموو شتێک وەک بڵێی بەهۆی خۆپەرەستیمان. پاشان پێشنیارم کرد لەسەر هاوڕێیانی بەرپرسان له(MES) ئەم کۆنفرانسه ڕێکبخرێ و ئەوانیش پێیان پاش بوو. هەڵبەت لەبەر خاتری من نا، بەڵکو لەبەر هۆی بابەتیانه که پێشتر ناومان هێنا.

ئونزەره تسایت: خاڵ سەرەکی کۆنفرانسەکه چییه؟

هێرمان: وەک بینیمان، له چین کێشەی ناوەکی گەشەسەندن هەیه. بایەتێکیان له بارەی سیاسەتی دەرەکی چین و بەتایبەتی لایەنی ئەو سیاسەته له ئەفغانستان. هەروا حەزم دەکرد کەسانی تر لەبارەی ڕۆڵی چین له نەتەوه یەکگرتووەکان یان سیاسەتی ئابوورییەکەی لەگەڵ دەرەوە، بۆ نموونەی لەگەڵ ئەمریکای لاتین یان ئەفریقا بەشداری بکەن، بەڵام مرۆڤ ناتوانێ له کۆنفرانس و نیوێک هەموو شتێک لەبارەی فیل بداته بەر باسکردن و لەڕاستیدا لەم حاڵەته باسی فیلێکی زۆر گەورە دەکرێ. ولەدواییدا هەموو گوتارەکان بۆ ڕوونکردنەوە و تێگەیشتنی لەبارەی پرسیاری: ئەم وەڵاته زلهێزە بەرەو گوێ گەشەدەکات؟ ئایا لەوێ دەسەڵاتێکی سەرمایەداری نوێ دادەمەورێ که لەوانەیه زلهێزترین دەسەڵاتی سەرمایەداری سەدەی 21 یان ئەو ئابووری"بازاڕی سۆسیالیسته"یه که حزبی شوعی چین ناوی لێ دەنێ به هەموو کێشه کۆمەڵایەتی و ناکۆکییەکانی که بەشێوەیەکی ڕادیکالانه مەرجی ناوەوە و دەرەوە قۆناغی خۆگونجاندنه له نموونەی سیاسەتی(نیپ)، واته قۆناغێکی پێویست لەسەر ڕێگا بەرەو کۆمەڵگایەکی سۆسیالیستی مۆدێرن؟

ئونزەره تسایت: مەبەستت له(نیپ)، سیاسەتی ئابووری نوێیه، واته قۆناغی سیاسەتی ناوەوە و ئابووری سۆڤێتی که له ساڵی 1921 کۆتایی به قۆناغی کۆمونیستی جەنگ هێنا؟

هێرمان: دەقاودەق وایه.

ئونزەره تسایت: کۆنفرانسەکەتان وەیەوێت ئەو پرسیار ڕوون بکاتەوە؟

هێرمان: با بڵێین: کۆنفرانسەکه بۆ ئەوەیه زیرەکترمان بکات له گەڕان بەدوای وەڵامدانەوەی ئەو پرسیاره که لەدواییدا مێژوو دەتوانی بۆمان ڕوونی بکاتەوە.
ئەوانەی گوتارەکانیان پێشکەشدەکەن خاڵێکی هاوبەشیان هەبوو: هیوای بینینی چینێکی سۆسیالیستیان هەیه، بەڵام داخۆ چین لەسەر ئەو ڕێگایەیە، لەم بارەیەوە لەپاش کۆنفرانسەکەشدا، بەحاڵ دەتوانن ڕێکبکەون!

ئونزەره تسایت: دوا پرسیار: نووسراوەکانی کۆنفرانسەکه بڵاودەکرێنەوە؟
هێرمان: گۆڤاری (مارکسیستشه بلێته، ژمارە2008/4ی) که له مانگی یولی دەردەچێت، چین بابەتی سەرەکییەتی. وەک هۆیەکی عەمەلیش بەشی زۆری ئەو بابەته سەرەکییه له نووسراوەکانی کۆنفرانسەکه پێکدێت و له چەند مانگی داهاتوو بابەتگەلێکی زۆر بۆ خوێندن، دەستدەکەوێت. من ئامۆژگاری ئەو کەسانه دەکەم که بایەخ به چین دەدەن بۆ شاری ماربۆگ بێن: تەنانەت تەواوی دیکۆمێنتەکانی کۆنفرانسەکه ناتوانێ جێگای ئەزموونی گفتوگۆیەکی زیندوو بگرێتەوە. ئێمه تکامان له هەموو ئەوانەی له کۆنفرانسەکه وتارەکانیان رادەگرن، نووسینەکانیان کورت بکەنەوە تا مەودایەکی زۆر بەرفراوانترمان هەبێت بۆ بیروڕاگۆڕینەوەو هەموویان لەگەڵ بەشداربووان دەمێننەوە. هەروا شوێنێکی گونجاومان دابینکردووە بۆ حەوانەوە، بۆ نموونه له حەوانەوەی جوانی گەنجانی ماربۆگی.

## گفتوگۆ لەگەل ستیڤان هیسیل.

## (دوا کەسایەتییە کە لە ژیان ماوەو بەشداریکردووە لە داڕشتنی جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤ).

ستیڤان سەرەڕای پیری، هێشتا بەرگریکەرێکی توندڕەوە لە مافی مرۆڤ و بەتایبەتی لە ئازادی بیروڕا دەربڕین.
پێش ئەوەی گفتوگۆ سەبارەت بە ئازادی بیروڕا لەڕۆژی 6 تا 2009/3/15 بکرێ، لە چوارچێوەی حەوتەمین خولی فیستیڤاڵی ژنێف و مونتەدای مافی مرۆڤ کە لە 6تا 2009/3/15 درێژەی دەبێ، دەزگای ڕاگەیاندنی سویسری(هیرۆندل) شریتی دیکومێنتاری(ئازادی بیروڕا زیاتر لە جاران بووە بە پێویستی) پیشاندا.
چومکی"ئازادی بیروڕا"لە ماددەی ژمارە19لە جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤ لە ساڵی 1946دەرکەوت، بەڵام بەرگریکەران لە مافەکانی مرۆڤ دەڵێن هەڕەشەیەکی نوێ ڕووبەڕووی ئازادی بیرو بۆچوون دەربڕین هەیە کاتێ مەسەلەکە پەیوەندی بە ڕەخنەگرتن لە ئاین دەبێ کە هەندێ کەس بە تەشهیر بەو ئاینانە دادەنێن.
ئەمریکاو ئیتالیا و چەند وەڵاتێکی ئۆروپی تر هەڕەشەی بایکۆتکردنی کۆنگرەی جیهانی دوربان دەکەن کە دژ بە ڕاسیزمە یان"دوربان2"کە نیاز وایە لە شاری ژنێڤی سویسری لە نێوان 20تا2009/4/24ڕێکبخرێت. هەروا هەر یەک لە ئیسرائیل و کەنەدا بایکۆتی کۆنگرەکەیان ڕاگەیاندو دەوڵەتانیتریش ڕایانگەیاند کە لەوانەیە لە بەشداریکردنیان دوابکەون ئەگەر وەڵاتە ئیسلامییەکان درێژەیاندا بە پێداگرت لەسەر سەپاندنی تێگەیشتیان بۆ تەشهیرکردن بە ئاینەکان یان پێوەنان بە جەختکردن لەسەر فایلی ڕۆژهەڵاتی ناوین.
پرسیار: لە 60ساڵی ڕابردووە چ پێشکەوتنێک دەستەبەرکراوە لە بواری مافی مرۆڤ؟

وەڵام: دەبێ ئەوە بەبیر بهێنینەوە کە جاڕنامە جیهانییەکە نموونەی(باڵا)بوو کە دەبێ پێی بگەین و وەسفێک نەبوو بۆ بارودۆخی گشتی. ئێمە لەو سەردەمە دەمانزانی کە دابینکردنی ماف و ئازادییەکان زۆر زەحمەت دەبێ، تەنانەت لە وەڵاتە ئەندامەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانیش. بەڵام ئێمە لە 60ساڵی ڕابردوودا لەسەر ئاستی دیموکراسی لە زۆرێک لە وەڵاتان پێشکەوتنمان بەدەستهێناوەو قۆتاغی کۆلۆنیالی و ستەمکاری لە چەندی وەڵاتی ترو چەندین سیستێمی سەربازی کۆتاییان پێهاتووە. ئێمە هەندێ شتمان دەستکەوتووە، بەڵام هێشتا دەبێ کارێکی زۆر ئەنجام بدەین. لە وەڵاتگەلێکی زۆردا دەستدرێژی لەسەر مافی مرۆڤ ئەنجام دراوەو لە ماوەی هەشت ساڵی ڕابردوو تەنانەت لە ئەمریکاشدا کە یەکەم وەڵاتە جارنامەی جیهانی ڕاگەیاند، بەڵام ژمارەیەکی زۆری دەستدرێژی ئەنجامداوە. گرنگی چۆنایەتی ئەم جۆرە فیستیڤاڵە دەردەکەوێ، چونکە بەڕێگای فیلمەکانەوە بۆ جەماوەر درێژەپێدان بە دەستدرێژی لەسەر مافەکانی مرۆڤ لە زۆربەی وەڵاتان دەردەکەوێ.

پرسیار: شریتەکەتان ناونیشانی"ئازادی بیروڕا دەربڕین زیاتر لە جاران بووە بە پێویستی". چۆن ئازادی بیروڕا دەربڕین ڕووبەڕووی مەترسی دەبێ؟

وەڵام: ئیمڕۆ لە دوولاوە ئازادی بیروڕا ڕووبەڕووی هەڕەشە دەبێ. لە تێڕوانینێکی ئابوورییەوە، سەختی بەدەستهێنانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و دەربڕینگەلێک کە لە دەستی کۆمپانیا زلهێزەکان نەبێ. لە سویسرا زۆر ئازادی بیروڕا هەیەو تەنانەت لێرەشدا مەترسی مۆنۆپۆلکردنی ڕاگەیاند هەیەو دەبێ ئەم مەترسییە لەناوببەین. بەڵام گەورەترین مەترسی کە ئیمڕۆ هەڕەشە لە ئازادی بیروڕا دەکا، ئەوەیە ئاینە سەرەکییەکان کە دەیانەوێ دژ بە هێرشی ئەوانی تر، بەرگری لە پرەنسیپەکانیان بکەن. تەنانەت کاتێ(کەسێک) هەندێ بیروڕا و بۆچوون دەورووژێنێ و خەڵک توشی شۆک دەکات، وەک لە حاڵەتی ئاین پێش دێت، ئاساییە بتوانێ ئەو کەسە بە ڕوونی بیروڕاکەی دەرببڕێ. نابێ ئازادی بیروڕا دەربڕین بەرتەسک بکەین و دەبێ لەتواناناد بێت بیروڕایەکی دژ، گشت ئازادییەکی هەبێت بۆ

دەربڕینی هەر بۆچوونێک. من پێموایە هەڵەیە یاسا بەکاربهێنین بۆ یاساغکردنی بیروڕای شەخسی، لەم بارەشدا گرنگ نییە پەیوەندی بە چ وێنەیەکی کاریکاتۆری هەبێت، بەدەقێکی بڵاوکراو یان زانیارییەک لە تەلەفزیون و رادیۆ بڵاوبکرێت. یاساغکردنی بیروڕا لەلایەنی یاسایی باروودۆخێکی پێدەدا کە ناکرێ پێبدرێ و لەدواییدا بۆچوونێکە لە کۆی بۆچوونێکی زۆرداو دەبێ بە بیروبۆچوونی تر لەدژی راوەستن.

پرسیار: هەندێ وەڵات و کۆمەڵەی بەشداربووی لوتکەی نەتەوە یەکگرتووەکان دژ بە رەگەزپەرەستی لە کۆنگرەی دوربانی، دژایەتی رەگەزپەرەستی، دژایەتی تەشهیرکردن بە ئاینیش بگرێتەوە. ئێوە لەم بارەیەوە چی دەڵێن؟

وەڵام: ئەمە مەترسییەکی حەقیقییە و دەبێ خۆمانی لێ لابدەین و بەڕاستی هیواخوازین ئەم کۆنگرەیە بەدەردی هەمان ئەو ئەزموونە توندە نەبرێت کە لە کۆنگرەی جیهانی دوربان پێشی 8ساڵ بەرچاوکەوت. هەروا هیواداریین بەرێزەوە لەگەڵ ئەم مەسەلەیە مامەڵە بکرێت و هەستیاری هەموو لایەنەکان بەرچاو بگیرێت. ئاساییە کە هەندێ شارستانی هەستیارە لەبەرامبەر ئەوەی کە بەدرێژایی سەدەکانی رابردوو رووبەڕووی بووەتەوەو داوای مافی نارەزایەتی دەرخستن دەکات دژ بە هێرشبردن لەسەر بەها ئاینییەکەی.
کۆبوونەوەکە کە نەتەوە یەکگرتووەکان(رێکیدەخات) یەک ئامانجی هەیە کە پێکهاتووە لە(توانا رەخساندن)بۆ گرنگترین کلتووری و شارستانی، دیدارو گفتوگۆ لەگەڵ بکەن و تێگەیشتی باشتریان هەبێت بۆ یەکتری. کۆنگرەی دوربان هەلێکە بۆ هەموو وەڵاتان بۆ پیشاندانی توانای کاری هاوبەشی.
دەستەبەرکردنی ئەنجامێکی سەرکەوتوو کارێکی ئاسان نییە، بەڵام من بڕوام وای کە نەکار نییە ئەگەر هەر دەوڵەتێک ئامادەیی هەبێت بۆ تێگەیشتی هەستیاری ئەوی تریان و داوا لەویتر بکرێ دان بە بەها سەرەکییەکان بنێن کە دەبێ هەمووومان بەرگری لێ بکەین.

ئەم گفتوگۆیە لەلایەن سایمون برادلی لە ژنێفەوە بۆ سویس ئەنفۆ سازیداوەو لە2009/3/11بڵاوکراوەتەوە.

## گفتوگۆی رۆژنامەی فرانکفۆرتە ئەلگماینە لەگەڵ ملیاردێر راینهوڵد ڤویرت.
## (بازرگانی بورغی و تەنها لە ئەڵمانیا 15هەزار کرێکارو کارمەندی هەیە).
## (کاتێ لە ئاوێنە تەماشای خۆم دەکەم، چەتەیەک، فێڵبازو قۆڵبڕێک دەبینم).

پرسیار: بەڕێز، ئێوە بەم زوانە تەمەنتان دەبێتە 60ساڵ. ئایا ئێوە پێشتر لەم جۆرە تەنگەژە ئابووریە قورسە، بینیوە؟

راینهوڵد: نەخێر. هەرگیزاو هەرگیز نەخێر.

پرسیار: ئەمجارەیان چی نائاساییە؟

راینهۆڵد: ئەم قەیرانە لەسەر ئاستی جیهان بەیەکگرتوویی کارتێکردنی هەیەو هەموو کەرتەکانی گرتووەتەوە. کەس ناتوانێ لە هیچ شوێنێکدا سووکی بکاتەوە. ئەم قەیرانە زۆر زەبەلاحەو هێشتا تا ئیمڕۆ لە رەهەندەکانی تێنەگەیشتووین. ئەگەر قەیرانەکە زۆر خراپتر بێت، ئەوا تەنانەت دەوڵەتانیش ناتوانن خۆیان لەبەردەمیدا رابگرن.

**پرسیار:** ئەوی ئێوە هەڵاوسانە گەورەکەی ئەڵمانیایان بینی. ئایا لەداهاتوودا هەڕەشەیەکی هاوشێوەمان لێدەکرێ؟

**راینهۆڵد:** لەهەر کاتێکدا بێ، هەر دەبێ بە هەڵاوسان بگەین. بڕوانە بۆ ئەو هەموو پارەیە کە ئەیالاتەکان بۆ فریاکەوتنی بانقەکان دەیدەن. سەرئەنجامی قەیرانەکە لە 30ساڵی داهاتووشدا هەستی پێدەکەین.

**پرسیار:** چی سەبووریتان پێ دەدا؟

**راینهۆڵد:** ئێمە یەکەمجار ئاگامان لە پارەپێدانەو هەموو شتەکانی تر ئەوپەڕی لابەلان و تەنانەت قازانجکردنیش گرنگ نییە. هەموو سەرمایەگوزارییەکان تا کۆتایی مانگی چوار راگیراون. کاش پاشایە. ئێمە 270ملیون ئۆیرۆی خۆمان وەک ئامرازی پارەپێدان لە بانق هەیەو هێڵی قەرزپێدانی بیمەکراو لەو چەند سەد ملیونە هەیە.

**پرسیار:** ئەو بڕە پارەیە وەک دڵنیایی بەس دەکات؟

**راینهۆڵد:** دیارە ئێمە دەبێ دەست خۆمان بگرین وبەگوێرەی هەڵسەنگاندنی مرۆییانە هیچمان لێ ناقەومێ.

**پرسیار:** بانقەکان تا چ رادەیەک پشتیان پێدەبەسترێت؟ ئێوە هەست بە تەنگانەی قەرزوەرگرتن دەکەن؟

**راینهۆڵد:** بەهیچ شێوەیەک. ئێمە ئەگەر بمانەوێ، پارە وەربگرین، هیچ کێشەیەکمان نییە، بەڵام پێویستیمان پێ نییە.

**پرسیار:** ئێوە لە(بۆدن زێ)بانقێکی بچوکتان هەیە. ئایا ئەو بانقە پێویستی بە پارەی فریاکەوتنی حکومەت هەیە؟

**راینهۆڵد:** نەخێر، تکاتان لێ دەکەم. ئەو بانقە بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر، بەشێوەیەکی ئەفسانەیی باشە.

**پرسیار:** لەو کاتە ئێوە لە نووسینگەی سەرۆکوەزیران بوون، تیمی پشکنین بە بێ ئاگادارکردنتان چوونە ناو نووسینگەکەتان.

**راینهۆڵد:** سەرۆکوەزیرانی چین لە سەردانێکی فەرمی لە بەرلین بوو بۆیە منیش لە نووسینگەی سەرۆکوەزیران ئامادەبووم. لەو کاتە کە لەو شوێنە رێککەوتنێک لەگەل هەرێمێکی چین، مۆر کرد، 90پیاوی چاکێت پێست لەبەر چووبوونە ژوورەوە.

**پرسیار:** تۆمەتەکە ئەگەر بە زەقی بیڵێم: ئێوە قازانجەکەتان بۆ دەرەوە دەگوێزنەوە، واتە بۆ ئەو شوێنانە کە باجێکی کەمتر دەدەن.

**راینهۆڵد:** ئەمە راست نییەو لەم بارەیەوە دەتوانم هەر ئێستا نووسراوی پسپۆرەکانت پیشان بدەم. من ناڵێم ئێمە قەت هەڵەمان نەکردووە. من بەخراپی راوێژیان کردم. ئەو هەڵەیە دۆزییەوەو دەمێکە لەناو خۆماندا خەممان خوار تا جارێکی تر روونەدا.

**پرسیار:** دەڵێن ئێوە خەرجی شەخسی خۆتان لەسەر حیسابی کۆمپانییەکەتان نووسیوەو بەهەمان شێوە بۆ کۆمپانییەکانتان لە دەرەوەی وەڵات.

راینهۆڵد: وانییە و دەتوانن هەموو بارودۆخەکە بەم یا ئەو شێوەیە ببینن. بەڵام سەرئەنجامەکەی چییە: ئێمە ئیمڕۆ30%کاتی کۆبوونەوەی بەڕێوبەرایەتی کۆمپانییەکانمان بۆ ئەم پرسیارە تەرخان دەکەین: ئایا فلان یان فیسارە مەسەلە پەیوەندی بە چ باجێکەوە هەیە؟ ئەمە 30%لە داهێنانمان دەبات. ئەگەر من هێشتا گەنجێک ببام، ئەوا لە دادگا بەرگریم لەخۆم دەکرد.

پرسیار: بۆچی فەرمانی سزادانەکەتان بەبێ دادگاییکردن، قبووڵ کرد؟

راینهۆڵد: لەوانە ئەوە هەڵەیەک بوو کە نەدەبوو بیکەم، بەڵام من ئێستا تەمەنم74ساڵە و لێرەدا مرۆڤ دەڵێ: وەرە و ئەم کارە بکەو مەسەلەکە کۆتایی پێدێ، بەپێچەوانەوە دەبێ بەردەوام رووبەڕەووی دادگاو راگەیاندنەکان ببم. جێگای داخە هەموو ئەو کاتە بەوە بەفیڕۆ بدەم هەفتانە دوو جار بۆ بەردەم دادگا بڕۆم و ئەو هەموو کاتە لەدەست خۆم بدەم کە کارەکەم پێویستێتی.

پرسیار: بەو شێوە بەباشترتان زانی 3،5ملیون ئۆیرۆی سزادانەکەتان بدەن.

راینهۆڵد: پارەی700رۆژ زیندانییە.

پرسیار: سەرباری ئەوەش چەند ملیون ئۆیرۆی تر باجی ساڵانی رابردوو بدەن.

راینهۆڵد: بەدڵنیاییەوە دەبێ دوو ملیون ئۆیرۆی تر بدەم کە بۆ ماوەی10ساڵ شتێکی ئاساییە.

پرسیار: ئێستا دەبێ نازناوی کەسێکی سزادراوتان پێبدرێ.

راینهۆڵد: بڕوام پێبکەن، ئەمە بارم زۆر قورس دەکات: کاتێ بەیانیان لەخەو هەڵدەستم و تەماشای ئاوێنە دەکەم، چەتەیەک، فێڵبازو فۆڵبڕێک دەبینم کە خۆی لە باجدان دەدزێتەوە. ئەم ئازارم پێدەگەیەنێ.

پرسیار: تەنانەت بەهۆی توڕەبوونتان لە دەسەڵاتداران، هەڕەشەی دەرچوون لە حزبی لیبراڵ(FDP)، کردووە؟

راینهۆڵد: بەڵام نەک بەهۆی لێکۆڵینەوەی باجدان. من وتم: ئەدامێتیم رادەگرم و ئەم حاڵەتە لە بەرنامەی ناوخۆی حزب ئاماژەی پێنەکراوە، بۆیە من ئێستا ئەندامی ئەو حزبە نیم، بەڵام هەست دەکەم بەوەی لەم حزبە نزیکم و بۆشم روونە کە لە داهاتووشدا پیشتیوانی دەکەم.

پرسیار: هەروا ئێوە دەتانەوێ ببن بە هاوڵاتی نەمساوی. ئایا جوازە تازەکەتان وەرگرت؟

راینهۆڵد: هێشتا نەخێرو کاتی دەوێ، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە من جەوازە ئەڵمانییەکە دەدەمەوە. ئەو کات من دوو جەوازی دوو وەڵاتم هەیەو ئەمە لە ئۆروپا ئاساییە.

پرسیار: ئێوە بۆ سالسبۆرگ دەگوێزنەوە؟

راینهۆڵد: ماوەی 15ساڵە ماڵێکی جوانم هەیە لە سالسبۆرگ و لەوێ کاتێکی زۆر بەسەر دەبەم. من زۆر دیمەنی سروشتم خۆشدەوێت و زۆر سەرسامم بە ژیانی کلتووری ئەوێ برادەری باش و هاوسێ زۆر چاکمان هەیەو تەنها 23دەقە لێرەوە دوورە.

پرسیار: 23دەقە؟

راینهۆڵد: من ئەو ماوەیە بە فڕۆکە سەفەردەکەم و بە ئۆتۆمبیل کاتی زۆرترتان دەوێ بۆ نووسینگەکەتان.

پرسیار: وەک جاران هەر بەخۆتان فڕۆکەوانی دەکەن؟

راینهۆڵد: هەڵبەت، چەندین ساڵە من وەک کاپتێنی لوفتهەنزا، بەرزترین لیسانسم هەیە. من بەبەردەوام سەفەردەکەمو بە فڕۆکە عەمەلیترە.

پرسیار: سەرەڕای ئەوەش، سەرۆکی ئەجومەنی شار لە(کوینسلزاو)، دەڵێ: لە دڵدا راینهوڵد فوریت حەزی لە(هویهنلوهە)یە. وایە؟

راینهۆڵد: بەڵێ بەبێ گومان. وەڵات و شوێنی نیشتەجێبوون پەویەندیان بەیەکەوە نییە. من بڕوام وایە هێرمان هێسە بەدرێژایی تەمەنی بیرو هەستی لەلای ناوچەی(Calwer)بووە.

ئەمە بەشێکە لەو گفتوگۆیە کە لەلایەن جیورج میک بۆ رۆژنامەی فرانکفۆرتە ئەلگماینەی رۆژی یەکشەمە، سازیداوە داوە.

## گفتوگۆ لە گەل

## ( بیرگیتە کیشلە- پارێزەر و نووسەر و رۆژنامەنووس) و

## د. نیکۆلاوس براونس(رۆژنامەنووس، مێژوونووس و هاوکار لە نوسینگەی ئولا یاڵپکە-ئەندامی پەرلەمانی ئەڵمانی).

ئەگەر شیوعییەکان و سۆسیالیستەکان بەرپرسیارییەتی خۆیان لە ئەستۆ نەگرن، لە دوایی‌دا لە ئەڵمانیا فاشیستەکان و لە کوردستان ئیسلامییەکان سوودمەند دەبن.

بە گشتی بارودۆخی کوردستانی باشوور چۆن دەبینن:

نیکۆلاوس: بارودۆخی پاش هاتنی ئەمریکییەکان ئەوەیە، بەرنامەی نیولیبرلیزم پەیرەودەکەن و کاتێ لە گەل خەڵک گفتوگۆ دەکەم، هەست بەوە دەکەم کە نارازین و هەموویان هاوریان لێ هەڵدەستێت لەبارەی گەندەڵی، کێشەی کارەبا و ئاو و بازاڕ. کاتێ لەنێو شارەکان سەفەر دەکەم، دەبینم ئەم کۆمەڵگایە بۆ دوو چین دابەشکراون. ئەم مەسەلەیە لە ئەڵمانیاش هەیە: لەلایەک کەسانی زۆر دەوڵەمەند و خاوەن ڤیلاو تەلاری زۆر گران، لەولاوە خەڵکی زۆر هەژار دەبینرێن پەنابەر و هەژارێکی زۆر. لە ئەڵمانیان هەژاری بە روونی نابینرێن. لە زۆر کەس گوێمان لێ بوو دەیانگوت: ئەگەر بارودۆخەکە بەم شێوەیە بمێنێ، ئەوا تەقینەوەیەکی کۆمەڵایەتی روودەدات. ئەم بارودۆخی کۆمەڵایەتییە، بانگەوازی چارەسەری کۆمەڵایەتی دەکات، بەڵام من دەبنیم کە چەپەکان هێزی ئەوتۆیان نییە، بتوانن خەڵکی نارازی بۆ لای خۆیان راکێشن و ببن بە حزبێکی جەماوەری. بەگوێرەی زانیاریم، حیزبی شیوعی کوردستانی دەتوانی ببێ بە حزبێکی جەماوەری و بینیم لە هەموو شارو شارۆچکەکان ئاڵای سوور بە داس و چەکوش بەرزکراوەتەوە، بەڵام بەداخەوە ئەم پێدەچێت بە ئەرکەکانی خۆی هەڵنەساوە- نە لەناو پەرلەمان و لە دەرەوەی پەرلەمان-. حزب خۆیی بە زنجیر بەستووە، و لە حکومەتێک بەشدار بووە، کە سەرتاپای گەندەڵییە. سەرئەنجامی پێکەوە کارکردنی ئەم حزبە لەگەل حزبە بۆرژواکان ئەوەیە کە حزبە ئیسلامییەکان خۆیان وەک ئۆپۆزیتسیونی راستەقینە پیشاندەدەن. لێرەدا دەبێ بڵێم کە من نامەوێت ئەو هەستەیانە هەبێت کە من لە ئەڵمانیاوە هاتووم و پێشیاریان بۆ دەکەم، بەڵکو مەبەستم ئەوەیە ئەزموونەکەمان لە ئەڵمانیا پیشانبدەم. ئەزموونی ئەو حزبە کە بۆی کاردەکەم(پی. دی. ئێس) یان(حزبی

چەپەکان)، بەدرێژایی چەندین ساڵ لەگەل سۆسیال دیموکراتەکان هاوپەیمانن، و لە دژی بەرنامەکەی خۆیان، سیاسەتێکی نیولیبڕاڵ پەیڕەدەکات، تەنانەت لە ئاستی پریڤاتکردنی خانووە کۆمەڵایەتییەکان((خانووەکان بە کۆمپانیایەکی ئەمریکی بفرۆشن و بەشێکیان هەر فرۆشتووە).

لەسەر بنەمای ئەم سیاسەتە، حزبەکەمان لە بەرلین و بەگشتی لە ئەڵمانیای رۆژهەڵات، پشتیوانی کەم بووەتەوە. لە زۆرێکی ئەو شارانە، نازییەکان وەک تاقە ئۆپۆزیتسیون خۆیان نیشاندەدەن. ئەگەر شیوعییەکان و سۆسیالیستەکان بەرپرسیارییەتی خۆیان لە ئەستۆ نەگرن، لە دواییدا لە ئەڵمانیا فاشیستەکان و لە کوردستان ئیسلامییەکان سوودمەند دەبن. گەرچی بەباشی بارودۆخی ئێرە شارەزا نیم، بەڵام پێشنیار دەکەم شیوعییەکان بزوتنەوەیەک لە دەرەوەی پەرلەمان دروست بکەن، بۆ نمموونە( کۆمیتەی دژ بە هەژاری)یان(کۆمیتەی دژ بە گەندەڵی)دروست بکەن. بەم شێوەیە شیوعییەکان دەبێ لە دژی نیولیبڕالیزم و پریڤاتکردنی دامودەزگاکان و لەپێناو کۆنترۆڵکردنی بودجەی ساڵانەی حکومەت خەبات بکەن و هەروا دەبێ داخوازی کۆمونیستانە هەبێت بۆ ئەوەی حکومەتی کوردستان پلانێکی هەبێت بۆ گەشەسەندنی وڵاتەکە، بۆ نموونە گەشەپێدان بە کەرتی کشتوکاڵی، چونکە نابێ کوردستان بکرێت بە دەستکەوتی دەڵاڵە دەرەکییەکان.

کوران لە سەدەکانی رابردوو، وەک تۆپی یاری بە دەستی زلهێزەکانەوە یاریان پێکراوە. من وا تێدەگەم گە کوردان بە روخاندنی سەدام لەلایەن ئەمریکێکانەوە، خۆشحاڵن، بەڵام هیوادارم مێژووەکەیان لەبیر نەکەن و بەبیری خۆیان بهێننەوە، چۆن لەلاین زلهێزە ئۆروپی و ئەمریکییەکانەوە تا ئێستا خیانەتیان لێ کراوەو دەکرێ، بەتایبەتی کوردان دەبێ وتەکەی سەرکردەی کورد(مەلا موستەفای بارزانی) لەبیرنەکەن کە لەکاتی هەڵهاتن لەبەردەم لەشکری ئیران و عیراق لە ساڵی 1974دا وتی: گەوەترین هەڵەی ژیانم ئەوە بوو کە پشتم بە ئەمریکییەکان بەست.

بیرگیتە: واقعی ئیمرۆی کوردستان کەمتر لەگەل خەونی زۆربەی کوردستانیان دێتەوە، بۆ ئەوانەی کە چەندین ساڵە لەپێناو کوردستانێکی ئازادو فیدراڵ خەباتیان کرد. من دەتوانم بڵێم کە خەڵکی کوردستان لەژێر باری ئابووری و کۆمەڵایەتی قورس دەناڵێنن. کێشەیەکی زۆر کەڵەکەیان کردووەو بۆ چارەسەرکردنیان، وەڵامی حازرو ئاسانم پێ نییە.

کێشەی یەکەم ئەوەیە کە بارودۆخی ئێستا بە هۆی داگیرکەرە ئەمریکییەکان هاتووەتەپێش. داگیرکردنی عیراق لەلایەن سەرمایەدارەکانەوە، مانای رزگارکردنی کوردستان نییە، بەڵکو بۆ ئەوەیە عیراق لە سەر هەموو ئاستەکان لە خزمەت و لەژێر کۆنترۆڵی ئەمریکییەکان بێت.

خاڵی دووهەم: هەموو دەسەڵاتەکانی ناوچەکە بەرژەوەندیان لەگەل کوردستانێکی ئازاد نایەتەوە، بۆیە بە بڕوای من بزووتنەوەی چەپ و شۆڕشگێر لە ئاستێکی نوێ دابنێن، چونکە تاقە چارەسەرێکی پێشکەوتوو و شۆڕشگێر بۆ کێشەی کوردستان، لەبەرستدا نییە، بۆیە تەنها بە رێگای چارەسەرێک بۆ هەموو ناوچەکە، چارەسەر دەکرێت. کێشە گرنگەکە بریتی نییە لە کێشەی ئەتنی و ناسیونالیستی، بەڵکو لە چارەسەرێکی کۆمەڵایەتی بۆ هەموو کرێکاران و جووتیارانی هەموو ناوچەکە. مەبەستم ئەوەیە، لەسەر ئاستی جەماوەر، مرۆڤەکان رێکبخرێن و پێکەوە تەسەوری پێکەوە ژیانی کۆمەڵایەتی هەمووان گەشەی پێبکرێت و جیاوازییە کۆمەڵایەتییەکان لەناو ببرێن. ئەمە بە دوو رۆژ چارەسەر ناکرێت، بەڵام ئەم کارە، داوا لە هێزە کۆمونیستەکان دەکات بە روونی بڵێن کە ئێمە پرۆتێستی جەماوەری رێکدەخەین و گەشەی پێدەدەین.

واتە: بۆ نموونە لەسەر ئاستی ئابووری، گەشە بە کاری هەرەوەزی بدەن و سەرلەنوێ دابەشکردنی دارایی حکومەت بۆ پڕکردنی پێداویستییە سەرەتاییەکانی دانیشتوان و لە دژی پریڤاتکردن، هەڵویست وەربگرن، بە تایبەتیش دەبێ کاری سەندیکایی و بزووتنەوەی کرێکاری بەهێزبکەن. من هیوام وا بوو، لە راگەیاندنەکانی دەرەوە، نەختێک لەسەر ئەم ئاستە،، بڵاوبکەمەوە، بەڵام ئەوەی دەیبینم، ئازایەتیم بەرچاوناکەوێت بۆ گەشەپێدانی ئەم وڵاتە، بۆیە دەبینین لاوان لەم پرۆسەیەو بە هۆی نەبوونی پێشبینی بەرنامەریزی، دووردەکەونەوە. تەنانەت ئەگەر چەپەکان لاوازیش بن، دەبێ ئەم داخوازییانە وەک هێرش بردن بەکاربهێنن و لەلانی کەمەوە لە هەندێ لایەن بە دانیشتوان ئەڵتەرناتیڤێک پیشان بدەن.

پرسیار: بارودۆخی ژنان لە ئەلمانیا چۆنە؟

بیرگیتە: لە ئەلمانیا وەک لە وڵاتانی ئۆروپا، بە گوێرەی یاسا، ژنان یەکسانن لەگەل مافی پیاوان. هەروا هەمان مافیان هەیە بۆ فێربوون و پیشە و دەتوانن بە ئارەزووی خۆیان هاتووچوو بکەن، بەڵام ئەمە مانای ئەوەی نییە کە بە راستی مافی یەکسانیان وەرگرتووەو ناتوانین لە بارەی ئازادبوونیان هیچ بڵێین. ژنان لە هەمان پیشە، 30% کەمتر لە پیاوان موچە وەردەگرن. زۆر لە ژنان پیشەیان هەیە،

بەلام لە سەر بنەمای نیو رۆژکار یان دوو کاتژمێر کار لە رۆژێکدا کاردەکەن. پەروەردەی منداڵ، سەرباری هەبوونی زۆر بنکەی پەروەدەکرن، هێشتا وەک کاری ژنان ماوەتەوە. زیانەکان لە تۆری بیمەی کۆمەلایەتی، زیاتر رووبەرووی ژنان دەبێتەوە. هەروا توندوتیژی جۆراوجۆر رووبەرووی ژنان دەبێتەوە، بۆ نموونە(لەناو خێزان)و لەناو ژیانی رۆژانەو وەک کالایەک لە پیشەسازی پۆرنۆگرافی بەکاردەهێنرێن. ئەو ژنانە کە خۆیان بە فێمینستی سۆسیالیست دەزانن، دوو بنەمای سەرەکیان هەیە بۆ کارکردن، ئێمە خەبات ناکەین بۆ یەکسانی لە نایەکسانیداو لەو بروایەین کە ئازادی راستەقینە بۆ ژنان، بەبێ گۆڕانکاری ریشەیی لە پەیوەندی کۆمەلایەتی بەدی نایەت، بەلام گۆڕانی ریشەییش بە بێ ئازادی راستەقینەی ژنان بەدی نایەت, لێرەدا، بۆ ئەوەی بە تۆکمەیی وەلامی پرسیارەکە بدرێتەوە، چەند خالێک هەیە لەبارەی کێشەی ژنان، بۆ نموونە دەبێ کایەی ژنان لە بەرنامەی حزبەکان ببینین.
باری ژنان لە کوردستان لە زۆر لایەنەوە، زۆر سەختترە لە ژنانی ئەلمانیا. رۆلی ژنان لێرە کۆنزەرفاتیڤە و تەنها بە تێڕوانین بۆ ئۆروپا و تەسەوریان لەبارەی ئەوەی ژنان لە ئۆروپا ئازادن، وەهم درووست دەکات و لەم بارەیەوە، دەبێ بزووتنەوەی ئازادی ژنان لە کوردستان، ئۆروپا وەک نموونە تەماشا نەکەن.

پرسیار: ئێوە وەک چەپ چی دەکەن لە دژی شەرکەتە کیمیاوییە ئەلمانییەکان کە یارمەتی سەددامیان دا. چۆن ئەوانە بۆ بەردەم دادگا راپێچ بکرێن؟ چۆن هەلویستی حکومەتی کوردستان هەلدەسەنگێنن؟

نیکۆلاوس: لە سالی داهاتوو یادی 20سالی تاوانی هەلەبجەیە، بەلام هەلەبجە، نە لە کوردستان و نە لە ئەلمانیا وەک تاوانێکی کۆمەلکوژی لە دژی مرۆڤایەتی، بە فەرمی رۆلێکی سیاسی نابینێت. حکومەتی کوردستان خۆی وەک نوێنەری بەرژەوەدی قوربانیانی هەلەبجە دانانا، بەلام بە گوێرەی تێڕوانینی من، پارتی و یەکێتی خەمی دادپەروەری و قەرەبووکردنی قوربانیانیان بەلاوە گرنگ نییە و کار بۆ دادگاییکردنی ئەو شەرکەتانە ناکەن کە سەددام بە چەکی ژەهراوی چەکدارکرد. لە یولی/2005 لە مووینشن کۆنفرانسێک رێکخرا لەسەر داوای مەکتەبی پیشەسازی و بازرگانی و تێدا 250 بازرگان و سیاسەتمەداری ئەلمانی و 300 بازرگان و سیاسەتمەداری کورد بەشداریان کرد. سەرۆک وەزیرانی بایرن(شتۆیبەر) لە وتەکەیدا بە شانوبالی پێکەوەکارکردنی ئابووری ئەلمانی و عیراقی لە سالانی رابردوو هات و وەک ناردنی بەرهەم باسی ناردنی بەرهەمی کیمیاوی کرد. بەشداربووە کوردەکانی کۆنفرانسەکە(بەرپرسانی یەکێتی و پارتی) و نوێنەری حکومەت کردیان بە چەپلەڕێزان، بەبێ ئەوەی هیچ کەسێکیان بلێ((بەو بەرهەمی کیمیاوییە لە هەلەبجە کۆمەلکوژی کرا))، لە بری ئەوە، نوێنەری حکومەتی کوردستان پێشنیاری خۆی بەو مانایە ئاراستەی سەرمایەی ئەلمانی کرد کە دەستی کار لە کوردستان هەرزانە و شەرکەتە ئەلمانییەکان ئازادن لە باجدان، لە هەمان کات خەلکی هەلەبجە لە ژێر کارتێکردنەکانی ئەو تاوانە و هێشتا هەر لە ئاستی هەژاری دەژێن و سەرمایەدارە کوردەکانیش دووبارە لەگەل پیاوکوژەکانی دوێنێ بازرگانی دەکەن.
ئێمە دەبێ لە یادی 20سالی تاوانی هەلەبجە لە ئۆروپا پێکەوە یادی قوربانیان بکەین و تاوانبارەکان و پیاوە شاراوەکانیان(شەرکەتە ئەلمانەکان) بناسین و داوای قەرەبووکردنی زیانەکانیان لێ بکەین. ئەگەر ئەمە روونەدا، حکومەتی کوردستان ئەو مافەی نییە، ناوی قوربانییەکانی هەلەبجە بهێنن.

تێبینی: لەبەر نەبوونی کات، ئەوەندە بوار هەبوو، تەنها ئەم سێ پرسیارە وەلام بدەنەوە.

## نۆزدەمین کۆنگرەی حزبی شیوعی هیندستان(مارکسیست).

## (Heinz Stehr(سکرتێری حزبی شیوعی ئەلمانیا).

له 3/19تا 2008/4/3کۆنگرەی(CPI-M)له شاری کۆیمباتوری که گەوره شاری تەکنەلۆژیایه له هیندستان، سازدرا. لەم کۆنگرەیه نزیکەی 1000نوێنەر لەبارەی ئەزموونی سیاسی گفتوگۆیان کرد و بابەته سەرەکییەکانیان ئاڵوگۆر کردو بڕیارەکانیان لەبارەی چالاکییەکانیان تا ساڵی ئاینده، دا.

ئەم حزبه بەهێزترین فاکتۆری سیاسییه لەم وەڵاته که ژمارەی دانیشتوانەکەی دەگاتەیەک ملیاردو دوو سەدد ملیون کەس و لەوانه 50%یان نەخوێندەوارن. ناکۆکییەکانی سەرمایەداری هەموو رۆژێک راستەوخۆ لەبەرچاوەو له 10دەوڵەمەنترین کەس له جیهان، چواریان خەڵکی هیندستانن، بەڵام ملیونان کەس لەژێر ئەوپەڕی مەرجەکانی هەژاری دەژێن. بەم شێوەیه ئاساییه که بەرزبوونی ئێستای نرخی برنج له بازاڕی جیهان، نارەزایەتی سیاسی لێکەوتەوه. سەرئەنجامەکانی مامەلەکردن به دراو، پریڤاتکردن، و ئەو خاڵانه که به قازانج بەستراوەکانی سیاسەتی لیبرالیزمی نوێ پێش هەموو لایەک بەرۆکی هەژارەکان دەگرێ.

حزبی ناوبراو پشتوانی له خەباتی جووتیاره بچوکەکان و کرێکاره کشتوکاڵییەکان دژ به دەرەبەگەکان دەکاو دابەشکردنی زەوی خاوەن زەوییه گەورەکان. ئەم رووبەڕووبونەیه له 3ساڵی رابردوو 244قوربانی لێکەوتەوه که لەلایەن(پاڕامليتێر)ەکانەوه کوژران.

حزبی شیوعی وەک بەهێزترین حزبی چەپی هیندستان له چالاکی و بزووتنەوەی زۆر بەشداری دەکاو پێش هەمووشیان له بزووتنەوه جەماوەرییەکانی دەرەوەی پەرلەمان و به چالاکی ناو پەرلەمان گرێیان دەدا، رێککەوتننامەی ئەتۆمی بۆ پێکەوەکاردن لەنێوان هیندستان و ئەمریکا، پۆچەڵکردەوه.

ئەم حزبه له خەباتیدا توانیویەتی سەرکەوتوانه خۆی بەهێزبکا: لەماوەی 2005تا 2008، نزیکەی 13،2% ئەندامی زیادبکاو ئێستا 982 155ئەندامی هەبێ. پێویستی بەرخودی رێکخراو زیادبوونی سەندیکاییەکان پیشانماندەدا که نزیکەی15،8%و رێکخراوی ژنان(AIDWA) نزیکەی36،7%و رێخراوی لاوان(20% (DYFI، هەروا رێکخراوی خوێندکاران(SFI) لەدەوری 23،5%.

حزبی شیوعی هیندستان(م)له سێ ئەیالات سەرۆکوەزیرانی هەیه، بۆ نموونه له رۆژئاوای بەنغال که 80ملیون مرۆڤی لێ دەژێ.

لەم کۆنگرەیه گفتوگۆکرا لەبارەی گەشەپێدان به یەکگرتنی بەرفراوانی بەرەی چەپ و پێشنیاری Barhan (سکرتێری گشتی حزب) لەم بارەیەوه، پیشتوانی بەرفراوانی لێکرا، بەڵام دەبێ ناوەڕۆکی ئەو یەکگرتنەوەیه بەر لێدوان بخرێ و بەگشتی 3خاڵی سەرەکیان هەیه که ناکرێ لێیان لابدرێ:

1- سیاسەتێکی ئەنتی ئیمپریالیستی

2- دابینکردنی سیاسەتی خۆگونجاندنی نیشتمانی و کۆمەڵایەتی.

3- دەبێ ئەرکه سەرەکییەکه بریتی بێت لەخەبات دژ به موڵکایەتی و هەژاری.

ئەم خاڵانه ئەزموونەکانیان له حکومەتی چەپ له ساڵانی رابردوو نیشاندەدەن.

کارەکانی کۆنگرەکه جێگای زۆر سەرەنجراکێش و گفتوگۆکان ئاستێکی سیاسی بەرز نیشاندەدا. لەسەرەتای ساڵەوه لەناو حزب گفتوگۆ لەسەر بڕیاره سیاسییەکان دەکەن وکۆمسیونێکی ئەو ئەرکەی لەئەستۆ بوو کار لەسەر داواکاری و پێشنیارەکان بکات. هەموو بڕیارەکان له یەکگرتنێکی بەرفراوان دارێژت.

## گفتوگۆ لەگەل جیمس مارکس

## (ژەنەڕاڵی ئەمریکی، 55ساڵ و له کاتی جەنگی ئێراق بەرپرسی زانیاری هێزی زەمینی بوو و ئێستا بەرپرسی خزمەتگوزارییەکی گەورەییه له پنتاگۆن).

پرسیار: ژەنەراڵی بەڕێز، ئەو زانیاریانە کە لە کاتی جەنگی ئێراق لەلایەن دوو کارمەندەکەی دەزگای هەواڵگیری ئەڵمان لە بەغداوە بەدەستتان دەگەیشت، چەند گرنگ بوون؟

وەڵام: زۆر گرنگ و بایەخداربوون وەک هەموو راپۆرتی شایەتحاڵەکانی ئەو کاتە لە بەغداوە. ئێمە لە سوپای ئەمریکیدا لە بەشی چاودێری کردنی پەیوەندییەکان و زانیارییەکانی هێزی ئاسمانی کە 95%ی زانیارییەکانمان پێکدەهێنا، زۆر باش بووین، بەڵام زانیارییەکان لە سەرچاوە مرۆییەکانی دانیشتوانی شوێنەکە(ئێراق)، زۆر خراپ بووین. بۆیە ئەڵمانەکان بەهایەکی لەرادەبەدەریان هەبوو بۆ ئێمە و لەبەر ئەوەی زانیاریەکانیان زۆر ورد و بڕوا پێکراوبوون.

پرسیار: حکومەتی ئەڵمانی دووپاتی دەکاتەوە کە زانیارییەکان بۆ مەبەستی ئەمریکییەکان نەگونجاوبوون.

وەڵام: من تەنها دەتوانم بڵێم: ئێمە متمانەیەکی بەهێزترمان هەبوو بەو زانیارییانە کە لە ئەڵمانەکانەوە بەدەستماندەگەیشتن لەوانەی لە(سی ئای ئەی)وە. ئێمە دەستبەجێ بڕیارماندا کە ئەو هەواڵانە زۆر بڕواپێکراون، چونکە هێزە ئەڵمانەکان تەنها ئەو هەواڵانە بۆ ئێمەیان دەنارد کە بە چاوی خۆیان دەیانبینی، هەستیان پێدەکرد یان بۆنیان دەکرد.

پرسیار: ئایا زانیاریگەلێکتان پێدەگەیشت کە کاری لەسەر نەخشەی بۆردومانەکردنەکانتان بکات؟

وەڵام: ئێمە پێشتر لەگەڵ هێزی تایبەت و فرقەی 82ی فرۆکەوانیمان لە هێرشێکی کوتوپڕ، دەستمان بەسەر فڕۆکەخانەی جیهانی بەغدامان گرت و شانبەشانی هۆکانی تر، ئەم پلانەمان داڕشت، چونکە ئەڵمانەکان زانیاری لەبارەی شوێنی بەرگرییە ئاسمانییەکانیان بە ئێمە دا.

پرسیار: دەتوانن وردتر باسی بکەن؟

وەڵام: من وێنەی سەنگەری بەرگری ئاسمانی بە"راکێتی رۆناڵدۆ" لەسەر گردێک، بەبیر دێتەوە. هەروا زانیارییەکان لەبارەی سەنگەری چاڵە نەوتییەکان کە سەددام ئەو کاتە فەرمانی هەڵکەندنی دابوو، گرنگ بوون. ئەگەر جارێکیش بسووتێنران، مەترسی لەسەر هاتوچووی فڕۆکەکانمانی دەکرد، بەتایبەتی بۆ هیلکۆپتەرەکانمان. هەروا هەواڵەکان سەبارەت بە راکێتە ئاسمانییەکانی(ZU 23) کە لەسەرماڵەکان دامەزرابوون. ئەم راکێتانە پێشتر نەمانبینیبوون. ئێمە لەناخەوە زۆر سوپاسی ئەو دوو ئەڵمانە ئازایە دەکەین کە لەکاتی جەنگی ناو بەغدا خۆڕاگرانە، ژیانیان خستە مەترسییەوە. بەکارەکانیان ژیانی ئەمریکییەکانیان رزگارکردو لەمەدا هیچ گومانێکم نییە.

پرسیار: ئایا زانیاری بۆ پێکاندنی شوێنێک یان ئامانجێکی هاوبەش لەلایەن شانەکەی موخابەراتی ئەڵمانی بەدەستتان دەگەیشت؟ ئایا ئەو جۆرە شوێنانە بۆردومان دەکران و زانیارییەکانیان لە جەنگی زەمینی یارمەتی ئێوەی دا؟

وەڵام: ئێمە بەو شێوەیە کارناکەین. بۆ نموونە با زانیاری ئەڵمانەکان لە رۆژی 2004/4/25وەربگرین. تیمی موخابەراتی ئەڵمانی(BND) نووسیبویان کە بە درێژایی شەقامی خێرا بەرەو حلە، دامودەزگای حکومەتی هەیە و لەتەنیشتیاندا هێزی بەرگری ئاسمانی دامەزراندووەو، ئێمەش فڕۆکەکانمان نارد بۆ دڵنیابوون لەو زانیارییەو پاشان ئەو سەنگەرانە بۆردومان کرد.

پرسیار: زانیاری تری ئەڵمانەکانتان هەیە کە بەشێوەیەکی تایبەتی بە گرنگتان زانیبێ؟

**وەڵام: زانیارییەکان لەبارەی سەنگەرەکانی بەرگری لە ناوو دەوروبەری بەغدا و شوێنی یەکەکانی سوپا و چەکەکانیان زۆر یارمەتیمانی دا. بۆ نموونە زانیاری ئەوەی کە حزبی بەعس لە چواررا گەورەکاندا لەلایەن چالاکوانەکانییەوە بازگەی دامەزراندووە، واتە سەدام شارەکەی زیاتر خستبووە ژێر کۆنترۆڵی خۆی. هەڵبەت ئەم زانیارییانە بۆ هێرشی هێزی زەمینیمان بۆ بەغدا مانایەکی پڕ بایەخیان هەبوو.**

**پرسیار: ئایا ئێوە هەر بە راستی پێویستیتان بەو دوو هەوالگرە ئەڵمانە هەبوو بۆ جەنگی زەمینی؟ ئێوە دەتانتوانی بە هێزی ئاسمانیتانەوە شوێنی بازگەکان ناو بەغدا ببینن.**

**وەڵام: هەڵبەت ئەو دووانە تاقە سەرچاوەی زانیارییەکانمان نەبوون. زۆر جار ئەوان سەراستی ئەو زانیارییانە کە بەرێگای فرۆکە تەکنییەکانمان یان سەرچاوەکانی تر بەدەستدەگەیشتن، پشتڕاست دەکردەوە. هەروا زۆر گرنگ بوون بۆ ئێمە، چونکە پلەی ئەوپەڕی متمانەییان هەبوو بۆ ئێمە.**

**پرسیار: نموونەی دیتان هەیە بۆ زانیاریگەلی(BND)یەکان بۆ هەڵمەتبردنەکانتان؟**

**وەڵام: ئێمە بەرێگای کەناڵە ئەڵمانەکانەوە زانیمان کە ئێراقییەکان دەستیان کردووە بە سوتاندنی دەزگا نەوتییەکانیان. شانبەشانی هۆکانی تر دەستپێکی جەنگەکەمان پێشخست و مارینزمان لەسنوورە بۆ جەنگی زەمینی نارد، چونکە دەمانویست دەزگاکانی نەوت بپارێزین.**

**پرسیار: سەرۆکی بەرێوبەرایەتی سەرۆکوەزیران ئەوسای ئەڵمانیا(فرانک- ڤاڵتەر شتاینمایەر) دوویاتی دەکاتەوە کە رێنماییە سیاسیەکان بۆ(BND) ئەوە بوو کە ئەو زانیارییانە نەدەن کە لەوانەیە چالاکانە خزمەت بە پشتیوانی جەنگ دەکەن.**

**وەڵام: درووشمی ئێمە لە بەشی زانیارییەکانی سوپای ئەمریکی: (Intelligence drives operations)ە، زانیاری بنچینەی هەر ئۆپیراتسیونێک پێکدەهێنێت. با دووبارە بڵێم: لەو کاتە هیچ شتێکی تر بۆ ئێمە گرنگتر نەبوو لە بوونی سەرچاوەی مرۆییانە لە بەغدا. من تێناگەم لەوەی بۆچی دەبێ ئیمرۆ دەستکەوتەکانی ئەو دوو کەسە کەم بکرێتەوە. ئەڵمانەکان قارەمان بوون.**
**ئەم گفتوگۆیە لەلایەن(مارسێل رۆزنباخ)و(جۆن گۆیتس)ەوە بۆ گۆڤاری دێر شبیگل، سازدراوەو لە رۆژی 2008/12/17بڵاوکراوەتەوە**

## گفتوگۆی رۆژنامەی(فرانکفۆرتە ئەلگماینە تسایتونگ) لەگەل گونتەر گراس و بۆچوونی چەند رۆشنبیرێک.

**پرسیار: ...بەڵام ئێستا بۆ یەکەمجار و لە پرێکدا باسی ئەوە دەکەن کە ئێوە ئەندامی(ئێس. ئێس) بوون. بۆچی لەم کاتە؟**

**گراس: ئەو مەسەلەیە نائارامی کردم. بێدەنگبوونم بەدرێژایی ئەو هەموو ساڵانە یەکێکە لەو هۆیانە کە بۆچی من ئەم کتێبەم نووسی. دەبوو ئەو مەسەلەیە باسبکەم. شوکور رزگارم بوو....**

**پرسیار: ئەوەی لەگەڵ ئێوە روویدا، بێگومان یەکەمجار ئەو کاتە پێتانزانی کاتێ لە سەربازگەکەتان بوون. یان توانیتان پێشی فەرمانی بانگەوازکردنتان بۆ خزمەتکردنی سەربازی بیزانن؟**

گراس: لەم شوێنەدا نارۆشن دەبێت، چونکە من دڵنیا نیم لە چۆنێتی بەسەرهاتەکە: ئایا لە کاتی بانگەوازکردنم بۆ خزمەتکردنی سەربازی پێمزانی، لە ناونیشانی نێردراوی نامەکە، لە پلەی سەربازی ئیمزاکەرەکەی؟ یان یەکەمجار هەستم بەوە کرد، کاتێ گەیشتمە درێسدن؟ بە بیرم نایەت.

پرسیار: ئێوە دەتانتوانی لەو بارەیەوە هیچ نەنووسن. هیچ کەس نەیدەتوانی لەو بارەیەوە ناچارتان بکات.

گراس: ئەوە ناچاری خودی خۆم بوو کە بۆ نووسی ئەو مەسەلەیە رایکێشام.

پرسیار: بۆچی ئێوە خۆویستانە بۆ خزمەتی سەربازی ناوتاننووسی؟

گراس: پێش هەمووو شتێک دەمووویست لە بەرتەسکی و ناو خێزان دەربچم. من دەمووویست کۆتایی بەو ژیانە بهێنم و بۆیە خۆویستانە خۆمم ناونووسکرد. تەنانەت ئەمەش شتێکی سەرسورهێنەر بوو: لە تەمەنی 15ساڵیدا چووم بۆ ناونووسین و پاشان رووداوەکان وەک حەقیقەتێک لەبیرکرد. زۆر کەس لەهاوتەمەنەکانم هەمان بارودۆخیان هەبوو: ئێمە کارماندەکرد و لە پرێکدا، پاش ساڵێک بۆ خزمەتی سەربازی بانگکراین ولەدواییدا رەنگە یەکەمجار لە درێسدن پێمزانیبێت کە من دەبێ لە(هێزی- ئێس ئێس) خزمەت بکەم.
پرسیار: بۆیە هەستتان بە خەتاباری کرد؟
لەبەر ئەم هۆیە؟ نەخێر. لە دواییدا ئەو هەست بە خەتابارییە وەک ئابرووچوون باری قورسکردم. ئەوە هەمیشە بۆ من لەگەڵ ئەم پرسیارە گرێدرابوو: ئایا تواناتان هەبوو لەو ساتەوەختەدا بزانن چی لەگەڵدا روودەدا؟*...

لەم بارەیەوە چەندین رۆشنبیر و رۆژنامە هەڵویستی خۆیان دەربڕی سەبارەت بە گونتەر گراس:
رەخنگری بەناوبانگی لیتراتور لە ئەلمانیا(Marcel Reich-Ranicki)رۆژی شەمە بە ئاژانسی(دی. پی.ئا)ی وت: "لەم بارەیەوە تاقە وشەیەک ناڵێم و مەجبووریش نیم هیچ لەبارەیەوە بڵێم"

ڤالتەر کیمپۆڤسکی بە(تاگس شپیگل)ی وت: دانپێنانەکەی نەختێک درەنگی بەسەر هات. هەروا وتیشی: وشەکەی مەسیح لە ئەنجیل، (گراس)یش دەگرێتەوە: کێ بەخۆی خەتابار نییە، با یەکەم بەرد هەڵبدات. هەروا میشائیل ڤۆلفزۆن-مێژووناس- یش پێی وایە دانپێنانەکەی گراس زۆر درەنگی بەسەر هاتووە.

میشائیل یورگن-نووسەری بیبوگرافی گراس-: کۆتاییپێهاتنی پلەوپایەیەکی رەوشت.

ئارنۆلف بارینگ-مێژوناس و نوسەر: جەنگ لەدژی خۆیی گراس، شایانی رێزلێنانە.

رۆژنامەی(لا ریپۆپلیکا): دانپێنانەکەی گراس وەک شۆکێکی جیهانگیرییە. لەگەڵ ئازایەتییەکی بە ژانانەوە گراس ئێستا بڕیاریدا هەر جۆرە دووڕوویی و خەتابارییەکی وڵاتەکەی کە سەر بە رابردووە، قبووڵ بکات، بەڵام ئەو رابردووە ناکوژێتەوە.

رالف جیوردانۆ: دانپێنانەکەی گراس هەرگیز زۆر درەنگی بەسەر نەهاتووە. من کەسانێکم ناسیوە کە یەکەمجار لە تەمەنی 80 یان 85دا دانیان بە کردارە هەڵەکانی خۆیان ناوە...
هێلموت کەرەسیک: لەوانەیە ئەگەر گراس زووتر دانی بە ئەندامبوونی لە هێزی ئێس ئێس بنابا، ئەکادیمیای خەڵاتی نۆبڵ خەڵاتەکەیان بە کەسێک نەدەدا لەکاتی لاوێتی جلوبەرگی (ئێس ئێس)ی لەبەرکردبێ و ماوەیەکی زۆرە باسی ناکرد....
*(ئەمە بەشی هەرە گرنگی گفتوگۆکەیە)

## گفتوگۆ لەگەل پرۆفیسۆر ئەنە کاترینا براون.
## بۆچی دایکوباوکان لە منداڵەکانیان دەدەن یان دەکوژن؟

کوشتنی 8منداڵ لە هەفتەیەکدا لە ئەڵمانیا، ریکۆردێکی نوێیە، بەڵام دەگمەن نییەو لەساڵانی رابردوو بە شێوەیەکی فەرمی لە ئەڵمانیا 3600منداڵ بەخراپی مامەڵەیان لەگەل کراوەو زۆربەیان بە مەبەستی کوشتن. بە گوێرە زانیارییەکانی ئونیسێف لە هەر هەفتەیەک دوو منداڵ لە ئەڵمانیا بە هۆی مامەلەکردنی خراپ یان گوێ نەدان، گیانیان لەدەست دەدەن. شتێرن ئەم گفتوگۆیە لەگەل نۆیرۆلۆگ و بەڕێوبەری یەپمانگای بیولۆگی لە زانکۆی (ئۆتۆ-فۆن-گۆریکە)سازداوە

پرسیار: کاتێ باسی خراپ مامەڵەکردنی منداڵێک دەکرێ، مرۆڤ لێی تێناگات و سەری بۆ بادەدا. بڕوایە هەیە گوایە شێوە میکانیزمی پاراستنی بیۆلۆگی هەیە کە دەتوانی رێگری لە خراپ مامەڵەکردنی منداڵان بکات.

وەڵام: ئەوە هەیە، بەڵام گشت جارێک کاری خۆی ناکات: بۆ ئەوەی بتوانم سۆز بە کەسانی تر بدەم، دەبێ رێز لە سۆزی کەسانی تر بگرم. بەڵام ئەوەی لەژێر مەرجگەلێکی بێسۆزی گەورە بووە، ناتوانێ رێز لە سۆزی کەسانی تر بگرێ و ناشتوانێ خۆشەویستییەکەی بە کەسانی تر بگەیەنێ. ئەو دایکانە کە بایەخ بە منداڵەکانیان نادەن، لە کەمی ئیمپاتی دەناڵێنن، واتە ناتوانن سۆزیان بۆ منداڵەکانیان هەبێت. ئەوانەی کە تاوان ئەنجام دەدەن زۆر هەست بەوە ناکەن کە قوربانییەکایان ترسیان هەیە. ئەم جۆرە مرۆڤانە وەک بڵێ خەتایان نییە، چونکە بە منداڵی قەت فێرنەبوون هەست بە سۆزی کەسانی تر بکەن و سۆزی خۆشیان ئاراستە بکەن. بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە بێتاوانن لەئاستی کردارەکەیان- من روونیدەکەمەوە.
پرسیار: بەرێکوڕەوان چی لەناو مێشکی ئەو مرۆڤانە روودەدا؟

وەڵام: پەروەردەی سەرەتایی لە بواری سۆز و رۆشنبیری دەینە هۆی گۆڕانکاری ئۆرگانیانە لەناو مێشک و پێدەکرێ لەماوەیەکی درێژدا تواناکانی-بە هەردوو ئاراستەدا ئەرێتی یان نەرێتی- دیاری بکات. لە کاتی لەدایکبوون و سەردەمی منداڵیدا لە مێشک جۆرە فێستپلاتێکی سۆز هەیە و بەدرێژایی تەمەنمان بۆی دەگەڕێینەوە. . لێرە فێر دەبین کە

گفتوگۆ لەگەل د. نیکۆلاوس براونس
(ئەندامی چاک، نووسەر و رۆژنامەنووس و قسەکەری کۆمیتەی کوردستان سۆلیدارتێت لە بەرلین و کارگێڕی نووسینگەی ئولە یالپە-نوێنەری پارتی چەپ-)

پرسیار بۆچی بوون بە ئەندامی ناوەندی چاک؟

وڵام: من لەو باوەڕەم کە کار و ئامانجەکانی(چاک) وەک کارو ئامانجەکانی(vvn-afb- قوربانیانی رژێمی نازی و یەکتێتی ئەنتی فاشیستەکان)ە. ئەم رێکخراوە هەوڵدەدا رابردوو لەبیرنەکرێت و قەرەبووی قوربانیان رژێمی نازی بکرێتەوە و خەباتەکەیان لەگەل خەباتی ئیمرۆ گرێدەدەن تا بەر بەم رەوتە تاوانبارە بگیرێت. لە کوردستان هێشتا قوربانیانی ئەنفال و چەکی کیمیاوی رژێمی بەعس

لەلایەن حکومەتی عیراق و کۆمپانییەکانی بەرهەمهێنانی چەکی کۆمەڵکوژی ئەڵمانیا قەرەبوو نەکراوەنەتەوەو ناوەندی چاک لەم بوارەدا کارو چالاکی زۆر باش ئەنجام دەدەن، بۆیە من بە شانازییەوە بووم بە ئەندامی ناوەندی چاک.
چەند شەرمە بۆ سەرۆک وەزیرانی عێراق کە سەردانی ئەڵمانیا دەکاو داوای گەشەپێدانی بازرگانی و سەربازی لەگەل هەمان ئەو شەرکەتانە دەدا کە دوێنێ بەهەموو شێوەیەک رژێمی بەعسیان چەکدارکرد بەبێ ئەوەی وشەیەکیش داوا لە ئەڵمانیا بکات، ددان بە بەشداریکردنی لە تاوانەکانی سەددام بکات دژی کوردستانیان و عیراق.
پرسیار: لە بەغدا یاسای پارێزگاکان راگەیاندرا ولە کەرکوک خوێنی خۆپیشاندەرە کوردستانییەکان رژرا. ئێوە چۆن ئەم بارودۆخە هەڵدەسەنگێنن؟

وەڵام: هەموو حزبە عەرەبییە شوفێنیستەکان کۆکن لەسەر دژایەتی داخوازییە رەواکانی گەلی کوردستان و نە نەتەوە یەکگرتووەکان و نە ئەمریکا لەبەرژەوەندیان نییە بەوای چارەسەری عادیلانەی کوردستانیان هەنگاو بنێن. لەو کاتە کە لە کەرکوک هێرشدەکرێتە سەر خۆپیشاندەران، فرۆکە جەنگییەکانی تورکیا و بۆمبهاوێژەکانی ئێران چیاکانی قەندیل بۆردەمان دەکەن و لە ئەنجامدا بەپلەی یەکەم جووتیاران و پردو قوتابخانە و نەخۆشخانە دەپێکن. نە حکومەتی عیراق و نە ئیران و نە تورکیا دەتوانن کێشەی کوردستان چارەسەر بکەن و تا هێزی شیوعی و چەپ لەم وەڵاتانە لاواز بن، زەحمەتە کوردستانیان بە ئاوات و ئامانجە دیموکراسییەکان بگەن و لەلایەکی ترەوە، ئەو شارشکارییانە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەل حکومەتەکان دەیکات، هەر بە زیانی هەژارانی کوردستان دەشکێتەوەو کوشتارەکەی دوێنێی کەرکوک نموونەیەکە کە لەگەل سەقامگیری ئاسایش لە ناوەند و باشووری عیراق، فشارەکە لەسەر کوردستانیان بەهێزتر دەبێ و ئەمریکاش خەریکی ئەنجامدانی نەخشەکانی خۆیەتی و نەتەوە یەکگرتووەکان ئامێری دەستی 8زلهێزەکانی دنیایە.

پرسیار: ئابلۆقەدانی راگەیاند و ئابووری لەسەر قەندیل هێشتا درێژەی هەیە. بە رای ئێوە ئەم ئابلۆقەیە چەن خزمەت بە دۆزی کوردستانیان دەکات؟

وەڵام: بە کورتییەکەی: ئەو ئابلۆقەیە لەژێر هەر بیانوو و مەبەستێکەوە بێت، کارێکی زۆر ناشرین و خراپەو هیچ لە دژایەتی حکومەتی تورکیا بۆ ئاواتی کوردستانیان کەم ناکاتەوەو حکومەتی هەرێم دەبێ دەست لەو ئابلۆقەیە هەڵبگرێ.

پرسیار: لە ئاژانسەکانی دەنگوباسەکاندا ئاگاتان لە هەواڵی کوشتنی رۆژنامەنووس(سۆران کاکە حەمە)و هەرەشەکردن لە چەندین رۆژنامەنووس بوو. بەرای ئێوە بۆچی ئەم تاوانانە ئەنجامدەدرێ؟

وەڵام: یەکەم جار من ئەو تاوانە مەحکوم دەکەم و دەبێ ئەوەش بزانین کە کوشتنی رۆژنامەنووسان و هەرەشەکردن لەچەندین رۆژنامەنووسی تر، زەنگێکی زۆر مەترسیدارە لەسەر سەرجەمی ئەزموونی کوردستان و نموونەیەکە بۆ ئەوەی کە دەسەڵاتداران هێشتا بۆ ئەزموونی دیموکراسی پێنەگەیشتوون و دەماری سەرکوتکردنی بیروڕای جیاواز لەناویاندا چەگەرەی کردووە. نەگبەتی رووی لە دانیشتوانی کەرکوک کردووە، لەلایەکەوە شۆفێنیستی عەرەبی قەتلوعامیان دەکەن و لەولاوە هەردوو حزبی زلهێزی کوردستان بەرپرسیارن لە کوشتن و هەرەشەکردن لە رۆژنامەنووسان.

## گفتوگۆ لەگەل سورەیا عەبید.

## (بەڕێوەبەری جێبەجێکردن لە سەندووقی دانیشتوان سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان).

## بەبۆنەی رۆژی جیهانی بۆ دانیشتوانی سەرگۆیی زەمین لە 2008/11/16

لە سیاقی خۆ ئامادەکردن بۆ بەزیندوو راگرتنی رۆژی جیهانی بۆ دانیشتوان کە لە11/16ئاهەنگی بۆ دەگێرن، نەتەوە یەکگرتووەکان راپۆرتی سالانەی خۆی سەبارەت بە بارودۆخی دانیشتوانی جیهان بلاوکردەوە. ئەگەر ئەم بەلگەنامەیە بواری ناسینی ئامار و ژمارەکانمان بۆ دەرەخسێنی، بەلام ئەم جارەیان تایبەتمەندی ئەوەی هەیە کە بابەتێکی زۆر گرنگ سەبارەت بە خستنەکاری رۆشنبیری بۆ باشکردنی مافی مرۆڤ بەگشتی و مافی ژنان بەشێوەیەکی تایبەتی، ورووژاندووە.

پرسیار: ئامانجتان چییە لە بەکارهێنانی رۆشنبیری بۆ ئەنجامدانی ئەو گۆرانکارییانە کە دەتانەوێ لە بواری دانیشتوان جێبەجێ بکرێن؟

وەلام: بایەخێکی تایبەتمان بە رۆشنبیری داوە، چونکە ئەو مەسەلانە کە مامەلەیان لەگەلدا دەکەین وەک(تەندرووستی)مندالهێنان یان مردنی دایکان یان خۆپاراستن لە نەخۆشی ئیدز، تەنها مەسەلەگەلێکی پزیشکی نین، بەلکو زۆر پەیوەندیان بە تێگەیشتن و هەلسوکەوتە رۆشنبیرییەکانەوە هەیە، بۆیە دەمانویست پەیوەندییەک لەنێوان بەهاکانی مافەکانی مرۆڤ وەک مافی فێربوون و مافی ژیانێکی باشترو ئەو هەلسوکەوتانە کە رەنگە یارمەتیمان بدەن بۆ جێبەجێکردنی مافەکانی مرۆڤ بۆ تاکەکان یان وەک رێگرێک لەبەردەم رادەوەستێت. ئەمە ئامانجی سەرەکی جەختکردنمانە لەسەر رەهەندی رۆشنبیری.

سویس ئەنفۆ: بەلام نابینن کە ئەم ئامانجە دژوارترە لە بایەخدان تەنها بە لایەنە پزیشکییەکان، چونکە گۆرینی عەقلییەت و داب ونەریتەکان، پێویستیان بە ماوەیەکی درێژتر هەیە، یان پەنابردن بۆ ئەوە دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی کە عادەتە رۆشنبیرییەکان رێگری دەکەن لەبەردەم ئەوەی دەتانەوێ گۆران جێبەجێبکەن؟

وەلام: لەراستیدا بەشی دووهەمەکەیان گرنگە. بەم مانایە ئەگەر دایکە مردووەکان وەک نموونە وەربگرین، رێژەکەیان لەماوەی 30سالی رابردوودا، دانەبەزیوە. پرسیارەکە ئەمەیە: بۆچی؟. تەندرووستی گشتی بەرەو باشی هەنگاوی ناوە و تەنانەت مردنی مندالان کەم بووەتەوە، بەلام مردنی دایکان دانەبەزیووە، دیارە ئەمەش پەیوەندی بە تێروانینی کۆمەلگاوە هەیە بۆ دایک و ژن، بۆیە هەولدەدەین رەهەندێکی زیاتر لە رەهەندی پزیشکی، بدۆزینەوە بۆ چارەسەرکردنی ئەم مەسەلەیە.

سویس ئەنفۆ: دەتوانن لەو بارەیەوە نموونەیەکمان بۆ بهێننەوە؟

وەلام: لە پاکستان و هیندستان و بەنغلادش لە باشووری ئاسیا، دش هەیە رێگری لە ژن دەکەن لە سەنتەری تەندرووستی مندالەکەی لەدایک ببێت. و پرسیارەکە ئەوەیە، چۆن لەگەل ئەم کێشەیە مامەلە بکەین؟ یان سەنتەری تەندرووستی هەیە ناگونجێ لەگەل داب و نەریتەکانیان، بۆ نموونە لە ناوەندە پزیشکییەکان دایەنی ژنی لێ نییە و لەوانەیە لە هەمان کاتدا پزیشکێکی پیاوی هەبێت و داب ونەریتەکان رێ بە ژنان نادەن، پزیشکێکی پیاو گیانیان بپشکنێت. ئەمە کێشەیەکی پزیشکی نییە، بەلکو کوتومت کێشەیەکی کۆمەلایەتی و رۆشنبیرییە. ئێمە دەبێ ئاشنا ببین بەم پێکهاتانە تا لەو کۆمەلگایانە چارەسەریان بۆ بدۆزینەوە. هەروا زۆر گرنگە کۆمەلگا بەخۆی چارەسەری ئەو تەنگەژانە بکات و لە ناو رۆشنبیرییەکەیدا بەهای ئەرێتی بدۆزێتەوە بۆ یارمەتیدانی بۆ گۆرانکاری، چونکە دەبێ گۆرانکاری لەناوەوە بێت، نەک لە دەرەوە.

بۆ نموونە لە بەنگلادش لە ئاهەنگێک ئامادەبووم بۆ دەرچووانی مەلاکانی مزگەوتەکان کە مەشقیان لەسەر تەندرووستی مندالهێنان کردبوو، چونکە کاتێ ئیمامەکە لە مانای تەندرووستی مندالهێنان تێدەگات و لە مەترسییەکان لەسەر تەندرووستی ژن لە ژیانی تێدەگات، بەتایبەتی لەماوەی مندالهێنان، دەتوانێ لە خوتبەی هەینی بۆچوونگەلێک بورووژێنی یارمەتیمان بدات بۆ گۆرینی هوشیاری. کاتێ پیاو

**یان ژنەکە بۆ وەرگرتنی ئامۆژگاری، مەلاکە دەتوانێ ئامۆژگاری دروستیان پێبدا. ئێمە لە کۆمەڵگاکان مامەلە لەگەل کۆمەڵەی جۆراوجۆر دەکەین و ئەوانە دەتوانن سەبارەت بە مەسەلە تەندرووستییەکان، یارمەتی بدەن لە بڵاوکردنی تێگەیشتنە دروستەکان و بەم شێوەیە یارمەتی دەدەین بۆ ئەنجامدانی گۆڕان لە هەندێ تێگەیشتن وئەو کردانە کە هەن.**

**سویس ئەنفۆ: کەواتە دەتوانین بڵێین کە گۆڕانکاری لە رۆشنبیری مەحەلییە؟**

**وەڵام: لە هەمان رۆشنبیری و بەدەستی خودی هەمان کۆمەڵگاوە، نەک لە دەرەوە. رۆڵی ئێمە تەنها پێشکەشکردنی زانیاری درووستە و کارکردن لەگەل کۆمەڵگا مەحەلییەکان تا بتوانین بۆ نموونە چارەسەر بدۆزینەوە بۆ رووبەڕووبوونەوەی(دیاردەی) مردنی دایکان. ئێمە بەهای دایک لە نووسینە ئیسلامییەکان"بەهەشت لەژێر پێی دایکانە"، بەرجەستە بووە، کەواتە چۆن دایک پشتگوێ بخەین و لێگەڕێین لە ماوەی منداڵهێنان گیان لەدەست بدا؟ دەبێ ئێمە پەیوەندی لەنێوان بەها مەزنەکانی دایک و ئەو کردارانە کە ژن بەرەو هیلاکی دەبات.**

**سویس ئەنفۆ: لەبارەی وەڵاتە عەرەبییەکانەوە، ئەو کردارانە چین کە بۆ ئەو ئاراستە نوێیە سودمەند بێت لە ئەنجامدانی ئەو گۆڕانکارییانە کە مەبەستتانە؟**

**وەڵام: هێشتا رێژەی گیان لەدەستدانی لە وەڵاتە عەرەبییەکان بەرزە، ئەگەر وەڵاتانی کەنداو بەهۆی دەوڵەمەندی و زۆری خزمەتگوزارییە تەندرووستییەکان لەم هاوکێشە بەدەرکەین، ئێمە میسر وەک نموونە وەردەگرین، توانیویەتی رێژەی گیان لەدەستدانی دایکان لە ماوەی پێنج ساڵی رابردوو کەم بکاتەوە، ئەمەش بەهۆی هەوڵەکانی حکومەت و رێکخراوە ناحکومەتییەکان.**
**بەڵام جیهانی عەرەبی بەگشتی، هێشتا مەسەلەی گیان لەدەستدانی دایکان مەسەلەیەکی ئاڵۆزە و هەمان شت لەبارەی مێردکردنی پێشوەخت، راستە، واتە بۆ نموونە کچ لە تەمەنی هەرزەکاری و پێش ئەوەی جەستەی پێبگات کە ئەمەش لەهەمات کاتدا لە زانست و رۆیشتن بۆ قوتابخانە بێبەشی دەکات، تەنانەت لەوەشدا بێبەشی دەکات، منداڵدانیشی گەشە بسێنێ تا حەملەکەی سرووشتی بێت و سەرئەنجامێکی خراپی نەبێت، بۆیە لەگەل دەزگاو کۆمەڵگا ناوچەییەکان دەکەین تا پاڵیان پێبدەین رێگا بە کچ یان ژنەکان بدەن سەردانی ناوەندە تەندرووستییەکان بکەن کە زۆر وەڵاتدا دامەزراون.**
**یەکێک لەو مەسەلانە کە بەداخەوە لە وەڵاتەکانماندا هەیە، مەسەلەی تاوانەکانی شەرەفە کە لە زۆریاندا کچەکە بێتاوانەو سەرەڕای بوونی یاسا لەو وەڵاتانە، بۆ نموونە لە ئەردەن، بەڵام یاسای هۆز لە یاسای دەوڵەت گرنگترە. ئەو پرسیارە کە دەمانەوێ چارەسەری بۆ بدۆزینەوە ئەمەیە: چۆن مامەڵە بە یاسای هۆز بکەین لەو کاتە کە یاسایەک هەیە، دەوڵەت رێکی خستووە؟**
**یەکێکی تر لەو مەسەلانە کە زۆر ترسیدارە، نەخۆشی ئیدزە کە لە وەڵاتەکانماندا دەستپێکردووە، بەڵام باسی ناکەین و مەترسی ئەمە لەوەدایە ئەگەر باسی نەکەین و هەڵنەستین بە هوشیارکردنی کۆمەڵگا، هەمان شت روو دەدا کە لە وەڵاتانی تر رووی داوە، واتە بڵاوەکردنی بەرفراوانی نەخۆشییەکە. ئەم نەخۆشییە بەهۆی مادده بێهۆشکەرەکانەوە و بەتایبەتی بەرێگای ئەو دەرزیانە کە لە بەکارهێنانی مادده بێهۆشکەرەکان، دەگوێزرێتەوە. هەموو ئەمانە مەسەلەگەلێکن پەیوەندییان بە بابەت قەدەغەکانەوە هەیە لە وەڵاتەکانمان، بۆیە باسکردنیان لەسەر ئاستی بەرپرسە پایەبەرزو ناوچەییەکان و پیاوانی ئاین و ئەو ژنانە کە باسی ئاین دەکەن و لەگەل بزووتنەوە سیاسییەکان زۆر گرنگە تا بزووتنەوەیەکی ناوچەیی بۆ گۆڕینی تێگەیشتنەکان سەبارەت بە پاراستنی کۆمەڵگا لەو بەڵایانە.**

**ئەم گفتوگۆیە لەلایەن مەحەمەد شەریف لە ژنێف بۆ سایتی سویس ئەنفۆ سازدراوەو لە 2008/11/13بڵاوکراوەتە**

## گفتوگۆی هەفتەنامەی(دی تسایت)لەگەل (یولی کۆدری- رابەرێکی بزووتنەوەی قوتابیانی فەرەنسا).

دی تسایت: خانم یولی، ئێوە پێش چەند دەقەیەک لە بیرۆی سەرۆکوەزیران بوون.

یولی: لەپێش بیرۆکەی و لەوێدا نامەیەکم بۆ فیلیب پێبوو تا پێی بگەیەنن و تێدا ئەو هۆیانەم بۆی روونکردووە کە بۆچی ئێمە نامانەوێت چاومان پێبکەوێت. ئێمە ئارووزی چاوپێکەوتنێکمان نییە، پێش وەخت ئەنجامەکەی روون و ئاشکرایە وەک فیلیپ بەخۆی رایگەیاند: نایەوێت لە یاساکان پاشگەزبێتەوە.

دی تسایت: تورەیتان لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە؟

یولی: هۆ سەرەکییەکەی ئەمەیە: ئێمە نەوەیەکین هیچ نەخشەوپیلانێکی نییە. فەرەنسا هیچشتا ولاتێکی دەولەمەند، بەلام سەروەتەکەی خزمەت بە دوارۆژ ناکات. بۆ یەکەم جارە پاش جەنگی جیهانی دووهەم، نەوەیەک هەیە بارودۆخەکەی خراپترە لە نەوەی پێشووی. بۆ ئەوەی سیستێمی کۆمەلایەتی ئیمرۆ دابین بکەن، نەوەی ئێمەیان تووشی قەرزاری کردووە. ئێمە ترسمان هەیە.

دی تسایت: ئایا ئێوە هەستدەکەن ولاتەکەتان درۆتان لەگەل دەکات؟

یولی: گەورەترین درۆ کە لە فەرەنسا هەیە ئەوەیە کە بەبەردەوام باس لە((مۆدێلی فەرەنسی)9دەکەن. ئێمە 9%بێکاریمان هەیە زۆرمان هەیە کە کاری سەخت و پیسەکان دەکەن و خەزنەی کۆمەلایەتیش بۆشە. ئایا ئەو حالە چ مۆدێلێکە؟!

دی تسایت: ئێوە چ خەونێکتان هەیە؟

یولی: هیچ خەونێکم نییە

دی تسایت: هیچ خەونتان نییە؟ با بلێم ئێوە دەتانەوێت پاش 10سال چۆن بژێن؟

یولی: نازانین. ئەمەیە چارەنووسی نەوەکەمان.

ئەم گفتوگۆیە لەلایەن(گیورگ دیتس و ماتیاس شتۆلتس)ەوە سازدراوە و لە2006/3/30بلاوکراوەتەوە.

****

ژنانی خاوەن کەرامەت و جوانی

20سالە ژنە شۆرشگێری ئەلمانی(ئیڤا هاولە، تەمەن 50سال) بەبێ هیچ بەلگەیەکی کۆنکریت و بەتۆمەتی ئەندامییەتی لە لەشکری سووری ئەلمانیا لە زیندانە. یەکەم جار لە 1986بە 15سال سزادراوە و پاشان لە 1994بە زیندانی هەمیشەیی دووبارە حوکمدراوە. سێ سالی یەکەم لە زیندانە یەک نەفەرییەکانی(شاری کۆلۆن و شتامهایم)دا بەسەر بردووە. لە 1989وە بۆ زیندانی ژنان لە فرانکفۆرت گواستراوەتەوە و ئێستا لە زیندانی(بەرلین-نوێ کوێلن)ە.

ئەم ژنە خەباتگێرە پێش ماوەیەک هەستاوە بە وێنەگرتنی دەستخوشکە زیندانییەکانی لە زیندانی(فرانکفۆرت-پرێنگسهایم)و وەک کتێبێکی فۆتۆگرافی بلاوکراوەتەوە.

ئیڤا دەلێ: سال لەدوای سال، رۆژگاری زیندان مرۆڤ لە بارەی دەروونییەوە وێران دەکات؛ بینایی و هەستەکان کز و ماندوو دەکات. بۆ ئەوەی مرۆڤ ئازادی ناوەوەی و بزێوی لە ناو زیندان بهێلێتەوە، زۆر پێویستە بەرهەمهێنەر بێت، بەلام تواناکان لەبەردەم ئەم پێداویستییە سنووردارە، بۆیە کاتێ لە فرانکفۆرت بواری بەشداریکردنی دەبێت لە خولی فێربوونی وێنەگرتن، دەستبەجێ ئەم شانسە بۆ خۆی قۆستەوە، ئەمەش نەک بۆ کات بەسەر بردن، بەلکو بۆ ئەوەی بەجیدی لەم بوارە کاربکات.

ئیڤا لەبارەی وێنەی ژنەهاوزیندانەکەی دەلێ: ئەو ژنانە کە من وێنەیانم گرتووە، بە شێوەی خۆیان، سەرەرای هەموو ئەوەی ئەنجامیان داوە، زۆر بەهێزن و باری قورسی 1یانیان بە کەرامەت و جوانی هەلگرتووە و وێران نەبوونە. رێزلێنان و سمپاتی و هەندێ جاریش دۆستایەتی بنەمای پێکەوە کارکردنمان بوو.

هەروا ئیڤا دەلێ: هەموو ئەوەی پێهەلدەستم لەپێناو ئەوەیە لە زیندان ئازاد ببم.

هێشتا بێجگە لە ئیڤا، دوو ژن و سێ پیاوی لەشکری سوور لە زیندانن: بیرگیتە موزهایت، بیرگت هوگەڤێلد، شرستیان کلار، رۆلف-کلیمنس ڤاگنەر، رۆاف هایسلەر.

**ئیڤا داوای ئازادی بۆ زیندانییەکانی(ئەکتسیون دیرێکت)ی فەرنسا دەکات و لەوانە(نەتالی هینیگۆن) کەزیاتر لە 18ساڵە زیندانییە و زۆر نەخۆشە و دوو جار(جەلتەی دڵ)لێیداوەو ئیڤا کتێبەکەی پێشکەش بەم ژن شۆڕشگێڕە کردووە.**

**لە هەفتەنامەی حزبی شوعی ئەلمانی وەرگیراوە، ژمارەی13**